# دیالۆگ

ژمارە (٢) (گەلاڕێزانی-٢٧٢١) (ئەیلول-٢٠٢١)

گۆڤارێکی ئەدەبی هزری ڕۆشنبیری وەرزییە،
ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور
٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:
هەڤاڵ دارا

دیزاین: ئومێد محەمەد
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت بەکاریانبهێنێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


١–سۆسیۆلۆژیای شار..........................ئەندازیار: محەمەدعەزیزمحەمەد..........٦

٢– کامێرا ئامێرێک بۆ دەربڕین.....................بەیان سەلمان..........................٢٠

٣– من ئەلبێر کامۆم.............................سەباح ئیسماعیل........................٣١

٤– ڕەوتی مێژووگەرایی عەقڵی فەرەنسی.............نزار محەمەد سابیر...................٤١

٥– پرەنسیپ و ڕاسپاردەکانی فەلسەفە............موعتەسەم موحەمەد شوانی..............٦١

٦– جیاوازی و ئایدیای ناکاملً......................سمکۆ محەمەد............................٧٨

٧– ژن و داهێنان.................................بەیان ناسیح..............................٩٠

٨– کەنگی تیشکی لێبوردەیی سەردەکەوێت بەسەر...موعتەسەم ساڵەیی.....................٩٦

٩– میتۆلۆژیای کوردیی و شکستی گەڕان بەدووی بوونێکی ئامادە....دانا عەسکەر..........١٠٥

١٠– پەروەردەکردنی خود...........................ڕووناک شوانیی.........................١٢٢

١١– کورد و دراوسێیەکانی..........................تاریق کارێزی...........................١٢٥

١٢– ئەردۆگان لە «زیرۆ دوژمنەوە» بۆ «زیرۆ دۆست»!.....نەوزاد مەلا عومەر..............١٣٥

١٣– کارلۆس ڕویز زافۆن دەدوێت...................گوڵان مەحمود..........................١٥٠

١٤– شێوەکارێکی کەرکووکیی بناسن................................................١٥٨

١٥– شانۆگەری مانگرتن دەقێک کە ناکرێت ئاوڕی لێنەدرێتەوە!...عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)...١٦١

١٦– خانـەقای سەید ئەحمەد مەڵبەندی زانست و مەعریفە.....سیروان سەرگەڵوویی.........١٦٨

١٧– لەپەنایی خوێندنەوەی کتێبدا چیم دەسکەوت.......شێرکۆ شەریف....................١٧٧

١٨– هەجووکردنی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی بۆ خزمە نزیکەکانی........هەڤاڵ دارا............١٨٢

١٩– کەرکوک لە ڕوانگەی هاوچەرخانەوە..........زاهیر شکور..............................١٩٢

هەواڵنامەی کتێب

## سەروتار

# گرینگی گۆڤاری ئەدەبیی و هزریی و رۆشنبیریی لەئێستای کەرکووکدا

نوسین بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێک مانایە کەوادەکات مرۆڤ بە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات چونکە دەتوانێت ڕێگە و ڕێچکەی ژیان دیاری بکات، کاتێک ئەم نوسینە بە خزمەت کردن و برەودان بێت بە مەعریفە ئەوکات بەڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بنیادنانیی مرۆڤ و کارو کارتێکەریی ئەم نوسینە وادەکات چ مرۆڤێکت بۆ دروست بکات، واتە دەکرێت بڵێین مرۆڤ بۆخۆی کۆمەڵێک وشەیە، مەعریفەش بە زۆر ڕێگە دەتوانێت ئەو پەیوەندییەمان بۆ بەهێز و کاریگەر بکات، ئەدەب و هزریش هەریەکە هەڵگری کۆمەڵێک توانایە بۆ ئەوەی سەردەم و کات و مرۆڤت بۆ بکاتە دۆخێک کە پێش گەیشتنی بە مەعریفە زۆر جیاوازتربێت، واتەدەکرێت دوو زەمەن لەیەکتری جودا بکەینەوە و زەمەنێکی تازە و ئامادە بۆ بونیادنانێکی تر و مرۆڤێکی تر، بهێنینەوە ژیان، واتە ئەدەب و هزریش دەتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن و مێژووی سەردەمێکی تر و تێڕوانییێکی تازە بۆ مرۆڤ فەراهەم بکەن، بێجگە لە کتێب دەتوانین ڕۆڵی گۆڤاریش لەو بوارە بە هەند وەربگرین لە گەیاندن و دروستکردنی ئەو مەعریفە جۆرییە، لەکەرکووک ماوەیەکە نەبوون یان کەمی گۆڤار لەم بوارەدا بەڕوونی ئەو ئەرکەی کە هەیبوو کاریگەری خۆی کردبوو لە دواکەتنی ئەو پەیامە مەعریفییە، هەم لە دروستکردنی پردی نێوان خوێنەری گەنج و نوسەران، دواتر نەبوونی پەنجەرەیەک بۆ هەڵفڕینی تواناکانی خوێنەری گەنج بۆ دەستبردنی بۆنوسین، واتە پردێکە بۆ پەیوەندیی و ڕێگەیەکیشە بۆ نوسین، دیسان نوسین بۆ گۆڤار دروستکردنی توانایەکی باشتر بە نوسەران دەدات بۆئەوەی مەعریفە و زانیارییەکان لە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و ڕانان و گشت بابەتە ڕۆشنبیرییەکان خۆیانی بۆ نوێ بکەنەوە، دڵخۆش دەبین گۆڤاری دیالۆگ، دیالۆگی نێوان کەرکووکییەکانی بێت لە هەموو شوێنێک و بۆخۆشی هەڵگری پەیامێکی گەرەتر بێت بۆ دروستکردنی شار لە ڕووی مەعریفییەوە، دواتر هێنانی دەنگی نوسەرانی دیکەش بێت بۆ کەرکووک کەئەویش وشە هەمووومان کۆ بکاتەوە.

هەڤاڵ دارا

# سۆسیۆلۆژیای شار





ئەندازیار: محەمەدعەزیزمحەمەد

بەو پێیەی شار شوێنی گوزەرانی حەشمەتێکی زۆری مرۆڤە بۆیە قسەکردن لە بارەیەوە هێندەی گەورەیی و ئاڵۆزی مرۆڤ بابەتێکی ئاڵۆزە، هەویرێکەو ئاوی زۆر ئەوێ، چونکە مرۆڤ بە تەمای بەدیهێانی هەموو خولیا و هەست و ئاوات و ئارەزوو و پلان وپێویستییەکانی لە گۆشەیەکی شاردا ژیان بەڕێ دەکات و پێویستە لە شاردا فەراهەم بن. هەر چەندە تێیدا قوڵبیتەوە وەک ئەوە وایە تازە چمکی دەریات گرتبێ، بۆیە ئەبێت زۆر بە ئاگاداری و وریاییەوە قسەی لە سەر بکرێت. کە قسە لە سەر شار دەکرێت ئەگەر گشتگیر و هەمە لایەن نەبێت لاسەنگی دروست دەبێت و کارەکە ئەنجامی باشی نابێت، هەموو بوارەکانی (ژینگە بە هەموو لقەکانییەوە. ڕامیاری. پەروەردەیی. سایکۆلۆجی.ئابوری. هەلی کار، کۆمەڵایەتیی، شارەوانیی، کولتوریی، تەندروستیی، ئاسایش و....هەتا دوایی) بابەتگەلی دانەبڕاون لە شار و هەر کۆنەوە هاتۆتە بەر باس و لێکۆلینەوەو مرۆڤی سەرقاڵکردووە، ئەوەش بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئارام و شایستە.

لە راستیدا خولیای فەراهەمبوونی شارێکی باش و شایستە بە مرۆڤ هەر لە گەڵ کۆتاییەکانی چاخی بەردین وسەرەتای نیشتەجێبونی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکاندا بووە بە پێویستی، بەڵگەش بۆ ئەمە پاشماوەکانی شارە سەرەتاییەکان (یەکەمەکانی) سۆمەرییەکان لە وڵاتی نێوان دوو زێ و پاشماوەکانی فیرعەونەکان و ئەهرامەکان لە میسرو شارستانیەتی مایا و ئەلانکا کە دەکەوێتە مەکسیکی ئێستا، شارەکانی هیندستان و چین بەڵگەی گەورەن بۆهەوڵەکانی مرۆڤ لەو بوارەدا، ڕێکخستنی شارەگرنگەکانی شارستانییەتە کۆنەکان هێندە کاری ناوازەن تەنانەت بۆ ئەم سەردەمەش سەرسوڕهێنەرن، جۆری تەلار و ڕێگەوبان و ئاودێریی و سیستەمی هاتووچۆ و داڕشتنی کار و دیزاینی وەک باخچە هەڵواسراوەکانی بابل، گومان لای مرۆڤی ئەم سەردەمەش دروست دەکات، شاری ئوروک کە لەکۆنترین شارەکانی جیهانە، لە کاتی سۆمەرییەکان ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە (پەنجا هەزار) کەس کەجۆری ژیانی دانیشتوانەکەیی و دیزاینەکەی ئیستاش هەر لە ژێر باس و خواستدایە، کۆشک و پەرستگاکانی شارستانییەتی مایا و ئەزتیک و ئالانکا ی ئەمریکای لاتین و ڕێرەوەکانی کە بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠کلم دروستکراوە جێگەی تێرامانە. ئەهرامەکان و ئاسەواری فیرعەونەکان تا دێت زیاتر لێکۆلینەوەی لە سەر دەکرێت، ئاسەواری بابلییەکان و ئێرانی کۆن و میدییەکان و ساسانییەکان و پاشانیش یۆنان و ڕۆمانەکان باشترین بەڵگەن بۆ هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ دروستکردنی شاری گونجاو بۆ ژیان، شاری بابل لە نزیکەی ١٧٥٠ ساڵ پێش زایین ژیان و پەیوەندییەکان تیایدا هێندە ئاڵۆز بووە کە دەبووایە پاشا حامورابی یاساکانی داڕێژایە بۆ ڕێکخستنی ژیان لە شاردا.

لە مێژووی نوسراودا زۆر قسە لە سەر شار کراوە. یەکەم کەسێک کە قسەی لە سەر کردووە ئەفلاتون

(٤٢٧_ ٣٤٧ پ.ز) بووە کە دیزاینی شاری یۆتۆپیایی دانا و تیایدا ڕەنگی شارێکی ڕشت، بە بڕوای خۆی ئەگەر شار بەو شێوەیە داڕێژرێت مرۆڤ تیایدا ئاسودە ئەبێت، ئەمەش لە کتێبە بە ناوبانگەکەی (کۆمار) دەستنیشانی کردووە، کە دواتر قسە و باسی زۆر لە سەر کراو گفتوگۆی زۆری دروست کرد، هەروەها قوتابییەکەی (ئەرستۆ) خەونی بە شارێکەوە ئەبینی کە فەیلەسوفەکان حوکمی بکەن کە بە بڕوای ئەو باشترین حوکومڕانی ئەکەن، فەیلەسوفی ئیسلامیش فارابی (٨٧٠_٩٥٠ز) لە شاری فازیلەتەکەی کە ئەویش کاریگەر بوو بە بیری ئەفلاتون وە هەر لە سەر ڕێچکەی ئەو دوو کتێبی دانا (رای خەڵکی شاری یۆتۆپیا) و (سیاسەتی مەدەنیی)، ڕای وابوو کە خەڵکی شار کامەران نابن ئەگەر خۆیان هاوکاری یەکتر نەبن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. چەندین پرەنسیپی دانا بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ژیانی شار، هەروەها ئەو پێی وابوو گەل بە پێی چینەکان دابەش نابن و جیا نابنەوە و هەمووان پێکەوە لە شاردا وەک زنجیرەیەک وان.فارابی جۆری دەوڵەت یا ئیدارەی شاری کردووە بە چوار جۆر بە ناونیشانی جیاواز، ئەویش یەکەم (شاری نەزان) (المدینە الجاهلە) کەخەڵکەکەی کامەرانی نابینن و سەرۆکەکانی سەرقاڵی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیانن، دووەم شاری (خراپەکارو دووڕوو) (المدینە المنافقە) کە خەڵکەکەی ڕایان وەکو ڕای خەڵکی شاری یۆتۆپییە بەڵام کردەوەیان کردەوەی خەڵکی شاری نەزانە، سێیەم (شاری گۆڕاو) (المدینە المبدلە) کە ڕاکانییان و کارو کردەوەشیان وەکو خەڵکی شاری یۆتۆپیایە بەڵام هەندێ بیروڕای خراپ و گەندەڵکاریی دێتە ناویان و ڕەوشتیان تێک ئەدات و خەڵکێکی بە ئاکار ناشرینیان لێ پەیدا ئەبێت، چوارەم (شاری بێ سەروبەرو سەرلێشێواو) (المدینە الضالە) کە بڕوایان بە کامەرانی دوای مردن و خواوەند هەیە بەڵام لە بەر ئەوەی سەرۆکەکانییان گەندەڵ و خراپن ڕێگا ون دەکەن و سەرلێشێواو ئەبن.

بیرمەندە ئەورووپییەکانیش بە تایبەت دوای شۆڕشی پیشەسازیی و ڕێنیسانس بە شێوە نوێیەکەی شرۆڤەی زۆریان بۆشار کردووە. ئەگەر تێبینی بکەین شار لە پێش ئەو شۆڕشە کە دەکاتە پێش قۆناغی مۆدێرن بە گشتی بە شێوەی هەڕەمەکی دروست کراوە، واتا دیزاینی نەبووە بە مانا هاوچەرخەکەی. (دیفید هارفی) کۆمەڵناسی ئەمریکیی بە ڕەچەڵەک بەریتانیی رای وایە کە دەرکەوتنی شاری هاوچەرچ بەندە بە دەرکەوتنی پیشەسازییەوە.


(مانوێل کاستلز) کۆمەڵناسی ئیسپانیی پێی وایە کە ناوەندی شار ئیتر تەنها پابەند نییە بە قەبارە و چڕی دانیشتوان، بەڵکو بەرهەمهێنانی ئابووری دەورێکی سەرەکی پەیداکردووە لە دروست بوون و گەورەبوونی شار. کەڵەکە بونی سەرمایە و چڕبونەوەی چالاکیی ئابوریی و خزمەتگوزاریی لە ناوەندی شار وایکردووە ڕۆڵی گرنک ببینێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و راکێشانیی حەشیمەت.



بەڵام بۆچونەکانی (ئیمیل دۆرکایم ١٨٥٨_١٩١٧) کۆمەڵناسی فەرەنسی لەوان جیاوازەو بە دوو تەوەر دایناوە، ئەویش ناوی ناوە کۆمەڵگەی هاریکاری ئالی (میکانیکی) و کۆمەڵگەی هاریکاری ئۆرگانی (عضوی)، یەکەمیان ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لە سەر یەک هەیە بە هۆی لەیەکچوون و وەک یەکیی و باوەڕیی وەک یەک و عادات و خوو ڕەوشتی وەک یەک، ئەم جۆرە پەیوەندییە پێی دەڵێن (ئالی) لەبەر ئەوەی کەسەکان لە زۆر ڕووەوە وەک یەکن و یەکدەگرن بە بێ بیرکردنەوە، بەڵام هاریکاریی ئۆرگانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە بەندە بە جیاوازی تاکەکان کە دەبێتە هۆی دابەشکردنی کار لە نێوانییان لە ڕێگەی پەیوەندیی ئۆرگانییەوە.

کۆمەڵناسی عێراقی (عەلی وەردیی) پێی وایە کەپێوەرێکی تر سەنگی مەحەک بێت بۆ شار و جیاوازی نێوان شار و لادێ، ئەویش هەبونی پیشە (حرفە) واتە ئەگەر پیشەی دانیشتووان کشتوکاڵ نەبوو لە کێڵگەدا بەڵکو بازرگانیی و پیشەسازیی بوو یان کاری بە کرێ ئەنجامدان بوو ئەوە شارە.ئەو زۆر لەسەری دەڕوات لە باسی سروشتی شاری عێراقی دا پێی وایە کێشمەکێشی زۆر لە ناو شارەکانی عێراقدا هەیە لە نێوان بوون بە شار و کولتووری بەداوەدا، شارنشینەکان لە نێوان دوو دژبەیەکدا ئەناڵێنن، یەکێکیان هانییان ئەدات بۆ مانەوە لە ژێر کاریگەری ڕێسای سوننەتی بەدەوی کەلە باو باپیرانەوە بە وەرەسە بۆیان ماوەتەوە، لایەکەی تر هانییان ئەدات بۆ پابەندبوون بە ڕێسای شارستانی کە لە

# سۆسیۆلۆژیای شار



لە مێژووی نوسراودا زۆر قسە لە سەر شار کراوە. یەکەم کەسێك کە قسەی لە سەر کردووە ئەفلاتون (٤٢٧– ٣٤٧ پ.ز) بووە کە دیزاینی شاری یۆتۆپیایی دانا و تیایدا ڕەنگی شارێکی ڕشت، بە بڕوای خۆی ئەگەر شار بەو شێوەیە داڕێژرێت مرۆڤ تیایدا ئاسودە ئەبێت

شارەکاندا پلە بە پلە پەرە دەستێنێت، بۆیە کەسێتی تاکێک لە شارەکانی عیراق تووشی دووفاقی کەسێتی (أزدواج الشخصیە) ئەبن. هەر بە هەمان نەفەس هەردوو لێکۆلەری کۆمەڵایەتی (بیچ) و (مکایفەر) بەم ئیزدیواجیەتە ئەڵێن (دوانەی کولتووری) (البنائیە الثقافیە) وە ئەوان ئەڵین کاتێک تاک توشی داواکاری وەڵام بەکولتوری جیاجیاو دژ بە یەک دەبێتەوە ناتوانێت کەسێتی بەهێز وجێگیر بۆ خۆی دروست بکات چونکە هەوڵ ئەدات ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەو دوو داواکارییە دروست بکات، کە لێرەوەش خودی خۆی ون ئەکات، لە کاتێکدا زانای کۆمەڵناسی عەرەبی (ئیبن خەلدون) لە کتێبەکەی (المقدمە) پێی وایە شارەکان بە پێچەوانەی (بەدوو) دەبنە جێگەی فسق و گەندەڵی و ئەڵێت کە ئامانجی شارستانییەت و عیمران و بیناکان دابینکردنی خۆشگوزەرانیی و ئاسودەییە، بەڵام پێچەوانە ئەبێتەوە و مل دەنێت بەرەو فەساد، لە کاتێکدا هەر خۆی پێی وایە هەرچەندە شارو شارستانییەت گەشە بکات مەعریفەش لەگەڵیدا گەشە دەکات و پێشدەکەوێت، شارستانیەتی شارە گەورەکان زەمینەیەکی گونجاو خۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی مەعریفەی کۆمەڵایەتیی، زۆربوونی دانیشتوان واتە ئاوەدانیی و ئاوەدانکردنەوە و ئەمەش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی بنیاتنانی شارستانییەت،

(فرناند تاوس) لە ساڵی ١٨٨٧ز پێناسەی شارستانی بوون وا دەکات کە گواستنەوەیە لە کۆمەڵگایەکی بەستراو بە پەیوەندی خوێن بۆ کۆمەڵگەیەکی بەستراو بە پەیوەندی ڕێکخراو بە گرێبەست، وەک ئاماژەیەک بە گواستنەوە لە پەیوەندیی سنورداری خزمایەتی و کەم ژمارەی کۆمەڵگەی بچوکی وەک لادێ بۆ پەیوەندی ڕێکخراوەیی پەیوەست بەکارو بەرژەوەندی بەربڵاولە شاردا.

ڕێنیسانس وەک شۆڕشێک بە سەر دیاردەو جۆری پەیوەندیی باو ناهەمواریی سەدەکانی ناوەڕاست و هۆشیاربونەوەی بەشێکی گرنگی گێتی لە ئەورووپا،

وەک هەموو بوارەکانی تری زانست و هونەر و سیاسەت لە بواری داڕشتنی دیزاینی شار و هونەری تەلارسازی هەنگاوی جیاکەرەوەی بینی بە بەراورد بە پێش خۆی و سیمای شارەکان گۆڕان، ئیتر شار لەو ڕووەوە بەرەو شارێکی سیستەماتیک و حیساب بۆکراو لە هەموو ڕووەکانەوە هەنگاوی نا، جادەو بان و شۆستەو گۆڕەپان وجۆری تەلارەکان تەواو گۆڕان وەک دەرهاوویشتەو وەلامدەرەوەی ئەو پێشکەوتنەی بە سەر فیکرو ئەندێشەو فەلسەفەدا هات و توانی پاشەکشێ بە دەوری میتافیزیکی کەنیسە و خورافیاتی باو لە پەیوەندی ناتەندروستی نێوان کەنیسە و حوکمڕان و پاشان خەڵکی گشتیشدا بکات، لەوێشەوە سەرتاپای پەیوەندییەکان گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا دێت و شێوەمۆدێرنەکەی وەرگرت، لە واقیعدا هەر خۆی مۆدێرنێتە شۆڕشێک بوو بۆ ڕزگاربوونی مرۆ ڤ لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی و سیستمی فیودالی، بە هۆی پەرەسەندنی پیشەسازیی و کارگەی گەورە و دۆزینەوە گەورەکان ئیتر شارەکانیش پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوە بینی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش شەقل و فۆرمی تازەی وەرگرت وئاراستەو پەیوەندیەکانی مرۆڤی نوێ لەگەڵ ژینگەو دەوروبەر، لەگەڵ خودا و دامودەزگا ئاینییەکان لەگەڵ کتێب وبەرهەمی مەعریفەدا گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات، ئەم گۆڕانکارییە نوێبونەوەیەک بوو لە هەموو کایەکاندا، بۆ یەکەمین جار چەمکی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، وە لێرە بەدوا کۆمەڵگا لە فۆرمی کۆنتراکت یان ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی خۆی ئەنوێنێ لە سەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێک دەخات و پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانیی سەر لە نوێ دادەڕێژێتەوە، وەلێرەوە مرۆڤ لەم پەیمانە کۆمەڵایەتییەدا لە کۆیلە و رەعیەتەوە دەبێت بە هاولاتیی، لە کەسێکی بێ مافەوە دەبێت بە کەسێکی خاوەن ماف، ئیتر دەسەلات لە بری ئەوەی وەک ئەندامی گاگەل و ڕانەمەڕێک مامەڵەی لەگەڵ بکات دەگۆڕێت بۆ تاکە کەسێکی ئازاد و بەرپرسیار و خاوەن مافی ناو ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی، دەسەلات خۆشیان لە بونەوەرێکی بێ چاودێری و بێ لێپرسینەوە و خاوەنی دەسەلاتی ڕەهاوە دەگۆڕێت بۆ کەسێک کە بەندەکانی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە تازەیە سنوور بۆ دەسەلاتەکانی دادەنێت. لە ناو ئەم گۆڕانکایانەشدا تاکە کەسی ئازاد و عەقلانیی و ڕەخنەیی دروست دەبێت، ئەم تاکە کەسە هەم لە سەر کۆمەڵگا و هەم لە سەر خودی خۆشی کار دەکات بۆ ئەوەی ببێە بونەوەرێکی بە تواناترو ئازادتر،

کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس فیبەر) ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە گرێدەدات بە عەقلانییەتەوە، لە دیدی فیبەردا نوێبونەوە مانای گۆڕانکاری بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرهەنگیدایە بەلام گۆڕانکارییەک لە ژێر ڕابەرایەتی عەقڵ و پرۆسەی بەعەقلانیکردنی جیهاندا ڕوودەدات، لێرەوە هەموو ڕەهەندەکانی تاک دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە و بە

شێوەنوێیەکەی ڕێک دەخرێتەوە، دیارترین دیاردە ودەستکەوت لێرەدا لە دایکبونی کۆمەڵگەی مەدەنییە (شارستانیی)، کە هێزگەل و چالاکوانان لە رێکخراوی سەربەخۆی دەرەوەی دەسەڵات و ویستی دەوڵەت دروست دەبێت، ئەم کۆمەڵگایە نوسەرێکی وەک هابرماس لە ((ڕووبەری گشتیی) ) ی کۆمەڵگا دایدەنێت و وەک ڕووبەری سەربەخۆ بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و دروستکردنی ڕایگشتی سەیری دەکات.

لێرەدا ژیانی کۆمەڵگا بووەتە ژیانێکی شارنشین و شارەکان بونەتە یەکەی سۆسیۆلۆژی باڵادەست و چواچێوەی سەرەکی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی، سەرەڕای پرۆسەی بەپیشەسازیی بوونی بەرهەمهێنان وگەورە بوونی بازاڕەکان لە شوێنی پشتبەستن بە کشتوکاڵ و ڕەهەندەکانی تری ئابووریی تەقلیدیی، هەموو ئەمانەش هاوشانن بە دروستبونی چینە کۆمەڵایەتییە تازەکان بە تایبەتی چینی ناوەڕاست کە ڕوانینێکی نوێی لە سەرخۆیی و جیهان و لە رۆڵ و پێگەی خۆی لەم جیهانەدا هەیە، هاوکات بەهەرمهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ وپێشخستنی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و گەشەدان بە بازرگانی.

وتاری مۆدێرنێتە وەک شۆڕشێک کە لە منداڵدانی فیودالیزم وقۆناغی بێ مافی سەری هەڵدا هەوڵێک بوو بۆ دەرهێنانی تاک و کۆمەڵگا لەو تاریکییە، بەڵام بەداخەوە وەک هەمووقۆناغە مێژووییەکان ئەمیش هەرلە منداڵدانی خۆیدا تۆوی قۆناغێکی تری هەڵگرتبوو کە قۆناغی پۆست مۆدێرنەیە کە لە ڕەوتی ئاسایی خۆیدا سەری هەڵدا و بە هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکان لە هەموو ڕەهەندەکانی زانست و هونەر و سیاسەت، کۆمەڵگاش لەگەڵا خۆی ڕاپێچ دەکات و دەیباتە قۆناغێکی ترەوە، دیسانەوە مرۆڤی بەرەو چەوسانەوە وبێ ئیرادەیی بە شێوە نوێیەکەی دەبات و دەیکاتەوە بە کۆیلە، ڕاکردن بەدوای ژیاندا و هەموو خەسڵەتە مرۆڤییەکانی لێ دەستێنێتەوە و پابەندی دەکات بە گوزەرکردن بە ریڕەوی یاسا نوێیەکانی ژیانی نوێ، بە ڕادەیەک ماندووی دەکات کە ئاگای لە خودی خۆی نامێنێت و بەرەو بە ڕۆبۆت بوونی دەبات و راپێچی دەکاتە گێژاوی نامۆبوونێکی قووڵ. دیسانەوە مرۆڤ دادەبڕێت لە بەها راستەقینەکەی خۆی و خودی مرۆڤ بێ بەها دەکات وتەنانەت وای لێ دەکات بەهای مرۆڤ بەند بێت بە پێگەکەی لە کۆمەڵگا و جۆری کارەکەیی و جۆری ئۆتۆمبیلەکەیی و جۆری جلوبەرگ و جۆری مۆبایلەکەیی..

**خەسڵەتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی شارستانی :**

١- **تاکمەندیی** :هەموو گۆڕانکارییەکان لە شاردا ژیان بەهەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانییەوە وا لە بەها ڕۆشنبیریی و ئەخلاقییەکان دەکات بەرەو بەش بەش بوون و جیابونەوە بڕوات، ئەمە وا لە تاکی شارستانیی دەکات بەرەو تاکمەندی و تاکژیانیی بڕوات.

هەواڵنامەی کتێب

**٢- بەرەوپەیداکردنی پەیوەندی لاوەکی و خۆبەخشیی**: زانا کۆمەڵناسەکان پێیان وایە کە دیاردە بەربڵاوەکانی کۆمەڵگای شارستانیی بەندە بە دیاردەی دیکەی پەیوەوەندیی لاوەکییەوە کە ناسراوە بە پەیوەندی ڕووکەش و شەکلی و پچڕپچڕ، لێرەدا (ئیبن خەلدون) پێی وایە کە کۆمەڵگە شارستانییەکان قۆناغی بەداوەیان تێپەڕاندووە و گەیشتونەتە قۆناغی شارستانی و پەیوەندی نێوان تاکەکان ئاڵۆز و بەناویەکدا چووە، بەهۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی بەربڵاودا ژیان دەگوزەرێنێ، (لویس ویرس) پێی وایە ژیانی شار وا دەکات کە پەیوەندی خزمایەتیی و هاوسێیەتیی لاواز بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی پیشەسازیی و تۆڕیی چالاکی بازرگانیی و کار و گوزەران کردن لە شاردا. (پارک) یەکێک لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیکاگۆ پێی وایە کۆمەڵگەکان لە ژینگەیی شار هەموو بەها و فۆرمە ئاسایی و سادەکانی خۆی، هەموو پەیوەندییە سوننەتیەکانی خۆی کە پێشتر لە کۆمەڵگە کۆنەکەی هەیبوو لە دەست داوە،

**٣-زۆری جوڵە و بزاوتنی بە کۆمەڵ** : زۆری چالاکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریی وئابووریی و پیشەسازیی و زۆری داواکاری لە سەرخزمەتگوزاریی ئەوهای لە تایکی شارستانیی کردووە کە لە کێبڕکێی بەردەوامدا بێت بۆ جێکردنەوەی خۆی لە شوێندا و دابینکردنی پێویستیی و پێگەی کەسێتیی لە کۆمەڵگا و شوێنی کاردا، وای کردووە کە بەردەوام لە حاڵەتی گواستنەوەی جوگرافیی و گۆڕینی شوێن و تەنانەت لە حاڵەتی خێرایی گۆڕان لە فیکریشدا بێت.

**٤-دەرچونی ژن بۆ کارکردن** : لە گەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان و زیادبوونی داواکاریی پێویستییەکانی ڕۆژانەی خێزان وپێشکەوتنی ڕێژەیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وا دەکات کە ژنانیش دەرچنە دەرەوەی ماڵ و ئەمەش دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندیی ناو خێزان بە دوای خۆیدا دێنێت



و وا دەکات کارەکانی ماڵیش لەگەڵ پیاودا دابەشبکرێت سەرەڕای بە هێزبوونی کەسێتی ژن و گۆڕان لە تێروانین بۆ ژن.

٥-**لێکترازانی پەیوەندی شوێن** : کۆمەڵگەی شار بە ناهەمواریی و پێکەوە نەگونجان بە هۆی جیاوازی لە ئەرک و دابەشبوونی جوگرافیی چالاکی بازرگانیی و ئابووریی و رۆشنبیریی لە شاردا گیرۆدەیە، گرانی نرخی شوێن لە ناوەڕاست و هەندێ شوێنی شار و دروست بونی جیاوازی لە نرخەکان بە پێی شوێن وا دەکات بزاوت و جوڵەی دانیشوان زۆر بێت، ئەمەش وا دەکات کە مەیل و حەزی جیابونەوە و ئارەزووی هەبونی خەسڵەتی تایبەت بە شوێن زۆر بێت.

٦-**جیاوازی کۆمەڵایەتیی** : جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی شار کە ئەمەش وادەکات شار دابەش بێت بە سەر ناوچەی جیا جیا لە رووی ئیکۆلۆجیەوە. ناوچەی دەوڵەمەن نشین و ناوچەی هەژارنشین، ناوچەی رێک و پاک و پڕ خزمەتگوزاریی و ناوچەی هەڕەمەکی لە ڕووی تەلارسازییەوە، کە هەر یەکەیان خەسڵەتی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە، شوێنی ژیان رۆڵی گرنگی یەکلاکەرەوی هەیە لە سەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دانیشتوانەکەی.

٧-جوڵەی ئابوویری و هەمەڕەنگی چالاکی پیشەسازیی و بازرگانیی و رۆشنبیریی و تەکنۆلۆجیی و ئیداریی لە شوێنە جیاجیاکانی شاردا.

٨-گەورەبونی بەردەوامی قەبارەی کۆمەڵگا و نەوەستان و جێگیر نەبونی لە ئاستێکدا بەهۆی بەردەوامی جوڵەو گواستنەوەی شوێنی ژیان و کۆچی نیشتەجێکانی لادێ بۆ شار و زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان.

٩-بەردەوام بەرزبونەوەی ئاست و ژمارەی دامەزاوەی خزمەتگوزاریی و ناوەندەکانی خوێندن وەک یەکێک لە پێویستییەکانی پێشکەوتن و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە ژیاندا.

١٠-گرنگی دان بە کات و دەرکەوتنی بەهای کات بەهۆی هەمەجۆری چالاکیی و فشاری پێویستییەکانی ژیان لە شاردا.

**پێویستییە دەروونییەکانی تاک لە شاردا** :

سەرەڕای پێویستییە رۆژانەییەکانی تاک وەک خۆراک و ئاو و خزمەتگوزاری گشتیی، پێویستییە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکان و شارەکاندا مافێکی سەرەتاییە و لە نەبونی هەر بەشێکیدا شڵەژانی دەروونی دروست دەکات، وای لێدەکات بە قەبارەی کێشەکە نارەزایی هەبێت، بۆیە پێویستە هەموو هەستەکانی تاک دابین بکرێت و لەوێشەوە ئاسودە بێت کە بە گشتی بە چەند تەوەرێک دیاری دەکرێت :

**١-هەستی تایبەتمەندیی** : پێویستە تاک بتوانێت پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بکات، ئەوەش لە ڕێگەی گونجاندنی شوێنی ژیانی.


**٢-هەستی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی** : مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی ئەستەمە بتوانێت بە تەنیا بژێت، بۆیە پێویستە شوێنی ژیانی بە شێوەیەک داڕێـژرێـت کە ڕێگاخۆشکەربێت بۆ بەیەک گەیشتن لەگەڵ هاوسێ و خزم و دەوروبەردا، لەوێشەوە کەشێکی کۆمەڵایەتیی بۆی فەراهەم بێت.

**٣-هەستی تایبەتمەندیی موڵکداریی** : ئارەزووی موڵکداریی ویستی دیاری مرۆڤایەتییە، کە ئەم پێویستییەی بۆ دابین بێت، وای لێدەکات شوێن و ناوچە بە هی خۆی بزانێت و دەست بە شتەکانەوە بگرێت و خۆی پارێزگاری لێ بکات و زیادەڕۆیی نەکاتە سەر.

**٤-هەستی ئاسایش و ئارامیی** : شوێنی ژیان و گەڕەک و خانوو یا باڵەخانە پێویستەبە شێوەیەک بێت هەستی ئارامیی و پاکیی و بێدەنگیی ببەخشێت و ژیانێکی دوور لە هەڕەشەی دزی و تاوان و هەڕەشەی دیاردەی سروشتتی وجۆری بینای خراپ بەرێ بخات و لە کەشی ناوچەو خانوویەکی گونجاودا بژیت.

**٥- هەستی ئینیما و وابەستەیی بە شوێنەوە** : وابەستەیی بە شوێنەوە لە خاڵە گرنگەکانی هەبوونی پەیوەندی و ژیانی کۆمەڵایەتییە کە ئەمەش بە دروست کردنی خۆشەویستی ئەبێت لە نێوان تاک و شوێندا، ئەم هەستە وەک دیارە پەیوەندیی پتەوی هەیە لەگەڵ هەستەکانی تردا وەک گونجاوی کەشی شوێن و هەبوونی ئاسایش و ئارامیی و هەستی موڵکداریی، کە بە بەهرەداربوونی بەو خاڵانە

**سۆسیۆلۆژیای شار**



ژیانی کۆمەڵگا بووەتە ژیانێکی شارنشیین و شارەکان بونەتە یەکەی سۆسیۆلۆژی باڵادەست و چواچێوەی سەرەکی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی، سەرەڕای پرۆسەی بەپیشەسازیی بوونی بەرهەمهێنان وگەورە بوونی بازاڕەکان لە شوێنی پشتبەستن بە کشتوکاڵ و ڕەهەندەکانی تری ئابووریی تەقلیدیی

وا لە تاک دەکات وابەستە بێت بە شوێنەوە و هەستی شانازی لەلا دروست بێت

٦- **هەستی هاوبەشیی** : ڕۆڵی هاوبەشی و هاوکاریی گشتیی لە پێشخستنی شار ڕێک ڕۆڵی دروستبوونی کەسێتی تاکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، واتا ڕۆڵی تاک لە دروستکردنی بڕیار لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە هەموو بابەتەکانی پەیوەستن بە ژیان وگوزەران و پێکهاتەی شوێن و جۆری گەڕەک و بینا و خانوو و دابین بوونی ئارەزوو و پێویستییەکانی وبەمەش هەستی ڕاستەقینەیی هاوبەشی لا دروست ئەبێت.

٧-**هەستی مافی ڕادەربڕین** : ڕادەربڕینی ئازادانە یەکێکە لە سەرەتاییترین مافەکان و گوزارشتکردنە لە ناخی تاک و هەوڵە بۆ دابینکردنی حەز و ئارەزووەکانی و دابین بوونی ژیانێکی ئاسوودە.


**باری کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی شار لە کوردستان :**

بە داخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی نالەباریی ئیدارە و بێ بەرنامەیی لە ڕێکخستن و داڕشتنی شار و کەمی خزمەتگوزاریی و کێشەی گەورە لە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتیی دروست بووە، تێکچوونی مەزاج و زەوقی گشتیی بابەتێکی هەنوکەییە کەبە هیچ کلۆجێک لای لێناکرێتەو و جێی باس نەبووە وغەمی لێ نەخوراوە، ئەوەش جگە لە هۆکارەکانی پێشوو بە هۆی ناڕێکی پێکهاتەی شارەکان ودابەشبوونی ناهەمواریی فۆنکشن و تێکچرژانی هەموو سێکتەرەکانە بە سەریەکەوە، نەبوونی کەمترین دیزاین لە دروستکردنی شار وخانوو و باڵەخانە و جادەو بانەکان و جێگە گشتییەکانە.



هەواڵنامەی کتێب


((باڵەخانە وخانووی ناڕێک، جادەو شۆستەی ناڕێک، کەمی سەوزایی، ستوونی کارەباکە ناڕێکن و وایەری کارەبای بە یەکاچوو، نەبوونی یا کەمی ڕووناکی، گۆڕەپانی کەموناڕێک، نەبوون یان کەمی فوارەی ئاو، نەبوونی شوێنی کات بەسەربردن و ڕێڕەوی پیادەڕۆ و ڕێڕەوی پاسکیل، هەڵە لە دیزاین و ڕوکار و دایرێکشنی بیناو خانووەکان، هەڵە لە جۆری مەوادی بەکارهاتوو بۆبیناو خانوبەرە و شۆستەو شەقام، یەکنەخستنی مەوادی بەکارهاتووی ڕوکاریی بیناکان لە یەک ڕیز و بەرزیی و نزمی بیناکان، پیسبوونی بێ ئەندازەی هەوا، کەڵەکەبونی بەردەوامی خۆڵ و خاشاک، هەبوونی ژاوەژاوی زۆر بە هۆی زۆری ئۆتۆمبێل و نزیکی



کارگە و کۆمپانیاکان و دامـەزاوە پیشەسازییەکان، زیادەڕۆیی لە سەر شۆستە و شوێنی گشتیی، کەمی یان نەبوونی خزمەتگوزاریی گشتتی..) ) ئەمانە و زۆر شتی تریش وای لە تاک کردووە کە بێ ئیرادەی خۆی هەست بە بێزاریی و تەنانەت نامۆیی زۆر بکات، فوارەیەک لە شوێنێکی گشتیی کە هیچ دیزاین و هیچ ئاماژەیەک و هیچ مانایەک نابەخشێت وشێوەیەکی ناشرین وپیسی هەیە لە ریگادا ئەکەوێتە بەرچاو وبێ ویستی خۆت میزاجت تێک دەدات، چاندنی ڕیزە درەختێکی نامۆ بە ناوچە و کەشوهەوای شار و تێکدانی هاوکێشەی سرووشتیی ناوچەیی شار بە بێ ئاگای خود میزاج ئەشێوێنێ و تەنانەت جاری وا هەیە هەستی داگیرکاریی خاک و سرووشتیشت پێ ئەبەخشێت.

لایەنێکی تری سیمای گشتیی شارەکان سیاسەتیی جیاکردنەوەیە، ئێستا ئیتر زۆر بە زەقی جیابوونەوەی چینەکانی کۆمەڵگای شار دەبینرێت، وەک چۆن لە کۆمەڵگادا لە ڕووی ئابوورییەوە جیاوازیی زۆر دروست بووە لە سەر زەویش ناوچەکان تەواو جیاکراونەتەوە و شـارەکـان بە ڕوونـی بـوون بە چەندین ڕووبـەری جیاواز لە یەکدی و شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگا جـیـاوازەکـان جیاکراونەتەوە وتەنانەت بۆئەوەی تێکەڵییش ڕوونەدات زۆر لە کۆمەڵگا تازەکان بە سیاجی

# سۆسیۆلۆژیای شار



لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی نالەباریی ئیدارە و بێ بەرنامەیی لە ڕێکخستن و دارِشتنی شار و کەمی خزمەتگوزاریی و کێشەی گەورە لە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتیی دروست بووە، تێکچوونی مەزاج و زەوقی گشتیی بابەتێکی هەنوکەییە کەبە هیچ کلۆجێك لای لێناکرێتەو و جێی باس نەبووە وغەمی لێ نەخوراوە

هەواڵنامەی کتێب

دیواری ڕازاوە لە باقی شوێنەکانی تر جیاکراونەتەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکانی (ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، ڕێگەوبان و سەوزایی، قوتابخانە، دایەنگا و باخچەی ساوایان و،،،،) بە تەواوی و بە شێوەی نوێ بۆی دابین کراوە، ئەمە وا دەکات کە ئاکار و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ئاست وجۆری خوێندن و ڕۆشنبیریی و تەنانەت سیمای دەموچاو و جلوبەرگیش بە زەقی جیابونەوەی پێوە دیار ببێت، ئەم سیاسەتیی بە ئەنقەست جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتییە زیانی زۆری لە تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی شارەکان داوە و وای کردووە لە هەموو هەستەکانییاندا جیاواز بن (غەمی کلتوریی، غەمی سیاسیی، ئابووریی، خوێندن،،،،) تەواو غەمی جیان، لێرەوە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای یەکگرتوو و پتەوی لە دەست داوە و غەمە هاوبەشەکان و (هاوبەشیی کۆمەڵایەتیی) و (هاریکاری کۆمەڵایەتیی) نەهێشتووە و هەر زۆنێک غەمی خۆی و کێشەی خۆی بە جیا لەوی تر هەیە و بە نزیک و دوور ناگەنەوە بە یەک، بۆ نموونە لە هەندێک کۆمەڵگا خزمەتگوزاری گشتیی تەواو فەراهەم کراوە خوێندنی مناڵانییان لە باشترین قوتابخانە تایبەتییەکان و لە ژینگەیەکی پاک وسەوزایی و جادە و بانی تەواو دابین بێت و لە کۆمەڵگایەکی دی غەمی گەورەیان دابین بوونی ئاوو و کارەبا و خزمەتگوزاییە سەرەتاییەکانە، لە هەندێ شوێن و کۆمەڵگا تازەکان تەنانەت هێندە جیابووەتەوە وەک ئەوەی وڵاتێکی تر بێت بە پاسەوان و خاڵی پشکنین کۆنترۆڵکراوە و دابڕێنراوە.

هەر لە دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتەوە کە برەوی بە خوێندنی قوتابخانەی تایبەت و زانکۆی تایبەت و

نەخۆشخانەی تایبەت و هتد) داوە ئێستا ئیتر نەوەیەکی نوێی زۆر جیاواز لە یەکدی لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیریی و زانستی و ئاکار و ڕەوشت و هەڵسوکەوت پەیدا بووە، ئەمە لەکاتێکدا هەمووان دەزانین کە لە ساڵانی ڕابـردوودا بە هۆی نەبوونی ئەو شوێنە تایبەتانەوە منالی دەولەمەند و دەسترۆیشتویەک لەگەڵ منالە هەژارێکدا لە یـەک پۆل و لەسەر یـەک تەختە بون و یەک مامۆستایان هەبوو، ئەمە سـەرەڕای جۆری بیناو پێکهاتەی کۆمەڵگا نیشتەجێبووەکان کە بەهۆی فەراهەمبوونی خزمەتگوزاریی وفەزای جوان و سەوزایی و شوێنی یاری و کات بەسەربردن و شۆستەو شەقامی پان وپۆڕو خانووی ڕووبـەر گەورە و دیزاینکراو، بە دڵنیاییەوە دانیشتوانەکەی لە کەشێکی دەروونی باش دەژین و ژیانی ئاسودە و پاشانیش ئاکار و ڕەفتاری جیاواز لە دانیشتوانی کۆمەڵگا کۆن و هەڕەمەکییەکان و شوێنەگشتییەکانی نـاو شـار دروسـت دەبێت و وا دەکات فەزای گشتیی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کێشەی گەورەی تێ بکەوێت و یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای تەندروست کە (هاریکاری کۆمەڵایەتییە) لە دەست بدات.

**سەرچاوەکان :**

١–شخصية الفرد العراقي . باقرياسين منشورات اراس ٢٠١٠
٢–دراسة في طبيعة المجتمع العراقي . علي الوردي بيروت ٢٠١٠
٣–العقد الاجتماعي . جان جاك روسو ، دار عصير الكتب ٢٠١٨
٤– المدينة الفاضلة عبر التاريخ ، تأليف ماريا لويز برنيري ، ترجمة دكتور عطيات أبو السعود ، كويت ١٩٩٧.
٥– مقدمة أبن خلدون ،حقق نصوصه عبدالله محمد الدرويش ، دار يعرب ،دمشق ، ٢٠٠٤.
٦–کۆمەڵگا و غەریبەکانی. مەریوان وریا قانع، ناوەندی ئەندێشە ٢٠١٨
٧–گۆڕانکاری و حەماسەت. مەریوان وریا قانع، ناوەندی ئەندێشە ٢٠٢٠
٨–ناشوێن. بەختیار عەلی، ناوەندی ڕەهەند، ٢٠١٩
٩–لە ڕێنیسانسی فەرەنسیەوە بۆ شکستی ڕێنیسانسی کوردی. ئەحمەدی مەلا، ناوەندی ئەندێشە ٢٠١٠.
١٠– شارنشینی ڕۆژهەلاتی ناوین، وینسنت فرانسیز کاستێللۆ، وەرگێڕانی چنور فەتحی، وریا غەفوری، دەزگای ئایدیا ٢٠١٧
١١–سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا. کۆمەڵە وتار، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد، دەزگای سەردەم ٢٠٠٩.
١٢–سەرەتایەک دەربارەی سۆسیۆلۆجیای مەعریفە. د. نەوزاد ئەحمەد، ناوەندی جەمیل ڕۆژبەیانی. ٢٠٢٠.


# کامێرا ئامێرێک بۆ دەربڕین



هەواڵنامەی کتێب



بەیان سەلمان




بەرلەوەی لایەکانی کامێرا تاوتوێ بکەین، لەسەر ڕۆڵی وێنە دەوەستین و کەمێک شی دەکەینەوە. لەپێشاندا با بپرسین: تەماشای چی دەکرێت؟ واتە ئەو بابەتەی سەیر دەکرێت بریتییە لە سرووشت؟ لە مرۆڤ؟ لە گیانلەبەرەکان؟ یاخود هەرچ بابەتێکی تر...؟ بێجگە لەوەی زۆر گرنگە بزانین شوینی ئەو وێنەیە کوێیە؟ کێ گرتویەتی؟ لە چ کاتێکدا گیراوە؟ لە کام سەردەمدا؟ قەبارەی وێنەکە چەندە و فۆرماکەی چەندە؟ هەموو ئەوانەش لە کۆنتێکستی زەمەندا دەگۆڕێن، هەمان بۆچوون و تەکنیکی بەکارهێنان نیە و بێگومان هەمان ئامانجیشی لە دوادا نیە. دەیان پرسیاری تر لە دەوری وێنەیەکدا هانمان دەدەن بیانخەینەوە ژێر تیشکی پرسیار، پێش ئەوەی پلانێکی کامێرا هەڵوەشێنینەوە و لێکی بدەینەوە.

لەو سەرەتایەوە دێینە ناو ڕۆڵی کامێرا، کە هەتا ئەم سەردەمەی ئێمە ئامێرێکی بەهێزە و دەسەڵاتێکی بێ وێنەیە بە دەستی دەرهێنەرانی فیلم. دەکرێت بڵێین، پێنووسی دەرهێنەرانە. بێگومان باسەکەمان دەربارەی کامێرای سینەمایە. وێنەی سینەمایی بەزۆریی لە جووڵەدایە، دەرهێنەران هەست و سۆزی تەماشاکەرانیش بەپێی جووڵەی وێنەکان دەوروژێنن و چاویان لەگەڵ جووڵەکانی کامێراکە وێنەکان وەر دەگرن. هەرچ کاتێکیش وێنەیەک (ستاتیک/ وەستاو)

کامێرا




پلانێکی گشتیی هەیە کە ڕەهەندێکی جیاواز بە وێنەکە دەدات. هەروەها پلانی گەورەی تەواو بۆ هەموو بابەتەکە هەیە. بۆ نموونە لە سەرەوە تاکو پێی کەسایەتیەک دەگرێت بۆ ئەوەی چی هەست و دەربڕینەکانێتی لە کاتی قسەکردن و هەڵسوکەوتی نیشان بدات.

بوو، ئەوە دەچێتە ناو پێناسەی «وێنەتابلۆ»، دەتوانین بڵێین، کە وێنەکان لەو دۆخەدا مامەڵەی دیمەنێکی وەستاو دەکرێن بۆ دەربڕینی مەبەستێکی تایبەت، کە ڕێی تێ دەچێت ئامانجێکی (جوانینسازی/ ئیستاتیکی) لەدوادا بێت، یاخود لەگەڵ ناوەڕۆکی فیلمەکەدا دەگونجێت. بەڵام، بەر لە هەر جووڵەیەکیش، پێویستە دەرهێنەر دەسەڵاتی بەسەر بەشبەشکردنی پلانێکدا بشکێت و بزانێت لە کوێدا لەقتەکە پێویستی بە بڕینە.

پلانێکی گشتیی هەیە کە ڕەهەندێکی جیاواز بە وێنەکە دەدات. هەروەها پلانی گەورەی تەواو بۆ هەموو بابەتەکە هەیە. بۆ نموونە لە سەرەوە تاکو پێی کەسایەتیەک دەگرێت بۆ ئەوەی چی هەست و دەربڕینەکانێتی لە کاتی قسەکردن و هەڵسوکەوتی نیشان بدات. پلانیش هەیە بەشێکی تەنها جەغتکردنەسەر جێیەکی تایبەتی کەسایەتیەکەیە کە بایەخێکی ڕەمزی دەکاتە سەر وێنەی گشتی پێشنیارکراو، وەکو دەموچاوی و دەکرێ لەناو ئەم پلانەیشدا تەنها مەبەستی لە دەربڕینی چاوی بێت، ئەوە پێی دەگوترێت پلانی بچووک، بەڵام هەمان پلان کاتێک پڕ بە شاشەکەیە، واتە چاوێکی زەقی ئێجگار گەورە نیشان دەدات، لێرەدا پلەبەندی پلانەکە دەبێتە پلانێکی هەرە گەورە. ئەم جۆرە پلانە زۆر کورتە، بۆ چنینی واتایەکی تایبەتە و تەنها بۆ سەرنجڕاکێشانە بەلای وردەکارییەک کە لە پلانی گشتیدا بەچاو نابینرێت یان لەسەری ناوەستین. بەو شێوەیە، بۆ بایەخدان بەو دەربڕینە پلانەکە وەها دابەش دەکرێت.

هەروەها پلانی مامناوەندی هەیە کە بایەخ بە چرکەی جووڵەکردن دەدات، زۆربەی کات بە (پلانی ئەمریکی) ناودەنرێت، لەبەر ئەوەی کامێراکە جووڵەی کەسەکە دەگرێت کاتێ ڕادەکات یان لەناو ئۆتۆمبێلە. لەناو سەرجەمی ئەو پلانانەش، پلانی تر هەیە بەسوودە و پاڵپشتە بۆ ئەو دۆخەی ڕووداوەکە، ئیدی کامێرا دەچێتە سەری بۆ زیاتر جەغتکردنەسەر دۆخەکە. زۆربەی کات لە فیلمی پۆلیسی و دەروونیی تێبینی ئەوە دەکرێت، وەک

هەواڵنامەی کتێب

پلانی قوڵبوونەوە لە پیتەکانی ئامێرێکی چاپکردن، یاخود نزیککردنەوەی چەقۆیەک، یان نیشاندانی شوێن پێیەک...

هەروەها دەرهێنەر دەتوانێت دەیان جۆر پلانی تر بخاتە سەر پلانە سەرەکییەکانی و بەردەوامیش پلانی تر دا بهێنێت کە لە خزمەتی فیلمەکەدا بێت. بۆ ئەوەی ئەو جۆرە پلانەشمان لەبیر بچێت کە بابەتەکە نزیک یان دووری دەکاتەوە، یاخود لە پێشەوە و لە دواوە و لە سەرەوە و خوارەوە وێنەی گیراوە. بێگومان لەم دۆخانەدا نابێت گەشتکردنمان لەبیر بچێت، ئەوەی لە فەرهەنگی زاراوەی سینەماییدا بە (تراڤلینگ travelling) ناسراوە. واتە کامێراکە لەسەر سکەیەکە و دوای ئامرازەکە دەکەوێت بۆ وێنەگرتنی. هەر وەک ڕاکردن، هێنانەپێشەوەی وێنە و دوورخستنەوەی، یاخود کاتێ کامێرا لە بەرزاییەوە وێنەکان دەگرێت. هەروەها کارێکی






تر هەیە بە (دۆڵـی) ناسراوە کە دەکرێ بە (بووکی گەمەکردن) ناوی بەرین؛ ئەم وشەیە dolly لەبنەڕەتدا لە شەڕی جیهانی دووهەم (١٩٣٩–١٩٤٥) بۆ گواستنەوەی بۆمب بۆ ناو فڕۆکەکان بەکار هێندراوە؛ دوایـی بۆ ئامانجێکی سینەماتۆگرافی ئەمریکیەکان هێنایانە ناو تەکنیکی وێنەگرتن و لەوساوە بەکار دەهێندرێت. لەلای (هیتشکۆک) لە فیلمی (ڤێرتیگۆ) Vertigo بەکاریهێناوە بۆ نیشاندانی ترسی کەسایەتیەکە لە بەرزاییدا و سەرگێژبوونی. دۆڵـی بریتیە لە ئامرازێک شێوەی دروشکەیەکی بچووکی هەیە کە توانای بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی هەیە، بۆ نزیکبوونەوە لەو ئامرازەی بابەتی وێنەگرتنەکەیە. بۆ نموونە، لە فیلمێکدا دوو دکتۆر لەناو ڕێڕەوێکی نەخۆشخانەدا بە ڕۆیشتنەوە قسە دەکەن، ئیدی لێرەدا کامێرا بە نێوەندی تراڤلینگ لە پێشەوە یان لە دواوە وێنەیان دەگرێت. بۆ کاری وردتـر و گرنگتر دۆڵـی دەخرێتە سەر سکە و لەگەڵ

تراڤلینگ پێکەوە بەکار دێت. لەم سەردەمەی ئێمە، کاریگەریی وێنەی دیجیتالیش بەکار دەبرێت بۆ ئەو بەشانەی فیلمێک کە لایەنی (ناواقیعیان) (فانتاستیکیان) تێدایە. کەسایەتیەک دە مەتر بەرز دەبێتەوە، بەشێکی کامێرایە، بەشێکیشی بە پشتگیری وێنەی دیجیتاڵ ئەنجام دەدرێت، باشترین نموونە وێنەکانی ناو فیلمی (ماتریکس)ە Matrix.

**چۆن کامێرا ڕۆڵێک لە گەیاندنی واتا دەبینێت؟**

وێنەکان لە سینەما و زنجیرەی تەلەفیزیۆنیدا بەخۆڕایی لێرە نین. کامێرا و ئەو تەکنیکە گرنگانەی بۆ وێنەگرتن بەکار دەبرێت زۆر پێویستن بۆ گەیاندنی واتا. وێنە تەنها دابەشکردنی یەکەکانی فیلمێک نیە، بەڵکو لەناو هەر یەکەدا چۆن وێنە پێشنیار کراوە.

کامێرا یان بە شێوەیەکی بینینی گشتگیر (پانۆرامیک) کاری پێ دەکرێت، واتە زوومی کامێرا دوای کردار و جووڵەکە دەکەوێت لە هەرچ کوێ بێت، یاخود ڕێنمایی ڕووەو ئامانجەکە دەکرێت. زۆربەی کات بۆ بەرنامەکان و فیلمی کۆن کامێرایەک یان چەند کامێرایەک لە چەند ڕەهەندێکەوە جەسپێندراون و ڕووەو کردار و کەسەکە ڕێک خراون. پاشان لە کاتی مۆنتاجکردنیان وێنەکان ڕێک دەخرێنەوە و پاکژ دەکرێن. کارەکەی تری کامێرا، وەکو پێشتر لەسەری وەستاین، دۆخی (تراڤلینگ)ە کە کامێراکە لەگەڵ جووڵەکەدا هاوکات ئەویش دەکەوێتە جووڵە، بۆ نموونە کەسایەتییەک دەڕوات، یان ڕادەکات، کامێراکە لەگەڵ جوولەکەیدا دوای دەکەوێت، ساتێ دەشوەستێت وێنەکەش لەسەری دەوستێت... لەم سەردەمەیشدا تەکنیکی سینەمایی زۆر پێشکەوتوو




**کامێرا**

تێڕوانین و ڕوانگە و گۆشەنیگای دەرهێنەرێك زۆر گرنگن لە چۆنێتی دابەشکردنی پلانەکانی فیلمێك، دیارە کامێرا ئەو ڕۆڵە گرنگە دەبینێت بۆ دەستنیشانکردن و دەرخستنی جۆر و شێوەی لەقتەکە، بەڵام دواجار ئەوە ڕوانگەی دەرهێنەرە کە چۆن ئەو پلانە دەبینێت و بڕیاری کۆتایی لەسەر چەسپاندنی وێنەکە دەدات.

داهێنراوە، وەک (کامێرای سەقامگیر) steady cam کە کامێرامانێک بە دەستەوە دەیگرێت و هەموو جووڵەیەکی پێ دەکرێت. دەکرێ بڵێین، دەبێتە نیوچەجێگیری تراڤلینگ و ڕۆڵی ئەوی پێ دەبیندرێت لە دواکەوتنی جووڵەی کەسەکە یان هەرچ ئامرازێک بێت. هەست دەکەین لەم حاڵەدا کامێراکە زۆر بە نەرمی وێنەکان دەگرێت. بێ گومان هەموو ئەو تەکنیکانە بۆ مەبەستی تایبەتی دەرهێنان بەکار دەبرێن.

بە دڵنیاییەوە تێڕوانین و ڕوانگە و گۆشەنیگای دەرهێنەرێک زۆر گرنگن لە چۆنێتی دابەشکردنی پلانەکانی فیلمێک، دیارە کامێرا ئەو ڕۆڵە گرنگە دەبینێت بۆ دەستنیشانکردن و دەرخستنی جۆر و شێوەی لەقتەکە، بەڵام دواجار ئەوە ڕوانگەی دەرهێنەرە کە چۆن ئەو پلانە دەبینێت و بڕیاری کۆتایی لەسەر چەسپاندنی وێنەکە دەدات. هەر بۆیە لە فیلمێکدا لەقتەکان لەوانەیە دەیان جار دووبارەی بکەنەوە تاکو دەگەنە ئەو ئاستەی پێویستە لە نواندنی ئەکتەرەکان. لێرەشدا وێنەکان دەدوێن لەو دۆزەی خراوەتە سەر شاشەیەکی مۆنیتۆر تاکو بە چاکی لقتەکە ببیندرێت وەکو ئەو ساتەی لەسەر شاشەی سینەما یان تەلەفیزیۆن دەرەکەوێت.

لەو سونگەیەوە، گرنگە باس لە واتای وێنەکان بکەین و چۆن هەر بەشێکی گوزارشت لە مەبەست و ئامانجی کارەکە دەکات و لەوانەیە تاقە وێنەیەک کۆمەڵەسیمبولێک لەخۆ هەڵگرێت. کاتێ کامێرا وێنەی دابڕانی دوو ئاشق دەگرێت کامێرا ڕۆڵی دوو چاوی ئێمە دەگێڕێت بە نیشاندانی دوورکەوتنەوەی هەردووکیان لەیەک؛ گۆشەنیگای وێنەگیرانەکە بۆ نموونە وەهایە کە هەر یەکەیان بەلایەکدا دەڕوات. لە دوا فیلمی (جۆکەر) Joker لە نواندنی (ژواکین فوینیکس) کە ڕۆڵی (ئارتەر فلیک) دەبینێت، بە هەڵسەنگاندنی ئەم کەسایەتیە لەگەڵ سەرەتای فیلمەکە و هەتا کۆتایی، لە چەند گۆشەنیگایەکەوە وێنەی گیراوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە باری دەروونی و ئەقڵی بکات. لە زاراوەی سینەماییدا دوو وشەی تەکنیکی بەکار دەبرێت بۆ گوزارشتکردن لە دۆخێک یان ئامرازێک کە لە گوشەیەکەوە وەرگیراوە. دەکرێ پێیان بگوترێت قوڵبوونەوە (plongée) و دژەقوڵبوونەوە (contre–plongée) ئەوەی یەکەم، کامێراکە لە گۆشەیەکەوە لە سەرەوە ئامرازەکە دەگرێت، وا هەست دەکەین کە بابەتەکەی وێنەی گیراوە لە قەبارەی خۆی بچووکترە یان کەم کراوەتەوە. لە کاتێکدا لە دۆخی دژەقوڵبوونەوەدا بابەتەکە لە گۆشەیەکەوە گیراوە کە لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەری دەخات. بە پێچەوانەی ئەوەی تر، گۆشەکە هەستێکی زێدەڕەوی و باڵادەستبوون بە بابەتەکە دەدات. هەر بۆیە ئەم تەکنیکە لە هەمان ئەو فیلمەی (جۆکەر) ئەنجام دراوە، کاتێ لە سەرەتاکانی

هەواڵنامەی کتێب




فیلمەکەداین ، گوشەی کامێراکە لەسەر روخساری کەسایەتی جۆکەرە، دەربڕینەکانی دەموچاوی و جگەرەکێشانەکانی و ڕۆیشتنی بە گرنگیی نیشان دەدات و بۆ کەسێکی بێدەسەڵات کەمی دەکاتەوە؛ پاشان، لە کۆتاییدا، کاتێ هەست بە سەرکەوتن و ئازادییش دەکات، گوشەی کامێراکە سەرتاپای جەستەی لەسەر پێپلیکانەکاندا نیشان دەدات؛ بەجەغتکردن لەسەر جووڵەی کامێرا، لە هەردوو پێی کەسایەتیەکەوە بە شێوەیەکی ستوونی بەرەو سەرەوەی نیشانی دەدات. بێگومان ئەم جۆرە وێنەیە لە بۆچوونی دەرهێنەرەوە بەرهەم هاتووە. بەو شێوەیە بەها دەخاتە سەر گەڕانەوەی ماف بۆ کۆمەڵە کەسێکی زۆر، لە ڕێگای یەک کەسێک (ئارتەر فلیک) کە هەموو مافێکیان لێ زەوت کردووە. بە کورتیی، دەتوانین گۆشەی وێنەی قوڵبوونەوە و دژەقوڵبوونە لەو فیلمەدا بەو شێوەیە وەربگرین، کە کەسایەتی (ئارتەر فلیک) لە هەلومەرجی دژەپاڵەوانەوە دەگۆڕێت بۆ پلەی پاڵەوان. ئەم جۆرە هەلومەرجەی لە فیلمێکدا بەکار دەبرێت، لە ژیانی راستەقینەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. بە باشی دەبینین کە کەسێک دەسەڵاتدارە چۆن تەماشایەکی دەستەباڵایی خۆی بەسەر کەسانی خوارووی خۆی دەبینێت. ئەوە دۆخی نمایشکردنی هێزە لە ئاستی کەسی لاواز. کامێرایش ئەو دەسەڵاتە گەورەییەی هەیە خواروو و سەروو بە ئاسانی درکی پێ بکرێت. هەر بۆیە

لە فیلمەکانی سوپەر پاڵەوانەکان، وەک (سوپەرمان) و (باتمان) و (سپایدەرمان) و (کات ومن) و (هانکۆک) ئەو سوپەر پاڵەوانانە هەمیشە کامێرا لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دەیانگرێت بۆ ئەوەی ئەو دەستەباڵاییەیان پێ ببەخشێت. دەکرێت ئەو بابەتەی وێنەی دەگیرێت بورجێک بێت، یان باڵەخانەکانی ئەمریکابن، کاتێک لە خوارەوە وێنەیان دەگیرێت فرە گەورەتر و بەرزتر لە قەبارەی خۆیان دەرەکەون. بە پێچەوانیشەوە کە لەسەرەوە وێنەکە دەگیرێت وەک ئەوەیە چاوی یەزدان زاڵترە بەسەر وێنەکەدا.

ئەم خاڵەی داهاتوو دەکرێت تەواوکەری خاڵەکەی پێشوو بێت، دەمانبات بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی وێنەگرتنێکی تر، هەر وەکو گێڕانەوەی نێو ڕۆمانێک، کە لە زارەوەی سینەماتۆگرافیدا بە کامێرای سوبژێکتیڤ caméra subjective یان پلانی سوبژێکتڤ plans subjectifs ناسراوە. لێرەدا چاوی کەسایەتیەک جێی گوشەی کامێرا دەگرێتەوە. ئەوەی چاوی کامێرا دەیبینێت بۆ تەماشاکەرانی دەگوازێتەوە. ئەم جۆرە وێنەیە بە نێوەندی کردارێک یان کۆمەڵە کردارێک ئەنجام دەدرێت کە لە گۆشەنیگای یەکێک لە کەسایەتیەکان وەرگیراوە. ئیدی تەماشاکەران بە شێوەیەکی کاتیی خۆیان لەگەڵ گۆشەنیگای ئەو کەسایەتیە بە شووناس دەکەن. دەبنە وەرگری ئەو وێنانەی کە ئەو تەماشایان دەکات. باشترین نموونە، بۆ یەکەم جار لە فیلمی (چاویلکەکەی خوێننەوەی داپیرە) Grandma’s reading glass دەرهێنەری بریتانی (جۆرج ئەلبێرت سمیت) George Albert Smith لە ١٩٠٠ هەستی کرد کە پلانی گەشتی ئامانجی لە نیشاندانی هەموو لایەنێکی فیلمەکەی ناپێکێ؛ ئیدی پەنای بۆ پلانی زۆر گەورە برد، بە پێشاندانی ئەوەی منداڵەکە لەژێر عەدەسەکەوە گەورەی دەکردەوە، وەکو پارچە ڕۆژنامەیەک، باڵندەیەکی کەناری لەناو قەفەسەکەی... وەک تەماشاکەرانیش ئێمە تەنها ئەوە دەبینین کە مداڵەکە دەیبینێت.

لە کۆتاییدا، گرنگە ئاماژەش بەوە بکەین، هەموو فیلمێک بریتیە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی گرنگ؛ هەر هەموویشی کاریگەرن لە سەرکەوتنی فیلمێک. بەو واتایە، فیلمێک لە تەنها وێنە و جووڵە و دەرهێنەرێکی باش و ئەکتەرێکی لێهاتوو کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لە تەک ئەوانەدا، دەقێکی سیناریۆیەکی باش نووسراوە، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش داڕێژراوە، ئیکسیسواری گونجاو، دیکۆری سەردەم، دەنگ و کاریگەری تری دەنگ و غەڵبە، ڕەنگ، مۆسیقا، جلوبەرگ، ڕووناکی و سێبەر، ئارایشت... هەر خودی ئارایشت بەشێکی تەواوکەرە لەو پرۆسەی داهێنانی فیلمە، لەوانەیشە بۆ مەبەستێکی




چیرۆکەکە ئـەوەش لابـدرێـت. باشترین نموونە بیهێنینەوە، فیلمی «پیاوی سێهەم» The Third Man لە دەرهێنانی Carol Reed تێبینی دەکەین کە ئەکتەر و دەرهێنەری ناسراو (ئۆرسن وێلز) Orson Welles لەو فیلمەدا، کە تاقە فیلمێکیشە ئورسن وێلز بە بێ هیچ ئارایشتێک دەرەکەوێت، ئەوەش وەک پیویستییەکی دەقی سیناریۆی فیلمەکەیە. بۆ هەندێ فیلمی ناوەڕۆک فانتاستیکی پێویستە فێلی سینەماییش بەکاربرێت، یان کۆمپیوتەر و دەیان جۆر ئامراز، بێجگە لە ڕۆڵی دەیان، و بگرە هەندێ جار سەدان، ئەکتەر و کارمەند و کارگێڕی تایبەتی لە بواری تەکنیک و سینەمادا کە دەبێ هەموو ئەو تیمە لەلایەن شارەزایانەوە هەڵبژێردرێن.

دیمەنێک کە لەناو فیلمێکە بێگومان بەخۆڕایی دەستنیشانی ئەو شوێنە نەکراوە! کاتێ لە فیلمێکی ترسناک دەچینە نـاو یەکێک لە گـەڕەکە کۆن و تاریکەکانی شارێکی چۆڵ، یان ڕووبارێک لاشەیەکی تێدا فـڕێـدراوە، یاخود جیرەی دەرگایەکی کۆن و زۆر وردەکـاری ڕاستەقینەی تر، هەمووی پشتگیری فیلمەکە دەکـەن کە دەبێ داڕشتنەوەی ئەو کەش و هەوایە لە پەیوەندیەکی توندتۆڵ بێت و نزیک بن بە بابەتی فیلمەکە. فیلمێک بابەتەکەی سامناک بێت باشترە ڕووداوەکانی لە نوێژی نیوەڕۆدا نەبن! ئەوە

# کامێرا



گرنگە باس لە واتای وێنەکان بکەین و چۆن هەر بەشێکی گوزارشت لە مەبەست و ئامانجی کارەکە دەکات و لەوانەیە تاقە وێنەیەك کۆمەڵەسیمبولێك لەخۆ هەڵگرێت. کاتێ کامێرا وێنەی دابڕانی دوو ئاشق دەگرێت کامێرا ڕۆڵی دوو چاوی ئێمە دەگێڕێت بە نیشاندانی دوورکەوتنەوەی هەردووکیان لەیەك

دەمانبات بۆ پرسی گرنگی ڕووناکییش کاتێ ئاراستەی ئەو ئەکتەرە یان ئامانجەکەی دەکەین و کامێرا جەغت لەسەر ئەو بەشەیان دەکات کە ڕووباکییەکە خراوەتە سەری. نموونەیەکی گرنگی وەبەرچاو لە فیلمی (باوکی رووحی the godfather) دەرهێنەر (فرانسیس فۆرد کۆپۆلا Francis Ford Coppola)، کە لە زۆربەی بەشەکانی ئەو فیلمە، بە تایبەتی لە بەشی دووهەمدا، ڕووناکی و ئاراستەی کامێرا لەسەر هونەرمەند (مارلۆن براندۆ)یە، لە ڕۆڵی (دۆن ڤیتۆ کۆرلیۆنێ)، سەرۆکی یەکێکە لە بنەماڵەکانی مافیاکان، لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ چەند پیاوێکیدا، تێبینی دەکەین چۆن ڕووناکی و گۆشەی کامێراکە ئاراستەی ئەو کراوە بۆ بایەخدان بەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت. دۆن ڤیتۆ کۆرلیۆنی دانیشتووە و دەست بەسەر پشیلەیەکدا دەهێنێت، پیاوەکانی تریش بە پێوەن و پشتیان لێمانە، یاخود لابەلا گیراون. بەو واتایە، ڕووناکی و کامێرا لەوێدا ڕۆڵی یەکگرتنەوەیان هەیە لەپێناو تیشکخستنەسەر کارائەکتەرەکە و پلەی دەسەڵاتی.


سەرچاوەکان:

– Alekan H. Des Lumières et des ombres Paris، Le Sycomore، 1984.

– Bernard H. L'Image numérique et le cinéma Paris، Eyrolles، 2000.

– Briot R. Les Techniques cinématographiques Paris، ESRA، 1993.

– François Reumont، Le Guide machinerie de la prise de vues cinéma، Dujarric، 2004.

– Marleau، N. revue Erudi (1961). II. L'esthétique de l'image. Séquences،(27)، 22–23.

– Les Techniques Cinématographiques de Base : http://fgimello.free.fr/documents/technique_de_base_cinema.pdf



هەولێرنامەی کتێب

# ڕێگەم بدەن خۆم بناسێنم:

# من ئەلبێر کامۆم





وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل



**بۆ سەرنووسەری گۆڤاری «سەردەمە نوێیەکان»:**

«هەڵبەت دۆستایەتیمان کەم نەبوو، کەچی ئەوەتا من لەدەستی دەدەم، ئەگەر تۆ لەو ساتەی ڕێگەت بە خراپەکاریی ڕاستەوخۆ دا کۆتایی پێ بهێنیت، ئەوە بێگومان پێویست بوو دوایی بێت، گەلێک شت بۆ یەکدی بەکێش کردین و کەمێکیشیان لە یەکدییان دابڕین، لێ ئەم کەمە بە کەمیی خۆیەوە تاکو ئێستا زۆر زۆرە».

ئەم نامەیەی خاوەنەکەی ساڵی ١٩٥١ز ناردوویەتی، کۆتایی بە دۆستایەتیی نێوان دوو لە ناودارترین فەیلەسووف و بیرمەندی سەدەی بیست هێنا، ئەوانیش ژان پۆڵ سارتەر و ئەلبێر کامۆیە.

کامۆ لە پەڕاوی تێبینییەکانیدا، کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی پێش دوو ساڵ بە سێ بەرگ بڵاوبووەوە، دێتەوە بیری، پێوەندیی لەگەڵ سارتەردا ساڵی ١٩٣٨ دەستیپێکرد، کاتێک بە ڕێکەوت ناسی، دوای ئەوەی هاوەڵێکی جەزائیری ڕۆمانی «ڕشانەوە»ی پێشکەش کرد، هەر هێندەی لە دوالاپەڕەی ڕۆمانەکە بووەوە، بڕیاری دا لەبارەیەوە بنووسێت، ئەوکات وتاری هەمەڕەنگی لە ڕۆژنامە جەزائیرییەکاندا بە فڕەنسی بڵاودەکردەوە، وتارەکە لە ژێر ناونیشانی (وانەیەک لە ئەدەب) دەرکەوت:

«ئەمە یەکەمین ڕۆمانە لە نووسەرێکەوە دەکرێت پێشبینیی هەموو شتێکی لێ بکەین، ئای لەو ئاسوودەییە زۆر ئاساییە لای سنوورە دوورەکانی هزری هۆشیار، وای لەو ئاماژانەی نیشانەی بەهرەی بێسنوورن، لە گشت ئەمانەدا بنەمایەکی پتەو دەبینین، بۆ ئەوەی بە پیریی «ڕشانەوە»وە بچین بەو پێیەی سەرەتای بارانە لە ئاوەزێکی ڕەسەنی پڕ لە زیندەگی و چالاکی، ئەمەش وامان لێدەکات بەتاسەوە بین بۆ وانەکانی داهاتووی».

کامۆ هێشتا بڕیاری نەدابوو ڕوو لە نووسینی ڕۆمان بکات، ئەو ئارەزووی ڕەخنەی ئەدەبیی دەکرد، ژمارەیەک وتاری هەمبەر کتێبەلێک بڵاوکردەوە تازە دەرچووبوون، وەک (ساختەکاران)ی ئەندرێ ژید، (باهینا)ی جۆرج ئەمادۆ، (گەڵا وشکەکان)ی هێکسلی، لێ ئەنتوان ڕۆکتانی پاڵەوانی (ڕشانەوە) وای لێکرد پەردە لەسەر ڕۆڵی ڕەخنەگر دادانەوە، تاکو دەرگە لە بەردەم جیهانی ئەفسووناویی ڕۆماندا بکاتەوە.

سارتەر ئەودەم تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو، پێشتر جگە لە تاقە کتێبێک بە ناوی (ئەندێشەکردن) هیچ کتێبێکی چاپ نەکردبوو، لەو کتێبەدا دەیویست لێکدانەوەیەکی فڕەنسی بۆ فەلسەفەی هۆسێرڵی ئەڵمانی بکات، دووەمینی ئەو دووانەی سارتەر ئەشقیان بوو و بە مامۆستای خۆی دادەنان، بێگومان یەکەم هایدگەرە.

چۆن (ڕشانەوە) سارتەری لە فەیلەسووفێکی تازەکارەوە کرد بە یەکێک لە هەرە ناودارترین نووسەرانی فڕەنسا، هەمان ڕۆمان بە دەستەواژە کاریگەرییەکانییەوە توانی دەماری کامۆی لاو بگرێت، بۆ ئەوەی دوای دوو ساڵ


ڕۆمانی (نامۆ) دەربکات، ئەو ڕۆمانەی وای کرد خێراتر خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٥٩دا وەربگرێت، پێش ئەوەی سارتەری مامۆستای ساڵی ١٩٦٤ وەریبگرێت، ئەودەم دەیانگوت یەکێک لە هۆیەکانی ڕەتکردنەوەی خەڵاتەکە لە لایەن سارتەرەوە ئەوەبووە سەرپەرشتیارانی خەڵاتەکە قوتابییەکەیان پێش ئەو خستووە. خستنەبەرچاوی ڕۆمانی (ڕشانەوە) لە لایەن کامۆوە سەرسامییەکی گەورە لە خۆ دەگرێت، چۆن ڕۆمانە ناودارەکەی سارتەر ژیانی ئارامی ڕۆکتانی پاڵەوان تێکدەدات، (نامۆ)ش باس لە زەحمەتیی ژیانی ڕۆژانەی میرسۆی پاڵەوان دەکات، کامۆ لە پەڕاوی تێبینییەکانیدا دەنووسێت: «زۆری بیر لە پاڵەوانی ڕشانەوە کردەوە، بینی لە ناخیەوە نزیکە، ئەوە یەکەمین ڕۆمانە بە وێنە زیهنییەکان گوزارشتمان لێدەکات».

دوای ساڵانێک، کامۆی لاو بە سارتەری مامۆستای دەگات، بەیەکدی گەیشتنەکە ساڵی١٩٤٣بوو، ئەودەمی شانۆگەرییە ناودارەکەی سارتەر (مێش) نمایش کرا، سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت:

«لە تەک سارتەردا وێستابووم کاتێک گەنجێکی قۆز بۆ لامان هات و خۆی ناساند: من ئەلبێر کامۆم، من بە سەرسامییەوە ڕۆمانەکەی (نامۆ)م خوێندبووەوە، داوام لە سارتەر کرد بیخوێنێتەوە». دی بۆڤوار لەسەری دەڕوات: «کەسێکمان تێدا بینی شایانی خۆشەویستی بوو».

* * *

کامۆ هێشتا بڕیاری نەدابوو ڕوو لە نووسینی ڕۆمان بکات، ئەو ئارەزووی ڕەخنەی ئەدەبیی دەکرد، ژمارەیەك وتاری هەمبەر کتێبەیلێك بڵاوکردەوە تازە دەرچووبوون، وەك (ساختەکاران)ی ئەندرێ ژید، (باهینا)ی جۆرج ئەمادۆ، (گەڵا وشکەکان)ی هێکسلی، لێ ئەنتوان ڕۆکتانی پاڵەوانی (ڕشانەوە) وای لێکرد پەردە لەسەر ڕۆڵی ڕەخنەگر داداتەوە




کامۆ






«.. یاخود لەوانەیە دوێنێ بووبێت، بە دیاریکراوی نازانم، لە ماڵەوە بروسکەیەکم پێ گەیشت، تێیدا هاتبوو (دایکت مرد.. سبەینێ ناشتنەکەیەتی) ئەمەش هیچ ناگەیەنێت، ڕەنگە ئەوە دوێنێ بووبێت»، بڕیار دەدات بە خەمبارییەوە بۆ ناشتنەکەی بچێت، بەڵام بێ هەستکردن بە بایەخدان، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شار، تاکو ئەو کیژە ببینێت خۆشیدەوێت، لەگەڵیدا بۆ سینەما دەچێت، ئەوجا لەگەڵ برادەرەکەیدا بۆ دەم دەریا دەڕوات، لەپڕ هەندێک کەس بە چەقۆ هەڕەشەیان لێدەکەن، میرسۆ دەمانچەکە لەو برادەرەی دەستێنێت، لە ترسی تاوانی کوشتن هەڵیگرتووە، هەردووکیان جیادەبنەوە، میرسۆ دیسانەوە بە ڕێکەوت تووشی دوژمنانی برادەرەکەی دێتەوە، یەکیان چەقۆی لێ دەردەهێنێت، درەوشانەوەی دەمی چەقۆکە لەبەر ڕۆژەکەی لە چاوی دەدات، دەبینێت، دەمانچەکە دەردەهێنێت و فیشەگێکی پێوە دەنێت. «ڕێکەوتێکی ناماقووڵە»، لە کاتی دادوەری کردنیدا ئاوا بە دادوەران دەڵێت، بۆیان باس دەکات چۆن ڕۆیشتووە تەرمەکەی دایکی بنێژێت، پاشان فیلمێکی سینەمایی بینیوە و چاوی بە کیژە برادەرەکەی کەوتووە، بێ پاساو تەقەی کرد، وێڕای هاوسۆزیی دەستەی سوێندخۆران، دادگە بڕیاری لەداردانی دا. بۆ ڕۆژی دوایی، پاریس چەپڵە بۆ ئەو

نووسەرە تازەیە دەکوتێت، کە دەیەوێت بڵێت تراژیدیای مرۆڤ کورتدەبێتەوە لە پووچی (ئەبسێرد) ئەو ژیانەی ڕۆژانە دەیگووزەرێنین، ڕۆمانێک نە سەرەتا و نەیش کۆتایی هەیە، لێ ڕەنگدانەوەی ئەو وەرچەرخانانەیە ڕۆژانە بەسەر ژیانی خەڵکیدا دێن.

«هەرچی منم گوێم ڕادێرابوو و گوێم لێ بوو بە کەسێکی زیرەکم دەزانن، لێ باش تێنەدەگەیشتم چۆن دەکرێت سیمای کەسێکی ئاسایی ببێتە تاوانی گەورە».

جێرمین برەی لە کتێبەکەیدا (ئەلبێر کامۆ) دەڵێت: «لەوەدەچێت کامۆ ئەودەمی ئەم دێڕانەی لە ڕۆمانی نامۆ دەنەخشاند، بیری لە سارتەر کردبێتەوە، بەڵام بەسەر خودی خۆیدا دەچەسپێ، چون پێشبینیی ئەوەی کردبێت پێشکەشی خەڵکی دەکات».

دوای ساڵێک لە دەرچوونی ڕۆمانی (نامۆ) سارتەر لە ژمارەکانی بەرایی گۆڤاری «سەردەمە نوێیەکان»دا دەنووسێت: «تاوانی ڕاستەقینە ئەوە نییە میرسۆ لەسەری حوکم دەدرێت، بەڵکو تاوانێکی ترە لە کۆتاییدا بە تەواوی تێدەگات، ئەودەمی دەرک بە ئاستێکی نوێی هۆشیاری دەکات، ڕۆمانی نامۆ کارێکی کلاسیکیی میتۆدییە لەبارەی پووچی و دژ بە پووچی نووسراوە».

بەر لەوە سارتەر (ئەفسانەی سیزیف)ی خوێندبووەوە، لەوکاتەدا ڕەشنووسی کتێبە گەورەکەی (بوون و نەبوون)ی ئامادە دەکرد، بڕیار دەدات وتارێکی درێژ لەسەر کامۆ و سیزیفەکەی بڵاوبکاتەوە، دەنووسێت: «پووچی لە مرۆڤ و لە جیهان شاراوە نییە، ئەگەر بە جیا لە یەکدی بیریان لێ بکەینەوە، بەڵام تایبەتمەندیی زاڵی مرۆڤ بوونە لە جیهاندا، پووچی لە کۆتاییدا بەشێکی جیانەکراوەیە لە ڕەوشی مرۆیی، پاشان بابڵێین هەر لە سەرەتاوە پووچی بابەتی بیرۆکەی ڕووت نییە، لە ڕووناککردنەوەیەکی خەمهێنەردا بۆمان دەردەکەوێت، بێداربوونەوە و گواستنەوە بە ئۆتۆمبێل، لەگەڵ چوار سەعات کار و نانخواردن و نووستن، هەروەها دووشەم و سێشەم و چوارشەم و پێنجشەم و هەینی و شەممە لەسەر هەمان ڕیتم، پاشان لەهیکرا دیمەنەکە هەرەس دەهێنێت و خۆمان لە دۆخێک لە ڕوونیی هزری بێچارەدا دەبینینەوە».

سارتەر لە (نامۆ) و (ئەفسانەی سیزیف)دا چەشنێکی نوێی نووسینی بۆ دەردەکەوێت، ئیلهام بە بوونگەرایی دەدات، لێ تێکەڵ بە پووچیی دەکات، دوای ساڵانێک سارتەر دەڵێت: «هەستکردن بە پووچی لە هەر گۆشەیەک لە گۆشەکانی ڕێگەدا ڕوخساری مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە». لە لاپەڕەکانی (ئەفسانەی سیزیف)دا وشەگەلی نزیک لەوی پاڵەوانی (ڕشانەوە) دەیانڵێت، دەبینین. خۆ ئەگەر لاپەڕی یەکەمی کتێبەکەی کامۆ هەڵبدەینەوە، دەبینین ناوی ڕۆمانەکەی سارتەر بە ڕوونی ئاماژەی پێ دەدرێت:



«ئەم ڕشانەوەیە، وەکو نووسەرێک لە نووسەرانی ئەمڕۆ ناوی لێناوە، ئەویش هەر پووچییە».

* * *

سیمۆن دی بۆڤوار دەنووسێت: «کامۆ بەر لە ناکۆکیی لەگەڵ سارتەردا ئەو کەسە بوو لە دۆستایەتییدا تاکو ئەوپەڕی سەرچاوەی خۆشیوەرگرتن و شادی، لە پێوەندیمان لەگەڵیدا سەودایەکی گەورەمان بینی، بێڕادە چیرۆکمان گۆڕییەوە، کەسێکی سادەی دەم بە خەندە بوو، بەڵام لە بەرابەردا شەیدای سەرکەوتن و ناوبانگ بوو، ئەمەی نەدەشاردەوە، ڕاهاتبوو ماوە ناماوەیەک خۆی لە وێنەی گەنجێکی ئاواتخواز نیشان بدات، وێڕای ئەوەی نەدار بوو، بەڵام سادە و کەیفخۆش بوو».

ئەمەی دۆ بۆڤوار نووسی، لە کتێبەکەیدا (هێزی شتەکان) ئەوی لە ژیننامە (ئۆتۆ بایۆگرافی) دەچوو بڵاوبووەوە، تێیدا دەبینین زۆر ناوی کامۆ دەهێنێت و وادیاردەدات پێوەندیی بە هزر و پێشکەوتنی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، هەروەها لەودیو کاغەزەکانی دی بۆڤوارەوە بۆمان دەردەکەوێت هەوڵی داوە خۆی وەکو ئاشق پێشکەش بکات، لێ ئەو ڕێگەی لێگرت، ئەمەش وای لێکرد لە لاپەڕەکانی تری کتێبەکەدا بنووسێت: «ئەو کەسێکی بێشەرم و بەد و جیقڵدانە تەنگە»، نەیدەزانی ئەو ئەم بە ئافرەتێکی بەرچاوی دانانێت و ڕۆژێکیان بە میرلۆپۆنتیی گوتووە:

«دەبێت ئەودەمی لەسەر جێخەوەکەیدایە چی بڵێت، وای لەم ئافرەتە ڕووناکبیرە زۆربڵێیە، شتێکە بەرگەی ناگیرێت».

ئەم دەیزانی سارتەر بە کامۆی نووسەر سەرسامە و ئەم کوڕە لاوە جەزائیرییە بە چاوی قوتابی سەیری خاوەنی ڕشانەوە دەکات، وەسفێکی سەرنجڕاکێشی بۆ خۆی و بۆ کامۆ داناوە، گوایا لە ڕۆژانی یەکەمدا پێشبڕکێیان بووە لەسەر سارتەر: «لە دوو سەگمان دەکرد دەستاودەست بە پارچە ئێسقانێک بکەن، پارچە ئێسکەکە سارتەرە و هەردووکمان دەمانویست».

* * *


کتێبە ناودارەکەی کامۆ (مرۆڤی یاخی)، کە بە عەرەبی ساڵی ١٩٦٥ز بڵاوبووەوە، جێگەی بایەخی خوێنەرانی عەرەب نەبوو، ئەوانەی لە ڕۆمانەکانی خاوەنی (نامۆ) و شانۆنامەکانی پتر چێژیان دەبینی وەک لە کتێبە فەلسەفییەکانی، بەداخەوە خوێنەری عەرەب کامۆی فەیلەسووفی نەدەناسی، چونکە وێنەی سارتەری مامۆستا زاڵ بوو بەسەر وێنەی زۆربەی قوتابی و ڕۆڵەکانی سەردەمەکەیدا، ئیدی تەنیا ئەو مایەی بایەخ و گفتوگۆ بوو. هەندێک (مرۆڤی یاخی)یان، کە ساڵی ١٩٥١ز دەرچوو، لە دیدی دژ بە مارکسیزمەوە بە بەشدارییەکی بەرچاو دانا، ئەوانی تریش بە تێگەیشتنێکی نوێی بیری چەپڕەویان دانا زیندوویی و پاراویی لە خۆ گرتبێت، گرینگیی ئەم کتێبە

لەوەدابوو بووە هۆی هێرشێکی توند لە لایەن گۆڤاری (سەردەمە نوێیەکان)ـەوە و بووە هۆی دابڕانە ناودارەکە لەگەڵ سارتەردا.


ناتەبایی نێوان مامۆستا و قوتابی قسەوباسی پاریس بوو، کامۆ لە نامۆ نارەزایی دژی سەرکوتگەریی ستالینیی دەربڕی و بە شێوەیەکی شاراوە لەبەر هاوسۆزیی سارتەر لەگەڵ هەڵمەتی ستالینی هێرشی کردە سەری، وەکو کامۆ بۆی دەچوو، یاخی لای ئەو ئاوەزێکی سەربەخۆیە، لەکاتێکدا شۆڕشگێڕ کەسێکی دەسەڵاتخوازە هەمیشە کوشتن بە ئاوەز دەکات، کامۆ کۆشا بیسەلمێنێت هەردەم توندوتیژی بێپاساوە، تەنانەت ئەگەر ئامرازێک بێت بۆ مەبەستێکیش.

لە کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسینی (سەردەمە نوێیەکان)دا گفتوگۆی گەرم دەربارەی «یاخی» دەکرێت، کێیان ڕەخنەی لەبارەوە بنووسێت؟ لەکۆتاییدا فرانسیس جانسۆن سەرپشک دەکەن، ئەوەبوو ڕەخنەیەکی توندی پتر لەوەی سارتەر داوای لێکردبوو هەمبەر نووسی، لێ وەکو سەرنووسەری گۆڤارەکە بێ خستنەسەر، یاخود گۆڕین تێیپەڕاند.

کامۆ هەستی بە ناپاکی کرد، لەو وەڵامدانەوەیەی بۆ گۆڤارەکەی نارد تووڕەیی خۆی بەرابەر ئەوە دەردەبڕێت و بە شێواندنی بەرچاو و دژ بە چێژی دادەنات بۆ هەموو ئەوەی لە کتێبەکەیدا (مرۆڤی یاخی) هاتووە، وێڕای ئەوەی



## کامۆ




> له ساڵی ١٩٥١ی زاینەوە سارتەر و دی بۆڤوار قسەیان لەگەڵ کامۆدا نەکرد، بەڵام لە ڕۆژی مردنەکەی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دوو وتاری جیایان لەسەر نووسی، وتارەکان لەوپەڕی ناسکی و وەفاداریدا بوون بۆ هاوڕێی ساڵانی ترس و ئازادی و خۆشیی، وەکو سارتەر لە پرسەکەیدا وەسفی کرد.

سارتەر شتێکی دژی کتێبەکە نەنووسی، بەڵام کامۆ هەر وای بۆ دەچوو نووسەری گۆڤارەکە بە فیتی سارتەر گوتارەکەی نووسیوە: «لەدواییدا کەس نا، تەنیا گۆڤارەکەتان بیر لە تانە لە داواکە دەکاتەوە، ئەگەر پێشکەوتنێک لە ڕۆمانی نامۆوە بۆ تاعوون ڕوویدابێت، ئەوا ئەم پەرەسەندنە لە ڕێگەی مرۆڤی یاخییەوە تێپەڕیوە، لێ مخابن، ئێوە دەتانەوێت بیسەلمێنن من لەم کتێبەدا لە واقیع و مێژوو دوورکەوتوومەتەوە».

ئەو وتارەی لە ١٧ لاپەڕدا پلار دەگرێتە سارتەر، هەوڵ دەدات وا لە خوێنەر بگەیەنێت، نووسەری وتارەکەی هێرش دەکاتە سەر مرۆڤی یاخی لە سارتەر بترازێت کەسی دی نییە.

هەڵبەت سارتەر لە بەرابەر ئەم هێرشە توندەدا بێدەنگ نەبوو، ویستی وانەیەکی توند بە قوتابییەکەی بدات، بۆیە وتارێکی درێژ لە گۆڤاری «سەردەمە نوێیەکان»دا دەنووسێت: «مایەی خەمە بە ئەنقەست و بەم زمانە ناشرینە بمخەیتە بەردەم دادگە، بە شێوەیەک نەمتوانی بێدەنگ بم و ئاوی ڕووم نەپارێزم، لەبەر ئەمە بێ تووڕەبوون، بەڵام بۆ یەکەمین جار لەودەمەوەی دەتناسم، بێ درێژدادڕی وڵامت دەدەمەوە. کۆکردنەوەت لە نێوان بۆچوونی پەژارە و هەڵوێستی فشۆڵی هەمیشە ڕێگر لە نێوان خۆت و خەڵکدا، لەگەڵ ئاگەداربوونت لە ڕاستی بێ جوانکردن، یاخود بێ پێچوپەنا، ئەنجامەکەشی تۆ بوویتە قوربانیی لەخۆباییبوونی گەمژانە، ئەو گرفتانەت دەشارێتەوە لە دڵتدان.. زوو یا درەنگ یەکێکیان ئەمەت پێ دەڵێت، ڕەنگە باشتر بێت من بم».

نامەکەی کامۆ توند بوو، وەڵامەکەی سارتەریش ئازاربەخش. سیمۆن دی بۆڤوار باسی ئەوە دەکات، بڕانی پێوەندیی نێوان سارتەر و کامۆ لە کۆتایی چیرۆکێکی خۆشەویستی دەچوو، ئەم ددانی پێدا دەنێت لایەنی سارتەری گرتبوو، لە «هێزی وشەکان»دا دەنووسێت: «ئەو کامۆیەی لای من ئازیز بوو، ئیدی بەلای منەوە بوونی نەما».




لە ساڵی ١٩٥١ی زاینەوە سارتەر و دی بۆڤوار قسەیان لەگەڵ کامۆدا نەکرد، بەڵام لە ڕۆژی مردنەکەی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دوو وتـاری جیایان لەسەر نووسی، وتارەکان لەوپەڕی ناسکی و وەفاداریدا بوون بۆ هاوڕێی ساڵانی ترس و ئازادی و خۆشیی، وەکو سارتەر لە پرسەکەیدا وەسفی کرد.

* * *

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ز دا گالیمار دوا ڕۆمانی کامۆ، کە لە شێوەی ئۆتۆبایۆگرافیا بوو، بڵاوکردەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا وادادەنـرا سیمۆن دی بۆڤوار لەو ناکۆکییە لەگەڵ سارتەردا لایەن نییە، دانەیەک لە کتێبەکەی خۆی بۆ نارد لەگەڵ پێشکەشێک تێیدا هاتبوو: «دەزانم تۆ ئێستا ئەم کتێبە ناخوێنیتەوە، بەڵام ڕۆژێک دێت جێگەی بایەخت دەبێت». کامۆ نەیدەزانی پێشبینیی کۆتایی ناکۆکیی لەگەڵ سارتەر و دیبۆڤواردا دەکات، هەر پاش چەند هەفتەیەکی کەم لەگەڵ گالیماری خودان دەزگـەی نـاوداری پەخش سەفەر دەکـات، لە ڕێگە ئۆتۆمبیلەکە لە دەستی دەردەچێت و خۆی بە درەختێکدا دەکێشێت، بۆ سەرلەبەیانیی ڕۆژی داهاتوو دی بۆڤوار بەخدێی خـۆی بە کپی ڕۆژنـامـەی دەخـوێـنـدەوە، چاوی بە وێنەی کامۆ کەوت خەڵتانی خوێنە، لەگەڵ مانشێتێکی گەورە: «یاخییەکە مرد».

* * *




«کامۆ لەم سەدەیەدا و دژ بە بزاڤی مێژوو، شوێنگرەوەی هاوچەرخی ئەو زنجیرە درێژەی فەیلەسووفانی ڕەوشتە، ئەوانەی کارەکانیان ڕەسەنترە لە نووسینە فرەنسییەکاندا، لە بێگەردی و سادەیی و پڕ لە هەستییدا ئارەزووی لاملیی مرۆیی ئەو جەنگێکی ئاکام نامسۆگەری بەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا بەرپا کرد، بەڵام جیا لەوە بە توندیی هەڵوێستە نارازییەکانی توانی پێ لەسەر بوونی ڕاستیی ئاکاری لە ناوجەرگەی ڕاستیی مێژووییدا کە تێیدا دەژیین دابگرێت، دژ بە لایەنگرانی مکیاڤیلیزم و دژ بە خێراییی زێڕینی ڕیالیزم».

ئەمە لاواندنەوەی سارتەر بوو بۆ کامۆ، کە دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە مردنەکەی نووسی، تاکو تەوازووی ساڵانی جیابوونەوە و کۆچ و ناتەبایی بخوازێت، لەگەڵ پێداچوونەوەی ڕایەکانی دەربارەی فەیلەسووفی یاخیبوون و پووچی.

* * *

«سەرلەبەیانیی زوو لە شوقەکەیەوە بەرەو ئەو نەخۆشخانەیە ڕۆیشت تەرمەکەی کامۆی لێبوو، ئاپۆرایەکی گەورەی لە بەردەم نەخۆشخانەکەدا بینی، ترسا هەندێک بیناسن، بۆیە لە دەرگەی پشتەوە دزەی کرد، گەیشتە ژوورەکە، کەسی نەبینی جگە لە کێژە پەرستارێکی لاو، داوای لێکرد بە تەنێ لەگەڵ مردووەکە جێیبهێڵێت، چەرچەفەکەی ڕاکێشا، شوێنەواری خوێنی بە ڕووونی بە ڕوخسارییەوە بینی، ویستی بە تەنیشتییەوە ڕاکشێت، پەرستارەکە خێرا خۆی بە ژووریدا کرد: «تکایە کاری وامەکە». هەستی بە ئازارێکی ترسناک دەکرد، هەوڵی دا چاوانی دابخات، لێ پەرستارەکە پێیگوت، کەسێک بەرەو ژوورەکە دێت، بە ئارامی کشایەوە، بە پەلە گەڕایەوە بۆ شوقەکەی، دانیشت تاکو بنووسێت. بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن) لە لاپەڕی یەکەم وتارێکی بڵاوکردبووەوە بە ناونیشانی (ساڵەکانمان لەگەڵ ئەلبێر کامۆدا) بە پێنووسی: سیمۆن دی بۆڤوار.




هەواڵنامەی کتێب



# ڕەوتی مێژووگەرایی عەقڵی فەرەنسی

نزار محەمەد سابیر

شەهوەتگەرایی و جادووگەرایی و جەربەزەیی و لادان لە یاسا و ڕێسای باو و زمانی باو، گەڕانەوە بۆ ئەو دەقە کۆنانەی پێش بە فەرمیبوونی ئاینی کریستیان کە لە لایەن دەوڵەتەوە نووسرابوونەوە، هەروەها چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکانی ژیان، بە پێچەوانەی ژیانی بێتام و سادە و وشکی زاهیدانەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا، مۆرکی سەرەکیی قۆناغی ڕێنیسانسە کە گریمانەییانە لە سەدەی سیازدەهەمەوە لە شاری فلۆرانسای ئیتاڵیاییەوە دەستپێدەکات. لە دەرەنجامی کاریگەری و هەژموونی ڕێنیسانسی ئیتاڵیایی لەسەر فەرەنسای سەدەی شانزەهەمدا، بە تایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایی فڕانسوای یەکەمی پادشای فەرەنسا کە دواتر نازناوی باوکی ئەدەبی پێدەبەخشرێت، زمانی فەرەنسی وەک ئەنتیتێزێکی زمانی لاتین هەموو کایەکان دەگرێتەوە، لە لایەن خودی پادشاوە دەبێتە زمانی فەرمیی وڵات، بەمە سەدەی شانزەهەم لە وڵاتی فەرەنسادا بە سەدەی بووژانەوەی زمانی فەرەنسی بەدەر لە فەلسەفە(تەنیا بواری فەلسەفە ناگرێتەوە) لە کایەی ئەدەبی و ژانری شیعر و یاسادانان ناودێر دەکرێت.

دیکارت(سەدەی هەڤدەهەم) فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرەنسی، هێشتا لە ژیاندا بوو کە شاکارە فەلسەفییەکەی ( تێڕامانی مێتافیزیکی لە فەلسەفەی یەکەمدا) لە زمانی لاتینیەوە بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدرا، بەمە فەلسەفەکەی لە میانەی سینتێزدا بوو بە یەکەم دەستپێکی عەقڵی فەرەنسی. فەرەنسیەکان هۆزێکی جەرمەنی بوون بە ناوی (فڕانک) لە دوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانیای ڕۆژئاوا، دزەیان کردە نێو وڵاتی گالەوە(فەرەنسای ئێستا) کە هۆزگەلێکی سەر بە گرووپی کەلتی بوون، خاکەکەیان کۆڵۆنییەکی سەر بەو ئیمپڕاتۆرییەتە زلهێزە بوو. لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا پاشایەکیان(پاشایەکی فڕانکی) بە ناوی کلۆڤیتس ئاینی کریستیانی بە سەر فەرەنسادا سەپاند، لە سەدەی نۆهەمینیشدا خاکی فەرەنسا بوو بە بەشێک لە ئیمپڕاتۆرییەتی فرانکیش کە بە ڕۆمانیای پیرۆزیش ناسراوە، دامەزرێنەرەکەی شارلەمانی یەکەمی کوڕی بیبینی کورتەبنە بوو، کە هیتلەر لە کتێبی (نەبەردی من) بە پێداگیرییەکی زۆرەوە بە ئەڵمانیی دادەنێت نەک بە فەرەنسی.

## ناوەڕۆکی فەلسەفەی دیکارت :

دیکارت بە شێوەیەکی گشتی هیچ دەستکارییەکی چەمک و میکانیزمی فەلسەفەی ئەرستۆ و فەلسەفەی سیکولاستیی سەدەکانی ناوەڕاستیی جیهانی کرستیانی نەکرد، دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەنجامیدا تەنیا خودی خۆی و خودی مرۆڤ، لە جیاتی بزوێنەری یەکەمی مێتافیزیکای ئەرستۆی دانا. بەڵام ئەم خودە وەک بزوێنەری یەکەم نییە ڕاوەستابێت و قسە نەکات و گومان نەکات، تەنیا بزوێنەرێکی بێ جووڵە بێت کە لە ڕێگەی عاشقبوونەوە گەردوون بۆی ببزوێت. ئەم

خـودە هەمان چەمکەکانی ئەرستۆ و تۆمای ئەکوینی بەکاردەهێنێت، گومان لە خـۆی و لە بوونی خـۆی و تێڕمانەکان و هەموو ئەو شتانەی کە خراونەتە مێشکییەوە دەکات. گومان لە هەستەکانی خۆی و گومان لەو شتانەی بیستوونی دەکات یاخود لەو شتانەی فێریان بووە، گومان لەو شتانەی بینیونی. تەنانەت گومان لە ماتماتیکیش دەکات کە لە سەردەمی دیکارتدا زانستێکی موجەڕەدی بێ مشتومڕ بوو. لە ئەنجامدا تەنیا ناتوانێت گومان لەوە بکات کە خودێکە بیردەکاتەوە، مادامکی ئەم خودە بیردەکاتەوە لەبەرئەوە گومانی تێدانییە کە تەنیا بوونێکی ڕەهایە، بۆیە هەیەو هەموو شت لێیەوە دەستپێدەکات. ئەمەیە کۆجیتۆکەی دیکارتە (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) بۆیە دەڵێین ئەمە جێگۆڕکێی بزوێنەری یەکەمە لەگەڵ خودی مرۆڤ خۆی. ئیتر ئەم خودەیە لە جیاتی خودای ڕەهای سەدەکانی ناوەڕاست کە کۆنترۆڵی هەموو گـەردوون دەکـات. لە فەلسەفەی ئەرستۆدا (هـەیـولا) مـادەی ئەوەڵییە کە ئەزەلییە و هەتاهەتاییە، ڕووداوێکی سەرپێیی نییە و هێزدارە لەگەڵ وێنەدا کە بە هەمان شێوە هەتاهەتاییە، ڕووداوێکی عاریز نییە و کردارییە وەک دوو جەوهەری جیهانی فەلەکی ژێر مانگیان بە پرینسیپی چوار هۆکارەکە بکەری و مادی و غائی و وێنەیی لێپێکدێت. ئەوا هەر ئەو دوو گەوهەرەیە کە لای دیکارت دەبنە دوو جەوهەری سەرەکیی فەلسەفەکەی(هزر و کشان) کە هزر ماهییەت و گەوهەری ڕۆح یان زیهنە، کشان(امتداد) ماهییەت و جەوهەری مادەیە، لە ترسی دەسەڵاتی کڵێسایش دیکارت خـودای پـەروەردگـاری وەک جەوهەرێکی سونبولئاسا هێشتەوە. دیکارت زۆربەی ژیانی

مێژووگەرایی



دیکارت بە شێوەیەکی گشتی هیچ دەستکارییەکی چەمك و میکانیزمی فەلسەفەی ئەرستۆ و فەلسەفەی سیکولاستیی سەدەکانی ناوەڕاستیی جیهانی کرستیانی نەکرد، دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەنجامیدا تەنیا خودی خۆی و خودی مرۆڤ، لە جیاتی بزوێنەری یەکەمی مێتافیزیکای ئەرستۆی دانا

لە دەرەوەی وڵاتی فەرەنسادا بردەسەر، دواجار لە وڵاتی سوید بە پێی ئەو بەڵگانەی تازە بەردەست کەوتوون ژەهرخوارد دەکرێت. دەبێت ئەمەش هۆکاری ئەوەبێت کە ئەم فەیلەسووفە فەرەنسییە ئەوەندی سوودی بۆ عەقڵەکانی تری ئەورووپا هەبوو، بەو ڕادەیە سوودی بۆ گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی عەقڵی فەرەنسی نەبوو. لە ئەورووپای سەدەی هەژدەهەمدا بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا تەوژمێکی توند بە ناوی ڕۆمانسیزمەوە پەیدابوو. ئەمەیش تەوژمێکی سۆفیگەرایی بوو، بەڵام بە ستایلێکی نوێوە. سۆفیگەراکانی سەردەمانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، پێش ئەوەی ببنە ڕێکخراوی فەرمی و ئایدیۆلۆژیای دەستەڵات، ڕێچکەیەکی تاک تاک بوون و دژ بە سیستەمە دونیاییەکان بوون، خۆیان بە سیستەمێکی خەیاڵی ئاسمانییەوە ناودێر دەکرد، کە زادەی ئەوهامی خۆیان بوو و وەک ڤایرۆس بۆ یەکدییان نەقڵ دەکرد. دەتوانین بڵێین لە ئاینی ئیسلامیدا ئەبوو زەڕی غەففاری کە یەکەم یاخیبووی جەنگی نێوخۆیی موسڵمانەکان بوو، خۆی لاتەریک و گۆشەگیر کرد. ڕاهیبەکانی سەرەتای جیهانی کریستیانیش دژ بە بتپەرستی و فرەخودایی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیا، دوور لە کۆمەڵانی خەڵک کەوتبوونە چۆڵ و بیابانەکان و دەشت و کێوەکان، خۆیان بە جیهانی خەیاڵاتەوە وابەستە کردبوو کە سەرچاوەکەی ئاینی کریستیان و حیکایەتی لە خاچدانی عیسای بە ناو کوڕی خوداوە بوو. جوولەکەکان پاش پەرتەوازەییان کە بە زیاسپۆرای جوولەکە ناسراوە، بەپانتایی جیهانی ئەوسای کریستیان و ئیسلام و بەتایبەتی پاش وەردەرنانیان لەلایەن تەیتەس ڤاسپاسیانی ئیمپراتۆری ڕۆمانیاوە لە ساڵی هەفتای پاش زایین. لە خاکی ڕەسەنی خۆیان ئیسرائیل و ئەو زوڵم و زۆرەی کە بە توندی لە جیهانی کریستیاندا و بە شێوەیەکی تریش لە جیهانی ئیسلامدا ڕووبەڕووی بوونەوە. خۆیان نوقمي سۆفیگەرایی کرد کە لە دەرەنجامی نەهامەتیی مێژوویی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەموو بزووتنەوە سۆفیگەراکان و سۆفیگەرا ئامێزەکان، تەنانەت بودایيزميش پێش ئەوەی لەلایەن ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بە سیاسەت بکرێن، جۆرێکن لە یاخیبوونی نەگەتیڤانەی خۆ بەدوور گرتن لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بریتین لەسێک گوشینێکی زاهیدانە. بۆیە دەڵێین بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم لە ئەورووپا بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا یاخیبوونێکی وەهمیی زاهیدانە بوو، بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی سەردەمی عەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی و ڕۆشنگەری و مۆدیرنەیەی، کە لە ئەورووپا بە گشتی و هەندێک وڵات بە تایبەتی ڕوویاندا بوو. ڕۆمانسیزم وەک سۆفیگەرایی جیهانێکی خەیاڵاوی ڕێک و بە دیسپلین لە ئاسماندا خۆی ناخولقێنێت. ڕۆمانسیزم پچڕپچڕانە سوود لە هەموو کایە و دۆخ و حاڵەتێک وەردەگرێت. لە ئاینی میللی و لە سوارچاکیی سەدەکانی ناوەڕاست. جیهانی وێناکردنیان مەرج نییە هەر بەرەو ئاسمان هەڵکشێت، بەڵکو




هەڵدەکشێت بەرەو دیمەنە سروشتییە ترسناکەکان، بەرەو ئاژەڵێکی دڕندە، بەرەو کارەساتە تراژیدییەکانی ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی خەڵک، بەرەو هەر شتێک کە بەحیسابی خۆیان لە دامودەزگای دەوڵەت و ژیانی ئاسایی و ئارامی عەقڵانیی بەدەر بێت. ڕۆمانسیزم ڕاستییەکەی وەک عیرفانیزم عەقڵی دەستی لە کارکێشاوە، چونکە هەر شتێک دەرهاویشتەی عەقڵ بێت ڕەتی دەکاتەوە. کە دەڵێین عەقڵ مەبەستمان عەقڵی باوی ئەو سەردەمەیە. باشە ڕۆمانسیزم کە لە ئەورووپای سەدەی هەژدەهەمدا سەریهەڵدا، بەرەنگاری چی بووەوە؟ ئایا وەک جیهانی ئیسلامی بەرەنگاری زلهێزە دونیاییەکانی وەک عەباسی وئەمەوی بووەوە، یاخود وەک ئەبیقوریەک و ڕەواقییەک و گەردوونگەراییەکی یاخیی زاهیدی موتەقەشیفی دژ بە ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ڕۆمانیای زلهێز بوو؟ نەخێر لە سەدەی هەژدەهەمی ئەورووپادا بارودۆخ گۆڕابوو، ڕۆمانسیزم تەنیا ئۆپۆزسیۆنێکی کپی بێدەنگی دەستەڵاتێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنێکی دەنگداری هەستەوەری دەنگ گڕی تووڕەی سەرلێشێواوی هاوار لێهەڵساو بوو، وەک سۆفیی سەردەمانی کۆن هاوارە کپەکەی بەرەو کەشکەڵانی فەلەک نەبوو، بەڵکو هاواری ئەم ڕۆمانسییە بۆ گیانی دەروپشت و بۆ گیانی بوونەوەرە هەستیارەکان هاوارێکی توند بوو، ئەو هەستیارانەی خۆیان لە دامودەزگای دەوڵەت و کڵێسەی تەقلیدیدا دەبینییەوە. ئەو هەستیارە بێدەنگانەی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکی وەک مردوودا دەبینییەوە. عارفێکی سەردەمی کۆن بێدەنگێکی غەیبانیی بەرامبەر بەدەنگدارێکی دونیایی بوو. ئۆپۆزسیۆنێکی کپی دەسەڵاتێکی هاروهاج بوو، بەڵام ڕۆمانتیستێکی سەدەی هەژدەهەم دەنگدارێکی دونیایی بەرامبەر بەبێدەنگێکی ئەودیو دونیایی بوو. واتا ئۆپۆزسیۆنێکی بەجەخت بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی کپی کڵێسایی و کۆمەڵگەیەکی عەقڵانیی بێدەنگ و ئارام بوو. ڕۆمانتیستەکانی سەدەی هەژدەهەم دژایەتیی

عەقڵگەرایی دیکارتیان دەکرد، کە لە زانستی میکانیزمی نیوتندا بەرجەستەبووبوو و نوێنەرایەتیی فەلسەفی و ئەپیستیمیی ئەو زانستە ئەنگلۆساکسۆنییەی دەکرد. دیکارت خۆی لە لوتکەی زانستی میکانیزمی نیوتن و ئەزموونگەرایی بەریتانییەکان و تاکگەرایی کالڤینیزمی ئەنگلۆساکسۆنەکاندا دەبینییەوە، کە بەرەو شۆڕشی پیشەسازیی سەدەی نۆزدەم هەنگاوی پێنان. ئەویش پاش هەماهەنگییە مەزنەکەی عەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی لەسەر دەستی کانت لە سەدەی هەژدەهەمدا. کەچی دیکارتیزم سوودێکی بۆ عەقڵ و کایەی مەعریفیی فەرەنسا نەبوو، کە لە ژێر هەژموونی دۆگماتیزمی کڵێسای کاسۆلیکدا گیریخواردبوو. بە تێپەڕینی کات تەوژمی ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی بە پێی ڕەوتی بەرەو پێشچوون و چۆنییەتی و بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی عەقڵی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و جۆری مەحکوومییەتی سەردەمدا، لە نەزعەیەکی تاکییەوە بەرەو نەزعەی نەتەوەیی گۆڕانی بەسەرداهات. ئەو نەزعە نەتەوەییە بە موتوربەکردنی بە فەلسەفەی زاتی هەڵاوساوی فیختە و فینیۆمینۆلۆژیای ڕۆحی هیگڵ و ویستی ژیانی شۆپەنهاوەر و ویستی هێزی نیچە و بوونگەرایی هایدیگەر، گەیشتە ئەوپەڕی لوتکەی خۆی و ئەو دەرەنجامە عەقڵییە فەلسەفییە کە بە عەقڵی ئەڵمانی لەسەر دەستی نازیزمدا شکستی گەورەی بە نەتەوەی ئەڵمان هێنا. لەبەر ئەوەی باسەکەمان لەعەقڵی فرەنسیە ئێستا دێینە سەر باسی ڕۆڵی ڕۆمانسیزم لە عەقڵی فەرەنسیدا و ئەم عەقڵە چۆن سەریهەڵدا، لەسەر دەستی ژان ژاک ڕۆسۆ چ گۆڕانکارییەکی بە خۆیەوە بینی؟ بەم پێیە با دیسانەوە تاریفێکی پەلەی ئەخلاقییاتی ئەم ڕەوتە بکەین. ڕۆمانسیزم بە گشتی کۆمەڵگەی عەقڵانیی شارستانییان پێقبووڵ نییە، بە ئاینی دەوڵەت قایل نین، لەسەر هیچ کایە و بوار و لە هیچ شوێنێکی دونیادا سرەوت ناگرن. بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و جۆرێک لە قەلەقی وجوودیدان و دۆخی سایکۆلۆژییان نالەبارە. هیچ بەرنامەیەکی ڕێک و پێکیان نییە، چ بۆ خۆیان چ بۆ کۆمەڵگە، لە زۆر حاڵات و دۆخدا بێ بەرنامەن و هەر بە خۆی ژیانی ژان ژاک ڕۆسۆ باشترین نموونەیە لەم پێناسەیەی کە ئێمە کردمان. ڕۆمانتیستەکان دژ بە ڕۆحی تاکێتیی دیکارتن، چونکە ڕۆحی دیکارتی ڕۆحێکی عەقڵی بوو. ئەمان ڕۆحێکی تاکگەرا و کۆگەرای هەستەوەری ناعەقڵانیی هەڵچوو بوون. تاکێتیەکی تاک و تەنیا و بەجەخت دەویست لەپاشاندا لە بۆتەی ڕۆحی نەتەوەیی ئەڵمانیدا بتوێتەوە و یەکانگیربێت. ڕۆمانتیسیزم عیرفانیزمی سەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزمە. هەروەها عەقڵی دەست لە کارکێشاو و دڵێکی بێ پەیوەستە. گەر عیرفانیزم بە پێناسە تەقلیدییەکەی هەڵس و کەوتی ڕۆحانی و ئیلاهی بێت، ڕۆمانتیسیزم هەڵس و کەوتی شعوورییانەی حەماسییانەی تاکە. بەڵی هۆشێکی توندی تاکە، لەسەر دەستی ڕۆسۆدا بوو بە ژانرێکی فەلسەفی. گەر سۆشیالیزم و

هەواڵنامەی کتێب

کۆمۆنیزم ڕێکخستنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چینی پڕۆلیتاریا بێت، ڕۆمانتیسیزم تەنیا سۆزدارییەکی بێ دیسپلینە بۆ ئەو چینە. عیرفانییەکان لە خەڵوەتگەکانیان ئیلهامیان لە ئاسمان وەردەگرت. بە پێچەوانەوە ڕۆمانسیەکان بە تایبەتی لە ژانری ڕۆمان و شیعردا لە ڕۆحی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئیلهامیان وەردەگرت. ڕۆمانسیزم سۆفیگەرایەکی بەدخووی بەدفەڕی خراپەکاری سەردەمی ڕۆشنگەرییە. ڕۆمانسیەکان هەموو غەریزەیەکی حەیوانی لە مرۆڤدا زیندوو دەکەنەوە، دژی ئاینی باوو ئەخلاقی باو و دامودەزگای دەوڵەتی باون. دژی کارخانەکان و پیشەسازی و شۆڕشی پیشەسازین. ڕۆحی ڕۆمانتیسیزم ڕۆحێکی دیکتاتۆرانەیە و تەوژمێکی هەستەوەریی تاکیی توندە، سەر بۆ هیچ شتێک دانانەوێنێت تەنیا سروشتی بەزەبروزەنگ نەبێت، کە ئەو سروشتەیش زاڵە وەک خواوەندێکی ئەفلاتوونی یاخود پڕۆتێستانتیی بێ کڵێسەیی. بەوتەی ئەریک فرۆم هیتلەر لوتکەی کاراکتەری ڕۆمانسیزمە، بێجگە لە سروشتی زاڵ نەبێت سەری بۆ هیچ هێزێک دانەدەنواند. ئەم پێناسەیە کە بۆ ڕەوتی ڕۆمانسیزم کردمان، بە چڕی لە ژیان و کاراکتەری ژان ژاک ڕۆسۆدا ڕەنگیداوەتەوە. ژان ژاک ڕۆسۆ بە باوکی ڕۆمانسیزم ناودێر دەکرێت. باشە گەر هاتوو وەک مێژوونووسانی فەلسەفە دەڵێن مەڵبەندی سەرەکیی ڕۆمانسیزم ئەڵمانیا بێت، ئیتر ئەم ناودێرکردنە بەوەی ڕۆسۆ باوکی ڕۆمانسیزمە یانی چی و چەندی بەچەند؟

واینابینین و دەڵێین گەر ڕۆمانسیزم لەسەردەمیدا کە سەدەی هەژدەهەمە زادەی عەقڵی ئەڵمان بێت، ئەوا عەقڵی فەرەنسیش کە عەقڵگەرایی دیکارتی لەدەستدا، ئەم ڕەوتەی بۆخۆی قۆستەوە و برەوی پێدا. ڕۆسۆ پاش ڕەهەندی یەکەمی عەقڵی فەرەنسی(عەقڵی دیکارت) کردی بە ڕەهەندی دووەمی عەقڵی فەرەنسی. ڕۆسۆ بەڵێ فەرەنسی بوو بەڵام دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە فەرەنسییەکی وڵاتی فەرەنسا نەبوو، بەڵکو فەرەنسییەکی سویسری بوو، وەکو زۆرینەی فەرەنسییەکانیش لەسەر مەزهەبی کاسۆلیک نەبوو. ڕۆسۆ پرۆتێستانتێکی کالڤینی بوو. ئەم مەزهەبە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هۆڵەندا و بەریتانیا و تاڕادەیەکیش لە سویسرادا تەشەنەی کردبوو و بڵاوبووبوەوە. لەم وڵاتانەدا هەوادار و لایەنگری زۆری هەبوو. ئەخلاقی کالڤینی ئەخلاقی سەرمایەدرای و بۆرجوازییە. کالڤین کە قەشەیەکی هۆڵەندی بوو لەگەڵ مارتین لۆسەردا بە دوو دامەزرێنەری سەرەکیی پرۆتێستانتییەت لە قەڵەمدەدرێن. بڕوای بەوپەڕی عیبادەتی ئیلاهی و مەسیحی هەبوو. ماکس ڤیبەر لە کتێبی ئەخلاقی پرۆتێستانتیی و ڕۆحی سەرمایەداریدا، مەزهەبی کالڤینی بەیەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرەو پێشچوونی ڕژێمی سەرمایەداری داناوە. بەلای ڕۆسۆوە وەک پەرچەکرداری کۆمەڵگەی مەدەنی و ژیانی ئارام و پڕ لە ئاسایشی درۆیینەی عەقڵانییەت، وەهای بۆدەچوو کە باشترین شت بکرێت گەڕانەوەیە بۆ ژیانی سەرەتایی سروشتیی پێش پەیمانی

کۆمەڵایەتی. ڕۆسۆ لە ژێر هەژموونی هۆبزدا بنەمای شارستانییەتی بە ڕێککەوتنی کۆمەڵێک خەڵک لەنێو خۆیاندا دانا، کە پەیمانێکیان پێکەوە بەستووە بۆئەوەی لەوەحشگەرایی دونیای سروشتی، کە شەڕی هەمووان لەگەڵ هەموواندایە ڕزگارببن. ڕۆسۆ بۆچوونی هۆبز هەڵوگێڕ دەکاتەوە، ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە بەهۆکاری نەهامەتیی مرۆڤەکان دادەنێت و کتێبێک بە ناوی (ئێمیل) دەنووسێت، کە ژیانی ئەو میللەتانەی پێش ئەوەی بزانن پەیمانی کۆمەڵایەتی چییە بەئەوپەڕی دونیای هێمن و ئایدیال دژین. لەم کتێبەدا زۆر نموونە لە ئەلیازە و ئۆزیسەی هۆمیرۆس دێنێتەوە. ڕۆسۆ چونکە لە قۆناغی دۆگمائییەتی ئایدیایی و مێتافیزیکای دەسەڵاتی کڵێسای ئەوسای ئەوروپادا یاخییە. قۆناغی مێتۆلۆژیای فرە خودایی و ژیانی سەرەتایی مرۆڤەکان و خودا مرۆڤەکانی بە نموونەیەکی باش داوەتە قەڵەم. زۆر ستایشی ژیانی هیندییە سوورەکانی باکووری کیشوەری ئەمەریکای کردووە. ئەو دۆخە سایکۆلۆژییەی لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیی سەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە بە هەموو نەهامەتی و ناشیرینییەکانیەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە، وایلێکردووە ژیانی سەردەمانی کۆنی کە لە ڕێگەی دەقە نووسراوەکانەوە بەرچاوی کەوتووە و خوێندوویەتییەوە بەلایەوە جوان بێت. ئەمەی کە باسمان کرد دۆخی سایکۆلۆژیی گشت ڕێباز و ڕەوتە سەلەفییەکانە. ناشیرینییەکانی ئەمڕۆ و دوێنێم لەلا جوان دەکات، دوێنێیەکیش گەرچی وەک شریتی سینەماییش بەچاو نایبینم، بەڵکو دەقە نووسراوەکان بۆم نمایش دەکەن، ئەو دەقانە بەشێوازی ژاک درێدانە تەماشای بکەین. بەر پرۆسەی هەڵوەشانگەرایی نەکەوتوون. ڕۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیشدا ئەو کتێبەی پڕ لەتەم و مژەو

هەواڵنامەی کتێب

مێژووگەرایی




پاش هەماهەنگییە مەزنەکەی عەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی لەسەر دەستی کانت لە سەدەی هەژدەهەمدا. کەچی دیکارتیزم سوودێکی بۆ عەقڵ و کایەی مەعریفیی فەرەنسا نەبوو، کە لە ژێر هەژموونی دۆگماتیزمی کڵێسای کاسۆلیکدا گیریخواردبوو.

وتەکانی بە بڕوای بێرتراند ڕەسڵیش یەک پارچە دژ بەیەکن. بڕوای بەویست و ئیرادەی گشتی لە جیاتی حکومەت هەیە، لە لایەکی تریشەوە عەقڵی ڕۆسۆ عەقڵی مێتۆلۆژیایی پێش مێتافیزیکە، لەجیاتی حکوومەتی نیابی بڕوای بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی وەک شاری ئەسینای سەردەمی پریکلیس هەیە. بە بڕوای ڕەسل چەمکی ئیرادەی گشتی چەمکێکە بۆنی دۆگمایەتیی ڕژێمە ئیستیبدادییەکانی سەدەی بیستەمی لێدێت. بێگومان نەزعەیەکی فەردیی توندی هەستەوەری دوور لە عەقڵانییەتی بێ ترس و خۆفی خودایەکی ئاسمانی کە گشتێنرا ئەریک فرۆمانە بۆی بچین. لە بۆتەی گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی قێزەوندا چڕی دەکاتەوە و بەناونیشاني ویستی گشتی، کە وێردی سەزمان و بن زمانی هەموو دیکتاتۆرەکانە. دەیسەپێنێت بەسەر جەماوەری خەڵکیدا. دواجار ڕۆسۆ لە سەدەی هەژدەمدا پێش شۆڕشی گەورەی فەرەنسا سەرینایەوە. بە پێی هەندێک بەڵگەو بۆچوون پێدەچێت خۆی کوشتبێت. لە سەدەی نۆزدەدا ڕۆمانسیزم لە ئەڵمانیادا لە بواری فەلسەفە و عەقڵی ئەڵمانیدا دزەی نەکردە دەرەوە. وەک ئاماژەمان پێدا زنجیرەیەک لە فەیلەسووفی بەدوای خۆیدا هێنا وەک فیختە بەخۆی و زاتە هەلاوساوەکەی، هێگڵ بە خۆی و فینۆمینۆلۆژیاکەی، شۆپەنهاوەر بە خۆی و ویستی ژیانەکەی، نیچە بە خۆی و ویستی هێزەکەی، تا دەگاتە هایدیگەر بە خۆی و دیزاینەکەی. دەرەنجام دەگاتە دەسەڵاتی سیاسیی نازیزم کە بوو بە مایەی کارەساتێکی گەورە بۆ نەتەوەی ئەڵمان. لە فەرەنسادا کە ڕەگوڕیشەکەی بۆ پێش ڕۆسۆش دەگەڕێتەوە. وەک وتمان ڕۆسۆ سوودی لە ڕۆمانسیزمی پێشینەی خۆی وەرگرت و لە قاڵبی فەلسەفیدا دایڕشت. بە تەواوی لە کایەی هونەری و ئەدەبیدا خۆی نمایش کرد و چەندین ڕێباز و قوتابخانەی هونەری و ئەدەبیی لێبووەوە، وەک بەرناسی و سیمبۆلیزم و کۆبیزم و ئیکسپریشنیزم و واقیعی و دادایـیزم و سوریالیزم و ئەبستراکت و...هتد هەریەک لەم ڕێباز و قوتابخانانە لە گۆشەنیگای بیرو بۆچوونی خۆیانەوە دژایەتیی عەقڵانییەت و شارستانییەت و شۆڕشی پیشەسازیان دەکرد. ڕاستییەکەی بە گشتی دژایەتیی ڕژێمی بۆرجوازییان دەکرد. با دیسان بگەڕێینەوە بۆ سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسا. فەرەنسای ڤۆڵتێر و دیدرۆ و ئەنسیکلۆپیدیا و فەرەنسای بەناوە ڕۆشنگەری. با پرسیارێک بوروژێنین و بڵێین بۆ بە سەدەی هەژدەهەم دەڵێن سەردەمی ڕۆشنگەری و کامە ڕۆشنگەری ؟ مەبەست لە ڕۆشنگەریی عەقڵ چییە ؟ باشە ئەم ڕۆشنگەرییە دەبێت بەو بەڵگانەی دەخرێنەڕوو تەنیا سەدەی هەژدەهەم لە فەرەنسا بگرێتەوە؟ باشە ئەوەی دیدرۆ و ڤۆڵتێر بە ئەنسیکلۆپیدیاکەیان ئەنجامیاندا ڕۆشنگەرییە ؟ باشە ڕۆشنگەری فەرەنسا بوو لە بەریتانیای سەدەی نۆزدە شۆڕشی پیشەسازی بەرپا کرد؟ ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیا فەیلەسووفێکی ئاشتیخوازی گەردوونگەرای وەک کانتی

وەبەرهێنا ؟ ڕۆشنگەریی فەرەنسا بوو فەلسەفەی ئەزموونگەرایی ئەنگلۆساکسۆنی پێشخست ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەمووی بەنەخێر دێت. ئەگەر ڕۆشنگەریی فەرەنسا هۆکاری سەرەکیی شۆڕشی فەرەنسا بێت، ئەوەبوو بە نەهامەتییەکی گەورە بۆ وڵاتی فەرەنسا و هەتا هەفتا ساڵی دوای شۆڕشیش، ئەو وڵاتە ئارامی و ئاسایشی بە خۆیەوە نەبینی و لە لەنگەری ئاسایشی خۆی نەگرتەوە. ڕۆشنگەریی فەرەنسا تەنیا بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کڵێسای کاسۆلیک بوو، دژایەتییەکی بێئامانی ئەو مەزهەبە بوو بە ناوی سێکیولاریزمەوە. ئێستایشی لەگەڵدا بێت سێکیولاریزم کە بە زادەی عەقڵی فەرەنسیی دادەنێین تەنها لە وڵاتی فەرەنسادا باوی هەیە. لە وڵاتە پرۆتێستانتییەکان بە تایبەتی ئاشتەوایی و ڕێز و سنوورداری لە نێوان سیاسەت و ئاین، ئاین و کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەردا هەیە، نەک دوورخستنەوە و دابڕان. ئەمە بەپێی شوناسە سەرەتاییەکەی عەلمانییەت کە دابڕانی نێوان سیاسەت و ئاینە. واتا عەلمانییەت تەنیا پرۆسەیەکی فەرەنسییە بۆ دژایەتیکردنی مەزهەبی کاسۆلیک. بە ئێستاوەیش لە فەرەنسادا ئەو بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنە بەردەوامە و مەزهەبی کاسۆلیک لەو وڵاتەدا بەرگرییەکی توند دەکات. میتۆدی دیراسیی فەرەنسایش تەواو لەسەر بونیاتی عەلمانییەت و تیۆری گەشەسەندنی دارویندایە. ئەم ڕێبازە لە هیچ وڵاتێکدا بەو ڕادەیە بە توندی وەنەگیراوە. زۆر هەڵەیە بە وڵاتێکی وەک ڕوسیا یان ئەمەریکا بۆنموونە بڵێین وڵاتی عەلمانی.

ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەتی چونکە وەک هەر کاڵایەکی تری ئەوروپی بەرخۆری کاڵای مەعریفیی ئەوروپیشن. لەم مەسەلەیەدا لە ناحاڵیبوونێکی تەواودان. ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی هەروەک چۆن ئۆتۆمۆبێلێکی ئەوروپی بەکاردەهێنێت و بیر لەوە دەکاتەوە لاسایی بکاتەوە، یان مۆبایلێکی بەدەستەوەیە و بەدەر لە بەکارهێنانی بە هیوای ئەوەیشە لاسایی بکاتەوە و دروستی بکات، یاخود وەک چاکەت و پانتۆڵێک کە لەبەریەتی. وەهای بۆدەچێت گوایە دەزانێت ئامرازەکانی مەعریفییش هەر بەو شێوەیەیە، خوازیارە لاساییان بکاتەوە و فێریان ببێت. نازانێت کە بابەتیەلی مەعریفی پەیوەندییان بە دەقئاوێزان و ئاوێتەبوونی کەلتوورییەوە هەیە، پێویستییان بە گونجاندنی ئەو جەستەی مەعریفییەوە هەیە لەگەڵ ئەو کاڵا مەعریفییانەی کە بازرگانە مەعریفییەکان بۆیان هاوردە کردوون. عەلمانییەتی عەقڵی فەرەنسی لەلای عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن بوو بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئاین و ئاشتەوایی. ناوترێت ئەمە شتێکی باشە یان خراپ، تەنیا ئەوە نەبێت کە عەلمانییەت لە بارودۆخێکدا لەفەرەنسا سەریهەڵداوە، وەک قاڵبی کۆنکریتی ناتوانیت بەسەر بارودۆخێکی دیکەدا بیسەپێنێت. دەبێت وەک وڵاتە ئەنگلۆساکسۆنیەکان لەگەڵ بارودۆخ و جەستەی مەعریفیی خۆت و عەقڵی خۆت بیگونجێنیت.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ئۆگست کۆمت زانستی بابەتی ڕاگەیاند ئەوەی بە پۆزەتیڤیزم ناوبانگی دەرکردووە. ئۆگست کۆمت قوتابی سان سیمۆن بوو، واتا بە وتەی مارکس سۆشیالیستێکی خەیاڵی بوو. سۆشیالیزمی خەیاڵی زادەیەکی تری عەقڵی فەرەنسییە و زیاتر یۆتۆپیاییە. ئۆگست کۆمت زوو لەم خەیاڵە هەڵگەڕایەوە و وەک وتمان پۆزەتیڤیزمی دامەزراند، باوەڕی بە سۆشیالیزمی خەیاڵی نەما. ئۆگست کۆمت مێژووی مرۆڤ دابەش دەکات بەسەر سێ قۆناغی عەقڵدا، لاهووتیی ئایدیایی کە سەرەتاکەی لە بەربەیانی مێژووەوە بۆ دیاریدەکات تا ساڵی ١٣٠٠ی زایینی، کە گشت ئاینە میتۆلۆژیاییەکان و مێتافیزییەکان و ڕێبازە عیرفانییەکان و ئاینە گەردوونگەراکان و سێ ئاینە ئاسمانییەکە دەگرێتەوە. لە ١٣٠٠ی زاینیەوە بە قۆناغی فەلسەفە دادەنێت، کە لەم سەدەمەدا عەقڵ درک بە خۆی دەکات و وردە وردە خۆی لە غەیبیاتی ئاینی بە دوور ڕادەگرێت، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم کە سەردەمی خودی خۆیەتی بەسەردەمی زانستی دەستنیشان دەکات. فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ئۆگست کۆمت وا دیارە لە کایەی مەعریفیی فەرەنسی و فەزای عەقڵی فەرەنسیدا هیچ دەنگ و سەدایەکی نەبووبێت و بێ لایەنگر و هەوادار مایەوە. بەڵێ لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرەنسا شۆڕشی پیشەسازی بەرپابوو، بەڵام لە ژێر



کاریگەریی ئەزموونگەراکانی ئەنگلۆساکسۆنەکاندا بوو. نەک پۆزەتیڤیزمی ئۆگست کۆمت. بە پێچەوانەیشەوە هەر ئەم فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمە لە لایەن ئەنگلۆساکسۆنەکانی بەریتانیاوە بە ناوی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی قۆزرایەوە، یەک لە دامەزرێنەرانی بێرتراندڕەسل بوو کە بە فەلسەفەی شیکاریش ناسراوە. ئۆگست کۆمت زیاتر بە کۆمەڵناس ناسراوە و شەرەفی داهێنانی ئەو زانستەیش بەو دراوە. دەتوانین بڵێین لە ئۆگست کۆمتەوە زیاتر زانستەکان یەک لە دوای یەک لە فەلسەفە جیابوونەوە، لە بواری پسپۆڕیدا بە جیا جێ و ڕێی خۆیان گرت. بۆیە بەسەدەی نۆزدە دەووترێت سەدەی لە دایکبوونی زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان. پاش قۆستنەوەی عەقڵ خودی عەقڵگەرایی دیکارت لەلایەن ئەنگلۆساکۆنەکانەوە چڕبوونەوە، پێکدادان و پێشەبڕکێی بازرگانی و ئابووری و تۆخبوونەوەی بەرژەوەندی پەرەیسەند. عەقڵی فەرەنسی سایکۆلۆژییایانە بوو بە عەقڵێکی یاخیگەرای وا کە بە دوای دەرفەتێک دەگەڕا شکۆمەندیی خۆی بە دەست بێنێتەوە یان ببێتە تەنیا سەروەری گەردوون. دەستکەوتەکانی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەچاو کۆلۆنیالیزمی بەریتانیایی زۆر نەبوو. جەنگی جیهانیی دووەمیش بۆ فەرەنسا مایەی نەهامەتی و کارەساتێکی گەورە بوو. فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە داگیرکرا. پرۆپاگەندەی گوتاری ئایدیۆلۆژی سیستەمی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا فەرەنسای بە یەک لە براوەکانی ئەو جەنگە دەخستەڕوو. ڕاستییەکەی تەنیا براوەی ئەو جەنگە بەپلەی یەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەپلەی دوو یەکێتیی سۆڤیێتی سەردەمی ستالین بوو. دۆخی سایکۆلۆژیی عەقڵی فەرەنسیی یاخی لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە کایەی ئەدەبیات و هونەری شێوەکاردا تووشی دەردی دادایزم و سوریالیزم بوەوە. دەردێکی کوشندەی وابوو کە هەموو چارەسەرییەکیان لە خەوندا دەبینییەوە. دادایست و سوریالیستەکان سۆفیگەرانی خەو لێکەوتووی مەیخۆر و تلیاک خۆری موعتاد بوون. سۆفیگەرایەکی توندڕەوی نالایەنگیر بوون بۆ ئەم دونیایە. عەقڵی فەرەنسی بە دادایزم و سوریالیزم و ناماقووڵ و بوونگەرایی و نهیلیزمەوە، تۆڵەی خۆی لە عەقڵی یەکەمینی خۆی لەعەقڵی دیکارت کردەوە، دەروونناسی فەرەنسی پیاژێ بەسوود وەرگرتن لە چەمکی نەست لای فرۆید و کۆنەست لای یۆنگ، چەمکی کۆنەستی مەعریفی داهێناوە. عەقڵ چ عەقڵی کارا و چ عەقڵی باو و عەقڵی بەرکار، لەڕەوتی ئاگایی و نائاگاییدا لە ڕووی مەعریفییەوە کۆنەستی مەعریفی بەڕێوەی دەبات. دەرەنجامەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی لە فەرەنسادا لە بواری فەلسەفەدا دوو ڕێبازی فەلسەفی بوون، ناماقووڵ بێ هوودەیی لەسەر دەستی ئەلبێر کامۆ و بوونگەرایی لەسەر دەستی ژان پۆڵ سارتەر و سیمۆن دی بۆڤوار گەیشتنە ترۆپک. با بۆنموونە گریمانەییانە

هەواڵنامەی کتێب

لەڕێگای کارەکتەرەکانی بەرهەمە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی خودی ئەلبێر کامۆوە فەلسەفەکەی نمایش بکەین :

ئەم فەلسەفەیە لە بوونگەرایی سارتەر و هایدیگەر جیادەکەینەوە، ناوی دەنێین فەلسەفەی ناماقووڵ و بێ هوودەیی و یاخیگەر.

کاراکتەری بێ هوودەیی ناپەیوەست و یاخی. ئەم کاراکتەرە تاکێکی نامۆیە، کاتێک هەواڵی مردنی دایکی پێدەگات وەک ئەوە وایە مێشیش میوانی نەبێت، بەشدرای لە ڕێوڕەسمی پرسەی دایکی ناکات. ڕۆژێک لە ڕۆژانی گەرمی وەرزی هاویندا لە کەناری دەریادا کە تۆزێک کەللەی گەرم دەبێت، سەر وسیمای عەرەبێکی خێڵەکی ناچێتە دڵییەوە، دەست دەداتە دەمانچەکەی و کابرای عەرەب دەکوژێت. تێبینی ئەم دەسەڵاتە سەیرو سەمەرەیە بکە کە بەحیساب نوێنەرایەتیی عەقڵگەرایی قۆناغی مۆدێرنیتە دەکات. لە دادگادا لە جیاتی ئەوەی بکوژی مرۆڤێکە بە لە سێدارەدان دادگایی بکرێت، بەڵکو بەو تۆمەتە بە مەرگ مەحکووم دەکرێت گوایە بۆچی سۆزداریی بۆ دایکی نەبووە کاتێک کە هەواڵی مردنەکەیی پێگەیشتووە. لە ژێر گوریسی هەڵواسیندا کاتێک قەشە داوای تۆبە و پەشیمانی لێدەکات و داوای گەڕانەوەی بۆ ئاینی باوباپیرانی لێدەکات، ئەم کاراکتەرە هەر نازانێت خودا و ژیانی ئەو دونیا و ئاین مانای چییە. لە لایەکی دیکەوە ئەم کاراکتەرە سیزیفانە بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدات، بێ ئەوەی لە چرکە ساتێکدا ئاخ

و ئۆفێکیش هەڵبکێشێت. ژیان لای ئەم کارەکتەرە بەردێکی زلی قەبەیە دەبێت ڕۆژانە گوزارشت لە ژیانی دونیایی بەرەو لوتکەی چیاکەی بە هەزار حاڵ بگەیەنێت. کۆتایی ژیانیش مردنە و تلبوونەوەی ئەو بەردە قەبەیەیە، بێ ئەوەی ژیان هیچ ئامانج و نرخ و قیمەتێکی هەبێت. هەر ڕۆژێکی بەزرکردنەوەی ئەم بەردە زلە لەلایەن سیزیفەوە بەرەو دوندی چیاکە خولێکی ژیانە. هەر تلبوونەوەیەکی ئەو بەردە لە لوتکەکەوە بەرەو خوارەوە مەرگی مرۆڤێک و لەنێوچوونی کۆمەڵگەیەک و نەمانی خولێکی ژیانە. گەر بڕوامان بەو پەندە کوردییە هەبێت کە دەڵێت چی بچێنیت هەر ئەوە دەدوورێتەوە، ئەوا ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت نەخێر وانییە چەندێک بچێنیت دەرەنجام هیچ نادوورێتەوە. کەسێکی نالایەنگیرە و جاروبار بێ ئەوەی کەس بۆی هەبێت خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. خۆی بڕیاردەری خۆیەتی و کەس مافی ئەوەی نییە بڕیاری بۆ بدات. هیچ شتێکی لەلا پیرۆز نییە، نە ئاین، نە خودا، نە ئاسمان، نە ئاکاری گشتی، نەویست و ئیرادەی گشتی و نەیاسا و ڕێسا. بەڵام ئاراستەیەکی ڕێسایی نییە کۆمەڵێک شت لە خۆی بکات بە پیرۆز و لەبری ئاین دایبنێت. جارێک ڕزگارکەری ڕەگەزی مرۆڤە، جارێکیش کرێکارێکە کاری تاقەت پڕووکێن دەکات و چیات بۆ دەڕمێنێت. جارێک پیاو کوژە، جارێکی دیش مرۆڤدۆستە. بۆی هەیە سەردەمانێک دەسەڵات پەیدا بکات و ببێتە کالیگۆلایەک حەز لە خوشکی خۆی بکات، ژنەکەی

# مێژووگەرایی



بوونگەرایی سارتەریش دەرەنجامی نەهامەتییەکانی فەرەنسای پاش جەنگی یەکەمی جیهانییە، بە تایبەتی دەرەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی.
سارتەر لە کتێبی بوون و نەبووندا ڕایەڵەی لەگەڵ ژیانێك و دونیایەك بە ناوی ژیانی دوایی و دونیای دوای ئەم دونیایە دەپچڕێنێت.

خۆی و منداڵەکەی ناو سکی بکوژێت، تەشقەڵە بە ئەندامانی پەرلەمانەکەی خۆی بکات. ئەم کارەکتەرە بۆی هەیە وەک کالیگۆلا تیرۆربکرێت، بۆیشی هەیە وەک مرۆڤی نامۆ لە سێدارە بدرێت یاخود خۆی بکوژێت. دواجار عەقڵی نامۆی کالیگۆلایی یاخیی سیزیفیی فەرەنسییە و دژی ستالینیزم و نازیزم و فاشیزم و لیبرالیزمە.

بوونگەرایی سارتەریش دەرەنجامی نەهامەتییەکانی فەرەنسای پاش جەنگی یەکەمی جیهانییە، بە تایبەتی دەرەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی. سارتەر لە کتێبی بوون و نەبووندا ڕایەڵەی لەگەڵ ژیانێک و دونیایەک بە ناوی ژیانی دوایی و دونیای دوای ئەم دونیایە دەپچڕێنێت. نەهلیستی لەو دونیا دەسێنێتەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی فەلسەفەدا دەیهێنێتە سەر ڕواڵەتی بوون و لە حوزووری وجوودا دایدەنێت، لە ڕووبەری ئەم دونیایەدا پێکەوە بەراوردیان دەکات. بوونگەرایی سارتەر و بوونگەرایی هایدیگەر کە هەردووک فەیلەسووفی بوونگەران، پێماناسێنراون جیایان بکەینەوە. بوونگەرایی هایدیگەر سەروبەندی لەگەڵ بووندا هەیە، بوونێکی خەیاڵاویی سۆفیگەرایانە کە هەبوونی نییە، وەک ڕەوانیی هۆشمەندیی و مەبەستگەرایی هۆسرەل و ویستی ژیانی شۆپەنهاوەر و ویستی هێزی نیچە و ڕۆحە گشتییەکەی هیگڵ کە بوونێکن، شتێکن، سەر بە جیهانی خەیاڵاتی عاریفانەن و بە دەست ناگیرێن. بوونگەرایی سارتەر زیاتر بە هەبوونەوە لکاوە. هەبوونە نەک بوون، یان بوونێکە بەردەوام وابەستەیە بە هەبوونەوە، دیزاینەکەی هایدیگەر بوونێکە دیار نییە و شاراوەیە، لەگەڵ بوونەکانی تردا لە مامەڵەدایە و ئەوانیش نادیارن. بوونگەرایی سارتەر بوونێکی واقیعی بەردەستی یاخیی ڕاڕاییە و هیچ پەیوەندییەکی بە پێش خۆی و دوای خۆیەوە نەماوە. هەرچی کرۆکی پێش خۆی هەن سڕیونییەتەوە پێش بوونی فەلسەفەی پێشینی کردووە. بوونێکە خۆی لە پێشی پێشەوە داناوە، ئەوەشی خۆی بە کرۆکی بوونێکی پێشینە لە خۆی دابنێت، سارتەر دەیکاتە خانەی نەبوونەوە. تاکی عەدەمی ئیتر لەمەودوا ئەو تاکەیە کە لە کۆمەڵگەدا کەسایەتی و کرۆک و بوونی خۆی لە دەستداوە و بۆ خۆی نا بۆ ئەوانی تر دەژێت. تاکی عەدەمی لە کۆمەڵگەدا مرۆڤێکە لە بۆتەی بوون لە خۆیدا

هەواڵنامەی کتێب

تەواوەتەوە. بوونیش ئەوەی جاران نییە و بوونێکی نادیار لە پێشەوە ماهییەتی بوونەکەی ئێستای بۆ دیاریکردبێت، بەڵکو بوونێکە لە خودی خۆیەوە دەستپێدەکات، بوونێکە بۆ خۆی و نایەوێت لە بوونێکدا قاڵبێتەوە کە لە خۆیدایەتی و بۆ خۆی نییە. ئەمەیە بێ هوودەیی و یاخیگەریی کامۆ و بوونگەرایی سارتەر، وەکو دوو عەقڵی فەرەنسیی هاوچەرخ کە گوزارشت لە دەرەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە گشتی و جەنگی دووەمی جیهانیی بە تایبەتی دەکەن.

جێی پرسیار دەبێت کە خۆپێشاندانە بەرفراوانەکەی ئەوروپا و ڕۆژئاوا کە ڕاچەنینێکی گەورەی لە جیهاندا نایەوە، داخۆ بۆچی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسادا چڕ بۆوە ؟ یان با بڵێین ئەم خۆپێشاندانە مەزنە تەنیا فەرەنسی و پاریسی بوو؟ ئەم خۆپێشاندانە گەر سەندیکای قوتابیان و سەندیکای کرێکاران و پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیش ڕێکیخستبێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. خۆ ئەو جۆرە سەندیکایانە و پارتگەلی زۆریش بە ناوی پارتی کۆمۆنیستەوە هەژموونیان بەسەر تێکڕای جیهانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا هەبووبێت. هەمدیس دەمانەوێت ئەو پرسیارە بورووژێنین کە بۆچی ئەو خۆپێشاندانە بە شێوەیەکی تایبەتی پاریس و خاکی فەرەنسای گرتبۆوە؟ گەورەترین سونبولی خۆپێشاندەران مارکۆزە و ماوتسی تۆنغ بوو، نەک ئەلبێر کامۆ و سارتەر و ڕۆسۆ....هتد وادیارە ئەم سێ ناوەی دوایی لە گۆشەنیگای عەقڵی فەرەنسییەوە مایەپوچ بوبێتن. ئایا مارکۆزە عەقڵی جوولەکەی گەردوون بۆ هەمووانی پاش شکەستی نازیزم و فاشیزم و دژ ستالینیزمی یەکێتیی سۆڤیەت و دژ بە هەژموونی عەقڵی پراگماتیزم و پۆزەتیڤیزمی ئەنگلۆساکسۆن نەبوو؟ بۆچی ماوتسی تۆنغ؟ ئایا ماوتسی تۆنغ لەو سەردەمەدا داهێنەری شۆڕشی فەرهەنگی و یاخیی دەستەڵاتی سۆڤیەتیی، بە تۆمەتی بیرۆکراتییەتی پاش ستالین و سەردەمی برجنێڤ نەبوو؟ بۆیە ماوتسی تۆنغ بووبووە گەورەترین ڕەمزی خۆپێشاندەران، لەو بڕوایەی کە پڕکێشی سەرسەختی عەقڵ و هەژموونی سیاسەتی دەرەوەی ئەنگلۆساکسۆنە. ئەمە وەک کورتە پێشەکییەک وەهایە لەبارەی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە فەرەنسادا. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم فەلسەفەیەکی نوێ بەبەرگێکی نوێ و بە ستایل و ناوەڕۆکێکی نوێوە بە ناوی فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە دەستبەکار بوو. نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دەڵێن پۆست مۆدێرنە پێش ئەو وەختە هەبووە، ڕەگوڕیشەی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە یان بۆ نیچە دەگەڕێتەوە. یاخود بەشێک لە مێژوونووسان و فەیلەسووفانی پێش ئەم وەختە ڕوویان لە پۆست مۆدێرنە بووە، بۆنموونە مێژوونووسی بەریتانی ئارنۆڵد توینبی هەیە. بەڵام پۆست مۆدێرنەی فەرەنسا کە لەسەر دەستی فۆکۆ دەستییپێکرد کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. پۆست مۆدێرنەکانی دەرەوەی پۆست مۆدێرنەی فەرەنسی، زیاتر دۆخێکی سۆزداریی بوون بۆ میللەتە ژێردەستەکانی جیهان،

بەڵام پۆست مۆدێرنەی فەرەنسی سەر بە عەقڵێکی یاخییە، دەیەوێت ژێردەستەکان بورووژێنێت و بەرەو یاخیبوون و شۆڕش بەرپاکردن هانیان بدات. پۆست مۆدێرنە کە بە پاش بونیادگەرایی و هەڵوەشانگەراییش شوناس کراوە چییە ؟ پۆست وشەیەکی ئینگلیزییە و بە کوردی مانای پاش دەگرێتەوە، دەتوانین سوود لە وشەی مێتای یۆنانیش وەربگرین کە هەر مانای پاشی کوردییە و بڵێین مێتامۆدێرنە. هەر پاش مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەیە. پۆست مۆدێرنەکان دەڵێن مۆدێرنە هەر لۆگۆسی فەلسەفەی یۆنانییە و تا ئێستا بەکاردێت. هەرجارەی لە کاژێک و بەرگێک و ستایلێکدا خۆیمان بۆ نمایش دەکاتەوە. پۆست مۆدێرنەکان بڕوایان وایە کە عەقڵگەرایی سەر بەو مۆدێرنەیەی کە بە دیکارتیزم ناسراوە، هەر لۆگۆسی فەلسەفەی یۆنانە، بۆیە ناوی لۆگۆسێنتڕالیزمیشیان لێناوە. ئەم لۆگۆسەی وەکو وتمان لەسەر دەستی تالیس یەکەم فەیلەسووفی یۆنانی لە مێتۆسەوە(ئەفسانە) گەشەی کرد، بوو بە لۆگۆس یان نۆوس(جیاوازییان نییە و واتاکەی عەقڵ دەگرێتەوە) ئەم لۆگۆسە لە لۆژیکی ئەریستۆ و مێتافیزیکی ئەرستۆوە تەنیا عەقڵی زاڵی هیلینیزم و ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی بوو. دوایی ئەم لۆگۆسە بە بەرگێکی ترەوە بە ستایلێکی هەڵخەڵەتێنەری ترەوە لە فەلسەفەی سیکۆلارستیی سەدەکانی ناوەڕاستدا دیسانەوە خۆی خستەڕوو، واتا تەنیا ماسکەکەی گۆڕی و ماسکی تری لە ڕوویناو هیچی تر. ئەم لۆگۆسە لەماوەی سەردەمی ڕێنیسانسدا بوو بەشەهوەتگەر و جادووگەر و سیحرباز، لە ڕقی کڵێسا دەستی دایە بەرەڵایی و بێ دەربەستی. لە قۆناغی عەقڵگەراییشدا لەسەر دەستی دیکارت هەر میکانیزم و چەمکە مەعریفییەکانی باوی جارانی دیسانەوە بە ماسکێکی ترەوە خۆی خستەوەڕوو، ئەمجارەیان لافی مۆدێرنی لێدەدا و بە حیساب لاپەڕەیەکی تازەی بە ڕووی مێژووی مەعریفیی مرۆڤدا هەڵداوەتەوە. پۆست مۆدێرنەکان وەک فرانکفۆرتییەکان تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ عەقڵی مۆدێرنە و ڕۆشنگەری، کە جیهانی بەرەو هەڵدێر و داخلیسکانێکی لەڕادەبەدەر بردووە. ئێمە لە گۆشەنیگای خۆمانەوە مەنزووریانە دەڵێین، کە ئەو لۆگۆسێنتەرەی ئەو عەقڵە باڵایەی کە پۆست مۆدێرنەیەکی عەقڵی فەرەنسی دژایەتیی دەکات، عەقڵەکانی تری لێ دەورووژێنێت و دژی یاخییان دەکات بێ ئەوەی ناوی بهێنێت، لە عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن زیاتر نییە کە ئەزموونگەرا و سوودگەرا و پراگماتیست و پۆزەتیڤیست و لیبڕالیستە. پۆست مۆدێرنە بێجگە لەوەی پاشماوەی سۆفیگەرایی سەردەمانی کۆن و ڕۆمانسیزمی چ ئەڵمانی و چ فەرەنسی، بێجگە لە پاشماوەی بێ هوودەیی و یاخی بوون و بوونگەرایی کە هەڵگری ئەم پاشماوانەیە، بەرگرییەکی سەرسەختانەیش لە عەقڵە جیاوازەکان دەکات. هەتا ئەگەر ئەو عەقڵە جیاوازە عەقڵی مێتۆلۆژیایی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و عەقڵی تەوتەمپەرستیی هۆزە ئەفریقییەکانیش بێت. بە گوزارشتێکی تر پۆست مۆدێرنەی

هەواڵنامەی کتێب

عەقڵی فەرەنسی لایەنگری هەر کردەوەیەکە کە نا عەقڵانیش بێت، مادامکی ئەو کردەوەیە دژایەتیی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن بکات، کە ناوی لۆگۆسێنترالیزمیان لێناوە.

**میشێل فۆکۆ وەک پۆست مۆدێرنەیەک بە نموونە :**

هەموو بەرهەمە فەلسەفییەکانی میشێل فۆکۆ وەک: ئەرکیۆلۆژیای مەعریفی، وشەکان و شتەکان، مێژووی کلینیک، مێژووی سێکسوالێتی، مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیکدا.....هتد. لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە دەستپێدەکات کە فۆکۆ ئەو سەدەیەی بە قۆناغی ڕێنیسانس ناودێر کردووە. سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم لای فۆکۆ سەدەی کلاسیکن، لە سەدەی نۆزدەهەمیشەوە سەردەمی لە دایکبوونی زانستە سروشتییەکان و مرۆییەکان دەستپێدەکات. تا ڕادەیەک لاریمان لەم پۆلێنکردنە نییە. مێشێل فۆکۆ بۆچی بەم جۆرە بیر دەکاتەوە ؟ گەر تێکڕا بەسەر یەکەوە هەژماری بکەین دەکاتە پێنجسەد ساڵ. کلاسبەندیی بە سێ قۆناغ دیاریکردووە ؟ فۆکۆ هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە بە خاوەنی گوتاری خۆی و حەقیقەتی خۆی دادەنێت، هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە چۆن ڕوانیویەتییە شتەکان و جیهانی دەرەوە، بە چ وشە و گوتارێک گوزارشتی لەو شتانەی جیهانی دەرەوە کردووە، ئەوا کامۆ بۆمان ڕوون دەکاتەوە، فەلسەفەی کامۆ لە ژێر کاریگەریی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیک و زانستی لینگویستیکی نوێ ئیش لەسەر دەلالەتەکان دەکات. هەر وشەیەک کە بریتییە لە پیت، کار(فرمان) ناو، بێگومان لەو وشانە ڕستە پێکدێت. ڕستەیەک و ڕستەیەکی تر دەبنە دەستەواژە. دەستەواژەیەک و یەکێکی تر دەبنە ڕستە و گوزارشت و دەربڕین. کۆی ئەمانە گوتاریان لێپێکدێت. ئەو گوتارانە چ ئەدەبی و چ ئابووری و چ کۆمەڵایەتی و



چ ئاینی و چ سیاسی پەیوەستەگی و جومگەبەندی لەنێو ئەو گوتارانەدا هەیە، کە بەیەکەوە گرێیاندەدات، بونیادێکی یەک پارچەییان لێدەخولقێنێت. ئەم گوتارانە گوزارشت لە حەقیقەتێک دەکەن، کە خۆی بەسەر قۆناغەکەدا سەپاندووە، ئەو حەقیقەتە بونیادێکی کۆنکریتییە و دەرچوون لێی کارێکی ئەستەمە. ئەمە تەواو ڕەوتێکی بونیادگەرانەیە کە سیفەتی بونیادگەراییش لە زۆر بۆنەدا دراوەتە پاڵ فۆکۆ، کە خۆی بۆ چەند جارێکیش ئەو ناونیشانەی بۆ فەلسەفەکەی ڕەتکردۆتەوە. واتا ئەو سەردەمە و ئەو قۆناغە بۆنموونە سەدەی شانزەهەمی ڕێنیسانس گشت بوار و کایەکان، وەک دەقی نووسراو کە ئەو دەقە نووسراوانە گوتارن و لە کۆمەڵێک دەستەواژە پێکدێن، هەر دەستەواژە و لە کۆمەڵێک ڕستە و ڕستەبەندی گوزارشت لە شتێک و ڕووداوێک دەکەن و دەخرێنەڕوو و بەسەر ئەو قۆناغەدا دەسەپێنرێن، کە نوێنەرایەتیی عەقڵی ئەو سەردەمە دەکات. فۆکۆ مارکسییانە بیر دەکاتەوە و چەند پێداویستییەکی کۆمەڵ زیاد دەکات، داهێنان لە بوار و کایەکاندا دروست دەبێت. بە پێچەوانەی فرانسیس بیکۆن کە داهێنان لای بەتایبەتی لە بواری زانستدا پرۆسەیەکی ڕێکەوتنانەیە. کەلێن وەک ئەنتیتێزێک کە ئەمەشیان هیگڵییانەیە، دەکەوێتە ناو ئەو سیستەمە و لە پڕ لە میانەی سینتێزدا دابڕانێک ڕوودەدات کە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی تر. بە حەقیقەتێکی تر و گوتارێکی تر. بۆنموونە لە کتێبی شێتی لە سەردەمی کلاسیکدا فۆکۆ پێمان دەڵێت کە

لە هەر سێ قۆناغەکەدا ڕێنیسانس و کلاسیک و سەردەمی زانستە مرۆییەکان، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ شێت و دیاردەی شێتیدا کردووە. شێت لە قۆناغی ڕێنیسانسدا (هەروەک ئێستای کۆمەڵگەی خۆمان) بە جادەو بان و کۆڵانەکانی شاردا بەسەرفرازی دەسووڕێتەوە، لەگەڵ کەشوهەوا و ڕێسای کۆمەڵدا هەماهەنگە و جیانەکراوەتەوە و ماکی سۆزدارییەکی بێ وێنەیە. مەگەر منداڵ کە هێشتا مرۆڤی کامڵ نین دەوروخولی



JORGE AMADO

هەواڵنامەی کتێب

بدەن و گاڵتەی پێبکەن و ئەزیەتی بدەن. بۆیە لەم قۆناغەدا تاکی شێت لەگەڵ تاکی عاقڵدا لەوپەڕی سازشدایە، چونکە گوتاری ڕێنیسانس گوتاری هەماهەنگی و یەکێتیی بوونە، عاقڵ و شێت، ڕەش و سپی، خەیاڵ و مەعریفە، ڕووەک و گیاندار و بێگیان، دار و بەرد و دیاردەکانی سروشت. کە ئەمانە شتەکانن لە هەماهەنگیدان، دەبێت وشەکانیش لەگەڵ یەکدیدا واتا گوتارەکەش لەگەڵیاندا هەماهەنگ بێت. لە ڕوانگەی فۆکۆوە لەم قۆناغەدا، ئەستێرەکان و ئاسمانەکان و ئاژەڵان و مرۆڤەکان لە ئاشتەوایییەکی ئارام و هێمندا ژیان دەبەنە سەر، ئیتر بۆچی شێتەکانیش لەو ئاشتەوایی و هەماهەنگییەدا بەشداری نەکەن و بێبەشبن. لە قۆناغی کلاسیکدا هەر بۆیەشە ناوی کلاسیکە چونکە قۆناغی کلاسبەندییە و قۆناغی جیاکردنەوەی جیهانی ڕووەکەکانە لە جیهانی ئاژەڵان. جیاکردنەوی جیهانی گیاندارانە لە جیهانی بێ گیانەکان...هتد. بۆیە دەبێت شێتەکان لە عاقڵەکان جیابکرێنەوە، جیا کردنەوەیشیان زیندانیکردن و بەستنەوەی شێتەکانە لە شوێنی تایبەتدا. پاش کلاسبەندیکردنی جیهانەکان و ڕووبەرەکان گۆتار گۆڕا و بوو بە گوتاری زانستە مرۆیی و سروشتییەکان. ئەو شتانەی کلاسبەند کرابوون وگوتارەکانیش گوزارشتیان لەو کلاسبەندییە دەکرد. بوونە ڕووبەر و مەیدانی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، یەک لەوانەیش شوێنە زیندانییە تایبەتییەکانی شێتەکانن. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەریان بوو بە زانستی

دەروونناسی، کە لە سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵدا و لە دایکبوو. پۆست مۆدێرنەکان بە گشتی و فۆکۆ بە تایبەتی کە لە دوای سارتەر بە گەورەترین فەیلەسووفی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت. بە ناوی ڕەخنەگرتن لە پۆزەتیڤیزم و پراگماتیزم دژایەتیی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنیان دەکرد و لە هەوڵی ئەوەدا بوون، ئێستایش هەر بەردەوامە کە لەلایەکەوە هەڵیوەشێننەوە و لەلایەکی ترەوە عەقڵە جیاوازەکانی تری جیهانی لێبورووژێنن. فۆکۆ خۆی لە سەرەتای کودەتاکەی خومەینیدا بە ناونیشانی ڕۆژنامەنووسێک گەشتێکی بۆ ئێران کرد، دوای ئەوە لە یادەوەرییەکانیدا کە پاش خۆی بڵاوکرانەوە جاڕی ڕۆحیانەتێکی جیهانیی کرد، کە لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە سەرهەڵدەدات و سەرچاوە دەگرێت. باشە فەیلەسووفێکی ئاوەها ناودار و مەزن، گەر یاخیی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنی بەنموونە ئەمەریکایی نەبێت بۆچی ئەم ئیددیعا ناعەقڵانییە دەکات؟

لە دەرەنجامدا بۆی هەیە بووترێت عەقڵی فەرەنسی شەڕی خۆی بە ڕۆمانسیزم و سێکیولاریزم و بوونگەرایی سارتەری و بێ هوودەیی کامۆیی و پۆست مۆدێرنە دەکات. عەقڵی فەرەنسی عەقڵی بە ئەوروپییەکان بە تایبەتی بە ئەنگلۆساکسۆنەکان پێشکەش کرد، خۆی سوودی لێنەبینی و مایەپووچ مایەوە. بۆیە بەو ڕەوت و ڕێبازە فەلسەفی و مەعریفییانەی ناومان هێنان و باسمان کردن تاوەکو ئێستایش عەقڵێکی نەسرەوت و یاخییە.

سەرچاوەکان :

١– لە ڕێنیسانسی فەرەنسییەوە بۆ شکستی ڕێنیسانسی کوردی – ئەحمەدی مەلا.ئەندێشە:– چاپی یەکەم – ٢٠٢٠

٢– فلورنسه فی عصر دانتی – بول ج. رجیرز ترجمه:– محمود کریم مؤسسه فرانکلین للطباعه والنشر – بیروت – نیویورک – ١٩٦٧.

٣– تأملات میتافیزیکیه فی الفلسفه الاولی – رنیه دیکارت ترجمه:– الدکتور کمال الحاج – الطبعه الرابعه ١٩٨٨منشورات عویدات – بیروت – باریس

٤– میتافیزیک – ئەرستۆتالیس – چاپی یەکەم – چاپەمەنی گەنج – سلێمانی – ٢٠١٦ – وەرگێڕانی:– سیدۆ داود عەلی.

٥– الرومنطیقیه – فان تیغم.ترجمه:– بهیج شعبان – دار بیروت للطباعه والنشر – ١٩٥٦

٦– فی العقد الاجتماعی – جان جاک روسوترجمه:– ذوقان قرقوط.دار القلم بیروت – لبنان.

٧– ئێمیل – ژان ژاک ڕۆسۆ. وەرگێڕانی ڕەسووڵ سوڵتانی – انتشارات ناهید – ١٣٨٠

٨– ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری – ماکس ڤێبەر. وەرگێڕانی:– ئارام ئەمین شوانی چاپخانەی ئەندێشە – چاپی یەکەم – ٢٠١٨

٩– تأریخ الفلسفه الغربیه – برتراندرسل – الکتاب الثالث – الفلسفه الحدیثه – ترجمه: محمد فتحی الشنیطی.الهیئه المصریه العامه للکتاب – ١٩٧٧

١٠– أوجست کونت مؤسس علم الاجتماع الحدیث. تألیف:– فاروق عبدالمعطی دار الکتب. العلمیه – بیروت – لبنان – الطبعه الاولی – ١٩٩٣

١١– الکینونه والعدم – جان بول سارتر ترجمه:– نقولا متین. المنظمه العربیه للترجمه – الطبعه الاولی – بیروت – ٢٠٠٩

١٢– کۆی بەرهەمەکانی ئەلبێر کامۆ.

١٣– کۆی بەرهەمەکانی میشێل فۆکۆ.

هەواڵنامەی کتێب



# پرەنسیپ و ڕاسپاردەکانی فەلسەفە



نوسینی: سەعید ناشید
وەرگێڕانی: موعتەسەم موحەمەد شوانی



## یەکەم: پرەنسیپەکانی فەلسەفە

ئەوە ڕۆڵی فەلسەفە نییە کە دەستبەرداری ئازار چەشتووەکان بێت و بەجێیانبهێڵێت بۆ کاهین و جادوگەرەکان، ئەوە ڕۆڵی فەلسەفە نییە کاتێک کە دۆخی نەخوازراو و چارەنووسی خراپ بێتەپێشەوە خەڵکی بەجێبهێڵێت، بەڵکو ڕۆڵی فەلسەفە ئەوەیە لەهەموو بارودۆخێکیان و لەهەموو نەهامەتییەکیاندا، چاودێرییان بکات و ئازایەتیی گوزەران کردنیان لەهەموو بارودۆخێکدا پێببەخشێت. کاتێک خەڵکی توانای ژیان لەدەست دەدەن، ئەوە دادیان نادات کە هۆکارەکەی بخەنە سەرئەستۆی دەسەڵاتێک، دەسەڵاتی باوکسالاری بێت یا ئاسمانی. هەموو ئایدیۆلۆژیا فریادڕەسەکان لەوساتەدا دەبن، بەتەنیا پاڵنەرێک بێت بۆ بێئومێدییەک کە دەرئەنجامەکەی خەمۆکی و داڕوخان دەبێت. ئەزمونیش زۆرن بۆئەوەی پەند و وانەیان لێوەربگیرێت. فەلسەفە وەهم بەئازار چەشتووەکان نافرۆشێتەوە. ڕەنگە ئەوەیش خاڵی لاوازی فەلسەفە بێت، چونکە مرۆڤەکان زۆرجار پێویستیان بەوەهمی دڵنەواییکار دەبێت. بەڵام فەلسەفە «بەکەمێک ئارامگرتن و تێڕوانین» پێشنیازی شێوازێکی ژیان دەکات کە لەهەموو دۆخەکاندا گونجاو بێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوەهم بێت. ڕەهەندە فریاد ڕەسیەکەی فەلسەفەیش لەوێدا خۆی دەبینێتەوە. وشیاری خود بریتییە لەچڕکردنەوەی وشیاری مرۆڤایەتیی، بۆیە لەوشیاری خودی خۆمەوە دەستم پێکرد و هەوڵدەدەم دە پرەنسیپ لەمێژووی فەلسەفە هەڵبهێنجێنم، بۆئەوەی هاوکارم بن لەڕووبەڕوو بوونەوەی نەهامەتیەکانی ژیاندا. ئەو پرەنسیپانە ئەگەر فەرمانەکانی دەردەسەریشم لەکۆڵ نەکەنەوە لانیکەم دەرئەنجامەکانیم بۆ هێور بکەنەوە.

**پرەنسیپی یەکەم؛** خۆشبەختی لەوەدایە کە بەدوای خۆشبەختیدا نەگەڕێم (پرەنسیپێکە لەئەرستۆ، ئەپیکۆر Epicurus، سپینۆزا، شۆبنهاوەر و ئالان دیبۆتۆن وەرگیراوە)

پێویستە دەست لەگەڕان بەدوای خۆشبەختیدا هەڵبگرم؛ لەبەرئەوەی خودی گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا سەرچاوەی یەکەمی دەردەسەرییەکانی مرۆڤایەتییە؛ چونکە خۆشبەختی داواکارییەکی وەهمهێنەرە و هەمیشە کۆتاییەکەی هەستکردنە بەبێ ئومێدی. لەبەرامبەردا سەرنج لەسەر بچوککردنەوەی بازنەی چەرمەسەری و خۆلادان لەئازار، وەک ڕەفتارێکی واقعی شیاو بۆ بەدەستخستنی چێژی گوزەران دەبێت. ئەوەیش بەدوو مەرجی بنەڕەتی جێبەجێدەبێت: هەڵبژاردنی شێوازێکی ژیانی سادە و تەندروست وەک ئەپیکۆر Epicurus و سپینۆزا دەڵێن و توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان وەک ئەفلاتون دەڵێت. موسا وەهبە لەپێشەکیی وەرگێڕانی کتێبەکەی کانتدا (ڕەخنە لەئەقڵی بێخەوش) دەڵێت: دانایی لەوەدایە کە مرۆڤ قەناعەتی بەئومێدی بەختەوەری بێت، نەک تەماحی دەستکەوتنی هەبێت.

**پرەنسیپی دووەم؛** تۆ بونەوەری ئەمڕۆیت (پرەنسیپێکە لەعومەری خەیام، شوبنهاوەر، ئالان و لۆک فێری وەرگیراوە):

ڕەنگە بیر لەڕابردوو بکەمەوە وەک ئەوەی خۆم دەمەوێت یان نامەوێت، ڕەنگە بیر لەداهاتوو بکەمەوە وەک ئەوەی هیواخوازم یان وەک ئەوەی هیواخوازنیم، بەڵام ناتوانم لەڕابردوودا بژیم لەبەرئەوەی بریتییە لەتەنیا بیرۆکەیەک کە دەتوانرێت دابڕژرێتەوە، هەروەک ناتوانم لەئایندەدا بژیم، لەبەرئەوەی ئەویش بەپێی ڕۆڵی خۆی بیرۆکەیەکە دەتوانرێت دابڕێژرێتەوە. من لەئێستادا نەبێت ناژیم و بەڵکو من لەئێستادا نەبێت بوونم نابێت. سەبارەت بەڕابردوو من مرۆڤێکی مردووم و سەبارەت بەئایندەش من مرۆڤێکم هێشتا لەدایک نەبووم. چونکە ئەو چەرمەسەرییەی کە بەسەر سروشتی مندا زاڵە، بەدەگمەن نەبێت پەیوەندی بەئێستاوە نییە، زۆرینەی جاریش پەیوەندی بەڕابردووی مردوو یان بەئایندەی هێشتا لەدایک نەبووەوە هەیە (خەمباری بەهۆی ڕووداوێکەوە کە ڕوویداوە، سۆز بۆ یادگارییەکی بەسەرچوو، ترس لەدۆخێکی چاوەڕوانکراو، نائارامی بەهۆی چارەنوسێکەوە کە ڕەنگە ڕووبدات و.. هتد). سەرەڕای ئەوەیش، کاتێک کارێک بەبێ سەرنج خستنەسەر ئەنجام دەدەم، بەشێوەیەک زەینم زۆرینەی کات لەسەرکارەکە نەبێت، من بەبێ کەمترین چێژ یان سوود کارەکە تەواو دەکەم، لەبەرئەوەی زۆر بەسانایی لەو شوێنە نیم کە پێویستە لێیبم: ئەویش ئێستایە.





هەروەها بەهەمان شێوە کاتێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا دادەنیشم یان گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەم بەشێوەیەک کە زەینم لەلایان نییە و سەرنجم لەسەر گفتوگۆکان نییە، گفتوگۆکە بێسود و بێچێژ دەبێت لەبەرئەوەی من لەئێستادا نیم. لەسەر ئەوەیشەوە دەتوانین پوختەیەک هەڵبهێنجێنین کە پەیوەندی تەنیا بەتاکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەکۆمەڵگاشەوە هەیە: لەبیرچوونەوەی ئێستا، چ لەسەر حیسابی ئایندە بێت بەپێی تێڕوانینی ((پێشکەوتنخوازانە))، یان بەحیسابی ڕابردوو بێت بەپێی تێڕوانینی ((ئەوانەی ڕابردوویانە بیردەکەوە))، یان بەحیسابی ئەو دونیایی بەپێی تێڕوانینی ((ئەوانەی باوڕیان بەو دونیاهەیە))، فاکتەری دروستبوونی چەرمەسەرییە لەلای تاک و کۆمەڵگاکان. لەکۆنیشدا عومەری خەیام بەڕەوانبێژی شیعری وتویەتی: ((دوو ڕۆژ تیایاندا نەژیاوم و پەیوەندییان بەمنەوە نییە – ڕۆژێک تێپەڕیوە و ڕۆژێک هێشتا نەهاتووە) (چوارینەکانی خەیام).

**پرەنسیپی سێیەم؛** هیچ شتێک نییە بەتایبەت بۆمن دیزاین کرابێت (پرەنسیپێک لەزینون، سینیکا، بۆثیوس وەرگیراوە):

هەموو ڕۆژێک دەبێت پێشبینی ڕووداوی خراپتر بکەم، پێویستە ئازایانە ئەو پێشبینیەم وەک مەشقێکی هزری ڕۆژانە جێبەجێ بکەم، کاتێکیش کە ڕووداوی خراپتر ڕوودەدات، دەمودەست درک بەوەدەکەم لەوە کەمتر زیانم پێدەگەیەنێت کە پێشبینیم دەکرد. هەروەها لەبەرامبەر هەر زیانێکدا کە لەژیانی ڕۆژانەدا ڕوبەڕوم دەبێتەوە، پێویستە بەباوەڕێکی جێگیرەوە درک بەوە بکەم کە هیچ شتێک نییە بۆ ڕەزامەندی من هاتبێتە بوون، لەبەرامبەریشدا دەبێت باوەڕی جێگیرم بەوە هەبێت کە هیچ شتێکیش نییە بەتایبەت بۆ زیان گەیاندن بەمن هاتبێتە بوون، بۆیە پێویست بەخەم ناکات و سەرکۆنەکردنی خودیش واتایەکی نابێت.

**پرەنسیپی چوارەم؛** سەرکۆنەکردنی خود جگە لەسەرلێشێوانێکی غەریزی هیچی دیکە نییە (پرەنسیپێکە لەسینیکا، شوبنهاوەر و نیچە وەرگیراوە):

کاتێک کارەساتێکم بەسەردێت پێویست بەوە ناکات بیر لەوە بکەمەوە، کە دەرئەنجامەکە ڕەنگە وانەبوایە یان دەبوو بەشێوەیەکی جیاوازتر بوایە؛ لەبەرئەوەی لەو دۆخەدا جگە لەدارکارییەکی خۆڕایی خودی خۆم شتێکی دیکە ناکەم، چونکە میلەکانی کاتژمێر بەرەودوا ناگەڕێنەوە، دەرئەنجام کاریگەری ئەو چەرمەسەری و مەینەتیانەیش کە تووشم هاتوون چەندقات دەکەمەوە، دەرفەتی سوککردنی کاریگەرییەکان و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی لەدەستی خۆم دەدەم. لەهەموو دۆخێکیشدا بنەمایەک هەیە پێویستە لەبیری نەکەم: سەرکەوتن جگە لەقەرەبوو کردنەوەی شکست شتێکی دیکە نییە.

**پرەنسیپی پێنجەم؛** چەرمەسەری ئەوەیە کە من وەک چەرمەسەری دەیبینم (پرەنسیپێکە لەسینیکا، بۆثیوس، ئالان و برتراند ڕاسل وەرگیراوە):

هەوڵنامەی کتێب

کاتێک تووشی ڕووداوێک دەبم هەست بەخەم و ناسۆر دەکەم، پێویستە لەو کاتەدا ڕاستەوخۆ درک بەوە بکەم کە زۆربەی ناسۆریەکە لەخودی ڕووداوەکەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە لەڕاڤەی تایبەتی خۆمەوە بۆ ڕووداوەکـەوە سەرچاوەی گرتووە. دۆخەکە پەیوەندی بەڕێکخستنەوەی هزرییەوە هەیە، کە پێویستی بەڕێکخستنەوەی مەبەستی سوککردنی حوکمەکە هەیە لەکۆتاییدا. بەڵکو هەندێک جار دووبارە ڕاڤە کردنەوەی ڕووداوەکە بەتەنیا سوککردنی حوکمەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو کۆتاییەکەی بەگۆڕینی خودی ناسۆریەکە بۆدەرفەتێکی گەشەکردن و پێشکەوتن لەڕێچکەی بونیادی خود دەبێت.

**پرەنسیپی شـەشـەم؛** دەرفـەتـە خراپەکانیش دەرفەتی گونجاون بۆئەوەی گەشە بکەم (پرەنسیپێکە لەسپینۆزا و نیچە وەرگیراوە):

لەواقعی سروشتیدا ڕووەک پێویستی بەبارودۆخی گونجاوە بۆئەوەی گەشە بکات و گەورە بێت، ئەگەرنا هـەڵـدەوەرێـت و دەمـرێـت. بـەڵام دۆخـەکـە بۆمن وەک بونەوەرێکی مرۆیی جیاوازە؛ ڕەنگە بارودۆخە خراپەکە ئەو بارودۆخە گونجاوە بێت کە من تیایدا گەشەدەکەم و پەرەدەسێنم و دەردەکەوم. ئەوە سەنگی مەحەکی بنەڕەتییە بۆ پوختەکردنی توانا و کارامەییەکانم و پێکەوەنانی خودی خۆم. نەمبیستووە تائێستا مرۆڤێک هەبووبێت و توانیبێتی داهێنان لەهەرکام لەبوارەکانی (زانست، هونەر، ئەدەب، فەلسەفە و...تاد)دا بکات و ڕووبەڕووی بارودۆخی خـراپ نەبووبێتەوە. بۆ بوونیادی توانای ڕووبـەڕوو بوونەوەی ئاستەنگیەکانی ژیان ((بارودۆخە نەگونجاوەکان)) بەدیاریکراوی دەبنە بارودۆخی گونجاو. نازدارەکان داهێنانیان پێناکرێت، سەرکەوتوو نابن و هیچ ناخەنەسەر واقع، مایەی شەرەفمەندیش نییە مرۆڤ یەکێک بێت لەو نازدارانە. پوختەی وتەکان ئەوەیە، مرۆڤ لەسایەی دابینکردنی کەرەستەکانی ئاسانکاری مەرجەکانی ژیاندا گەشە ناکات، بەڵکو لەسایەی خولقاندنی بارودۆخە گونجاوەکان بەهەوڵ و تێکۆشان بۆگەیشتن بەئامانج گەشە دەکات.

**پرەنسیپی حەوتەم؛** ڕەنگە ئامانجەکانی ژیانم نەیەنەدی، بـەڵام خاڵی هاوسەنگیم دەبـن لەژیاندا (پرەنسیپێک لەشوبنهاوەر، برتراند ڕاسل، فریدریک لۆنوار و جاک ئەتالی وەرگیراوە):

شوبنهاوەر بیرم دەخـاتـەوە کە ژیـان بۆ ئەوەنییە موڵکی من بێت، بەڵکو بۆئەوەیە لێی بپەڕێمەوە (هونەری بەختەوەربوون - بنەمای١٧). بەڵام لەکاتی پەڕینەوەمدا دەبێت وەک وەرزشوانانی یارییەکانی هاوسەنگی، وەک ئەوانەی بەسەرپەتدا دەڕۆن یان پاسکیل سواری دەکەن یان سواری شەپۆلەکان دەبن و...تاد، بۆئەوەی هاوسەنگی خۆم بپارێزم دەبێت تەماشای دوورترین خاڵی ئاسۆ بکەم لەپێش خۆمدا. گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکە مەبەستی سەرەکی و پێویست نییە، بەڵام خاڵی ئەو هاوسەنگیەیە کە پێویستمە بۆپەڕینەوەی ژیان بەرەوخاڵی کۆتایی.



پێویستە دەست لەگەڕان بەدوای خۆشبەختیدا هەڵبگرم؛ لەبەرئەوەی خودی گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا سەرچاوەی یەکەمی دەردەسەرییەکانی مرۆڤایەتییە؛ چونکە خۆشبەختی داواکارییەکی وەهمهێنەرە و هەمیشە کۆتاییەکەی هەستکردنە بەبێ ئومێدی .

**پرەنسیپی هەشتەم؛** کۆنترۆڵی درێژی ژیان ناکەم دەکەم بەڵام فراوانیەکەی کۆنترۆڵی (پرەنسیپێک لەئەپیکۆر Epicurus و ئیبن سینا وەرگیراوە):

فەیلەسوفی یۆنانی ئەپیکۆر Epicurus ئـەوەم بیردەخاتەوە چۆن لەجیاتی خواردنی زۆر بەچێژترین خـواردن هەڵدەبژێرم، دەبێت بەهەمان شێوە باشترین ژیان هەڵبژێرم لەبری ژیانی درێژ (نامەکانی ئەپیکۆر بۆمینیسی). هەر لەوبارەیەوە چیرۆکێکی کاریگەر بەکورتی بگێڕمەوە: ئیبن سینا پزیشک و فەیلەسوف و موسوڵمان بوو، سەرەڕای ئەوەیش (بەپلەی یەکەم سەرەڕای ئەوەی پزیشک بوو) کەسێک بوو لەمەی خواردنەوەدا زێدەڕەوی دەکـرد. جارێکیان کەسێک مشتومڕێکی لەگەڵدا دەکات و دەیـەوێت ئـاگـاداری بکاتەوە لـەوەی کە زێـدەڕەوی لەخواردنەوەی مەیدا تەمەنی کورت دەکاتەوە. ئیبن سینا وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: من ئەوەندەی گوێ بەپانیەکەی دەدەم گوێ بەدرێژی ژیانم نادەم. چ وانەیەک لەم وەڵامەدا دەبینینەوە؟ بەدەر لەلایەنی تەندروستی کە دەبێت کەسی دانا (حەکیم) بیئاگا نەبێت لەتەندروستی خۆی، ئیبن سینا ڕاستی کـردووە لەدەرئەنجامەکەی کە پانی ژیان گرنگترە لەدرێژییەکەی، ڕاستتر بڵێم ئێمە تەنیا خاوەنی پانی ژیانین، مەبەستیش لەپانی ژیان، لێرەدا فراوانی ئاسۆکەیەتی، هەرچی درێژییەکەیەتی وەک قورئان دەڵێت مرۆڤ نازانێت سبەینێ چی دەست دەکەوێت (ما تدري نفس ماذا تكسب غدا) (لوقمان؛ ٣٤).

**پرەنسیپی نۆیەم؛** نەمانی دڵنیایی (یەقین) وادەکات توانای گوزەراندنی ژیانمان هەبێت (پرەنسیپێک لەکارل پۆپەر و هایزنبێرگ وەرگیراوە):

ژیان هەستێکی قوڵم پێدەبەخشێت بەنەمانی دڵنیایی. ئەویش هەستکردنە بـەوەی ئەگەر بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا نەکەم توانای گوزراندنی ژیان لەدەستدەدەم، ڕەنگە دەرئەنجامیش بگەمە ئەوەی خۆم بخەمە باوەشی هیچگەرایی (نیهلیزم Nihilism) و ئوسولیەتەوە.

چۆن بتوانم بەباشی مامەڵە لەگەڵ نەمانی دڵنیایی (یەقین)دا بکەم؟ پێویستە لەسەرەتاوە ئەوە بزانم کە ژیان

هەواڵنامەی کتێب

بەسروشتی خۆی پارێزراو (أمن) نییە، گەرانیش بەدوای ئاسایشدا (أمان) ئامانجێکی دژە ژیانە. ئاسایش واتە نوستن و ترسنۆکی و تەمبەڵی و گۆشەگیری، هەروەها بەواتای پەککەوتەیی و ئیفلیجییە و بەواتای مەرگی پێشوەختەیە. سەیریش نییە کە نیشانەکانی دڵنیایی (یەقین) لەوتاری قورئانیدا بەواتای مەرگیش بێت.

کەواتە پێویستە چیبکەم؟ زۆر بەسانایی پێویستە هەموو ساتێک لەساتەکانی ژیان، چاوەڕوانی بابەتی سەرسوڕهێنەر و سەیروسەمەرە و مەترسیدار و سەرکێشی و هەڵکوتانە سەر نادیارەکان بکەم، سەرەڕای ئەوەیش دڵنیایی (یەقین) توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت. لەبەرئەوەی توندوتیژی ئایدۆلۆژی شتێکی دیکە نییە جگە لەتوندوتیژی بەناوی یەقینی ڕەها و بەڵێنی ئایندەیی یەقیندار. هەروەها یەقین توندوتیژی فکریش بەرهەم دەهێنێت. کاتێک خۆم بەهەق و ڕاست بزانم، هەموو ئەوانەی لەڕووم دەوەستنەوە دەبن بەنەزان و بێئەقڵ و لەپێش خۆمیان ڕادەماڵم. ئەلێرەوە بەتایبەتی کرۆکی ئەو ڕەخنەیە سەرچاوە دەگرێت کە زۆرینە، ئاراستەی هەریەک لەهیگڵ و مارکس و هەموو ئەوانەی دەکەن، هزر و فەلسەفەیەکیان پیادە کردووە کە هێڵێک بۆ ژیان دەکێشێت و پێویستە خەڵک هەوڵی بەدیهێنانی بدەن. مادام ناتوانرێت هێڵێک یان ڕێچکەیەک بۆ کۆمەڵگەکان بکێشرێت، توندوتیژی و وەلانان دەبێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی بیرۆکەکان، ئەوەیش یەک تێڕوانینی بەرهەم دەهێنن کە دەبێتە هۆکاری کوشتنی فکر و داهێنان.

نەمانی یەقین بەتایبەت دەبێتە هۆکاری کرانەوەی واقع لەپێشمدا، بیرکردنەوەشم بۆ زامن دەکات. لێرەدا شاعیری فەیلەسوف ئەبوعەلای معەڕیمان بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت:

((أما اليقين فلا يقين وإنما...... أقصى اجتهادي أن أظن وأحدسا)).

واتە: هەرچیٚ یەقینە بوونی نییە بەڵام ئەوپەڕی کۆششم ئەوەیە کە گومان و پێشهەستیم هەبێت.

**پرەنسیپی دەیەم؛** توانای تێڕامانم بریتییە لەباشترین دڵنەوایی بۆمن (پرەنسیپێک لەزۆربەی فەیلەسوفانەوە وەرگیراوە): دڵنەوایی گەورەم لەجەوری ڕۆژگاردا توانای ڕامانمە لەبابەتەکان و دەبێت بەردەوام گەشە بەتوانای ڕامانم بدەم.

**کەواتە ڕامان چییە ؟**


تێڕامان وەرزشێکی هزرییە هاوکاریم دەکات لەبیرکردنەوەدا کە وەک ئەسپێکی سەرشێت دەردەکەوێت لەکۆنترۆڵ دەرچووە و پێویستی بەتێڕامانە، سەربەخۆ لەنێوان وێنەکان و بیرەوەرییەکان و مەترسیەکان و خەمەکاندا جووڵە دەکات، بەدەگمەن نەبێت بۆمان لغاو ناکرێت مەگەر لەساتەوەختی ئارامبونەوە و بیرکرنەوەی بەرنامە بۆدارێژراودا نەبێت، لەو کاتانەدا کاریگەری هەڵچوونە نیگەتیڤەکانی وەک ترس و توڕەیی و ئیرەیی بردن و خەم و ڕق و...تاد کەم دەبێتەوە.

برتراند ڕاسل لە(کتێبی بردنەوەی بەختەوەی)دا دەڵێت: ((دەکرێت خەم و خەفەت وەلاوە بنێین بەکەمێک لەفەلسەفە و

تێڕامانی ئەقڵی)). تێڕامان شێوەیەکە لەشێوەکانی ڕامکردنی ئەقڵی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەستکردن بەچەرمەسەری. لەکاتی تێڕاماندا مرۆڤ مەودایەک لەنێوان خۆی و جیهاندا دادەنێت، بەڕووی بووندا دەکرێتەوە لەکاتێکدا بوون لەپاشەکشەدایە وەک خەونێکی هەڵاتوو، وەک خەیاڵ. چیرۆکێکی بەناوبانگی مێرولەیەک هەیە، بڕیاری دابوو بەشوێن ئاسکەکانی دەشتودەر بکەوێت کە بەخێرایی تیشک ڕایاندەکرد، دەشیزانی لەهەموو بارودۆخێکدا ئەستەمە ئامانجەکەی بەدیبهێنێت، بەڵام هەستی دەکرد بەو کارەی واتایەکی مەزن بەژیانە بچکۆڵەکەی دەبەخشێت.

بەڕای ئەفلاتون (لەکتێبی شەشەمی کۆمارەکەیدا) پەیوەست بوون بەهزرە گشتی و گەورەکانەوە ترس لەمەرگ لادەبات. ئەوەیش ئەو بیرۆکەیەیە کە زۆربەی فەیلەسوفان پێڕەوی دەکەن. بەکورتی لەسەر هەموو کەسێکە کۆمەڵە ئاسکەکەی هەڵبژێرێت بۆئەوەی شوێنیان بکەوێت.

بەگشتی، ژیانت هەرچۆنێک بوو، ئەگەر ژیانت خەونێکی گەورەیە و مۆتەکەی بچووکی جارجارە تێدەکەویت، یان مۆتەکەیەکی گەورەیە و جارجارە خەونی بچوکی تێدەکەوێت، ئەوە تەنیا خەونە و دەتوانیت بەهێزی ئەقڵ بیدەیتە بەرنیگا. ڕەنگە بەبیرت بێتەوە چۆن هەندێکجار سەرکەوتوو بوویت لەتێڕامانی هەندێک لەخەونە شەوانەییەکانت لەناو هەمان خەوندا ! ڕەنگە بابەتەکە پەیوەندی بەکارامەییەکەوە هەبێت و توانای ئەوەشت هەبێت گەشە بەو کارامەییەت بدەیت. پرسیارەکە




هەواڵنامەی کتێب

ئێستا ئەوەیە، ئایا ناتوانین خودی ژیان لەڕووی ئەقڵەوە ڕامبکەین؟

ڕەنگە ژیان دەقێکی ئەدەبی بێت وەک دەڵێن !

بەڵام ڕوونکردنەوەیەکی دیکەیش هەیە، لەکۆندا شاعیر عومەری خەیام وتوویەتی:

ڕاستی گەردوون لەلای ئەو کەسەی تەماشای دەکات جگە لەمەجاز شتێکی دیکە نییە، ئیتر خەم و ئازارچەشتن بۆچییە؟ (حقیقة الكون ليست عند ناظر سوى مجاز ففيم الهم والألم) (چوارینەکانی خەیام).

**دووەم: ڕاسپاردەکانی فەلسەفە:**

**ڕسپاردەی یەکەم:** خۆت خۆت بناسە

ئەم ڕستەیە پەیوەستە بەدەستەواژەیەکەوە سوکرات وتویەتی و ئیلهامی ئەو دەستەواژەیەشی لەپەرستگایەکی کۆنەوە وەرگرتووە، واتاکەیشی ئەمەی خوارەوەیە:

- پێویستە ئەو جلوبەرگانە بزانیت کە بۆجەستەی تۆ گونجاون.

- پێویستە ئەو سیستەمە خۆراکیە بزانیت کە بۆتەندروستی تۆگونجاوە.

- پێویستە ئەو پێکهاتەیە بزانیت کە لەگەڵ بەرزە خواستەکانتدا دەگونجێت.

- پێویستە ئەو ڕەفتارە سێکسیانە بزانیت کە لەگەڵ حەزە سێکسیەکانی تۆدا دەگونجێت.

- پێویستە ئەو توانایانە بزانیت کە لەگەڵ چارەنووسی تۆدا دەگونجێت.

بەدەربڕینێک کە نیچە لەشاعیرێکی کۆنی وەرگرتووە: پێویستە تۆ تۆبیت ئەوەیش هەموو ئەوەیە کە پێویستە.

**ڕاسپاردەی دووەم:** لێگەڕێ خودی خۆت گەشەی خۆی بەدیبهێنێت.

واتاکەیشی ئەمەی خوارەوەیە:

هەموو بوونەوەرێک بەئیرادەی گەشە کردنەوە لەدایک دەبێت (سپینۆزا، نیچە، هنری بێرگسۆن...). کێشەی مرۆڤ لەوەدایە کە پێویستەکانی گەشە کردنەکەی تەنیا لەڕەهەندە جەستەییەکەدا کورت نابێتەوە (ئاو، خۆراک، شوێنی حەوانەوە، سێکس)، بەڵکو ڕەهەندی ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە (حەز (زەوق)، خۆشەویستی، جوانی، داهێنان)، هەڵبەتە وردەکاری هەریەکێک لەمانەیش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. هەموو کەسێک بەجیا هەندێک شت هەن سودی بۆی هەیە، هەندێکی دیکەیش سودی بۆی نییە لەبەدیهێنانی گەشە کردنەکەیدا، جا ئەوشتانە لەڕووی حەزەوە بێت یان لەڕووی میزاجەوە بێت یان لەجینەکاندا بێت، یان بەڕێکەوتەکانی ژیان بێت. گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بریتییە لەبەروبوومی گەشەی تاکەکەس هەرتاکە و بەجیا و بەئاستی گەشەی خۆی. بەو واتایە من کە گەشەی خودی خۆم بەدیدەهێنم بەشداری دەکەم لەبەدیهێنانی گەشەی مرۆڤایەتیشدا. بەڵام تێبینی ئەوە کراوە کە میکانیزمی ئامادەسازی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگە پارێزگارەکان و داخراوەکاندا ئەو گشەکردنە پەکدەخەن و لەباریدەبەن بەمیکانیزمی چاودێری و ڕێکخستنەوە، پاشان شارستانیەتی خۆجێیی بەرەو داڕوخان ئاراستە دەکەن، ڕەنگە لەئایندەدا بەشداریش بکەن لەداتەپاندنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا. چۆن هاوکاری خۆم بکەم بۆ گەشەکردن؟ سێ وەڵامی جەوهەری لەمێژووێ فەلسەفەدا پێویستە لەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا ئامادەییان هەبێت:

١ - گەشەپێدانی هەڵچوونە شادی بەخشەکان (خۆشەویستی، شادی...) لەجیاتی هەڵچوونە خەمهێنەرەکان (ترس، ڕق...) - وانەیەکی سپینۆزایی.



٢ ـ گەشەپێدانی غەریزە شکۆبەخشەکان (بەرزەخوازی، داهێنان...) لەجیاتی غەریزەکانی داڕوخان (گرێی خود گوناهبارکردن، ڕق و کینە...) ـ وانەیەکی نیچەیی.

٣ ـ گەشەپێدانی هێزی خۆشەویستی (ئیرۆس) لەجیاتی هێزی مەرگ (ثاناتۆس) ـ وانەیەکی فرۆیدی.

ئەوەی دەمێنێتەوە وردەکارییە.

**ڕاسپاردەی سێیەم**: خۆت ئەقڵی خۆت بەکاربهێنە

چوار ئەرگۆمێنت لەو بارەیەوە بەڵگەی تەواوی بابەتەکەن:

یەکەم: ئەقڵ وەک هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستەیە ئەگەر کارنەکات دەمرێت.

دووەم: بەپێناسە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاقڵە، لەبەرئەوە، تۆ کاتێک ئەقڵت پەک دەخەیت چیتر بوونەوەرێکی ئاقڵ نامێنیت، مەگەر لەڕووی هاوبەشی لەناودا (ئەگەر لەڕووی زمانەوانیەوە لێی بڕوانین).

سێیەم: ئەقڵ سەرچاوەی فەرمانە ئاکارییەکانە (ئەخلاقیەکان) (هەمیشە فەرمانت پێدەکات کە پێویستە ئەوە و ئەوە بکەیت). کاتێکیش ئەقڵت پەک دەخەیت هیچ فەرمانێکی ئەخلاقی لەناخی خۆتەوە وەرناگریت، بەهیچ شێوەیەکیش کاری باش ناکەیت تەنیا لەترسی سزا نەبێت یان بەتەماحی پاداشت نەبێت، وەک ئاکاری کۆیلەکان (وانەیەکی کانتی و ئاسۆگەیەکی نیچەیی).

چوارەم: ئەقڵ ئامرازی کۆنترۆڵ کردنی هەڵچوونەکانە. کاتێکیش ئەقڵت پەکدەخەیت هەڵچوونەکان بەسەرتدا زاڵدەبن: توڕەیی، ترس، خەفەت، ئیرەیی (غیرة) و... تاد، پاشانیش دەکەویتە چەرمەسەری درێژخایەنەوە (وانەیەکی ئەفلاتونی و ئاسۆگەیەکی سپینۆزەیی).

پوختەکەی، فەلسەفەی هاوچەرخ ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی کە ئەقڵ کاریگەرییە نەک مادە. بۆیە ئەقڵ لەکاتی بەکارهێنانیدا نەبێت بەئەقڵ دانانرێت. لەبەرئەوە، ئەگەر ئەقڵت بەکار نەهێنیت نابیت بەمرۆڤێکی ئاقڵ، هەروەها نابیت بەهاوڵاتیەکی داهێنەر (خەلاق) لەوڵاتەکەتدا و نابیت بەکەسێکی خۆشبەخت و ئەرگۆمێنتە بەڵگەییەکەش لەجێی خۆیدایە.

**ڕاسپاردەی چوارەم**: خۆت بڕیار بۆخۆت بدە

لەئەفلاتون و ڕەواقیەکان (Stoicism) و ئەپیکۆرییەکانەوە ڕاسپاردەی یەکەم هەڵدەهێنجێنین کە دەڵێت: فێرببە خودی خۆت چۆن بڕیار لەهەڵچونەکانت بدەیت.

لەکانتیشەوە ڕاسپاردەی دووەم هەڵدەهێنجێنین کە دەڵێت: بەشێوازێک ڕەفتاربکە وەک ئەوەی خۆت یاسا بۆخۆت دابنێیت.

هەروەها ڕێککەوتنێک لەمێژووی فەلسەفەدا هەیە لەسەرئەوەی کە ئەو فەرمانە ئاکارییەی پێت دەڵێت: ((ئەوکارەیان بکە و ئەم کارەیان مەکە))، لەناخی خودی خۆتەوە هەڵدەقوڵێت، جائەگەر لەزگماک (فطرة)ەوە بێت وەک ڕۆسۆ دەڵێت، یان لەویژدانەوە بێت بەبۆچوونی دۆرکهایم، یان لەئەقڵەوە بێت وەک کانت


هەواڵنامەی کتێب

جەختی لێدەکاتەوە. ڕوونکردنەوەیەکی کانتیش هەیە: فەرمانی ئاکاری (ئەخلاقی) بەهیچ مەبەستێک پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە (پێویستە ئەو فەرمانە بەو شێوەیە بێت چونکە پێویستە وابێت)، بۆنمونە، کاتێک دزی ناکەم بەپاساوی ئەوەی بڕی پارەکە زۆرنییە و ئەوەناهێنێت، یان لەترسی زیندانیکردن، یان لەترسی سزای خودا، کەواتە لێرەدا پابەندییەکە ئەخلاقی نییە. ئەوەیش لەبەرئەوەی ئەرکەکە لەو دۆخەدا لەخودی خۆیدا مەبەست نەبووە، لەبەرئەوەی «لەلایەکی دیکەشەوە» لەئەقڵەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لەهەست و سۆزەوە سەرچاوەی گرتووە وەک (ترس، تەماح، لەدەست نەهاتن «عجز» و...تاد).

کاتێک کانت دەڵێت ((ئەقڵت بەکاربهێنە)) لەبەرئەوەیە کە ئەقڵی پەککەوتوو هیچ فەرمانێکی ئەخلاقی دەرناکات. لەدەرئەنجامیشدا بەچاکی ڕەفتار ناکات مەگەر لەدۆخێکدا پاداشت و سزا هەبێت، بەهەمان شێوەی ئاکاری کۆیلەکان. بەو واتایەی کە ئاکار لەسەر بنەمای سیکۆلاری نەبێت بەدینایەت. ئەوەیش دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی تێڕوانینەکەی کانتە، بەدەر لەنیازە بنەڕەتیەکانی خۆی.

ئەخلاق لەسەربنەمای بەڵێن و هەڕەشە بونیاد نانرێت، ئەوەیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەخلاق لەدەرەوەی خودەوە سەرچاوە بگرێت. عەلی کوڕی ئەبی تالیب تێبینی ئەوەی کردووە کاتێک وتویەتی: ((ئەوانەی خودایان لەترسانا پەرست ئەوە پەرستنی کۆیلانەیە، ئەوانەیش کە خودایان بۆتەماح پەرست ئەوە پەرستنێکی بازرگانانەیە، بەڵام ئەوانەی خودایان سوپاسگوزارانە پەرست ئەوە پەرستشی ئازادانەیە)). هەروەها ئەوەیشە کە سۆفیگەرەکان تێبینیان کردووە، کاتێک پاداشت و سزایان لەبازنەی ئەشقی خودایی دەرکرد. هەر ئەوەیش هۆکاری ئەوەیە کە فەرموودەیەک خراوەتە پاڵ پەیامبەر و تیایدا تێبینی کراوە و دەڵێت: ((فەتوا لەدڵت وەربگرە، فەتوا لەخودی خۆت وەربگرە)).. هەروەها دەڵێت: ((چاکە ئەویە کە دەروون تیایدا ئارام دەبێت و دڵ لەبەرامبەریدا دڵنیا دەبێت، گوناهیش ئەوەیە کە دەروون تیایدا ئارام نییە و دڵ لەبەرامبەریدا دڵنیا نییە، تەنانەت ئەگەر فتوادەرەکانیش فتوایان لەسەر دابێت)) ئیمامی ئەحمەد گێڕاویەتەوە.

فەلسەفە



فەلسەفەی هاوچەرخ ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی کە ئەقڵ کاریگەرییە نەک مادە. بۆیە ئەقڵ لەکاتی بەکارهێنانیدا نەبێت بەئەقڵ دانانرێت. لەبەرئەوە، ئەگەر ئەقڵت بەکار نەهێنیت نابیت بەمرۆڤێکی ئاقڵ



**ڕاسپاردەی پێنجەم:** بۆئەوەی بیربکەیتەوە پێویستە گومان بکەیت

**بیرۆکە بنەڕەتیەکان:**

سوکرات نە مژدەبەخش و نە ئاگادار کەرەوەیش بوو، بانگەشەیشی بۆ هیچ ڕاستیەک لەڕاستیەکان نەدەکرد. ڕۆڵی ئەوەی دەگێڕا کە ئەو کەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرد، بیانخاتە گومانەوە سەبارەت بەباوەڕ و قەناعەتەکانیان، هەندێکجاریش ئەو کارەی بەگاڵتەجاڕییەوە دەکرد. گاڵتەجاڕییەک کە دەریدەخست سەختی گومان بێبەش نییە لەخۆشی گاڵتەئامێزانەی ڕووح.

دیکارت بەدەستەواژەی ((من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)) بەناوبانگە. کەچی دەستەواژەیەکی بنەڕەتی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێشی و دەڵێت: ((من گومان دەکەم کەواتە من بیردەکەمەوە)). هیچ نیشانەیەکش نییە بەڵگەی بیرکردنەوە بێت جگە لەگومان. کاتێکیش دیکارت دەڵێت: ((پێویستە ئەگەر بۆجارێکیش بووە لەژیانتدا گومان لەهەموو بیروباوەڕەکانی پێشووی خۆت بکەیت)) (ڕامانە میتافیزیکیەکان - ڕامانی ژمارە١)، چونکە سڕینەوەی مێزەکەی بەردەمت بەتەواوی لەهەموو بیروباوەڕەکانی پێشووت مەرجی پێویستی دەستپێکردنی کرداری بیرکردنەوەیە. بیربکەینەوە واتای ئەوەیە کە لەخاڵی سفرەوە دەست پێبکەینەوە و لەوەیش نەترسین ئەگەر بەبێ هیچ دەستکەوتێک کۆتاییمان پێهێنا.

کاتێک دڵت بۆیەقین دڵنیا دەبێت ڕێک لەوکاتەدا لەبیرکردنەوە دەوەستیت. لەوکاتەدا ڕەنگە ڕیکلام یان بانگەشە یان موژدەبەخشی (تەبشیر) بکەیت بەڵام بیرناکەیتەوە. یەقین دوژمنی بیرکردنەوەیە، ئەگەر ئەوبیرکردنەوەیە فەلسەفی بێت وەک ئەفلاتون جەختی لێدەکاتەوە، یان بیرکردنەوەی زانستیانە بێت وەک باشلار دەڵێت.


هەرچی بیرکردنەوەی ئاینیشە، بەهەمان پرەنسیپە: گومان ڕەوابێت بۆباوکی پەیامبەران (ئیبراهیم) کە بڵێت (خودایە پێشانمی بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە) و ئەوەی بینی کە پێشانی درا، ئەوە واتای ئەوەیە کە بۆهەموو کەس ڕەوایە لەئیبراهیمیش زیاتر گومان بکات.

ئەگەر گومان بنەمای بیرکردنەوە بێت، بەهەمان شێوە گومانی ئاینیش بنەمای بیرکردنەوەی ئاینیانەیە و هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی تریان نابێت.

ڕاسپاردەی شەشەم: **خۆت لەترس ڕزگاربکە**

بەبۆچوونی هیگڵ ترس سەرچاوەی کۆیلایەتیە، چونکە کۆیلەکان لەبنەڕەتدا جەنگاوەر بوون، تەسلیم بوونیان لەمەرگ بەچاکترزانی و بوون بەدیلی جەنگ، پاشان کران بەکۆیلە و نەوەی کۆیلەیان خستەوە، وردەوردە چینی کۆمەڵایەتیان لێدروست بوو، سیستەمێکی بەهاییان بەمیرات بۆمایەوە لەسەربنەمای گوێڕایەڵی و ملکەچی بونیاد نرابوو. بەوشێوەیە مەزهەبە ئاینیەکان و پەرستگاکان و پەناگاکان و یانەکانی برایەتی ماسۆنیەکان و ئەوانی دیکەش دروست بوون.

FRIEDRICH NIETZSCHE



بەهەمان شێوە و بەبۆچوونی نیچەش ترس بنەمای ئاکاری کۆیلایەتیە، لەلای هەموو فەیلەسوفانیش مەترسیەکی گەورەیە چونکە ئەقڵ پەکدەخات و ئیرادە ئیفلیج دەکات. لەبەرئەوە مەبەستی سەرەکی مەعریفە لەلای ئەپیکۆر ئازادکردنی خەڵک بوو لەترس، بەهەمان شێوە مەبەستی دەوڵەت لەلای سپینۆزا و مەبەستی مێژووش لەلای هیگڵ ئازادکردنی خەڵک بووە لەترس.

سروشتیە ئەگەر ئایدیۆلۆژیا خۆسەپێنەکان کە بەهەموو پێوەرێک دژ بەسروشتی مرۆڤایەتین، گرەو لەسەر بڵاوکردنەوەی ترس بکەن (ئەگەر ترس بێت لە.... یان ترس بێت لەسەر...): ترس لەخودا، ترس لەدەسەڵات، ترس لەگروپێک، ترس لەباوک، ترس لەویتر و....تاد؛ یان ترس لەوەی شتێک بەسەر ئاین یان ناسنامە یان نیشتمان یان لەخودی خۆم و....تاد بێت. هۆکاری دروستکردنی ئەوترسەش ئەوەیە مرۆڤی ترساو بەزوویی دەستبەرداری ئەقڵی دەبێت بۆڕزگاربوون لەدونیا یان لەئاخیرەت.

ترس ئەوکەرەستەیەیە کە ئایدیۆلۆژیا خۆسەپێنەرەکان هەر لەنیرۆنەوە هەتا داعش پێویستیان بوو. لەهەموو دۆخەکانیشدا دەبێت بوترێت: ترس نییە ئەگەر لەخودی ترس نەبێت.

**ڕاسپاردەی حەوتەم:** دەوڵەمەندیی بەندنییە بەسەروەت و سامانەکەتەوە، دەوڵەمەندی بەندە بەوشتانەوە کە دەستبەرداریان نابیت.



**دیمەنی یەکەم:** ئەسکنەدەری گەورە دیوجین یان دیوجانسی سەر بەقوتابخانەی سینیزم (Cynicism ـ الکلبیة) دەبینێت، وەک پیشەی هەمووو جارێکی لەسەر ڕێگاکە پاڵکەوتووە، دوای ئەوەی دەیناسێت و ئەسکەندەریشی پێدەناسێنن، ڕێگای دەدات هەرچی دەوێت داوای بکات. بەڵام ئەو دانا سەرکۆڵانگەڕە داوای هیچی لەئیمپراتۆر نەکرد، جگە لەوەی کەمێک لاچێتە ئەولاوە بۆئەوەی بەرهەتاوەکەی لێنەگرێت. وەک لەهەندێک گێڕانەوەشدا هاتووە، ئیمپراتۆر وتە بەناوبانگەکەی لەوێدا درکاند: ئەگەر ئەسکەندەر نەبوومایە حەزم دەکرد دیوجین بوومایە. پوختەی وتەکە جیاوازییەک دەردەخات لەنێوان ئیمپراتۆرێک، کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی هەمووشتێک دەدات و دانایەک دەتوانێت دەستبەرداری هەمووشتێک ببێت. بۆئەوەی باشتر تێبگەین وتەیەکی بۆثیۆس (ئەنیسیوس مانلیۆس سیڤیرنیۆس بۆثیۆس) هەیە دەڵێت: ئەوەی تۆ خاوەندارێتی دەکەیت خاوەندارێتیت دەکات.

بەگشتیێ دەتوانین ئەم دیمەنە بۆچارەسەری چاوچنۆکی بەکاربهێنین کە بۆتە نەخۆشی سەردەم.

**دیمەنی دووەم:** خوشکەکەی فەیلەسوفی هۆڵەندی سپینۆزا، لەدوای کۆچی باوکی پاڵپشت بەسزای بێبەشکردن کە لەدادگای جووەکانی ئاینزایەوە بەدەستی هێنابوو، دەست دەگرێت بەسەر بەشەمیراتەکەی براکەیدا. بەڵام لەدوای ئەوەی دادگا مەدەنیەکان مافەکەی بۆدەگێڕنەوە، خۆی دەست هەڵدەگرێت لەبەشە میراتەکەی، تەنیا بەوەندە ڕازی دەبێت دادوەری هێمایی لەبەرامبەردا پێڕەو بکرێت. لەکۆتاییشدا دەگەڕێتەوە سەرکارەکەی خۆی، کە چاویلکەسازی بوو بۆئەوەی گوزەرانی خۆی پێ مسۆگەر بکات تاکۆتایی ژیانی.

ئالێرەدا سەرەڕای توانای دەستبەرداربوون، لایەنێکی چارەسەری دیکەیش دەبینین ئەویش کاری دەستییە، لەو کاتەدا هەموو هەستەوەرەکان کاردەکەن، مرۆڤیش لەو کاتەدا بەساتەوەختەوە دەلکێت، ئەقڵیش ناچار بەبێدەنگی دەبێت و سەرەنج دەخاتە سەر کارەکە. بەڵای فیکر زۆربڵێییە و بەڵای ئەقڵیش سەرکێشی و ونەکردنی سەرنجە لەسەر کارەکان. بۆیە بەڕێکەوت نییە کە سپینۆزا فەیلەسوفێک بێت لەهەمووان نەجیبزادەتر بەڕای جیل دۆلۆز، لەهەمووانیش داناتر بەڕای فریدریک لۆنوار، سەرەڕای ئەوەی نیچە بەپێشینەی ڕاستەقینەی خۆی زانیوە.

ڕەنگە ئەو خۆتەرخان کردنەی کە جیاوازی بەزۆرینەی ئاراستە فەلسەفیە کۆنەکان بەخشیبوو (فیساگوری، (Cynicism ـ الکلبیة)، ئەپیکۆری (الأبیقوریة)، ڕەواقی Stoicism و....تاد)، لەجیهانی ئەمڕۆدا بەردەست نەبێت، بۆیە وەک ئەریک فرۆم دەڵێت ((شێوازی خاوەندارێتیە)). لەبەرئەوە پێویستمان بەمارکسیش دەبێت، پێویستە هۆشیاری لەمیکانیزمەکانی زەوتکردن و نامۆبوون ڕزگاربکەین، یان (زۆر لەمارکس دور ناکەوینەوە) وەک هایدگەر دەڵێت پێویستە بوونی ڕەسەن

بگێڕینەوە، هەڵبەتە مەبەست لەبوونی ئازاد لەدەسەڵاتی خاوەنداریێتییە. بەو واتایەی توانای دۆزینەوەی نازناوە دەست بەسەردا نەگیراوەکانمان دێت، لەلایەن ئەوانەوە کە ئێمە خاوەنداریێتیان دەکەین یان هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدەین، مادام هەموو ئەوەی خاوەنداریێتی دەکەین خاوەنمانە، هەموو ئەوەی پەیوەستین پێوەی پەیوەستمان دەکەن بەخۆیانەوە و هەتا کۆتایی کۆت و بەندمان مان دەکەن.

خۆزگە ئەوانەی خەون بەڕزگار بوون لەسیستەمی سەرمایەداری دەبینن (هەڵبەتە وەک دەبینین ژمارەیان سەدان هەزار کەسی دڵسافن) درکیان بەوە دەکرد کە دەرچەی هەرەگرنگ تەندروست بوونەوەی مرۆڤە لەپەتای چاوچنۆکی. ئالێرەدا بەتایبەتی دیوجین ئیلهاممان پێدەبەخشێت، سەرەڕای ئەوەی دۆخەکە زۆرسەخت و ناهەموارە و ڕەنگە هەرلەبەرئەوەیش بێت کە ئەو دەتوانێت ئیلهاممان پێببەخشێت.

**ڕاسپاردەی هەشتەم**: کاتێک باوەڕی خۆت پێڕەو دەکەیت لەبیرت نەچێت جارجارە پرسیاریشی لێبکەیت.

دەتەوێت باوەڕەکانی خۆت چۆنت دەوێت بەو شێوەیە پێڕەوبکەیت، لەهەموو دۆخێکدا ئەوە مافی خۆتە. بەڵام لەبەرامبەریشدا پرسیارێکی بنەڕەتی هەیە: ئایا تۆ ئامادەیت هەرماوەی جارێک لێپرسینەوە لەباوەڕی خۆت بکەیت ؟

جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ مافی پیڕەوکردنی باوەڕی خۆتی پێداوە، بیرکردنەوەی فەلسەفیانەش پێتدەڵێت لێپرسینەوە لەباوەڕت ئەرکە لەسەرت. چۆن ناتوانیت دەست لەمافەکانت هەڵبگریت، بەهەمان شێوە نابێت دەستبەرداری داخوازییە فەلسەفیەکانیش بیت. چونکە هەستی مافخوازنە بەبێ هەستی ڕەخنەگرانە تەواو و بێ کەموکوڕی نابێت. بەڵکو توانای لێپرسینەوە لەباوەڕی کەسی بریتییە لەداخوازییەکی هەرەزیندوو سەبارەت بەشارستانیەتی مەعریفەی زانستی و ڕەفتاری مەدەنی، ئەوەیش لەبەر چەند هۆکارێکی ڕوون:

**یەکەم**: ڕاستیەکانی ئەمڕۆ بریتییە لەهەڵەکانی سبەینێ. تەنانەت لەبواری زانستیشدا وەک باشلار دەڵێت مێژووی زانست بریتییە لەمێژووی هەڵەکانی زانست. برتراند ڕاسل چەند دانایانە وتویەتی: ئامادەنیم لەپێناوی بیرۆکەکانمدا بمرم، چونکە لەوانەیە هەڵەبم.

**دووەم**: تیۆرە زانستیەکانیش بەو شێوەیەنین بەئەندازەی ئەوەنەبێت، کە ئامادییمان تێدایە لەڕووی دەروونی و هزرییەوە بۆ بەدرۆخستنەوەیان و گومان خستنەسەریان، تەنانەت ئەگەر دژی باوەڕی کەسی خۆمانیش بێت، ئەوەیش بەپێی پرەنسیپی توانای ڕەتکردنەوە کە کارل پۆپەر دایمەزراندووە.

**سێیەم**: مرۆڤ تەنیا لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بیروڕای ئەوانی دیکەدا ئازاد نییە، بەڵکو ئازادە لەڕووبەڕوو بوونەوەی بیروڕای کەسی خۆیشیدا، توانای گومان خستنەسەر باوەڕی خۆیشی هەیە. ئامانجی بنەڕەتی

گفتوگۆکانی سوکرات لێرەدا دەردەکەوێت و هەروەها لێرەدا تەوەری پەیامی ڕۆشنگەری کانتیش دەردەکەوێت.

**چوارەم:** یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەقڵی مرۆیی ئەوەیە کە توانای هەیە بخەڵەتێت، ئەوەیش بەهۆی ئەو فاکتەرانەی پەیوەندییان بەنەستەوەهەیە (فرۆید)، یان پەیوەندییان بەنەستی دەستە جەمعیەوە هەیە (کارل یونگ)، یان پەیوەندییان بەئابووری سیاسییەوە هەیە (کارل مارکس)، یان پەیوەندییان بەمیکانیزمەکانی دەسەڵاتەوە هەیە (میشێل فۆکۆ)، یان پەیوەندییان بەفاکتەری دیکەی ساختەکردن و خەڵەتاندنەوە هەیە. بۆیە هەستی ڕەخنەیی بریتییە لەوهەوڵەی ئەقڵ دەیدات بۆتیمارکردنەوەی خودی خۆی، لەڕووبەڕوو بوونەوەی توانای خەڵەتان، ئەگەر وردەوردەش بێت.

**ڕاسپاردەی نۆیەم:** زەرور نییە کە باوەڕدار یان بێباوەڕ بیت.

**تێبینی:**

تایبەتمەندییەکی هاوبەش لەنێوان زۆرینەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکاندا هەیە: زۆرینەی جار بەڕاشکاوانە بێدینی خۆیان ڕادەگەیەنن، بەڵام لەبەرامبەردا کراوەن بەڕووی شارەزایی لایەنی ڕووحیدا بەواتا گشتیەکەی، هەروەها بەڕووی توانای داڕشتنەوەی ئەزموونی ئاینی بەشێوازی نوێ. زۆریان باسی ((ڕووحانیەتی سیکۆلاری)) دەکەن، بۆنموونە (ئەندرێ کۆمت سپۆنفیل، لۆک فێری، فردریک لۆنوار و...تاد). بەدیاریکراوی با لەبارەیانەوە بڵێین: ئەوان نەباوەڕدارن و نەبێباوەڕن بەڵکو ئەوان فەیلەسوفن.

**ڕوونکردنەوەیەکی دیکەی پێویست :**

ئاتیزم (ئیلحاد) لەچوارچێوەی بژاردە تاکە کەسیەکاندا بابەتێکی ئاساییە، بەڵام نابێت بکرێتە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی. تەنانەت لەچوارچێوەی تاکە کەسیشدا




هەواڵنامەی کتێب

ڕێگایەکی بەردەوام پارێزراو نییە، ئەویش بەهۆی نائارامی لەبارەی مەرگ و پاش مەرگەوە؛ هەموو خەڵک ئامادەییان تێدا نییە ئەزموونی ((مەرگی فەیلەسوفەکان)) تاقیبکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەیش، لەباوەڕیشدا شتێک نییە شانازی پێوەبکرێت، لەبێباوەڕیشدا شتێک نییە مایەی شانازی پێوەکردن بێت؛ تاکە کەسێک لەژیانە کورتەکەیدا ڕەنگە چەند جارێک لەنێوان باوەڕداری و بێباوەڕیدا ئەمبەر و ئەوبەر بکات، ڕەنگیشە لەنێوەندا و لەناوچەی خۆڵەمێشیدا بمێنێتەوە کە ئازادی جووڵەی زیاتری پێدەبەخشێت لەو ناوچە نائارامەدا، ئەویش لەناوەندی مەرجەکانی مرۆڤایەتیدایە.

ئەگەر باوەڕداری وەک دەڵێن پلەی هەبێت، هەروەها ئاتیزمیش بەهەمان شێوە پلەی هەیە. هەرچۆن ناتوانین بگەینە ئەوپەڕی پلەی باوەڕ ئەگەر ئەقڵێکمان هەبێت و پرسیاربکات، بەهەمان شێوە ناتوانین بگەینە ئەوپەڕی ئاتیزمیش هەتا دڵێکمان هەبێت لێبدات.

ئەو ئەرکەی دەمێنێتەوە ئەرکی ڕۆشنگەرییە کە مەترسیدارترین و ڕیشەییترینە، کاتێک دۆخەکە پەیوەندی بەهزری ئاینییەوە هەبێت، بابەتەکە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاین نییە، بەڵکو ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوانەیە، کە دەیانەوێت هزر و لۆژیک و شیوازی ژیانی خۆیان وەک ویستی خودا بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن...

ڕاسپاردەی دەیەم: لەمەرگ مەترسە

بۆچی؟

لەبەرئەوەی ترس لەمەرگ بنەچەی ڕسواییەکانە بەڕای ئەفلاتون، بنەچەی چەرمەسەرییەکانیش بەڕای ئەپیکۆر، بنەچەی خورافاتەکانیشە بەڕای سپینۆزا، بنەچەی کۆیلایەتیشە بەڕای هیگڵ، بنەچەی ئاکاری کۆیلایەتیشە بەڕای نیچە.

هەروەها لەبەرئەوەی ترس لەمەرگ سەرچاوەی هەموو مەترسیەکانی دیکەیە: سەرکێشی، تاریکی، دڕندەکان، خێوەکان، نادیار، تەنیایی و....تاد.

هەروەها لەبەرئەوەی ترس لەمەرگ واتای ترسە لەخودی ژیان، هەتا ژیان کۆتاییەکەی بریتی بێت لەتەنیا کۆمەڵێک مەرگی لەدوای یەکتر: جیابوونەوە، کۆچ، گەشت (سەفەر)، گواستنەوە، لەدەستدان و....تاد.

هەروەها لەبەرئەوەی ترس لەمەرگ ئاراستەت دەکات، بۆ مەرگ خواستن بۆ ڕزگاربوون لەدۆزەخی خودی ترس.

لەبەرئەوە و بۆهەموو ئەوانە، ڕزگاربوونی مرۆڤ لەترسی مەرگ بەئەرکی بنەڕەتی فەلسەفە دەمێنێتەوە بەدانپیانانی زۆرێک لەفەیلەسوفان لەکۆنەوە، ئەرستۆ، ئەپیکۆر، شیشرۆن، بۆثیۆس، مونتین و دانپێدانانی زۆرێک لەفەیلەسوفانی ئەمرۆ. بەدڵنیاییەوە ئەوەیش ئەوئەرکەیە کە پێویستە فەلسەفە پێی هەستێت، بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی ئاینەکان لەو بوارەدا شکستی گەورەیان هێنا.

سەرچاوە:

تیمارکردن بەفەلسەفە (التداوي بالفلسفة)

# جیاوازی و ئایدیای ناکامڵ

## ئەگەر لەگەڵم نەبی دژمی

هەواڵنامەی کتێب




سمکۆ محەمەد

عەقڵانییەکان پێیانوایە ئەگەر لەگەڵم نەبی، مانای وانییە، تۆ دژی منیی، بەپێچەوانەوە ناعەقڵانییەکان پێیانوایە ئەگەر لەگەڵم نەبی کەواتە دژی منیی، ئەمە جەنگی هەمیشەیی جیاوازییە، لەنێوان هەردوو ئاراستە فکرییەکە، لۆژیکێک هەیە کە تاکڕەهەندی ڕەتدەکاتەوە، ئەویش لۆژیکی فرەبینین و دوور بینییە کە (هێربرت مارکیۆز) لەسەدەی ڕابردوودا تیۆریزەی کرد و دواتر (جاک درێدا) لەنووسیندا جێگەی کردەوە، چونکە پێیوایە نووسین، چەمکی زمان دەبەزێنێت، ئەو زمانەی کەبرینەکانی جیاوازیی قوڵتر دەکاتەوە، هەروەک ئەوەی ڕۆژاواییەکان بەشێک لەنەتەوەی سەردەستی ڕۆژهەڵاتی پراکتیکیان کرد و لەڕێگەی زمانەوە فەزای جیاوازییان ناشیرین کرد و تەواوی کولتوور و مێژوویان خستە خزمەت زمانی زاڵی ئایدیاییەوە، بەڵام لۆژیک کەزانستی بیرکردنەوەیە و پشت بە بەڵگە دەبەستێت، بەڵگەش لەچاوەڕوانیی زەمەندایە.

چەمکی جیاوازیی کە چەمکێکە بۆ قەبوڵکردن و نەمانی فکری شمولیی و کۆنکریتی سەریهەڵدا و تیۆریزە کراوە، هەڵبەت هەر چەمکێک لەبەرامبەر دیاردەیەک یان چەمکێکی دیکە سەرهەڵدەدات و وەڵامی ئیشکالیاتێک دەداتەوە، جیاوازیش لەئەنجامیی ئەو سەرکوتکردن و قەبوڵنەکردنە ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەییی و ڕاسیزمەی ئەوروپا، بوو بەتیۆر و لەژیانی ڕۆژانەشدا پراکتیک کرا، بۆ نموونە هەقیقەت یەکێک لەو چەمکانە بوو کەپێشتر بۆ فیزیا و ماتماتیک و زانست بەکاردەهات، خەریک بوو ئایدیا و ئایین و فەلسەفەش کۆنترۆڵ بکات، بۆیە جیاوازی ئەو هەقیقەتە ڕەهایەی بەڕووی خۆیدا پێچەوانە کردەوە کە تاسەدەی ١٨ بەردەوامی هەبوو، دواهەمین کەس هیگڵ بوو باسی لەهەقیقەتی ڕەها کرد و دواتر چەپە هیگڵییەکان و مارکس بەوەڵامێکی ماتریالیستیانەی دیالیکتیی، فەلسەفەی لەگەڵ ڕابردووی خۆی دابڕان و بوو بەدیفاکتۆیەکی کۆمەڵایەتیی.

جیاوازیی بەرلەوەی لەنێو کایەی ڕۆشنبیریدا ببێت بەستایلێک کە فکر خۆی وەکو بەشێک لەچەمکەکە و


ئایدیای ناکامڵ



جیاوازیی نەسەرەتا و نەکۆتایی نییە، ڕەنگبێت هەندێك شت هەبێت بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە یان فەزایەکی تر داگیربکات، سەرەتاکەی وەکو کۆتاییەکەی نەبێت، واتە ویست بۆ گۆڕینەوەی لۆژیك لەمانای سەلماندنی ئاشکراکردنی نوێوە دەستپێدەکات، نەك گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتیی

لەنێو کایەی میدیایی و ڕۆژنامەگەریشدا کاری پێبکرێت، لەڕێگەی عەقڵەوە مانای پەیداکرد، نەک ئایدیای ناکامڵ، بۆیە جیاوازیی پشت بەعەقڵگەرایی دەبەستێت. دانپێدانان بەجیاوازییەوە ئەگەر ئەو جیاوازییە ئاسایی و درووستکراو نەبێت، بەمانای ئەوەی شتی قەبارە گەورە بچووک نەکاتەوە و بەپێچەوانەشەوە بچووک گەورە نەکاتەوە، بەشێکە لەپەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ئینسان کە خەریکە تەکنۆلۆژیا کاڵی دەکاتەوە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە بێ کۆمێنتی جەوهەریی ئەو جیاوازییە دەرناخات، بەڵکو گرینگدان بەڕێگەی جیاواز لەبەرامبەر فکرێک یان ئایدیایەکی تردا دەردەکەوێت، هەروەک ئەوەی راسیزم لەرۆژئاوا خەریکە زیندوو دەبێتەوە.

بە بۆچوونی (هانا ئارێندت) کە لەژێر کاریگەریی هایدگەر و والتەر بنیامین بوو، فرەیی و جیاوازیی توانای مرۆیی و پێویستییەکانی ژیانی گشت دابین دەکات، ئیدی هەر لە ئاشکراکردنی شوناسیی ئایینی و ئایدیایەوە بگرە، تاکو دەگاتە شوناسیی کرێکار لەنێو فەزای ئازادیدا، ئەمە هەرچەند لەدونیای سەرمایەداریدا بەسیستم جێگەو ڕێگەی بۆ کراوەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا سنوورداریش کراوە، چونکە ڕەنج و کار وەکو دوو تایبەتمەندیی ژیانیی ئەو جیاوازییەن کە داپۆشراوە بەکەڤەریی دیکەی بازرگانیی ناشەرعیی، هەروەها چالاکیی و کاری هاوبەشیش گرێدراون بە ئیرادەوە، ئیرادەش لەدایکبوونەوەی هێزێکی نادیارە لەنێو دیارەکاندا، بۆیە ئازادیی لێرەدا لەجیاتی بەکارهێنانی کاڵا بێت وەکو (فریدریک ئەنگڵس) دەڵێت، دەبێتە ستایلێکی دیکەی دەرکەوتن، چونکە ئەو هەقیقەتەی کە شۆڕش بزری کردووە و لەدەستی دەرچووە و کۆنترۆڵ ناکرێتەوە، چونکە کاریگەرییە نێگەتیڤەکەی هێندە بەهێزە، تائەو شوێنەی ژیانی تایبەتیی وەکو ئەلتەرناتیڤ پێشنیاز




هەواڵنامەی کتێب

کردووە بۆ شۆڕشێک کە لەجیاتی گروپەکان، تاکەکان بۆ خۆیانی دەستکەوتیی خۆیان دەستەبەر دەکەن، هەڵبەت ئەم چالاکیی و ئازادییە، وەکو ڕەخنە و جیاوازیی تەماشاکراوە لەدونیای پۆستسەرمایەداریی هاوچەرخ، بۆیە هەمیشە تیشکی خراوەتە سەر، ئەمە دیاریکردنێکی دیکەی شوناسیی تاکێتییە، تەنها لەدژی چەمکی یەکگرتن کە بونیادگەرەکان وەکو وەزیفەیەکی سیاسی کاریان لەسەر کرد.

**جیاوازییەکانمان**

جیاوازیی نەسەرەتا و نەکۆتایی نییە، ڕەنگبێت هەندێک شت هەبێت بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە یان فەزایەکی تر داگیربکات، سەرەتاکەی وەکو کۆتاییەکەی نەبێت، واتە ویست بۆ گۆڕینەوەی لۆژیک لەمانای سەلماندنی ئاشکراکردنی نوێوە دەستپێدەکات، نەک گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتیی، ڕەسەنایەتیش هێز بەدەست ناهێنێت ئەگەر کۆپییەکی تری نەبێت، بۆیە جیاوازیی ڕێگەیەکی لێکۆڵینەوەیە لەئامادەیی شتێکی تر کە لەگەڵ خۆیدا جیاوازە، هەروەها جیاوازیی پێشوازیی لەوردبینی بابەتیی دەکات، تاکو بابەتێکی دیکە ئاسان بکات، ئەمە سەرەتایی چوونە نێو دونیایەکە نابێت هیچ شتێک و هیچ کولتوور و نووسین و ئایدیایەک لەلایەن ئایدیایەکی ترەوە، پەراوێز بخرێت، بۆیە ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعییەتەی کە ئیعتیبار بۆ ئەوانی تر بگەڕێتەوە، بەپێچەوانەوە کوشتنی جیاوازییە بەهەموو کەرەستەکانییەوە، کەوابوو جیاوازی گەمەی حاڵەتەکانە، بەرلەوەی کوشتنی ڕەگەز و ئایین و ڕەنگەکان بێت.

ئەم چەمکە وەکو هەرکام لەچەمکەکانی تر لەسایەی بازاڕی سیاسەت و سەرهەڵدانی ڕەوتی توندڕەویی تیرۆریستیی پەیدابوو، ئەو نووسەرانەش کە پشتگیریی ئەو ڕەوتە بوون، لەبری ئەوەی بەئەرێنیی خۆیان بەرهەمبهێننەوە و ئەویتر لەبەرامبەر یەکتر قەبوڵ بکەن، بەپێچەوانەوە لەژێر عینوانیی جیاوازیی بیرو بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاواز، گورزێکی گەورەتریان لەو فەرهەنگەدا کە بۆچوونی بیرمەندانیی رابردووشی بێبەهاکرد، بۆ نموونە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە (مەنسور حیکمەت) وەکو ڕابەری بزووتنەوەیی کۆمۆنیستیی کرێکاریی، وەکو ڕەوتێکی نوێی رەخنەیی، لەژێر عینوانیی جیاوازیەکانمان، هەموو جیاوازییەکانی دیکەی مارکسیەتیی تێکشکاند کە زەخیرەیەک بوو لەفکر و زەمینەیەک بوو لەدیالیکتیکی فکریی، بەڵام سەرەنجامەکەی بەخزمەتی ئایدیۆلۆژیایەکی وشک کۆتایی هات، ئەم فەزایە وایکرد هەرکەس لەئەنجامی بێکاریی و ئارەزووییەکی بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنانی چەمکەکانی (ئیزم)، لەبری درووستکردنی فەزایەک بۆ بیرکردنەوەی قوڵ لەفەلسەفە، فەوزایەکیان درووست کرد کە هەرچی جیاوازیی لەبیروبۆچوونی ئاینگەرایی و پشتگیریی لەیەکێک لەبەرەکانی جەنگی سیستم و تیرۆر

هەبوو، بەناوی جیاوازییەوە ڕووبەڕووی ئەو چەمکە فکریانەش بوونەوە و جیاوازی بیرکردنەوە بوو بەبازاڕێک بۆ ڕەواج پێدانی بیری تەسک و نالۆژیکی و.. هتد، ئەم فەزایە دوای شکستی یەکێتیی سۆڤیەت بوو، بەشێک بوو لەسەرهەڵدانی ئەو کارەساتە فەرهەنگییەی زۆربەی زۆنەکانی سەر گۆی زەوی گرتەوە، بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەلات کە نە ئەزموونی فکریی و نە ئەزموونی پراکتیک کردنی جیهانی جیاوازیی کۆمەلایەتیی و سیاسیی هەبێت، تەنها بۆ ئەوەبوو کە چیتر لەڕێگەی فکرەوە ململانێ لەگەڵ سیستمی دۆگمایی و جێگیر نەکرێت کە لەسەرووی هەموویانەوە دەسەلاتی ئایینی بوو، هەروەها دژی یان ئەو سیاسەتە بوو کە بۆ گێلکردنی ئینسان بەگشتیی و ئینسانیی ڕۆژهەلاتی بەتایبەتی کە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنا، بەلام لایەنە نێگەتیڤەکەی ئەوەبوو کە سەرمایەداریی هاوچەرخ خراپ کەلکی لەم جیاوازییە فکرییە وەرگرت، ئەویش هاندان بوو بۆ دابڕان لەخودی فکرەکە و کردنەوەی لقێکی تری جیاوازی کە کوشتنی جیاوازییە جەوهەرییە فەلسەفییەکە بوو کە یەکگرتنی کرێکاران بوو، چونکە ڕەوتەکان هێندەی سەرقاڵی موناقەشەی فکریی دژە فکر بوون، هێندە سەرقاڵی جەماوەری زەحمەتکێش و بزووتنەوە کرێکاریی و جەماوەرییەکە نەبوون، حیزبە تازە پێگەیشتووەکانیش کە بەبێ تێگەیشتن لە لیبرالیزم و سۆسیالدیموکرات، بەشێک بوون لەماکینە دژەکەی قەبوڵکردنی جیاوازیی فکریی.

باشترین سەلماندنی کوشتنی جیاوازییەکان بەبازاڕکردنی ئازادی بوو لەهەموو سێکتەرەکان، ئیدی نووسین لەدوای سەرهەڵدانی چەمکی جیهانگەرایییەوە، مەترسیدارترین چەمکی دژی سیستمی سەرمایەدار کە کۆمۆنیستیی و مارکسیی بوو، سوکی کرد، بەپشت بەستن بە چەمکی ئازادیی بیروبۆچوون بوو کە خراپ کەڵکی لێوەرگیرا، ئەوەبوو وەکو سەرەتایەک هەستی پێکرا کە هەولێک هەیە بۆ سووککردن و بێ بەهاکردنی و هاندانی کۆلکە خوێنەوار بۆ نووسین، ئیدی ئەم هەولە لەشوێنێکی دیکەشدا بازاڕێکی گەورەتریشی بەرهەمهێنا، ئەویش بەرهەمهێنانی خوێنەواری شەیدا بە بڕوانامەی زانکۆکانی کەرتی تایبەت و نووسەری کرچ و کاڵ بۆ گەرمکردنیی بازاڕی میدیا، تاهاتنی میدیای ئەلیکترۆنیی و گەشەکردنی تاکو ئەم سەردەمە، ئازادیی وەها ناشیرین کرا کە خودی ئازادیخوازەکان، بترسن لەو گروپ و تاکانەی درووشمی ئازادیی هەڵدەدەن.

## هەڵوەشاندنەوەی مەعریفە

چەمکی جیاوازیی شرۆڤەیەکە لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەگەرایییەوە، سەبارەت بەئامادەبوونی شتێکی تر کە بریتییە لەپارادۆکس و تایبەتمەندیی لەنێو خودی شتەکە، جیاوازیی لەبارەی پارادۆکسەوە ئەوەنییە کە دوو ئاراستە لەدژی یەکتر نەگەنە خاڵی هاوبەش، بەڵکو ئەوەیە بۆ نموونە پیتی A دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە، بەلام لەبەر ئەوەی ژنەڤتن و بیستنی قسە یان دەنگ، یان

گەیەنەر نییە، سیفە پێکهێنەرەکانی کاریش کپ دەکات، بەڵام لەناو کۆنتێکستدا نییە، هەڵبەتە ئەمە سەبارەت بەنووسین لەبارەی دال و مەدلولەکانی هەروایە، لەکاتێکدا مەرج نییە هەر دالێک مەدلوولێکی هەبێت،( دریدا )پێیوایە لەپشت مومارەسەرکردنی ماتماتیکیی تیۆرییەوە، سەردەمی گەشەکردنی مومارەسەی میدیا و ڕاگەیاندن و وەرگێڕانی نووسینی زمانیش، نابێتە هۆکاری گواستنەوەی مەدلولێک کە بکرێتە هــەواڵ، بــەڵام توانای هەیە جیاوازییەکان بگوازێتەوە، چونکە بەبڕوای من ئەویتر و جیاکاری، هەم واژووکردنە لەسەر ئاشکراکردنی نهێنییەکان و هەم پراگماتیزمیی لۆگۆسییە کە دواجار بەرهەمەکەی تێکەڵکردنی هەموو فەرهەنگەکانە.

ئــەم ڕووبــــەرەی کــە میدیایە و بۆتە جێگەیەک بۆ خۆنمایشکردن و بەلاڕێدابردنی گوتاریی مەعریفیی، لەبری ئــەوەی ڕۆشنبیرەکان لەپەراوێزی چەمکەکە و بەپێی لۆژیکی چەمکەکە مانای جیاوازیەکان بەیان بکەن، هەروەها لەڕێگەی بۆچونەوە خۆیان لەو تەرزە میدیاکارە جیابکەنەوە کە بوونە بەکارەکتەری هەڵچوونە سیاسییەکان، بەبێ ئەزموون و بەبێ شارەزایی سیاسەت، کەوتوونەتەفەزایەکەوەکەتونێلەکەتەنهاچوونەژوورەوەی هەبوو، ئەو سەری داخرا نەبوو، بۆیە زۆرجار بەهۆی ئەو نەشارەزاییەوە، زۆربەی چالاکە بێ مەعریفەتەکان بەکاری سیخوڕیەوە تێوەگلاون، بەپێچەوانەوە ڕۆشنبیربوون بەتیۆریستینە ڕۆژنامەوانییەکان و ئەوانەش کە ئەدەبین، بەگشتیی و بەبێ ئاگا دوور لە تێگەیشتن لەچەمکی جیاوازیی لەکۆنتێکستدا، کۆمەکییان بەسیاسەتێک کرد دژی سیاسەتێکی تر کە تائێستاش بەردەوامی هەیە، ئەم حاڵەتە تائەو جێگەیە پەلی هاویشتووە کە بۆتە چەند جۆرێک لەبازاڕ بۆ چەمکەکە، جارێک گەرمکردنی بــازاڕی سیاسیی و یەکلاییکردنەوەی هێزە سیاسییە کێبەرکێکەرەکان، جارێکی دیکە بۆتە بــازاڕێــک کە سیاسەتێک دژ بەسیاسەتێکی دیکە کار بکەن، بۆ نموونە هەم بەشی زۆری ڕۆژنامەکان موڵکی سیاسەکانن، هەم ئەو کەرەستە ڕۆژنامەوانییەی کە لەبازاڕ دەفرۆشرێت، دیسان موڵکی کۆمپانیاکانی کارەکتەرە سیاسیەکانن و کەڵکی لێوەردەگرن، لەکاتێکدا میدیا کە باشترین کەرەستەیە بۆ قەبوڵکردنی جیاوازییەکان، دەبوو لەپێناو کۆمەڵگەیەکی کراوەدا، زەمینە بۆ تاک خۆش بکرایە کە بەرهەمی خۆی پێشکەش بەکۆمەڵگە بکات، بەڵام ماشینە ڕاگەیاندنەکە کاریگەرییەکی هێندە نیگەتیڤی بەجێهێشت کە نەک هەر گروپ و پێکهاتە و زمانە جیاوازەکان و خاوەن فکرەکان نەیانوێرا بەرگریی لەخۆیان بکەن، بەڵکو تاکەکانیش بزر بوون و جورئەتیان نەکرد بەهەر نرخێک بێت جیاوازیی خۆیان بەیان بکەن.

بەڵام دەبێت ئەوەش بەیان بکەین کە جیاوازییەک لەمیدیادا بووەتە باو، خراپ بەکارهێنانی ئەو ڕووبەرەیە بۆ جەنگ تەرخان کــراوە، ئەم ڕووبــەرە بەشێکی جەنگی دیــارە کە لەگوتارەکاندا باشتر دەبینیرێت، ئەویش لەهەواڵ و

چاوپێکەوتنەکاندا دەردەکەوێت، بەشەکەی دیکەی نادیارە، چونکە تەواوی جەنگەکە کۆکراوەتەوە لەسیاسەتێکی ناتەندورست کە لەکۆنتێکستدا دەرناکەوێ، یان هێزێکی تارماییە لەدژی هێزێکی تر، لەحاڵێکدا ئەو جەنگەی کە دەبوو رۆژنامەنووس بیکردایە و رۆشنبیری جدی هاوپشتی بکردایە، نەک هەر پەراوێز خراوە و لەبیری خەڵک براوەتەوە، بگرە قەناعەتێکی تەواوی دروستکردووە کە جەنگی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و جەنگی مەعریفیی و جەنگی نێوان کۆنخواز و نوێخوزا و جەنگی بازاڕ و جەنگی چینەکان، بچووک کراوەتەوە لەجەنگی سیاسەتێکی لۆکاڵیی و بچوکتریش جەنگی دەروونیی حیزبە سیاسییەکان کە هەموویان لەژێر عینوانی جیاوازیدا پێناسە کراون.

## ئێمەو ئەوان

ئێمەو ئەوان لەیەک کاتدا دوور ڕەهەندی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە، ڕەهەندی یەکەمی کە پۆزەتیڤە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری قەبوڵکردنی جیاوازیی فراوان دەکات، ڕەهەندی دووەمی نێگەتیڤە، ئەوەیە کە جیاوازییەکان قوڵتر دەکاتەوە و شتێک نامێنێ بەناوی شوناسیی گەورە، بەڵکو هەموو پێکهاتەکان دەست بەشوناسی بچووکەوە دەگرن، بەو مانایەی لەبری بەناوی نەتەوە یان کۆمەڵگای کراوەوە قسە بکەن، بەناوی ئایین و عەشیرەت و بنەماڵە و هتد قسە دەکەن، یان ململانێ لەسەر شتە بچووکەکان دەکەن، ئەم ئێمەو ئەوانە دەبوو لەنێو شاری گەورەدا ئاسەواری نەمێنێت، کەچی بەپێچەوانەوە لەنێو گەورەترین شاردا هەستی پێدەکرێت، ئەمەش لەکاتی قەیرانەکاندا دەردەکەوێت.

بەپێی تێبینی و تێگەیشتنی نووسەری بەناوبانگی عەرەبی (زکی العلیو) هەست بەوە دەکەین کە جیاوازیی جگە لەوەی لەنێو کارەکانی دیکە وەکو نووسینی کتێب بەمیتۆد، لەهیچ شوێنێکی تر جێگەی نابێتەوە، بەپێچەوانەوە دەرکەوتنەکانی تر لەرێگەی میدیاوە و بەتایبەتی شاشەی تەلەفزیۆن، ئەوەیە کە هەم هاندانە و هەم هاندەرە بۆ بەشداریکردنی کاریگەریانەی خەڵک و جیاوازیی سیاسیی، هەم پشکداریکردنە لەدیاریکردنی بڕیاری چارەنووسیی خۆی بەشی هەبێت و نەترسێت، بەڵام بەئەزموون دەرکەوت ئەم هۆشیارییە تەنها بەهاندان نابێت، بەڵکو بەئارگومێنت هێنانەوە دەبێت کە ڕەخنە ببێتە نەریت و لەنێو سیستمدا ئامادەیی هەبێت، واتە لەبری ئەوەی پێکهاتە و گرووپەکان قینیان لەیەکتر بێت و یەکتر ڕەتبکەنەوە، ڕەخنە لەکولتووری یەکتر بگرن و قەبوڵی بکەن، چونکە هەتا ژیانی کۆمەڵگە بەسیستم نەکرێت، هەتا کۆمەڵگە قەبوڵکردنی جیاوازی بەجەوهەری خۆی کاریگەری لەسەر گشت نەبێت، ڕەخنە نابێتە کولتووری کۆمەڵایەتی، بەپێچەوانەوە لەبری ڕەخنە رق و قین دەبێتە کاردانەوەی کارەکان، کەواتە جیاوازی بەمانای گەڕانەوەی ئیعتیبارە بۆ تاک و گرووپە جیاوازەکان لەکایەی یاساییدا کە دەستوور جێگەی بکاتەوە، هەروەکو

چۆن قەرەج و بۆهیمییەکان جیاوازیی یەکتر قەبوڵ دەکەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هەندێکجار دەستووریش دادیی ئەو گرووپە بێ شوناس و بێ بەرگریکارانە نایات، چونکە ساڵی ٢٠١٠ لەتەواوی ئەوروپا قەرەجەکان ناچار کران بگەڕێنەوە رۆمانیا و هەنگاریا، سەرباری هەموو نارەزایەتیانەش کە لەمیدیاوە باس کرا، هەموو مافێکی ئینسانییان لێوەرگرتنەوە و لەماویەکی کەمدا کەیسەکە داخرا.

گرینگترین سیمای جیاوازیی، بوونی نادادپەروەریی و یەکسانییە لەکار و لەژیان و لەفەراهەم کردنی ئازادیی بۆ هەمووان، لەمەشدا جیاوازیی چینایەتیی بەئاشکراتر هەستی پێدەکرێت، ئەوانەی کە لەژێر عینوانی فکر و ئایدیۆلۆژیا موناقەشەیی جیاوازیی دەکەن، لەو نەخوێندەوارە باشتر نازانن کە بەهۆی بێکاریی و برسیی بوونەوە، یان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی و شوێنێکی شیاو بۆ حەوانەوە و نیشتەجێبوون، باسی جیاوازیی چینایەتیی دەکەن، ئەم بابەتە هیچ پێویستی بەتیۆر و میتۆد و ئارگومێنت هێنانەوە نییە، بەڵکو واقیعێکی لەبەرچاوە، بۆیە جیاوازیی چینایەتیی، لەسەرووی هەموو جیاوازییەکانەوەیە و هیچ کەڤەرێک نایشارێتەوە.

بۆچی گرووپێکی کەمی سیاسیی کە خۆیان ناویان لەخۆیان ناوە سیاسیی، بوونە بە سەرداری کۆمەڵگاکان و بەسەر کۆی کۆمەڵگاوە بەناوی دیموکراسیی و بازاڕی ئازادەوە مامەڵە دەکەن، لەکاتێکدا گرووپێکی کەمی یاسایی لەنەتەوەکان و گرووپە ئاینییەکان بوون بەرامبەر و زەمانحاڵی هەموو خەڵک بەبێ ئەوەی هەڵبژێردراو بن، خۆ ئەم پرسیارانە زۆر سادەن بەڵام قوڵایی فکریی هەیە، وەختێکیش بۆ هێنانەوەی ئارگومێنتی خۆیان، بەبێ ئاگا دەبن بە مارکسیی و چەپ، بۆ ئەوەی شەرعییەت بە خۆ بەخاوەنکردنی



بابەتێکی ڕۆمانسیانەی سیاسیی بدەن، ئەمە بنەمای کێشەی سۆسیالیزمە کە ئینسان بەبێ ئاگایی داوای خۆشگوزەرانی ژیان دەکات، بەڵام لەکەڤەرێکدا گوتارەکەیان دەگۆڕن و وەکو رابەڕێکی چینایەتی قسە دەکەن، دەردەکەوێت کە ئەم سیستمە بڕوای بەهیچ بوارێکی جیاوازی نییە.

سەیرەکەش ئەوەیە ئەوەیان بیرچۆتەوە کە خۆیان ئاڵا هەڵگری دژایەتی ئەو جیاوازییە ڕەسەنەن، ئەمە کێشە بنەڕەتییەکەیە کە خزاوەتە نێو جیاوازیەوە. ئینسان لێرەدا پارادۆکسی فکری بۆ ئاشکرا دەبێت و لەو تەکتیکە فکرییانە تێدەگات ئامانجەکە چییە و بۆچی ئەوە پەراوێز دەخرێت و بۆچی شتی تر بەناوی جیاوازییەوە پێشنیاز دەکرێت، لێرەوەیە عەقڵمەندیی و فکر و تێگەیشتن لەخودی چەمکەکە دەردەکەوێت، راستە بۆ ئایدیاکان و ئایینەکان و سیاسییەکان ئەو جیاوازییە پێویستە، بەڵام بەمەرجێک ئەمە پشتگوێ نەخرێت و وەکو کەڤەرێک بەکار نەهێنرێت.

(هانا ئارێندت) لە کتێبی (اسس توتالیتاریا) دەڵێت: (کارێکی قورسی ئینسانە کە بتوانێت جیاوازییە قوڵەکانی ڕێکخراوە پوچەکانیی سەدەی نۆزدەهەم و نێوان بزووتنەوە جەماوەرییەکانی سەدەی بیستەم دەستنیشان بکات، لەکاتێکدا سەرکردە هاوچەرخەکانی تۆتالیتاریزم لەڕووی سایکۆلۆژیی و عەقڵییەوە، هیچ جیاوازیەکیان نەبوو لەگەڵ ڕابەرە هیچوپوچەکانی ڕابردوو کە تاکگەراییان جوداکردەوە، ئەمە مانای ئەوەبوو کە بزووتنەوەی تۆتالیتاریزم دەتوانن بانگەشە بکەن کە حیزبی یەکەم بوون لەدژایەتی بۆرژوازیی و بەرگرییان لە کێشەی درایفۆس و ڕاسیزمی سلایڤۆ و یەهودییەکان نەکرد)، ئەم پێوەرە خەریکە نیو سەدەی بەسەردا تێدەپەڕێت، هەمان جیاوازیی بەردەوام زیندوو کردۆتەوە، لەژێر ناونیشانی خودی جیاوازیی، مانەوەی کێشەکانی کورد و فەلەستین و قرم و کەرەباخ و کشمیر و ئەمازیغی و هتد، باشترین سەلمێنەرە کە ئەمە دژی جیاوازیی قبوڵکردنە کە لەئاستێکی بەرزی جیهانیدا هاتۆتە ئاستی جەماوەری کۆمەڵگەکان و وەبەرهێنانی سیاسەتی پێوە دەکەن.

### جیاوازیی ئەخلاقیی

جۆرێک جیاوازیی دیکە هەیە بەناوی ئەخلاقەوە بانگەشە دەکات، لێرە مەبەستم لەئەخلاق ئەوەیە کە لەژێر عینوانی خودی ئەخلاق، هەموو پیرۆزییەکان دەڕوخێنێت، بۆ نموونە سێکسی بەرامبەر و سێکسوالێتیی و سێکسفرۆشی دەکات بەیەکێک لە ئیشکالیەتەکانی جیاوازیی، بازرگانیی و دەوڵەمەندیی لەسەر حیسابی هەژارەکان، وەکو ماف و ئایینپەروەریی تەماشا دەکات، سیاسەت وەکو کۆکردنەوەی کۆمەڵگا تەماشا دەکات، لەکاتێکدا بەکاڵاکردنی کۆمەڵە لەبازاڕێکی نادیاردا، پرسیار سنووردار دەکات و پرسیاری

هەواڵنامەی کتێب


نەگونجاویش وەکو پرسیاری شەرعیی تەماشا دەکات، کەوابو ناکرێت بەرگریی لەو دیاردە و ویستە پیرۆزانە بکەین کە گوتارێکی زاڵی ئایینی لەپشتییەوە وەستاوە، یان دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر کۆنتڕۆڵی کردووە، بەڵام کە بوو بەبابەتێکی ئەنتۆلۆژیی، هەروەها بەستایلێک لەژیان و پەراوێزەکانی ئازادیی، کەوابوو بەرلەوەی ببێت بەکولتوور، رۆشنبیرییەکی دەستەبژێریە و دەبێ لەبەرچاو بگیرێت کە لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە ژیان کۆنتڕۆڵ دەکرێت، (هێربرت مارکیۆز) ڕەخنەی لەم بۆچونە گرت کە (هایدگەر) بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەو گوتی ئەگەر بێت و کۆنتڕۆڵکردنی تەکنۆلۆژیا کارێک بکات ئینسانی هاوچەرخ ملکەچی ئەو ئاستە میتافیزیکە بێت کە هایدگەر تێگەیشتووە، بەو مانایەی گواستنەوەکە لەڕووی ریشەیی میتافیزیکیەوە کە لەلای رۆژاوا مەحاڵە، ئەو مەرجە مێژووییە مەلموسانە هیچ مانایەکیان نامێنێت کە ئینسان خۆیان شاهیدیی چەرخەکەن، بەڵام بۆ ڕەتدانەوەی شتە بەهادارەکان ڕەنگە مەحاڵ نەبێت، چونکە هەمیشە ئامادەسازییەک هەیە کەشتەکان بەخودی ئینسانیشەوە بێ بەها بکرێت و ناشیرین بکرێت، وەکو چۆن ئینکارکردنی سیاسییەکان لەنیەتەکەیان بۆ بەرپاکردنی جەنگ و قەناعەت پێکردنی جەماوەر بۆ جەنگ وەکو پیرۆزیی، ئەو ئینکارییە وەکو ئینکاریی شێت وایە لەحاڵەتی ناجێگیری دەروونیی و دکتۆری پسپۆڕ دەستنیشانی دەکات، ئەم

تێکەڵکردنە لەدونیای مۆدێرنە بەجیاوازیی لەقەڵەم دراوە کە دەبێت لەڕێگەی هۆشیارییەوە، دژی ئەو بڕوا کۆنکریتیە بووەستینەوە کە دەوڵەت و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی بەرگریی لێدەکەن.

وەختێک (مارتن لۆسەر) هات و بانگەشەی ناتوندوتیژیی ئایینی و یەکتر قبوڵکردنی پێشکەش کرد، ئەمە بوو بەسەرەتایەک بۆ باڵانس لەنێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتی رۆژاوا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە جیاوازیی لەنێو فکردا هەمیشە ئامادە بووە، دواتر لەنێو رۆشنبیریدا بووە بەستایلێک و لەنێو کایەی میدیایی و رۆژنامەگەریشدا کاری پێکرا، بۆ نموونە ململانێی نێوان لایەنە دژەکان کە نموونەی ئەنارشیزم و ڕیفۆڕمخوازەکانە، پڕ بایەخترین جیاوازییە ئەگەر بەپێی قسەی ماری دوگڵاس بێت کە لەکتێبی (پاکیزەیی و مەترسیی) باسی ئەو شتانە دەکات کە لەجێگەی خۆیاندا هاودژ و ناڕێکن، نەک ئەو شتانەی کە بەبڕوای ئینسان لەسرووشتدا ناڕێکن.

خۆ تائێستا زمان وەکو مافی جیاوازیی بەبێ شوناس تەماشا نەکراوە، ئەمە هەڵە تێگەیشتنە کە دەبێت هەموو زمانێک نەتەوەیەکی لەپشتەوە بێت، گوایە مادام لەدونیادا زمانی یەکەم ئینگلیزیی و دووهەم فەڕەنسیی و سێهەم عەرەبیی و ئەویتر ئاڵمانییە کە زیندوون، کەواتە ئەمانەی تر زمانی کەمینەیە، هەر خۆی وشەی کەمینە سوکایەتی کردنە بە بوون، باشە ئەگەر ئەو

ئایدیای ناکامڵ



جۆرێك جیاوازیی دیکە هەیە بەناوی ئەخلاقەوە بانگەشە دەکات، لێرە مەبەستم لەئەخلاق ئەوەیە کە لەژێر عینوانی خودی ئەخلاق، هەموو پیرۆزییەکان دەڕوخێنێت، بۆ نموونە سێکسی بەرامبەر و سێکسواڵێتیی و سێکسفرۆشی دەکات بەیەکێك لە ئیشکالیەتەکانی جیاوازیی

لۆژیکە تەواوبێت و پشتگیریی لێبکرێت لەسەر ئاستی دونیا، ئایا پێویست نییە بپرسین، ئەو هەموو دەقەمان بۆچییە لەئەدەب و هونەر و هتد؟، وەڵامەکە لەفەرمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ گومان لەخودی جیاوازیی، چونکە بەئاشکرا لێرەدا جیاوازیی چینایەتیی دەردەکەوێت، زمانێکی نزم و زمانێکی تر زیندوو، زمانێکی دەوڵەمەند و زمانێکی هەژار، ئەم کەیسە یەکەمین دەزگا بەرپرسیار بێت بەرامبەری، یونسکۆیە کە رێکخراوێکی جیهانییە، ئەوەی کە سەرمایەداریی لێی ترساوە، مەسەلەی زمانە بۆیە کردوویەتی بە بازاڕ، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە زمانی بازاڕیشی کردووە بەئابووریی و ئەخلاقی ئابووریی، لەکۆتایشدا کار بۆیەکتر دەکەن کە نەچنەوە سەر سەرچاوە ڕاستەقینەکە، کە حیزب لەسیاسەتدا لەبری کردەیەکی چۆنایەتی وەکو مارکسیزم پێناسەی دەکات بۆ تاک، بەپێچەوانە بوو بەچەندایەتیەکی زۆر لەسەروەت و توانای فەرمانبەر لەبونیادنانیی سروشتێکی هۆشیارانە کە دەوڵەت کەڤەرەکەیەتی.

لەبارێکی لۆکاڵیشدا ئەدەب و هونەر بەهەموو جیاوازیەکانییەوە، تەنها لە فۆڕم و سیتایڵدا دەردەکەوێت کە کێبەرکێکەش هەر ئەو فۆڕمەیە نەک جەوهەر، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمانە چالاکیی ڕۆژانەن و بوونێکی واقیعییان هەیە، ئەوەی کە واقیعیەتیی پێنادرێت و لەئینسانی دەشاردرێتەوە، یان جەنگەکە بەلاڕێدا دەبرێت، هەم ڕەخنەیە لەسیستم و هەم جەنگی چینایەتیی نێوان گرووپێکی کەمی باڵادەستی جیهانە، بەسەر زۆرینەی خەڵکی گۆی زەوی کە زمان ئاشکراترین نموونەیەتی، ئەمە ناعەدالەتیی و جیاوازییە ڕیشەییەکەیە کە بەرگریی لێدەکرێت، بۆ نموونە بزانە هەموو ئەوانەی کە سەر بەهیچ ئایدیایەک نین و سەر بەهیچ فەلسەفەیەکی سیاسیی نین، چۆن لەوانە باشتر دەزانن کە ناعەدالەتیی و نایەکسانیی لەلوتکەدایە، دەزانن کێشەیەکی گەورە هەیە بۆ مانەوە و نەمانەوە لەم ژیانە درووستکراوە وەهمییە، دەزانن کە بەبارتەقای زەوی و ئاسمان، ژیانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان و ژیان کۆمەڵگاستەملێکراوەکان و کۆمەڵگاخواپێداوەکان، جیاوازییەکی بێ سنووری هەیە.

## سەرچاوەکان

١: زکی العلیو. المثقف.. مداخل التعریف و الادوار. الموسسة الانتشار العربي. بیروت. سنة ٢٠١٢. ص١٩٨

٢: محمد الشیخ. المثقف و السلطة. دراسة فی الفکر الفلسفی الفرنسی المعاصر. دار الطلیعة للطباعة و النشر. بیروت. سنة ١٩٩١. ل١١١

٣: نوام چۆمسکی. کۆنترۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکان. و. کەریم قادر پوور. بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم. ساڵی ٢٠٠٨. ل١٤

٤: علی حرب . نقد النقد. دار النشر المدی. سنة ١٩٩٨. ص٧٥.

٥: د. محمد سبیلا. للسیاسة بالسیاسة. فی التشریح السیاسی. دار افریقا الشرق. سنة ٢٠١٠. ص١٧٤

٦: ئەقڵ دژی ئەقڵ. کۆمەڵێک وتاری فکری، فەلسەفی، ئەدەبی. کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ کوردی. فەرشید شەریفی. دەزگای موکریان. ساڵی ٢٠١٣. ل٣٦

٧: تیری ایغلتون. اوهام مابعد الحداثة. ترجمة . ثائر الدیب. دار الحوار للطبع و النشر. سوریا ٢٠٠٦. ص٥٧

٨: محمد الشیخ. المثقف و السلطة. دراسة في فکري الفلسفي الفرنسي المعاصر. دار الطلیعة. بیروت. سنة ١٩٩١. ص٦٤.

٩: سلاڤۆی ژیژاک. سەرەتا وەک تراژیدیا و کۆتایی وەک کۆمیدیا. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئەرسەلان ئەفراسیاب. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان. ساڵی ٢٠١٧. ل١٢٠

١٠: د. عبد الحسین الطائی . جدلیة العلاقة بین المثقف و السلطة.. دار الحکمة للنشر و التوزیع. لندن. ص١٤٦.

١١: کارل مارکس. النقد الثانی للهیجل. ترجمة.مجاهد عبدالمنعم مجاهد. مرکز القومی للترجمة. مؤلفات کاملة. قسم الاول. مجلد الثانی. ص ٦١٥.

١٢: ئامانوئێل کانت. ڕەخنەی عەقلی پراکتیکی. وەرگێڕانی. سۆران عومەر. نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی. ساڵی ٢٠١٤. ل١٠٦

١٣: حنة اریندت. اسس التوتالیتاریة. ترجمة. انطوان ابو زید. دار الساقی ١٩٩٣.

١٤: کمال بومنیر. جدل العقلانیة في النظریة النقدیة لمدرسة فرانکفورت. دار العربیة للعلوم ناشرون. ٢٠١٠. ص١٤٢



# ژن و داهێنان



نووسینی نەوال سەعداوی
وەرگێڕانی بەیان ناسیح




**پێشەکیی**

کاتێک منالێکی شەش ساڵان بووم لە گوندە بچکۆلانەکەم بە درێژایی ئەو باخە سەوزانەی لەگەڵ رووباری نیل راکشابون رامدەکرد، یاریم دەکرد، وەکو پەپولەو چۆلەکەکان خەوم بە فڕینەوە دەبینی. بە خەون دەفریم بەسەر دەریاچە شینەکاندا. دەریا لە ئاسمان دەتوایەوە و ئاسمانیش لە ئاودا. هیچ شتێ رێگا لە فڕینم ناگرێت تەنها قورسی لەشی خۆم نەبێت کە تا دەهات بەرەو خوارەوە دەکشا. لە ناو دەریا مەلە دەکەم وەکو ماسییەک سەرەکەی مرۆڤ بێت، سەری ژنێکی قژدرێژ، کلک درێژ هەروەکو پشیلە، وەکو پشیلە باز دەدەم لەسەربانەکەی خۆمانەوە. هیچم لێنایەو هیچ شوێنێکم بریندار نابێت.

بەڵام دەنگەکانی دەورو بەرم کاسیان کردووم، دەنگی ژنانی خزمان، پورەکانم، نەنکم. دەنگێ ترس دەخەنە دڵمەوە لە بازدان، لە فڕین، لە مەلەکردن لە دەریادا، لە رۆشتن بە کۆڵانەکاندا، لە هەنگاوی گەورە، لە قسەکردن بە دەنگی بەرز، لە جووڵەی لە شم. نەمدەزانی ئەو دەنگانە بۆ دەمترسێنن. دەبێت مەترسی لە جوڵانەوە و رۆشتن چی بێت.

تامەزرۆم بۆ ژیان لە منداڵیدا بێ سنوور بوو بەڵام دەنگو بازووە بەهێزەکان تەنگیان پێهەڵچنیبووم بە تایبەتی بازووی ژنە خزمەکانی دایکو باوکم. ئەوە بازووەانە رێیان لێ دەگرتم، بەربەستیان دروست دەکرد بۆ ئەو تامەزرۆیەی هەمبوو بۆ ژیان.

**تامەزرۆی ژیان و داهێنان**

منالآنی تەندروست بە کچ و کوڕەوە بە ئارەزووویەکی زۆرەوە لە دایک دەبن و دێنە ناو ژیانەوە، ئارەزووی جەستە و هۆش و گیان لە یەک جیاناکرێتەوە. هیچ بۆشاییەکو کەلێنێ لە نێوان جەستەو هۆش و گیاندا نییە (تەنها بە شێوە تیوریکەی نەبێت) . یەکێ لە نهێنی بەهێزبوونیان ئاوێتە بوونیانە لەگەل یەکتر هەر هەوڵێکیش بۆ جیاکردنەوەی ( لەش وعەقڵ و رووح) دەبێتە هۆی بێ هێزی و سیسبوونیان هەتا مردن.

بۆ زۆر کەس ئەزو ویستی هۆش شتێکی جیاوازە لە رووح، ئەمەش بۆخۆی شتێکی جیاوازە لە حەزو ویستی جەستە. ووشەی حەزو ئارەزوو لە زاراوە نەرێنیەکانی ناو فەرهەنگی زمانە. لە سەرەتای دروستبوونی رژێمی کۆیلایەتی، چینایەتی و باوکسالاریەوە دەستی پێکردووە بە تایبەتیش ئەگەر ووشەی حەزو ئارەزوو لەگەڵ (لەش) هات. ئەگەر ئەمەش بە ووشەی سێیەمەوە گرێ بدرێت ئەویش ووشەی (ژن)ە ئەم سێ ووشەیە ژن وئارەزوو لەش - وای لێهاتووە وەکو لوغم بەیەکەوە بەستراون بەمانای فەسادو نزمی دێتە بەر گوێی خەڵکی، بەدەرچوون لەرێگەی خواو یاساو شەریعەت و دەوڵەت دادەنرێت.

یەکەم وانەی فێربوونمان لە قوتابخانە ئەوەبوو دەبێت لە خواو باوکمان بترسین. ئەم وانەیە بۆ کچان و کوڕان بە شێوەی جیاواز دەدرێتەوە. زیاتر لە چی دەترسین بەمندالی؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مندالی خۆمان کە شەش ساڵ بووینە بۆمان دەردەکەوێ ترس پەیوەندی بە حەز و ویستمانەوە بووە. حەزی منداڵیمان بۆ ژیان و تێڕامانمان لە لەش و دەوروبەرمان. ئەگەر کچێکی منداڵ بە لەشی خۆی یاری بکات سزا دەدرێ یان لە دایکی بپرسێ منداڵ لە کوێوە هاتووە، منداڵ چۆن دەبێت، چۆن دەچێتە ناو سکی دایکییەوە؟ پەرییەکانی ئاسمان لە کوێن؟ شەیتان چییە؟

ئەم جۆرە پرسیارانە زۆر ئاساییە منداڵ دەیکاو رێگە بۆ داهێنان و توانایان خۆش دەکات بەڵام بە ترس و پیاهەڵشاخان وەلامی نادروست دەدرێتەوە کە رێگە لە توانای هزری منداڵ دەگرێت.

بۆ نموونە بە منداڵی دایکم پێی ووتم من لە گوێچکەیەوە هاتومەتە دەرەوە، زۆربەی تەمەنی منداڵیم بەوە رۆیی بیر لەوە بکەمەوە چۆن منداڵ لە گوێچکەوە دێتە دەرەوە. چەندم دەکرد خەیاڵم رێی تێنەدەبرد ئەوکارە ئەستەمە بێنێتە بەرچاو. لەگەڵ ئەوەشدا ووشەکانی دایکم بۆ من راستی بوون، دایکم درۆ لەگەڵ من ناکات. چۆن دەبێت بڕوام بە دایکم نەمێنێ، باشتر وایە بڕوام بە عەقڵ و خەیاڵی خۆم نەبێت.

**بڕوا بە خۆ بوون و داهێنان**

بڕوا بە خۆبوون ئەو ئاوەیە گوڵی داهێنان پاراو دەکات لە منداڵیداو هەموو تەمەنەکانی تری مرۆڤ. بەڵام

پەروەردە کردنی ماڵەوە هەر لە سەرەتای تەمەنەوە بێ بڕوامان دەکات بە خۆمان. لە سەرەتاوە دەستت لە چاوی گەورەیە بۆ فێربوونی شتەکان هەر لە خواوە هەتا کرمی ئاورێشم، ئارەق دەردانی لەشمان یان میسزکردن و سووڕی مانگانە.

نەنکم (دایکی باوکم) جارێ پێی ووتم «ان الله هو العدل عرفوه بالعقل» ئیتر من خودام بە دادپەروەریەوە بەستەوە لە خەیاڵمدا بەڵام دادپەروەریم نەدەبینی بەچاو. براکەم لە قوتابخانە باش نەبوو، بۆ کۆتایی ساڵیش دەرنەچوو لەوانەکانیدا. لەلایەکی ترەوە من زۆر باش بووم و خۆم زۆر هیلاک دەکرد بۆ خوێندنەکەم و کاری ماڵەوەشم دەکرد. کەچی براکەم خەڵات کرالە سەر دەرنەچوونی بەوەی بۆخۆی رۆژ تا ئێوارە یاری بکات لە پشووی هاوینەکەدا. منیش سزا درام لەسەر سەرکەوتنم لە قوتابخانە بەبەستانەوەم لە ماڵدا و یارمەتی دانی دایکم لە چێشتخانەدا. کاتێ دەپرسم هۆی ئەم ستەمە چییە دەڵێن خوا ئاوهای دەوێ. چونکە من کچم و براکەم کوڕە. چۆم دەبێت خودا ستەمکار بێت؟ ئەم پرسیارە بۆم نییە بیکەم نابێت گومانم لە رەوابوونی خودا هەبێت. باشتر وایە گومان لە خۆم بکەم، بڕوام بە لۆجیک و تێگەیشتنم بۆ شتەکانی دەوروبەرم نەمێنێ. جیاوازی مامەڵەکردنی کچان لەناو ماڵدا وادەکات کۆمەڵێ قەیدوبەندی زیاتر بەسەر جووڵانەوەی لەش و هۆشی کچاندا بچەسپێنرێت.





## تەمەنی لاوێتی


ئەگەرهەندێ جار منداڵی کچ بتوانێ قەیدوبەدی سەپێنراو بشکێنی ئەوە لەتەمەنی هەرزەکاریدا روودەدات. لەم تەمەنەدا قەیدوبەندەکان ئەوە ندەی تر توندووتیژ تر دەبن لە سەر کچان. هەرزەکاری کوڕ تووشی ئەو قەیدوبەندانە نابن چونکە ناوەڕۆکی شەرەف بەستراوە بە پاکیزەیی کچان بەرلە شووکردنیان و بە وەفایی بوونیان لە دووای شووکردن بۆ مێردەکانیان. کوڕان کەس داوای شتێکی وایان لێناکات. لە تەمەنی هەرزەکاریدا کچان لە هەندێ خێزاندا لە ماڵەوە دەبەسترێنەوە و ئامادەیان دەکەن بۆ شووکردن. یان ناچار دەکرێن بەلەچک پۆشین و چەندەها شتی تر کە رێگە لە چوونە پێشەوە ی لەش و هۆش دەگرێت، توانای داهێنانیان لاواز دەکات.

## جۆری خوێندن

ئایا خوێندن لە خوێندنگەو دانیشتگاکاندا ژنان و پیاوانی داهێنەر دروست دەکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە نەخێرە! لەبەر ئەوەی سیستەمی خوێندن کار بۆ بیری سەربەخۆ و ئازادی ناکات بەڵکو پارێزگاری لەوە دەکات ملکەچی بیری کەسانی تر بیت. ئیتر ئەگەر مامۆستا بێت یان سەرۆکو خاوەن دەسەڵات. قوتابیان لە دانیشتگاکاندا سڵ دەکەنەوە لە خاوەن دەسەڵات، گوێڕایەڵیش دەبێتە هۆی ئیمتیاز بەدەستهێنان. بۆیە وولاتەکەمان پڕە لەکارمەند و نەک لەخاوەن بیرو داهێنەر لە بوارەکانی زانست و هونەر و ژیان. سیستەمی خوێندن زانستەکان دابەش دەکات، هۆو هۆکارەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە بەهەمان شێوە زانست لە هونەرو لەش وهۆش و دەرون. هەر بۆ نموونە ئایا پەیوەندی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی چییە بە گیروگرفتە دەرونی و عەقڵیەکانەوە، پەیوەندی گیروگرفتی عەقڵ بەلەشەوە. ساڵانە چەندین دکتۆری ژن و پیاو لە کۆلیژە پزیشکیەکان دەردەچن و ئەوە لەسەر نەخۆش تاقی دەکەنەوە لە کتێبەکانەوە لەبەر کراون بەبێ ئەوەی بزانین هەر مرۆڤێ تایبەتمەندی خۆی هەیە.

## خامۆشی توانای رەخنەگرتن

داهێنان لەسەر کۆڵەکەی رەخنەگرتن وەستاوە، توانای رەخنەگرتن لە شتی کۆن و داهێنانی شتی تازە کە جوانترو یەکسان ترو رەوایانەتر بن. ئەگەر توانای رەخنەگرتنمان نەبێت ئەوە توانای داهێنان لە دەست دەدەین. توانای رەخنەگرتنیش ئازادی دەوێت. هەست بەئازادی کردن لە دایکبوونەوە هەتا مردن گرنگە. ئەم هەستەش لە وولاتی ئێمەدا نییە. چونکە لە ناو سیستەمی دکتاتۆریدا دەژین لەناو خێزان و وولاتەکەشمان، فەرمانگە دەوڵەتییەکان، لە دانیشگاکان، لە دامو دەزگا ئەدەبییەکان. چونکە رەخنەگرەکانیشمان وەکو زۆربەی نووسەرەکانمان کارمەندی دەوڵەتن. بۆیە بزووتنەوەی رەخنەگرتن




وەستاوە. هەندێ جاریش لە پیاهەڵدانی ستایشکردنت دەسەڵات بەوەلاوە بڕ ناکات یان هێرشکەدنە سەر ئەوانەی هیچ دەسەڵاتێکیان لەژێردەستدا نییە. گیروگرفتی رەخنە گرتن لەناو ژناندا دووبەرابەرە چونکە ئەم بزووتنەوەیە لە ژێر دەستی پیاو دایە وبە هیچ جۆرێ رێگە نادەن ژنان رۆڵێکی تر ببینن بەدەر لەو رۆڵەی بۆیان نەخشێنراوە. ئەگەر نا ژنان بەڕاستی دەتوانن تواناکانیان بێننە گۆرەپان و رۆڵی کاریگەریان هەبێت.

## سزادانی ژنی داهێنەر

ئەگەر ژن خۆی لە کۆت وبەندی سیستەمی خوێندن و پەروەردەو خێزان و شووکردن رزگار کردو دەستی بەداهێنان کرد و بەرهەمەکانیشی لەناو کۆمەڵدا بڵاو کردەوە ئەوکاتە رووبەڕووی چەندین مەترسی و سزا دەبێتەوە. کەوای لێ دەکات دەست لە داهێنان هەڵبگرێت. بە زۆریش گیروگرفتی بڵاوکردنەوە تووشی ژنە گەنجە داهێنەرە نەناسراوەکان دەبێتەوە. کاتێ ئەم گرفتەش چارەسەر دەکەن رووبەڕووی رەخنەگرەکان دەبنەوە، هێرش دەکەنە سەریان یاخود دان بەکارەکانیاندا ناهێنن ئەگەر ژنی داهێنەر لەم بەرهەڵستانەش رزگاری بێت ئەوسا نۆرەی دامودەزگای دەوڵەتە، یان لەسەر کارەکەی دەردەکرێت یان ناچار دەکرێت سەری خۆی هەڵگرێت. هەندێ جاریش ژیانی دەکەوێتە مەرترسی و بەندینخانەشەوە وەک لەوەی بەسەر هەندێ ژنانی داهێنەر هاتووە لەم ماوەی دووایدا. دوواتریش لەوانەیە لە ژیانی تایبەتیدا خێزانەکەی پشتی تێبکەن لەگەڵ چەندەها شتی تر ژنی داهێنەر لەم وواڵتە رووبەرووی دەبێتەوە.

سەرچاوە: صوت النساء
جمعية مساعدة نساء و فتيات ضد العنف، ٢٠٠١

ئەگەر ژن خۆی لە کۆت وبەندی سیستەمی خوێندن و پەروەردەو خێزان و شووکردن رزگار کردو دەستی بەداهێنان کرد و بەرهەمەکانیشی لەناو کۆمەڵدا بڵاو کردەوە ئەوکاتە رووبەڕووی چەندین مەترسی و سزا دەبێتەوە.



# کەنگی تیشکی لێبوردەیی سەردەکەوێت بەسەر تاریکایی دەمارگیری لەدونیای عەرەبیدا ؟

هەواڵنامەی کتێب



دکتۆر هاشم سالّح
وەرگێڕانی : موعتەسەم سالّەیی

لەسەرەتادا دەمەوێت بڵێم: لێبوردەیی بەبێ ڕۆشنگەری بوونی نییە، ڕۆشنگەریش بەبێ لێبوردەیی بوونی نییە. ئەمەیش بۆتە ڕاستییەکی چەسپاو. مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە. لەپێناوی تیشک خستنە سەر بارودۆخی ئێستای عەرەبی دەمەوێت ئەم پرسیارە بکەم: ئایا ڕاوبۆچوونی گەورە بیرمەندە عەرەبییەکان چییە لەبارەی کێشەی توندڕەوی و لێبوردەیی؟ ئایا ئێمە هەر بەخۆڕسک توندڕەوین یاخود لێبوردەین؟ وەها پێویست دەکات هەرگیز شەرم نەکەین لەدەربڕینی پرسیارە ڕاستەقینەکاندا، کە پرسیاریەلێکی پەشۆکێنەر و هەستیارن. گەر وەهایش نەکەین ئەوا لەم تەلەزگەیەدا دەربازبوونمان بۆنییە. کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لەئەورووپادا ئەم پرسیارانەیان ورووژاند و چارەسەریشیان بۆ دۆزینەوە. بۆیە چیتر لەنێوان مەزهەبە جیاجیاکانی مەسیحیدا توشی شەڕی تائیفی نەبوونەتەوە. کوشت و کوشتاریش لەسەر ناسنامە و شوناسی نێوان کاسۆلیکی و پرۆتستانتیدا بەرپا نابێت. پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانە لەنێوان تایفە جیاوازەکاندا بۆتە ڕاستییەکی چەسپاو لەوڵاتانی ئەورووپیدا. کاسۆلییەک بەدی ناکرێت کە ڕق و کینەی هەبێت دەرهەق بەدراوسێیەکی گەر بنچینەیەکی پرۆتستانتیی هەبێت .

پێکەوە ژیانی برایەتی و هاونیشتمانی زۆر باوە. هەموو تێکرا دەکۆشن لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا و وڵاتدا. بەو هۆیەیشەوە پێشکەوتن و دەسکەوتی شارستانیی مەزنیشیان بەئەنجام گەیاندووە. پێویستە دانی پێدا بنێین کە ئێمە نەمانتوانیوە لەڕووی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دابینیان بکەین. بەڵگەیش بۆئەوە ئەو هەموو کێشانەن کە لەکۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا هەن، بۆیە تاکە مەزهەب و تاکە ڕاوبۆچوونێک بەهەموو توانایەوە دەیەوێت خۆی بسەپێنێت و هەرگیز بوار بەشێوازە جیاوازەکان نەدات. هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بزووتنەوەیەکی

لێبوردەیی



پێکەوە ژیانی برایەتی و هاونیشتمانی زۆر باوە. هەموو تێکرا دەکۆشن لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا و وڵاتدا. بەو هۆیەیشەوە پێشکەوتن و دەسکەوتی شارستانیی مەزنیشیان بەئەنجام گەیاندووە.



## لێبوردەیی

ڕۆشنگەریی گەورە لەلاماندا لەسەر شێوازی ئەورووپا سەری هەڵنەداوە. هەروەها لەلای ئێمە وەکو ئەوان بیرۆکەی فەلسەفیی قووڵ بۆ ئاین، زاڵ نەبووە بەسەر بیری تەکفیریی تاریک پەرستیدا. وەهادیارە ئێمە لەسەرەتای ئەو ڕاپەڕینە هەماهەنگیە بەجەختەداین. بۆیە دوچاری ئێش و ئازارێکی توند و هەژانێکی بەجەخت بووینە. بەهەرحاڵ گەورە بیرمەندانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات پێت دەڵێن : بیرۆکەی لێبوردەیی لەئەورووپادا سەریهەڵدا وەکو پەرچە کردارێک بەرامبەر بەتوندڕەویی ئاینی، ئەویش دوای ئەوەی دوچاری گەلێک شەڕی مەزهەبیی مەسیحی بوونەوە لەنێوان خۆیاندا، بەتایبەتی شەڕی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانی. سەربڕین و کوشتارکاریی زۆر لەسەر شوناسدا بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر ڕوویاندا، هەردەم لەکۆششدا بوون لەپێناوی ڕیشەکێش کردنی یەکتر، گەر ئەو هەموو نەهامەتییە نەبوایە، ئەوا بیرۆکەی لێبوردەیی وەکو تاکە ڕێگا چارەیەک بۆ پێکەوە ژیان نەدەهاتە کایەوە. بێگومان هەستیشیان بەپێویستیی گەلاڵە بوونی بیرۆکەیەکی نوێ بۆ ئاین و باوەڕ نەدەکرد. توندڕەوەکانیان کەمتر لەتوندڕەوەکانی ئێمە مەترسیدار نەبوون. گەر وەکو ئێمەی ئێستا توشی چەرمەسەری نەبوونایە، هەرگیز ئەو بەرهەمە ڕۆشنگەریانە سەریان هەڵنەدەدا کە لەبارەی دەستکەوتەکانی لێبوردەییەوە دەدوێن، لەهەمان کاتدا خراپەکاری و مەترسییەکانیان بۆسەر کۆمەڵ بەگشتی مەحکوم دەکرد. لێرەدا بۆنموونە ئاماژە بەکتێبی فەیلەسوفی ئینگلستانیی ناودار جۆن لوک دەکەین لەساڵی ١٦٦٧ بەناونیشانی وتاریک لەبارەی لێبوردەییەوە. یاخود کتێبی فەیلەسوفی فەرەنسی ڤۆلتێر پاش سەد ساڵ بەدواوە لەسەر هەمان بابەت لەساڵی ١٧٦٣ بەناونیشانی پەیامێک لەسەر لێبوردەیی و هتد ..

لەسەرەتادا توندڕەوی لەئارادا بوو نەک لێبوردەیی ! پێویستە لەسەرمان دان بەم ڕاستییەدا بنێین : بەو سانایە نییە گەر مرۆڤ لێبوردە بێت. هەروەها بەو ئاسانییەیش نییە گەر مرۆڤ پێشوازی لەڕاوبۆچوونی جیاواز لەڕاوبۆچوونی خۆی بکات. هەموو کەسێک ڤۆلتێر نییە کە دەیووت : ئامادەم خۆم بەخت بکەم لەپێناوی ئەوەیدا تۆ بتوانیت گوزارشت لەبۆچوونی خۆت بکەیت ! ئەم هەڵوێستە دیموکراتییە بەتەنیا لەپیاوە گەورەکان یاخود لەنووسەرە گەورەکان دەوەشێتەوە. گیانی لێبوردەیی حاڵەتێکی ئاسایی نییە و دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین : مرۆڤ لەحاڵەتی ئاساییدا فریشتەی ئاسمان نین ! بەڵکو گورگی دڕندەن دەرهەق بەیەکتر هەروەکو ئەوەی هۆبز دەڵێ : مرۆڤ گورگە بەرامبەر بەبرای مرۆڤی خۆی. پڕهێز و توانا هەڵدەستێت بەلەت و پەتکردنی لاوازەکان بەشێوازی دڕندەی نێو جەنگەڵەکان. بۆیە مرۆڤ پێویستیی بەپەرەپێدان و ڕێک و پێکی هەیە بۆئەوەی لەقۆناخی فریشتەی شارستانی نزیک ببنەوە، هەروەکو ئەوەی بۆنموونە لەئێستادا لەوڵاتی سویسرا چاومان پێی دەکەوێت. یاخود لەنەرویج و دانیمارک و ئەودوای وڵاتانی

ئیسکەندەناڤیای پێشکەوتوو دەیبینین. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە لێبوردەیی حاڵەتێکە و لەڕێگای خوێندن و ڕۆشنبیری و هوشیاری و یاسا و ڕێسای نوێوە بەدەست دەکەوێت، کە بەسەر هەمووماندا بسەپێنرێن. هەروەها ڕێز لەشکۆی خەڵکانی تر بگیرێت گەر لەسەر هەر بنەچە و ئاین و تایفە و مەزهەبێکبن. ئەمەیش قۆناخێکی نوێیە لەمێژووی بیروهزردا و بەربەستێکی گەورە پێکدەهێنێت بەراورد بەسەردەمەکانی ناوین. ئەم لێکدابڕانە تاوەکو ئێستا لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا هاتۆتە کایەوە.. بۆیە گیانی لێبوردەیی لەمرۆڤ دەخوازێت لەخۆیەوە کۆشش دەست پێبکات و خۆی ڕزگار بکات : یانی لەخڵتە و لیتەی دەمارگیریی کوێرانەی قووڵایی ناخی خۆی. مەبەستمان لەو دەمارگیرییە کوێرانەیەیە بۆ بیروباوەڕی تایفەکەی کە لەمنداڵییەوە لەسەری گۆش بووە و پێی ڕاهاتووە. ئەم پرۆسەیەیش هەرگیز بەو ئاسانییە نییە، چونکی تیکشکاندنی خوێناویی ناخ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. دواتر بۆی هەیە مرۆڤ دان بنێت بەهەندێک مافی بوون و ڕاستیی بۆچوونەکانی ئەوانی تر، ئەمەیش شتێکی سەلمێنراوە. کەسیش بۆی نییە ناچارت بکات کە ڕاوبۆچوونی کەسانی تر وەکو هی خۆت خۆش بوێت. بەڵام بەهەندێک کۆشش لەسەر خودی خۆت دەتوانیت تێبگەیت لەخۆشەویستیی خەڵکانی دیکە بۆ ڕاوبۆچوون و ئاینیان، بەئەندازەی خۆشەویستیی خۆت بۆ ڕاوبۆچوون و ئاینەکەت. لەئاکامی ئەم تێگەیشتنە عەقڵانییە بابەتییە هاوبەشیە، هەڵوێستی لێبوردەیی و قبوڵکردنی هەمەڕەنگی دێتەکایەوە. هەموویشیان یارمەتیی فراوان بوونی بیروهۆشی ڕۆشنبیری و عەقڵی تاک دەدەن، ئەویش لەڕێگای زانستی مێژووی بابەتی بەراوردکاریی ئاین لەخوێندنگا و پەیمانگا باڵاکاندا. بەداخەوە تاکو ئێستا لەزۆربەی زانکۆ عەرەبیەکانماندا پشت بەم بابەتە نابەسترێت. گەر ئەم بابەتەیشمان بەکارهێنا ئەوسا مرۆڤی عەرەبی و ئیسلامی تێدەگات کە تۆوی ئاکاریی هاوبەش لەنێوان هەموو ئاینەکاندا بەبێ جیاوازی هەیە کە بریتییە لەوەی دەڵێ : مەکوژە، دزی مەکە، زینا مەکە،





لێبوردەیی

درۆ مەکە، ناهەقی مەکە لەدراوسێکەت، براکەت خۆش بوێت بەئەندازەی خۆشەویستیت بۆ خۆت، دڵت بۆ هەژار و کەسانی لاواز و ڕێبواری بێ لانە بسووتێت... تاوەکو ئەودوای ئەم هەموو بەها باڵایانە کە لەنێو ئاینی ئیسلامدا بەدی دەکرێن، هەروەها لەلای ئاینی مەسیحی و بوزی و جولەکە و ئەوانی تریشدا هەن... لەقورئاندا هاتوەو دەڵێ دڵی هەتیو مەشکێنە، لەڕێبوار تورە مەبە و شوکرانەی نیعمەتی خودایش بکە.. سەبارەت بەهۆی جیاوازییە گەورەکان لەنێوان سروتی ئاینە ناسراوەکان، کۆمەڵێک بنەمای گەردوونی سەراپاگیری هەموویان کۆ دەکاتەوە جا گەر موسوڵمان بن یاخود مەسیحی یاخود جولەکە و بوزی و هیندۆسی و کۆنفشیوسی، یاخود گەر بەتەنیا باوەڕداربین بەفەلسەفەی عەقڵانیی ڕۆشنگەریی هاوچەرخ، وەکو زۆربەی دانیشتوانی ئێستای وڵاتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو. بۆنموونە ئاشکرایە کە ئەو کەسانەی لەڕۆژی هەینیدا لەوڵاتی فەرەنسا ڕوو دەکەنە کڵێسە بۆ ئەنجامدانی سرووتە ئاینییەکان، ڕێژەیان لەحەوت بۆ هەشت لەسەدا تێپەڕ ناکات کە زۆربەیان کەسانی بەتەمەنی بەساڵاچوون. ئەمەیش مانای ئەوە نییە کە ئەوانی تر بێ باوڕبن بەبەها ئاکارییە ڕەوشتییەکان. لەڕاستیدا گەر وابەستە نەبن بەبەها ئەخلاقییە دیاریکراوەکان، ئەوا لەلایان دنیا دەشێوێت و نەیشیان دەتوانی بگەن بەم ئاستە بەرزە لەبونیات و ئاوەدانی و گەشەسەندن. ئێمەیش باش دەزانین کە وڵاتەکانیان ئاوەدانی و پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە، زیاتر لەهەموو ئەو وڵاتانەی کە بەچڕی سرووتی ئاینی بەئەنجام دەگەیەنن. پەند و عیبرەت بەکردەوەیە نەک بەقسە و نمایشی ڕووکەشی. ئەو بەهایانەی کە فەیلەسوف کانت دامەزرێنەری فەلسەفەی عەقڵانی مۆدێرن دایڕشتوون، یەکانگیر دەبنەوە لەگەڵ ئینجیل و قورئاندا، لەئایەتێکی پیرۆزدا هاتووە گەر هەر کەسێک هەندیی دەنکە زەڕەیەک چاکە و خراپە بکات لەلای خودا بزر نابێت. ئەمەیش بنەمایەکی ئەخلاقیی گەردوونییە و چەسپ دەبێت بەسەر هەموو وڵاتان و میللەتاندا. ئەوەیشی پەیڕەوی بکات لەهەڵس و کەوتی ڕۆژانەیدا ئەوا دنیا و ئاخیرەیشی بەدەست دەهێنێت .

مێژوونووس ڕینێ ڕیمۆن کە پێشتر بەڕێوەبەری پەیمانگای زانستە سیاسییەکان بوو لەپاریس، چەند ساڵێک لەمەوبەر لەتەمەنی هەشتا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، وەهای بۆدەچێت کە لەئێستادا جیهانی ئیسلامی لەکێشەیەکی گەورەدا دەژێت لەگەڵ تازەگەری و مۆدێرندا، دەڵێ پاشتریش دەتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا، هەروەکو چۆن مەسیحییەکان لەسەدەی نۆزدەمدا لەگەڵ هەمان کێشەدا ژیان و توانییان زاڵبن بەسەریدا. بەو پێیەیش مەودای سەد ساڵ یاخود سەد و پەنجا ساڵ هەیە لەنێوان هەردوو کێشەکەدا. پاش ئەوەی کە مەزهەبی کاسۆلیکیی تەکفیری هەموو ئاینەکانی دەکرد و ڕەتیانی دەکردەوە، لەساڵی ١٩٦٢ دانی پێداناو ڕێز و حورمەتی بۆ هەموو بیروباوەڕ و ئاینەکان دەربڕی. فتوایەکی لاهوتیی نوێی بەجەختی خستەڕوو کە پێچەوانەی هەڵوێستی

پێشووی بوو هەروەکو ئەوەی بڵێ : ئێمە ڕێز لەبیروباوەڕی موسوڵمانان دەگرین، دەمانەوێت بەیەکجارەکی لاپەڕەی کۆنی ڕەش و پڕ لەئازار دابدەینەوە. لاپەڕەی ململانێ و پێکدادانی هەزار و چوار سەد ساڵە دابدەینەوە. ئەمەیش کۆدەتایەکی فیکری و ئاینیی مەزن بوو کە لەڕابردوودا مەحاڵ بوو بەڵام لەئێستادا بوو بەدیفاکتۆ، ئەویش پاش ئەوەی ئەوروپا لەئاستە جیاجیاکاندا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. بۆی هەیە گۆڕانکاری لەکاروباری ئاینیدا سەرهەڵبدات، ناتوانین چاکسازی لەبارودۆخی دنیامان بکەین گەر گۆڕانکاری لەبارودۆخی دینەکەمان نەکەین: یانی بەتێگەیشتنمان لەئاینەکەمان بەشێوەیەکی ڕێک و ڕوون و تەبا. لەو سەروبەندەیشدا گەر میلەتانی عەرەبی بەرچاوڕوونییەکی هەبێت گەر موسوڵمانبن یاخود مەسیحی. بێگومان ئایندەیش لەچاوەڕوانیماندایە .

سەبارەت بەگوتاری پۆل ڕیکۆر و ڕینێ ڕیمۆن و ئەوانی تر لەگەورە بیرمەندەکان لەبارەی لێبوردەییەوە، بۆ خوێنەر ئاماژە بەو کتێبە هاوبەشە دەکەین کە لەپاریس لەساڵی ١٩٩٨ بڵاوبووەوە بەناونیشانی دەمارگیری. ئێمە ناتوانین لەبارەی لێبوردەییەوە بدوێین گەر ناوی پێچەوانەکەی نەهێنین یانی دەمارگیری. لەبنەڕەتدا لەدوتوێیدا ڕاگۆڕینەوەکانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی باڵا کە یۆنسکۆ ڕێکیخست لەشاری پاریس لەساڵی ١٩٩٧ بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی سۆربۆن. گەورە بیرمەندەکانی چەندین وڵات تێیدا بەشدارییان کرد. لەنێویاندا ئەمبرتۆ ئیکۆ وتی توندڕەوی دژی ئەوانی تر کارێکی ئاساییە لەلای منداڵ، کە مەبەستییەتی هەموو شتێکی پێشی خۆی کە حەزی لێیەتی قۆرخی بکات و دەستی بەسەردا بگرێت. نایەوێت منداڵێکی تر لەو بوارەدا پڕکێشیی بکات. بەڵام لێبوردەیی ئاکامی پرۆسەی تێگەیشتنە بەشێوەی پلەبەپلە. بەو ئاسانییەیش نییە گەر بتەوێت لێبوردە بیت. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە دەمارگیری خۆڕسکییە و لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت. بەڵام لێبوردەیی شتێکی بەدەستهێنراوە و لەڕێگای خوێندنگا و ماڵ و کایەی ڕۆشنبیرییەوە دەست دەکەوێت. لەلایەنی عەرەبی و ئیسلامییەوە چەندین کەسایەتی بەشداریی دانانی ئەو کتێبەیان کرد، وەکو بیرمەندی تونسی محەمەد تالیبی و بیرمەندی جەزائیری محەمەد ئەرگۆن. یەکەمیان بابەتێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی لێبوردەیی و دەمارگیری لەکولتوری ئیسلامیدا. محەمەد ئەرگۆنیش بابەتێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی لێبوردەیی و دەمارگیریی تاقەت پڕوکێن لەکولتوری ئیسلامیدا. توێژەری جەزائیریش مالک شبل بابەتێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی لێبوردەیی و دەمارگیری لەهەردوو ڕۆخی دەریای ناوەڕاست و هتد..


بەهەرحاڵ بەخستنەڕووی ئەم هەموو لێکۆڵینەوە و ڕاگۆڕینەوانە، تێبینی ئەوە دەکەین کە وێناکردنی فەلسەفیی ڕۆشنگەریی نوێ بۆ ئاین، جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ وێناکردنی سەردەمەکانی ناوەڕاست و تاریک خوازیی ئیخوانی، کە بەدرێژایی چەندین سەدە و تاوەکو ئێستایش





لەگەڵیدا دەژیین. بۆیە ئاسان نییە بیگرینە خۆمان. زەحمەتە بەلامانەوە دابڕانێکی کت و پڕی بکەین لەگەڵ ئەو وێناکردنانەدا کە لەکۆنەوە بۆمان ماونەتەوە. هەروەها ئەستەمە بەلامانەوە دان بەوەدا بنێین کە ئاینی خەڵکانی تر پەیوەندیی بەڕاستییەکانەوە هەیە. زەحمەتە بەلامانەوە دان بنێین بەئازادیی ئاینیدا بەمانا ڕاستەقینەکەی : یانی ئازادیی ئاینداری و نائاینداری و سەرەڕای هەموویشی بەهاونیشتمانی دەمێنیتەوە. هەروەها قورسە بەلامانەوە دان بنێین بەسەرفرازیی فرەئاینی و مەزهەبی لەیەک کۆمەڵگادا. ئەوروپایش پێش ئەوەی ڕۆشنگەری و شارستانی بەخۆیەوە ببینێت و بیری زانستی و فەلسەفی بەشێوەیەکی بەربلاو بەدیبهێنێت بەو شێوەیە بوو. پێویستە دانی پێدا بنێین کە بیرۆکەی داخرانی کۆن بۆ ئاین دەبێتە هۆی پێکدادانی شارستانیەکان. بیرۆکەی نوێی کرانەوەی لێبوردەیی کە بۆ نموونە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو پەیڕەوی دەکات، ڕێ خۆشکەر دەبێت بۆ لێکتێگەیشتن، هەروەها هاوپەیمانێتی شارستانی و هەماهەنگیی هاوبەش بۆ خێر و خۆشیی مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکات .

دەمەوێت بڵێم : سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا لەدنیای عەرەبی و ئیسلامیدا کات و وەختێکی زۆر دەخایەنێت. چونکی بۆ هەزار ساڵ زیاتر دەچێت تاریکی خۆی سەپاندووە بەسەر عەقڵ و هۆشەکاندا. کەڵچەری توندڕەویی تاریکخوازی هەژموونی خستووە بەسەر شەقام و ماڵ و کتێبخانە و مزگەوت و زانکۆکاندا. بۆئەوەی ڕووناکی لەدنیای عەرەبیدا سەرهەڵبدات، پێویستە لەسەرەتادا ئەو کەڵچەرە بەهەژموونە تاریکخوازییە هەڵبوەشێتەوە کە لەدایک بوونەوە بۆ مردن زاڵە بەسەرماندا. پێویستە سەرجەم ئەو کەڵچەرە نەهێڵرێت بۆئەوەی ڕووناکی لەمناڵدانی تاریکییەوە سەرهەڵبدات. لەسەر داروپەردووی خانەی کەڵچەری کۆندا خانەی نوێ بونیات دەنرێت. ئەمەیش پرۆسەیەکی قورس و زەحمەتە بۆ



خود، چونکی ڕووبەڕووی شەڕێکی ڕاستەوخۆی سەختمان دەکات لەگەڵ ناخماندا. ئەمەیش هەر دەبێت ڕووبدات.. لەکۆتادا ئەم پرسیارە دەکەین : ئایا بۆی هەیە عەرەب بتوانن لەمەودایەکی دیاریکراودا لەتاریکی دەربازیان ببێت ؟ هەموو ئەمانەو کتێبەکە هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. بێگومان تاریکخوازیی ئیخوانچێتی و داعشی بەردەوام وەکو مۆتەکە خۆی دەسەپێنێت بەسەرماندا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی داهاتوویش چنگی لەگەروومان گیر دەکات. نامەوێت بەوەهم خۆم و ئێوەیش لەخشتەبەرم، چونکی سەرگوزشتەکە دوور و درێژ و ئاڵۆزە. بەڵام هەرچەند پرۆسەی خوێندنی کچان و کوڕان زیاد بکات، ئەوا مێشکیان بەبیری تازە زاخاو دەدەن. چەندێکیش ڕێژەی نەخوێندەواری و هەژاری کەم بکات، ئەوا تاریکییەکان بەڕووماندا دڕیان پێدەدرێت. لێرەدا خاڵێکی بنەڕەتی هەیە : پێویستە تاکی موسوڵمان میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی و فەلسەفی لەسەر بیروباوەڕ و ئاین و دەقە پیرۆزەکان پیادە بکات، ئەویش بەهەمان شێوەی تاکی مەسیحی لەئەوروپادا کە بەناچاری و ڕاڕایی و کۆششێکی زۆر پیادەی کرد. ئەمەیش پرۆسەیەکی ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵکو قورسترین و زەحمەتترین بەربەرەکانێیە لەگەڵ خودی مرۆڤدا. کارێکی ئاسایی نییە گەر بمانەوێت دەستبەرداری ئەو دیدگا پڕ لەشکۆمەندی و پیرۆزییە ببین، کە بەدرێژایی سەدان ساڵە ڕاهاتووین لەگەڵیدا. زۆر ئاسان نییە گەر وازی لێبهێنین و گۆشەنیگای مێژوویی و فەلسەفیی ڕۆشنگەری بۆ ئاین بخەینەجێی. ئەمە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و دوورودرێژە. سەرباری هەمووی لەڕێیە و دێتەکایەوە. نابێت موسوڵمانان خۆیان لەڕەوتی سەردەمی تازە بەدووربگرن. ناشێت هەتاهەتایە بەدورەپەرێزی داخراوبن لەسەر خۆیان. لەدوور یاخود نزیک دۆسیە کۆنەکان یەکالا دەکرێنەوە: مەبەستم لەدۆسیەکانی کولتورە. لەدوور یاخود لەنزیک ئیسلام ئاشتەوایی دەست پێدەکات، نەک لەگەڵ تازەگەرێتیدا بەڵکو لەگەڵ خودی خۆیشیدا. تەماشای ئەو

و ئیسلامیدا  کات و وەختێکی زۆر دەخایەنێت .  چونکی بۆ هەزار ساڵ زیاتر
دەچێت تاریکی خۆی سەپاندووە بەسەر عەقڵ و هۆشەکاندا .  کەڵچەری
توندڕەویی تاریکخوازی هەژموونی خستووە بەسەر شەقام و ماڵ و کتێبخانە
و مزگەوت و زانکۆکاندا .



لێبوردەیی

هەموو ململانێ و پێکدادانە تائیفی و مەزهەبییە گڕگرتوانە بکەن، کە خەریکە هەموومان وێران و وردوخاش دەکات. لەدوور یاخود لەنزیک گەر بەزەحمەت و بەئازاریش بێت، موسوڵمانان دەستبەرداری ئەو بیروباوەڕە تەکفیرییە دەبن کە بەدرێژایی چەندین سەدەیە لەسەری پەروەردە بوونە. بیروباوەڕیەلێکە کە بەجەختەوە وەها هەست دەکەن گوایە باڵا دەستییان هەیە بەسەر هەموو میلەتانی سەر ڕووی زەویدا. تاوەکو ئێستایش دڵ نەواییان پێدەبەخشێت بەوەی گوایە لـەژوور هەموو ئاینەکانی تـرەوەن، سەرەنجام بەهەشت بۆخۆیان مسۆگەر دەکـەن و دۆزەخیش بەشی خەڵکانی تر دەبێت. لێرەوە دابڕان زەحمەت دەبێت و هەندێک جاریش وازهێنان لەو بۆچوونە مەحاڵ دەبێت. سەرەڕای هەمووی دوور بێت یاخود نزیک کەڵچەرێکی ئاینیی نوێ لەسەر داروپەردووی کەڵچەری ئاینیی کۆن سەرهەڵدەدات. لێرەدا گرەو لەسەر پێشهاتەکانی ساڵانی داهاتوو دەکرێت. ئەمەیش مانای دەرکەوتنی ئیسلامی ڕۆشنگەرییە لەجێی ئیسلامی ئیخوانی و داعش و تاریک پەرستی. پرۆسەیەکی گەورە و گران و نایابی ئایندەییە.. ئەمەیش سەرناکەوێت گەر شاکارەکانی تازەگەرێتی و دەستکەوتە ئەدەبی و زانستی و فەلسەفیەکانمان بەدرێژایی سەدەی شازدەیەم تاوەکو سەردەمی ئێستا نەگواستەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. لێرەدا شەڕی وەرگێڕان و بەعەرەبی کردن بەمانای تەسک و بەربڵاوی وشە خۆی دەنوێنێت. ڕاپەڕینی گەورە بەبێ وەرگێڕانی گەورە بوونی نییە .

**تێبینی :**
ئەمە بەشێکە لەکتێبی ڕووناکییەکان و تاریکییەکان لەنووسینی دکتۆر هاشم ساڵح. ماوەیەک پێش ئێستا لەدەزگای ئەلمەدا بەچاپ گەیشت .



# میتۆلۆژیای کوردیی و شکستی گەڕان بەدووی بوونێکی ئامادە



دانا عەسکەر

لە وێنە گشتییەکەیدا خوێندنەوەو نووسین، لە گومانەوە وێنەی دونیایەکی نویٚ تۆماردەکات، گومان لە ترادسیۆن، ئەتمۆسفێری کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی، شکست و دۆگمایی کۆمەڵگا دەبنە بەرهەمی ئەو گومان و دڵەڕاوکێیەی لە هەموو قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا رۆڵی گرنگی دەبینێت و فەزای گشتیی بیرکردنەوە والاٚ دەکات.

## وێستگەی یەکەم: خوێندنەوە ..

دەبێت ئیتر لەوە تێبگەین کە خوێندنەوە تەنها ئەو فۆرمە تەقلیدیە نییە کە ئێمە کەسێک نەسیحەت بکەین ئەم یا ئەو کتێب بخوێنێتەوە، بچێت لە فلاٚنە کتێبخانە یا ئەویتر ئەو کتێبەی بەردەست دەکەوێت، ئەم جۆرە لە تێگەیشتن بۆ خوێندنەوە ڕەنگە زۆر ئاسایی بێت بۆ کەسانێک هێشتا لە ئەلف و بێی خوێندنەوە و نووسین تێنەگەیشتبن، واتا خوێندنەوە دیوی دووەمیی هەیە، کە گەڕانە بە دونیایەکی دی، بۆ ئەوەی لە جەوهەری خوێندنەوە تێبگەین، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندە شاراوەکانی خوێندنەوە تێبگەین پێویستمان بەوەیە مێژوو بخوێنینەوە، ڕابردوو بخوێنینەوە، ڕابردوو نەک بەو مانایەی ئێمە پشت لە ئێستا بکەین و کار لەسەر ڕابردوو بکەین، ئەوەی من باسی لێوە دەکەم ئیشکردنە لەناو قولاٚیی دونیا فەرامۆشکراوەکان، لەناو مێژوویەکی تر، هەڵوێستەکردنە لەسەر ماناکانی بوون، لەسەر ماناکانی وەهم، شۆڕبوونەوەیە بۆ ناو دونیا بیٚ پرسیارەکان، بۆ کەوتنە ئەزەلییەکان، دەبێت لەو مێژووە بکۆڵینەوە کە هەم سەرکەوتنی تێدایە و هەم شکستخواردوویی، دەبێت تێڕامانێکی قوڵیی واقیعبینانەمان بۆ وێستگە فەرامۆشکراوەکانی ژیانی فیکریی و کۆمەڵایەتیی هەبێت، دەبیٚ لەناو ئەو مێژوو + وێستگە لەبیرکراوەکان پرسیاری قووڵمان هەبێت، پرسیارگەلێک لەو وەهم و پەنهانیانە تێبگەین، پرسیار لە زمان و عەقڵ بکەین، پرسیار لەو میتافیزیکانە بکەین کە عەقڵی کوردیی لەسەر بنیادنراوە، دەبێت پرسیار لەو مێژووە بکەین، کە ئینسانی ئێمەی تێدا کراوەتە دەریٚ، دەبێت پرسیار لەوە بکەین بۆ هەریەک لە حاجی قادری کۆیی _ مەولانا خالیدی نەقشبەندیی ، لەژێر سایەی حوکمڕانیی کوردییدا دەربەدەر دەکرێن، بۆ نالی لەداخی ململانێی نێوان دەسەڵاتداریی کوردیدا سەری خۆی هەڵدەگرێت و ولاٚت جێدەهێڵێت ؟ وەک چۆن دەبێت پرسیاری ئەوەش بکەین، ئاخۆ بۆچی دوای شۆڕشی فەرەنسا ( ١٦٨٩ _١٧٩٩ ) .. سەرکەوتنی عەقلاٚنییەت لە خۆراوا لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، جارێکی تر عەقلاٚنییەت لە خۆراوا شکۆی خۆی لە دەست دەدات، بۆچی (ئادۆرنۆ) و (هۆرکایهمەر) لە ژێر دەسەڵاتی نازییەکان ئەڵمانیا جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دەبیٚ بەقووڵیی لەسەر دەقی (مەم و زین ) ی ئەحمەدی خانیی، بوەستینەوە، دەبێت پرسیار لە مژدە و سادەیی و ئینساندۆستی لای ئەحمەد موختار بەگی جاف بکەین، کە سەدساڵی رابووردوودا بە وردی کاری لەسەر نەکراوە.




لەوێنەیەکی تردا دەکرێت بۆ خوێندنەوە بە فەزاگەلی جیاواز و، کەناڵی تازەدا شۆڕببینەوە، ئیش لەناو فۆرمە شکستخواردووەکان بکەین، دەتوانین پرسیارگەلی زۆرتر لەسەر گرنگی خوێندنەوە و، ئەشکالییەتی خوێندنەوە بکەین و، ئاوڕ لە گۆشە تۆزلێنیشتووەکانی مێژوو بدەینەوە، دەبێ ئێمە لەناو تەواوی کایە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و سیاسیی پرسیاری جدیمان هەبێت، قسەی جیاواز و دیدی جیاوازمان هەبێت، هەر جومگەیەکی ژیانی مرۆڤایەتیی لە دۆخی شکستخواردوودابێت، پێویستە سەرەتا کار لەسەر ئارامکردنەوەی سایکۆلۆژیای ئینسان و پاشان دۆزینەوەی گۆشەیەکی دی بۆ هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی باو بکەین، کە تێیدا کلتووری بچوککردنەوە و سوڕانەوە لەناو وەهمێکی کوشندە، وەهمێک سەدان ساڵە ئینسانی ئێمەی بە ژەهریی خۆی گۆشکراوە، تا ئەو ڕادەیەی ببێتە بەشێکی گرنگ لە ژیان و کلتووری کوردیی، ئەوەی مەترسیی لەسەر ناسنامەی ئێمە دروستکردووە، ئەو وەهمەیە تەنانەت لەناو ڕووحی کوردبوونیشماندا فیگەرێکیی ئەکتیڤ و کاریگەرە، بگرە پێش کوردبوون و ئینسانبوونیشمان کەوتووە.

## لە دۆخی کۆمەڵایەتییدا ..

دەبێت ئەوە بزانین خوێندنەوە یا هەڵوێستە لەسەرکردن دەتوانێت بە قوڵایی هەناوی ئاریشەکاندا شۆڕبێتەوە، دەتوانێت دەست بخاتە سەر تەواوی شکستخواردوویە ڕووحییەکانی ئێمە کەلە فەزایەکی تاریک و تۆزلێنیشتوو

## میتۆلۆژیای کوردیی



پرسیار و خوێندنەوەمان بۆ دۆخی هونەریی دەبێ لە پرسیارەکانی دی قوڵتر و ئاڵۆزتر بێت، قووڵتر بەو مانایەی هونەر پەیوەندیی و بەریەککەوتنی راستەوخۆی بە شارستانییەوە هەبێت، هەر میللەتێك خاوەن مێژوویەکی قووڵی هونەریی نەبێت، ناکرێت وەك میللەتێکی زیندوو تەماشا بکرێت

گۆشەگیرکراوە، کە نەدەتوانین لەناو دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەناسەیەک بدەین، نەدەتوانین لە دۆخی کوردبووندا سرووتێکی تایبەت بە ماناکانی کوردبوون و خەونی کوردبوون بە مانا فیکرییەکەی بدۆزینەوە.

ئەو ژەهرەی کە خزاوەتە نێو فۆرمیی مرۆڤبوونمانەوە، بەر لەوەی ژەهر بێت، ترسە، پاشان وەهمە، وەهمێک لەنێوان مەرگ و ژیان بچووکمان دەکاتەوە، دونیایەک خەونی گەورەمان لێدەستێنێتەوە، هێندە بە قوڵی خزاوەتە ناخمانەوە، هەموو یادەوەرییەکانمانی داگیرکردووە، ئەو ژەهرە تەنها بە داگیرکردنی عەقڵمانەوە نەوەستاوەتەوە، بەڵکو لەناو زمانیشمان گەرای کردووە، وەهێمک بەدرێژایی هەزار ساڵ لەنێو ڕووحماندا خۆی تازە دەکاتەوە، ژەهرێک کە لەڕاستیدا جگە لە ژەهرێکی کۆنزێرڤاتیڤانە و ڕاسیزمانە، هیچی تری لەگەڵ خۆی بۆ ئێمە هەڵنەگرتووە، وەهمێک مێژوو+ کە ئێستامانی لەسەر بنیادنراوە، لەپاڵ ئەوەشدا هەموو خەونە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانمانیی تێکشکاندووە، ئینسانبوونیی ئێمەی هەڵداوەتە گۆشەیەکی تاریکەوە، نەدەتوانین دەستبەرداریی بین، نەدەتوانین ببین بە بەشێک لەو ئایدیا کوردکووژ و زڕ برایەی لەناخماندا هەڵمانگرتووە، وێڕای ئەوەی زیاتر لە سەد سیسی ژەمی ژەهریان لێداوین، کەچی کوردبوون لەدەرەوەی دونیا ژەهراوییەکەی ئەوان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و، وەک شەیتان تەماشامان دەکەن، ئەوەی سروشتی ئەم وەهمەی لەناخماند هێشتووەتەوە خۆمانین نەک ئەوانی دی، ئەوەی دەکرێت بۆ خوێندنەوە لە ناو جومگە بنەڕەتییەکانی ئەم وەهمە مەترسیدارەدا بۆی بگەڕێین، پرسیارکردنە لە عەقڵی خۆمان، لەبری ئەو ژەمە ژەهراویانە پێویستمان بە جورئەتە! جورئەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆمان و ئایدیا ژەهراوییەکەی ئەوان، پرسیارکردنە لە هاوسەرگیریی کلتووریی ئەوان لەگەڵ ئێمە، پرسیارکردنە لە مەبادەئی ئەو شەراکاتە(هاوبەشە) ئایدیالۆژیی و بێ نرخکردنە ڕووحییەی لەگەڵ ئێمەدا مۆرکراوە، ئەوەی ئێمەی لەناو خۆیدا کووشتووە دیینە، دیین خۆی ئەم ئیشەمان لەگەڵدا

ناکات، بەڵکو بکەرە مەترسیدارەکانی ناو دیینن ئەو ئەشکالییەتەمان لەگەڵدا پێچەوانەوە دەکەنەوە، دیین شوێنی تایبەتیی و مێژوویی تایبەتیی خۆی هەیە، کە ئەویش ڕووح یا میتافیزیکە، شوێنی یەکەم پەیوەندیی بە ڕووح یا میتافیزیکەوە هەیە، شوێنی دووەم پەیوەندیی بە خودی مێژووەوە هەیە.

## دۆخی هونەریی و ئەدەبیی ..

یەک .. گرنگیدان بە هونەر وەک سەرچاوەیەک بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شار.

پرسیار و خوێندنەوەمان بۆ دۆخی هونەریی دەبێ لە پرسیارەکانی دی قوڵتر و ئاڵۆزتر بێت، قووڵتر بەو مانایەی هونەر پەیوەندیی و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی بە شارستانییەوە هەبێت، هەر میللەتێک خاوەن مێژوویەکی قووڵی هونەریی نەبێت، ناکرێت وەک میللەتێکی زیندوو تەماشا بکرێت، ئەوەی ئێمە لەشارستانییە دێرینەکانی خۆماندا بەدیمان کردووە، ڕووحی و عەقڵیی هونەریی لە دونیای کوردییدا بەریەککەوتنی تـەواوی لەگەڵ مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییدا هەیە، نموونەمان بەشێک لەو دیواربەندانەی کە مێژووی شارستانییەت لە ناوچەکە دەریدەخات، کە هونەر ڕووحێکی زیندوویی ڕەهای لەناو شارستانییەدێرینەکانی ئێمەدا هەبووە، خەونێکی میتۆلۆژیانەی تێدایە کە مێژووی ئەفسانە بە هونەرەوە دەبەستێتەوە، ئەو حیکایەتانەی لە فۆرمی هونەرییدا خۆیان دەگێڕنەوە بۆ ڕووحیان نەخراوەتە بەر؟ بۆچی لەیادەوەریی ئێمەدا نەبوون بە پرسیاری جددیی، کە تێیدا خەونی هونەر و ئەفسانە بە شارەوە ببەستینەوە؟ ئەوەی وامان لێدەکات پرسیار لە بوون یا نەبوونی ڕیشەی قووڵی هونەر و ئەفسانە لەناو دونیای کوردییدا بکەین، کەمتەرخەمیی و خوێنساردیی ئینسانیی کوردە، کە نەیتوانیوە ئەو قوڵاییە بگوازێتە یـا تـەرجـەمـە بکاتە سـەرغـەمـی کـوردیـی، بەشێکی زۆری شارستانییەکانی دوونیا ،مێژووی هونەریی و ئەفسانەکانی خۆیان وەک پاکێجێکی سیاسیی تەماشا دەکـەن، ئێمە نەک دەستمان بۆ خەونی قوڵیی هونەر نەبردووە، بگرە نەمانتوانیوە مۆزەخانەیەکیشمان هەبێت بۆ کۆکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی هونەر لەچوارچێوەی ژیان لە ناو دونیای کوردییدا، ئەم پرسیارانە دەکرێت وەک خوێندنەوەیەک بۆ شار تەماشا بکەین، کە واتا هەموو پەیوەندیی نێوان شار و هونەر دەزانین، ئەگەرچی لەناو تایبەتمەندی شاردا خەونی تریش هەیە، بەڵام یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەرکەوتنی سیمای شار کە لە قووڵایی شارستانییەوە سەرچاوەی گرتووە، هونەرە، پرسیار ئەوەیە لەمێژوودا بۆمان دەرکەوت ئەوەی زیاتر وەک سـەرچـاوە پشتی پێدەبەسترێت، هـونـەرە، لە مێژووی کۆندا هونەر پەیوەندیی قوڵیی بە سیاسەت و ڕەسمی سیاسەتکردنەوە هەبووە، زۆرجار ئەو قسەیەمان بیستووە، ئەوانەی مێژووی خۆیان دەنووسنەوە، بە

ئینسافەوە نایںووسنەوە، بەڵام کەس ناتوانێت نکۆڵی لە هونەری دیواربەندی چاخەکۆنەکان بکات، ئەو جۆرە هونەرە رەسمی نەخشەی واقیعێکی زیندووە، کە ناتوانرێت دەستکاریی فیکریی و هونەریی بکرێت، ئەمە ئەندێشە و بیرکردنەوەی ئێمەیە دەتوانێت وێنەی ئەو خەونانەی لەناو رەهەندەکانی هونەردا زیندوویی میللەت و مێژووەکەی بخاتەڕوو، کە ئێمە تەنها ئیش لەسەر هونەر ناکەین، بەڵکو لەناو هونەردا خەونێک هەیە، دەبێ ئێمە لەو خەونە بکۆڵینەوە، کە بەشێکی گرنگە لە شارستانیی و فیکریی ئێمە. کەمتەرخەمیی لەئاست هونەر و تایبەت تریش هونەر سەردەمی چاخەکۆنەکان و شوێنەوارەکان، داخستنی ئەو دەرگایەیە کە شارستانییەت و هونەر لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئێمەیان کردووەتەوە، ئێمە دەبێ بەدوای پرسیار و خوێندنەوەی قووڵتردا بگەڕێن، بۆ ئەوەی لە ئەشکالییەتی کوشتنی ڕووح و دونیابینی هونەرو ئەفسانەی لەدەستچوومان، لەوانە مۆسیقا، شانۆ، ئەدەب، رۆشنبیریی گشتیی بکۆڵینەوە، دەبێ رۆڵی پەروەردە و خەونی منداڵ و هەرزکار لەناو دۆخی کۆمەڵایەتی ئێمەدا جێبکەینەوە، ئەمەش پرسیارێکی تری قووڵە کە مێژوویی پەروەردە و عەقڵی ئێمە بە جیدی لەسەری نەوەستاوە، ئەو پرسیارە قووڵەی کە لە خەونی گەنجدا دەبێ بکرێت دەزانن چەند گرنگە؟ ئایا تا ئێستا پرسیارمان لە غەمی گەنج کردووە؟ ئەو توێژەی کە دەکرێت بۆ ناو خەونەگەورەکەی ئێمە ئامادەبکرێت،



مەولانا خالیدی نەقشبەندیی

چی لەبارەوە گووتراوە؟ گەنج لە کوێی ئەم هەموو هاوکێشە ئاڵۆزانەدایە کە دونیای ئێمەی لەسەر بنیاد دەنرێت؟ بۆ ئەوەی قورسایی پرسیار لە گەنج بکرێت پێویستە خوێندنەوەیەک بۆ تایبەتمەندیی گەنج بکەین، گەنج سرووشتێکی چەند لایەنەی هەیە، بۆیە ناکرێت لە کۆی ئەم سروشتە جیاوازانە پرسیارێکی لەقاڵبدراوی لێبکرێت، دەکرێ ئێمە بپرسین ئایا گەنجێتیی تەمەنێکی بایۆلۆژییە یاخود تەمەنێکی کۆمەڵایەتیی سوسیۆلۆژییە؟ یاخود ئەو خەسڵەتەی گەنج گوزارشت لە گەنجێتیی خۆی دەکات کە پەیوەندیی بە چالاکیی جەستەیی و عەقڵیی خۆیەوە هەیە؟ یان پەیوەندیی بە کلتوور و دابونەریتەوە هەیە، کە کۆمەڵگا بەرهەمی دێنێت، ئەوەی تەمەنیی گەنجێتیی پێدا تێدەپەڕێ ڕەنگە هیچ کام لە تەمەنەکانی تری منداڵیی و پیریی بەقەد تایبەتمەندیی گەنجێتیی لە دۆخێکی ناهاوسەنگیدا نەژین، چونکە لەیەک کاتدا گەنج گیرۆدەی دەستی دوو جۆر تێڕوانین و مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیع و گیروگرفتەکانی، ئەوان لەنێوان دوو هێزی کلتووریی و عەقڵیدا مامەڵە دەکەن، واتا لە نێوان دوو هێزدا نەگەنجن وەک تایبەتمەندیی گەنج، نە پیریشن وەک تایبەتمەندیی پیرێتی، هێزێکی جەستەیی لە ناوەوە داوای بەجێهێنانی ئەرکی گەنجێتیی لێدەکات، کە پەیوەندی بە دۆخی سایکۆلۆژیی و غەریزییەوە هەیە، هێزێکی تر داوای بەجێهێنانی ئەرکی کۆمەڵگای لێدەکات، کە ئەمەیان زیاتر گرفتی گەنجی ئاڵۆز کردووە.

لێرەوە دەبێت بزانین گەنجێتیی چ روئیایەکی لەڕابووردوو + ئێستا بنیادناوە، ئایا کێشەی دۆخی فیکریی و کۆمەڵایەتی ئێمە لە تێنەگەیشتنی گەنجە لە خوێندنەوەیان بۆ دونیا و دەورووبەر، یاخود ئەوە ئێمەین نەمانتوانیوە هەڵوێستەیەک لەسەر دۆخی گەنجێتیی بکەین؟ ئەم پرسیار و خوێندنەوەیەش وەک ئەوانی تر دەبێت زۆر بەقوڵیی لەسەریان بوەستین.

دوو .. گرفتی دۆگمایی ئەدەبی کوردیی لەنێوان قۆناغەکانی ڕۆمانتیک و ریالیستدا ..

لە فۆرمە بینراو و بیستراوەکەیدا ئێمەش هەموو قۆناغەکانی رۆشنبیریی و ئەدەبیمان ئەزموون کردووە، واتا پێیدا تێپەڕیوین، کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیست، ڕیالیستی جادوویی، یاخود تازەگەریی.

بۆ ئەوەی هەڵوێستەیەک لەسەر ئەزموونی ئەدەبیی کوردیی بکەین، کە پەیوەندییەکی ڕیشەیی لەگەڵ ئەزمونی ڕۆشنگەرییدا هەیە، دەبێ لەناوەڕۆکدا پرسیاری ئەوەبکەین، لەسەد ساڵی رابووردوودا، واتا لەسەردەمی ( ئەحمەد موختاربەگی جاف ) ەوە تا ئەمڕۆ، بۆچی ئەدەبیی کوردیی کە لەجەوهەردا لە نێوان قۆناغی ڕۆمانتیک و ڕیالیستدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر نەهاتووە؟ دەبێ تا ئێستا ئێمە ئەم پرسیارەمان لەسادەیی خۆمانەوە نەکردبێت، یا هەڵوێستەمان لەسەر نەکردوو؟ بۆ ئەوەی لە سادەیی پرسیار و هەڵوێستەکردنیش بکۆڵینەوە، دەبێ لە ئەزموونی

## میتۆلۆژیای کوردی



هەرچەندە قسەکردن لەسەر دۆخی سایکۆلۆژیی و غەریزە هەندێکجار لە بابەتەکەمان دوورمان دەخاتەوە، بەڵام جەوهەریی باسەکەمان کە پەیوەندیی بە دۆگمای ئەدەبیی کوردیی لەو دوو قۆناغەدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو حاڵەتەوە دەبێت، کە لەسەرەوە باسمان لێوەکردن، واتا سایکۆلۆژیای تاك یەکسانە بە سایکۆلۆژیای کۆمەڵگا،

شۆڕشی فەرەنسا + ڕێنیسانس + شۆڕشی ٦٨ی خوێندکاران، لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و بە تایبەتیی لە چلەکان لەسەردەمی (گۆران )وەک تازەکەرەوەی شیعری کوردیی دەژمێردرێت، لێرەدا ناکرێت ڕۆڵی (شێخ نووری شێخ ساڵح )مان لەبیربچێتەوە، کە بەشێکی زۆر کاریگەرە لەو پرۆسەیە، تا دەگاتە سەرەتای حەفتاکان بەدەرکەوتنی گرووپی ڕوانگە، لە هەمان کاتدا گرووپی کفریی، ئەم إەمساردییەی لە سەد ساڵی ڕابووردوودا بە ڕووحماندا شۆڕبوەتەوە، خۆی لە ماناکەیدا دوو پرسیاری قورسی هەڵگرتووە.

١_ پرسیاری رزگاربوونی ئینسان لەناو هەڵچوونی غەریزەدا.

٢_ رزگاربوون لە وەهمی گوتاریی حەماسەت.

نووسەر و دەرهێنەری رووسیی ئەندرێ تارکۆفسکی دەڵێ:

هونەر پرسیارە لە بوون!

ئەم قسەیەی تارکۆفسکی دەمانباتەوە سەر پرسیاری رزگاربوونیی ئینسان لەناو هەڵچوونی غەریزە،

لە کوێ ئینسان گرفتی غەریزەیی هەبوو لەوێ مێژوو لە جوولە دەکەوێت، واتا خەونی ئینسان کە خوێ لە کۆمەڵگا دەبینێتەوە لە پێشکەوتن دەوەستێت، دیوێکی تری گرفتی غەریزە، کوشتنی ڕووحی ئینسان و بچووککردنەوەی ئینسان لەناو غەریزە و لە واقیع لەیەک کاتدا.

هاوڕێیەک پێی وتم لەگەڵ گەنجێکی رۆشنبیریی ئەڵمانیی قسەمان لەسەر ئازادیی ڕووحی تاک دەکرد، لەناو قسەکانمان، قسەمان لەسەر دیین و پرسیارکردن لە دیین دەکرد، ئەو گەنجە رۆشنبیرە ئەڵمانییە پرسیاری ئەوەی لێکردم، ئێوە فیلمی سێکس تان هەیە؟ هاوڕێکم وتی ئەم پرسیارە ڕایگرتم وەڵامم نەبوو، وتم نەخێر لای ئێمە شتی وا بوونی نییە، بەڵام ئێمە گۆرانی سێکس ی مان هەیە، گەنجە ئەڵمانیەکە پێکەنی و وتی: ئێوە جورئەتی ئەوەتان نییە موومارەسەی ئازادیی ڕووحی بکەن، بۆیە پەنا بۆ سێکس کردن لە ناو گۆرانییدا دەبەن، ئێوە جورئەتی ئەوەتان نییە پرسیار لە دیین بکەن بۆیە سێکس وەک گرفتێکی زۆر گەورە تەماشا دەکەن، سێکس لەناو ڕووحی ئێوەدا بووە بە کێشەیەکی زۆر گەورە و هەموو ژیانی ئێوە سێبەری سێکسیی بەسەرەوەیە، تا سێکس لە فۆرمی خۆیدا وەک ویستێکی ڕووحی لەناو خۆیدا بچووک نەکرێتەوە، تا دیین

نەگەڕێتەوە بۆ شوێن و زەمانی خۆی، ئێوە ناتوانن لەم فۆرمەی ئێستاتان جیاوازتر بن! گرفتی ئێمە ئالێرەدایە، هەموو ئەندێشە و زمانمان لەناو شکستی ڕووحییدا گەورە دەبێت، هەموو خەونی ئێمە لەو دۆخە سایکۆلۆژییە ناجێگیرەدا قەد دەگرێت، لێرەوە دەگەینە سەر ئەوەی جارێکی دی پرسیاریی ئەوە بکەین، وەزیفەی ئایین چیە؟ خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئینسان وەزیفەیان چیە؟

هەرچەندە قسەکردن لەسەر دۆخی سایکۆلۆژیی و غەریزە هەندێکجار لە بابەتەکەمان دوورمان دەخاتەوە، بەڵام جەوهەریی باسەکەمان کە پەیوەندیی بە دۆگمای ئەدەبیی کوردیی لەو دوو قۆناغەدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو حاڵەتەوە دەبێت، کە لەسەرەوە باسمان لێوەکردن، واتا سایکۆلۆژیای تاک یەکسانە بە سایکۆلۆژیای کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی لە بنیاد و فیکریی شیعر لە قۆناغی کلاسییەوە تەماشای بکەین، دەبێت هەڵوێستە لەسەر جۆری دڵەڕاوکێی شیعر لەو قۆناغانە بخەینەڕوو، کە دونیای ئەدەبیی و فیکرییان لەسەر بنیادناوە، دڵەڕاوکێ لای مەحوویی لە فۆرمێکی ئایینیدا خۆی نیشان دەدات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو دڵەڕاوکێیە شوێنی خۆی دەدات بە دڵەڕاوکێی ڕۆمانسیی، ئەمیش لە قۆناغێکدا کە مرۆڤایەتیی لەشەڕێکی قورسدایە لەگەڵ فۆرمی ژیان و ترادیسیۆنیی کۆمەڵایەتیی، ئەم شەڕە تا ئەمڕۆ درێژە دەکێشێت، لە وێنەیەکدا ئەم شەڕە هێندەی ترسە لە گەورە کردنەوەی خەونیی شکستی سایکۆلۆژیی و غەریزەییەکان، نیو هێندە پرسیار نییە لە خودی شکستی سایکۆلۆژیی و غەریزەیی. کاتێک سایکۆلۆژییای کۆمەڵگا گیرۆدەی دۆخێکی دەروونیی ناجێگیر دەبێت، کاتێک شەڕی سایکۆلۆژیی یا غەریزەیی شوێنی خۆی بۆ شەڕێکی سیاسییانە چۆڵ دەکات، ئیتر ئێمە لەوە تێدەگەین زمان و خەیاڵی ئێمە لە دۆخی هەڵچوونی دەروونییەوە دەچێتە دۆخی هەڵچوونی سیاسیی.

پرسیاری ئێمە ئەوەیە لەسەد ساڵی ڕابووردوودا، لە دوای جەنگیی جیهانیی یەکەمەوە، بۆچی ئەدەبیاتیی ئێمە، زمان و خەیاڵی ئێمەی لەنێوان ڕۆمانتیک و ڕیالیستدا تووشی دۆگماییەکی بێ سەرەوبەرە کردووە، بۆچی تاکوو ئێستا پرسیاری ئەوەمان لە خۆمان نەکردووە، کە بۆچی ئەدەبیی ئێمە تا ئێستا لە فۆرمی بیرکردنەوەدا هەر لە قۆناغی ڕۆماتیک و ڕیالیست ڕزگاری نەبووە؟ پرسیاری ئێمە ئەوەیە، درەختی ئەدەبیی ڕشۆمانتیک و ڕیالیست چمان بۆ دەگرێت؟ میوەی ڕۆمانسییانە یا وێنەی تووڕەبون و حەماسەت؟ ئێمە دەبێت ئەوەش بزانین بەشێکی زۆری شارستانییەتەکانی دونیا لەناو پرسیارە قووڵەکانی شیعرەوە بوونیادنراون، غەمی شیعر خەمی دروستبوونی شارستانییەت و غەمی ئینسانبووە، پێچەوانەی شیعر لە قۆناغی حەماسەت کە پەیوەندیی بە وشیاری سیاسییەوە هەیە، یانی دڵەڕاوکێی شیعر لە وێنە ڕۆمانسییەکەیەوە شوێنی خۆی بۆ دڵەڕاوکێی سیاسیەت چۆڵ دەکات، واتا لە فۆرمێکدا شیعر پرسیاری قووڵی لەناخیدا هەڵنەگرتووە، وەزیفەی ئێمە لەم بابەتەدا ئەوەیە، پرسیاری سادە

لەشیعر بکەین ئەویش ئەوەیە، پێویستە شیعر لەو تووڕەییە رزگاربکەین کە پەیوەندی بە سایکۆلۆژیایەی کۆمەڵگاوە هەیە، لە کوێ شیعر بەخەیاڵێکی قووڵ و زمانێکی سادە پرسیاری فیکریی لە ناخیدا هەڵگرتبوو، واتا کۆمەڵگاش لە دڵەڕاوکێی غەریزە و تووڕەیی ڕزگاری بووە، ئەمە ئەم وێنەیەبوو کە ئێمە لەخەیاڵماندا بەدوویدا دەگەڕێین، پرسیاری سادەتر ئەوەیە، بۆچی دوای زیاتر لە سەد ساڵ، واتا لە دوای جەنگیی جیهانیی یەکەمەوە شیعر و ئەدەبیاتیی ئێمە کە هەم پرۆسەیەکی زمانەوانیی و هەم عەقڵیشە، نەیتوانیوە خۆی لەو ئاڵۆزیی و دڵەڕاوکێیە رزگار بکات! بۆچی تا ئێستا لەهەناویدا پرسیاری فیکریی و مەعریفیی هەڵنەگرتووە؟!

## دۆخی فیکریی ..

بێگومان خودی خوێندنەوە سەرچاوەکەی پەیوەندیی بە عەقڵەوە هەیە، واتا لە دۆخی دۆگمایی و بێ پرسیارییدا ئێمە پێویستمان بە پرسیارە لەسەر سەرکەوتوویی و شکستی عەقڵانییەت، گەورەترین دەستکەوتی فیکریی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا شۆڕشی فەرەنسایە ١٧٨٩_١٧٩٩، لەسەدەی هەژدە فەرەنسییەکان لەدژی نایەکسانیی و گەندەڵیی و دەرەبەگایەتیی کەرامەت و ژیان بۆ بەشەرییەت دەگەڕێننەوە، ئەمە وادەکات تا ئەم چرکەساتە خەڵک شانازیی بە شۆڕشیی فەرەنساوە بکات، پرسیار ئەوەیە بۆچی دوای زیاتر لە سەدەیەک جارێکی تر لەسەرەتای سەدەی بیست مرۆڤایەتیی تووشی شکستی ئەخلاقیی دەبێتەوە و، عەقڵانییەتی خۆراوا خۆیی و دەستکەوتەکانی دەکەونە ژێر پرسیاری قورسەوە؟


جەنگیی جیهانیی یەکەم ١٩١٤ زەنگێکی زۆر مەترسیداربوو بەرۆکی عەقڵانییەتی خۆراوای گرت، لە کاتێدا عەقڵیی خۆراوا تا جەنگی جیهانیی یەکەم عەقڵێکی باڵادەست بووە، لەپڕ بەشەرییەت تووشی ئەم قەیرانە دەبێت و بۆ یەکەمجار فڕۆکە لەئاسمان بۆردوومانی خەڵک دەکات، بۆ مرۆڤ لەپڕ بەجوولەیەک دەگۆڕێت و لەناوخۆیدا ئەو ڤایرۆسی خۆکووژییەی هەڵگرتووە؟

ساڵی ١٩١٩ پۆڵ ڤالیری شاعیر .. بەتووندی زانست و عەقڵیی رۆژاوا رەخنە دەکات و دەڵێت: ( ئەستەمە ڕۆشنگەرەکانی ئێمە لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە، قەیرانی عەقڵ و عەقڵانییەت حاڵی بن، چونکە ئێمە هێشتا لە کۆت و بەندی عەقڵی تیۆلۆژیی تەقلیدیی رزگارمان نەبووە ).

ئەمە پرسیاری ڕۆشنبیرانی ئەورووپابوو لە خۆیان، داخۆ عەقڵانییەت لەبەرەکانی جەنگ کوژرا؟ یاخود ڕۆشنگەریی لە جەنگی فەردان هەرەسیهێنا؟

ساڵی ١٩١٦ لەشاری (زیورخ )لەسەردەستی ماکس ئارنست و تریستان تزارا و مارسێل شام و چەند کەسێکی تر، بزوتنەوەی (دادائیزم) دادەمەزرێت، ئەم بزوتنەوەیە تەنها بەگژ کۆت و بەندی هونەریی ئەکادیمیی کلاسیکدا نەچوو، بەڵکو هاوکات لە دژی شارستانییەتی شکستخواردووی خۆراواش ڕاپەڕیی، سەرەڕای شکۆبەخشی بە ڕۆشنگەریی،

کەچی رۆڵەکانی ڕەوانەی ئەو جەنگە ناڕەوایە کردووە.
ئەم بارە نەخوازراوەی خۆراوا، ئینسانی لەو دۆخە نەخوازراوە هێندەی تر تووشی شکستی ڕووحی کرد، هەر ئەمەشە وادەکات پاش ئەوەی بزوتنەوەی( دادایزم )نەیتوانی کاریگەریی بەسەر ئەو دۆخەدا هەبێت، بزوتنەوەیەکی گەورەتر دەردەکەوێت کە ئەویش بزوتنەوەی سوریالیزمە.
سوریالیزم لەناوخۆیدا هەڵگری ڤایرۆسی خۆکووژییە، ئەمە پێچەوانەی پرسیاری ئاخۆ دەبێ چ بکرێت بەرانبەر شکستی عەقڵانییەت، سوریالیزم گرنگی بەو هێزە شاراوە و شەڕانگێزانە دەدات کە کۆنترۆڵی ناخودئاگایان دەدا، واتا ئینسانیان لەو سەردەمە هێندەی تر تووشی شکستی ڕووحی دەکرد و، بێئومێدی مرۆڤی دووچاری دابڕانێکی قوڵ لەگەڵ بووندا کرد، هەر لەوسەردەمەدا فرۆید دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە رشەشبینییەکانی سەبارەت بە ئایندەی شارستانییەتی خۆراوا کرد، ئەمە جگە لەوەی باسی لە ( تاناتۆس ) دەکرد، پێی وابوو ئەم غەریزەیە، واتا تاناتۆس لەناخی مرۆڤدا هەیە و هانمان دەدات بۆ ئەوەی حەز لە خۆکوشتن و وێرانکردنی خۆمان بدەین، پاشان لە دواساتەکانی ژیانی هەردوو کتێبەکەی بڵاوکردەوە، ئەوانیش، (ئایندەی وەهم ١٩٢٧ )،( نیگەرانی ژیار ١٩٣٠).
ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە پرسیار و ئیشکردنە لەسەر هەستانەوەی ئینسان و هەڵوەشاندنەوەی عەقڵییەتی شەڕانگێزیی و شکستخواردووییەوە، بۆیە لەناو هەموو ئەو شکست و شەڕانگێزییەدا، سەرەڕای وەحشیگەرایی جەنگ،



هەندێک فەیلەسوف دەستبەرداری پرۆژەی ڕۆشنگەریی نەبوون، فەلسەفەی نیوکانتیزم کە ترۆپکی ڕۆشنگەریی خۆراوابوو، هایدگەر لەدژی پرۆژەی ڕۆشنگەریی، فەلسەفەی کانتیزم شەڕێکی فیکریی قوڵی لەگەڵ قوتابخانەی ( ماربۆرگ) هەڵگیرسان کە ( ئارنست کاسیرەر ) ڕابەرایەتی دەکرد، هایدگەر پێی وابوو دەبێ ئەوانە تێکبدەین کە تائەمڕۆ بنەماکانی میتافیزیکی خۆراوایان پێکهێناوە، ئەوانیش (ڕووح، لۆژیک، عەقڵ ) ئەمە یانی دەبێت دەستبەرداریی ئەو ترادسیۆنە عەقڵانییەبن کە لەسەدەی هەژدەوە بڵاودەستە، لەم شەڕە فیکرییەی کە لەهەموو قۆناغێکدا پێویستە عەقڵانییەت لەناو چێوەیەکی گوماناویدا تەماشابکەین، لەم شەڕە فیکرییەدا (هایدگەر) بەسەر( کاسیرەر)دا سەردەکەوێت، ئەمەیە وادەکات خۆراوا پێیوایە عەقڵانییەت بەسەر ناعەقڵانییدا سەرکەوت، ئەم پێشوازییەی خەڵک بۆ پرۆژەکەی هایدگەر لە هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی میتافیزیک لەم قۆناغەدا، پرسیارە لە عەقڵانییەت و شکستی عەقڵانییەت، بەداخەوە ئەو دۆخە درێژەی نەکێشا ئەمجارەیان (فاشیزم) و (نازیزم ) حوکمی ئەڵمانیا دەگرنە دەست و، شەڕێکیماڵوێرانی تر بەرۆکی خەڵک دەگرێت و جارێکی دی شەڕ لە دژی عەقڵانییەت و تەواوی عەقڵ دادگایی دەکرێت، کە قوتابخانەی ( فرانکفۆرت ) ڕابەرایەتی دەکرد و، ڕاستەوخۆ لە لایەن ( هۆرکایهمەر و ئۆدۆرنۆ) سەرپەرشتی دەکرا، دەرەنجام هەریەک لە ئۆدۆرنۆ و هۆرکایهمەر لە ترسی نازییەکان ئەڵمانیا بەجێدەهێڵچن و، رشوو دەکەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵی ١٩٤٧ کتێبێکی گرنگ بە ناوی ( دیالێکتیی عەقڵ ) بڵاودەکەنەوە.

وێستگەیی دووەم: نووسین ..

نووسین هەم پرۆسەیەکی زمانەوانییە ، هەم عەقڵییە ..

**١- زمانەوانییە ..**

بەومانایەی زمان ڕەسمی نەخشەی بابەتێکت بۆ دادەڕێژێت، کە دەبێتە پرۆژەیەکی کردەیی، ئەوەی ئەم وەزیفەیە چالاکتر دەکاتەوە، تێڕامان و شۆڕبوونەوەیە بۆ نێو چالاکیی زمانەوانیی و پێشکەوتنی دەربڕینی زمانەوانیی ..

کاتێک کایەی ڕۆشنبیریی گەشە دەکات، دوو فاکتەر دەبنە پاڵنەر و سەرچاوەی بنیادی عەقڵیی، ئەوانیش ( زمان و فیکر ) دەبن.

لە گۆشەیەکی ترەوە ئەگەر تەماشای قوڵایی زمان و فیکر لە ئەدەبدا بکەین، جەوهەری ئەفراندن لەم چەمکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوانیش فەنتازیا، ئیستاتیکا، تەکنیک، شوێنکات، زمان، فیکر.

ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێدەکەین، ئەو تێڕامان و بیرکردنەوە و تەکنیکە نییە کە پێشتر بۆ نموونە لە حەفتاکان یا شەستەکان قسەمان پێدەکرد و پێمان دەنووسی، ئەمە نەک بەو مانایەی ڕێساکانی زمانەوانیی تێکبشکێنین کە بریتین لە ( ناو، ڕاناو، بکەر، فەرمان، کردار ) ئەم ڕێسایە هەموو مەرجەکانی زیندوویی زمانەکانی لەسەر بنیادنراوە، هەرکاتێک دەستکاریی ئەم ڕێسایانەکرا، ئەوا زمان تووشی

ئەشکالییەتی گەورە دەبێت و فۆرمی تێگەیشتن لە مانادا دەگۆڕێت، کە ڕشاستەوخۆ پەیوەندی بە میتافیزیک و بوونەوە هەیە، بۆ نمونە لیمۆ، لیمۆ پەیوەندیی بە پێکهاتەی لیمۆ وە هەیە، کە لیمۆی ترشە یا شیرین، پەیوەندی بەڕەنگەوە هەیە، پەیوەندی بە زەمەن و کاتی لیمۆ وە هەیە.

٢- عەقڵییە ..

بەو مانایەی فیکر لەو بابەتەدا ئامانجە، بۆ ئەوەی بابەتێکی بەسوود بە تێگەیشتنە گشتییەکەمان هەبێت، دەبێ ئاگاداریی ڕەگەزەکانی زمانەوانیی وچەمکە زیندووەکانی دی، کە نووسین بە تێرامانە ورد و سەرنجڕاکێشانەوە وێنا بکەین، ئەوانیش، فەنتازیا، ئیستاتیکا، تەکنیک، بابەت، لۆکەیشن، ئەمە بۆ دەقی شیعریی دەتوانین بەم شێوەیە بینای زمان و فیکر بکەین، وێنەیەکی دی بۆ ڕۆمان، پەیوەندیی لەگەڵ ئەم چەمکانەدا هەیە، ئەوانیش گێڕەرەوە، سایکۆلۆژیای کارەکتەر، حیکایەت، ئەفسانە، فلاشباگ، بەڵام ئیستا بەشێوەیەکی دیار گرنگی بە خوێندنەوەی بابەتی ڕیالیستیی ئەفسوناوی ( واقیعی سیحریی ) دەدرێت. لێرەدا دەکرێت بە دوو ئاراستە قسەی لەبارەوە بکەین، یەکەم: ئەوەی دەکرێت نووسین ئیشکردن بێت لەسەر نووسینێکی تر یا مێژوویەکی تر.

دووەم: دەکرێت نووسین کەشفکردنێکی فیکریی یا مەعریفی جیاواز بێت، لەناو قوڵایی شکستەکانەوە فیکر بەشێوەیەکی دیار گەشە بکات، هەر نووسینێک لەدەرەوە ئەم تێڕوانین و دیدە بێت دۆخی ناجێگیر دروستی دەکات، لەتاکدا دۆخی سایکۆلۆژیی ناجێگیر و لە کۆمەڵدا توندوتیژی بەرهەم دێنێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا، واتا لە چەمکی خوێندنەوەدا، باسمان لە هەڵوێستەکردن لەسەر مێژوویەکی تر کرد، بەڵام لە نووسیندا قسە لەسەر ئیشکردن لەسەر مێژوویەکی تر دەکەین، واتا هەم مێژوو ڕەخنەی دەکەین و، هەم ئەلتەرناتیڤ بۆ مێژوو دەدۆزینەوە، ئەوەی ئێمە لەسەری دەوەستین ئەو نووسین و ڕەخنەکردن و ئەلتەرناتیڤانەن، کە بەشێک مێژووی بەشەرییەتی لەسەر وەستاون، لە وێنەیەکی تردا کە نامانەوێ دونیای کوردیی بخەینە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، قسە لەسەر چەند وێستگەیەکی فیکر و گووتاری ڕۆشنگەریی و زمان و دڵەڕاوکێی شیعری کوردییش دەکەین، کە لەڕاستیدا ئیشکردنی ئێمە لەناو قورسایی ئەم بابەتە گەیشتنە بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی باو، کە لە ڕەحمی کلتوور و ترادسیۆنیی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

سەرەتا بە کورتی قسەیەک لەسەر ڕەگی شیعریی لەناو زمان و روئیای شیعری کوردییدا دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی لە قوڵایی شیعریی کوردیی تێبگەین، پێویستە دیدێکی وردمان لەسەر دۆخی شیعری کوردیی لەقۆناغی کلاسیکدا هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە دێین قسە لەسەر زمان و روئیای

مەحوویی دەکەین و، دواتر قسە لەسەر ئەو فۆرم و زمانە شیعرییە دەکەین، کە دوای زیاتر لە سەدەیەک بەسەر زمان و دڵەڕواکێی لە شیعری کوردییدا هاتووە، بۆ ئەوەی لە خەون و زمان و فیکری شیعریی کوردییدا، قسە لەسەر مانا و دڵەڕاوکێی شیعر لای مەحوویی بکەین، کە لە کلاسیکەوە تا ئێستا یەک جۆر تێڕوانین و فیکریی تێدابەرقەراربووە، دەبێ پرسیار لە مانا قوڵەکانی شیعر بکەین، ئەگەر لەسەد ساڵی ڕابوردودا زمان و خەیاڵ لای مەحوویی گومان و دڵەڕاوکێی لەناو ئیماندا چڕکردوەتەوە، دەبێ ئێستا شیعر هەڵگری جۆرێک لە پرسیار و دڵەڕاوکێی و گومان بێت، دەبێ لەم دۆخەدا شیعرخەونێکی گەورەی لە گومان و دڵەڕاوکێی هەبێت، خەونێک ئینسان لەو سەرسامیی و نائومێدییە بە ئیرادە بکات، ئەگەر گوناح لای مەحوویی ڕەگێکی لە ناو سۆفیزم و ئایندا بێت، دەبێ بۆ دۆخی ئێستا هەم لە قوڵایی مێژوییەوە، هەم لەناو گەشەی زمانەوە قسە لەسەر توانای عەقڵیی و فیکریی هەبێت، دەبێ قسەمان لەسەر وەهم و بچوککردنەوەی ئینسان لەناو وەهمی کلتوری کۆنزێرڤاتیڤی هەبێت، ئەگەرچی ئەم خەونانەی ئێمە باسی لێوە دەکەین لە شیعردا خەونگەلێکن پەیوەندییان بە سروشتی بیرکردنەوەی ئێمە بە هوشیارییەکی سیاسییەوەیە هەیە، دەکرێت قسە لەسەر چوارچێوەی ئەو خەونەش بکەین کە لەناو سروشت و بووندا سەرچاوە دەگرێت، خەمێکی تری ئێمە ئەوەیە کە چۆن لەو فۆرمە ڕیالیستیە بیرکردنەوەمان بە بەشێکی گرنگ لەناو خەون و دڵەڕاوکێی شیعر و زمانی شیعریی، کە ڕێگای ترمان بۆ دەخاتە بەردەست، ئەگەر پرسیاری ئێمە لە زمانی شیعریی ئەوەیە بێت، کە زمان




هەواڵنامەی کتێب

و دڵەڕاوکێی گووتاری شیعریی لە قۆناغەکانی کلاسیک و ڕۆمانتیک و ڕیالیستدا لە هەناوی سۆفیزمیی ئایینی و خەونی عاشقانەوە بگوازرێتەوە بۆ تووڕەبونێکی ڕەها، ئەوا دەبێت ئەلتەرناتیڤی ئێمە ئەوە بێت زمانی شیعریی زۆرترین پرسیار و نائومێدی لە هەناویدا هەڵگرتبێت، کە بریتین لە پرسیار لە وەهم و گوناحەکانی ناو قورسایی کلتوور و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی لەسەرەتاوە لەبارەی نووسینەوە ئاماژەمان پێدا، کە نووسین وێـڕای ڕەخنەکردنی مێژوویەکی ترە، ئیشکردنە لەسەر دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕەوینەوە لەو ناڕوونییە و شەڕانگێزییەی کە ئینسان لەناوخۆیدا هەڵیگرتووە، بۆ ئەوەی نووسین وەک چەمکێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی ئینسان بخەینەڕو، دەبێ چەند وێستگەیەکی گرنگ لە دونیا بە گشتیی و دونیای کوردیی بە تایبەتی بەسەر بکەینەوە، لە چەمکی خوێندنەوەدا قسەمان لەسەر شکستی عەقڵانییەتی خـۆراوا کـرد، کە لە سەرەتای سـەدەی بیستەم بە دیاریکراوی لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگیی یەکەمیی جیهانی، کە تێیدا باسمان لە هۆکار و کاریگەرییە نەرێینی و پرسیاری ڕۆشنبیرانی ئەو قۆناغە کرد، کە بەهۆیانەوە دەرکەوتنی هەردوو بزوتنەوەی دادایزم و سوریالیزم و گۆڕانکاری نەرێنی لە سایکۆلۆژییەتی تاک سەریان هەڵدا.

لە وێستگەی یەکەمدا قسە لەسەر کاردانەوەی هایدگەر دەکەین بەرانبەر شکستی عەقڵانییەت لە خۆراوا، کەتێدا هایدگەر سوربو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکی ڕۆژئاوا کە عەقڵانییەتی خۆرئاوای لەسەر بونیادنراوە، ئەوانیش ( ڕووح، لۆژیک، عەقڵ ) لەو سەروبەندەدا هایدگەر بەتووندی هێرش دەکاتە سەر پرۆژەی ڕۆشنگەریی نیوکانتیزم و قوتابخانەی ماربۆرگ کە ئارنست کاسیرەر ڕابەرایەتیی دەکرد، لەبارەی ململانێی نێوان هایدگەر و کاسیرەر، لەشاری زیورخ کۆنفرانسێک لەو بارەیەوە سازکرا، کەتێدا هایدگەر زۆر بەتووندی هێرشی کردە سەر پرۆژەی کانتیزم و قوتابخانەی ماربۆرگ، هایدگەر پێی وابوو دەبێ دەستبەرداری ئەو ترادسیۆنە عەقڵانییەتە بین، کە لە سەدەی هەژدەوە باڵا دەستە، لەم شەڕە فیکرییەدا هایدگەر بەسەر کاسیرەردا سەردەکەوێت، بەڵام شکستی عەقڵانییەت درێژەی دەبێت و ئەم جارەیان نازیزم و فاشیزم سەرهەڵدەدەن و شەڕێکی تری ماڵوێرانی سەرهەڵدەدات، هەر ئەمەشە وادەکات شەڕێکی فیکریی قوڵ لە دژی عەقڵانییەت سەرهەڵبدات، ئەمجارەیان تەواوی عەقڵ دادگایی دەکرێت، کە قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕابەرایەتی دەکات و هەریەک لە هۆرکایهمەر و ئادۆرنۆ ڕابەرایەتی دەکەن، دەرەنجام لەترسی زەبروزەنگی نازییەکان هەریەک لە ئادۆرنۆ و هۆرکایهمەر، ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ساڵی ١٩٤٧ کتێبێکی گرنگیان بە ناوی ( دیالێکتی عەقڵ ) بڵاودەبێتەوە.



# میتۆلۆژیای کوردیی

هەرچەندە قسەکردن لەسەر دۆخی سایکۆلۆژیی و غەریزە هەندێکجار لە بابەتەکەمان دوورمان دەخاتەوە، بەڵام جەوهەریی باسەکەمان کە پەیوەندیی بە دۆگمای ئەدەبیی کوردیی لەو دوو قۆناغەدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو حاڵەتەوە دەبێت، کە لەسەرەوە باسمان لێوەکردن، واتا سایکۆلۆژیای تاک یەکسانە بە سایکۆلۆژیای کۆمەڵگا.

## وێستگەی دووەم ..

لە دونیای کوردییدا وێستگەیەک وەک نموونەی بەرپەرچدانەوەی عەقڵ و زمان و خەیاڵ لەم نووسینەدا دەخەینەڕو، ئەویش ( گرووپی ڕوانگە ) یە.

وەک خۆیان لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە، ئەو گۆڕانکارییە بابەتییانەی لە دونیای ڕۆشنبیریی و ئەدەبیدا ڕوویانداوە، بەتایبەتیی لە وڵاتانی عەرەبیی و عێراقیی، بە تایبەتی لە وڵاتانی وەک میسر، لوبنان، سوریا، هەریەک لە گۆڤارەکانی گالیری ٦٨ ی میسری و گۆڤاری شیعری لوبنانی و گۆڤاری شیعر ٦٩ی عێراقیی، کە ئەو دەم ئەم گرووپە ڕابەرایەتیی ئەو گۆڤارەیان دەکرد ، هەریەک لەم شاعیرانە، سامی مهدی، خالد علی مستەفا، فوزی کەریم، فازل ئەلعەزاوی بوون.

ئەمە بووە سەرەتایەک لە باشووری کوردستان ساڵی ١٩٧٠ گرووپێک بە ناوی ( ڕوانگە ) سەرهەڵبدات، کە تێدا تیشک بخەنە سەر برینەکانی دونیای زمان و خەیاڵی کوردیی بە تایبەتی زمان و خەیاڵی شیعری کوردیی، کە لە دۆخێکی حەماسیدا گیری خواردبوو، ئەوەی مایەی تێڕامانە، ئەم گرووپە شاعیرەکان خۆیان بوون ئەم گرووپەیان دامەزراند و، هەر خۆیان بوون هەستیان بەو دۆگماییەی شیعر و زمانی کوردیی کردبوو، لە غیابی ڕەخنەدا کە لەناو ڕووحی حەماسەتدا ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی تووشی جۆرێک لە چەقبەستوویی بوو، تەنانەت بۆی نەبوو ڕەخنە لە خەیاڵ و زمانی شیعریی کوردیی بگرێت، قۆناغی حەماسەت بیری ڕەخنەیی کوشتبوو، ئەمە وای کرد ئەو شاعیرانەی درکیان بەو دۆخە نالەبارە کرد، ئەوان لەبری ڕەخنەگرەکان دەست بۆ پرۆژەیەکی فیکریی لەو شێوەیە ببەن، هەرچەندە ئەو گۆڕانکارییەش خۆی لە خۆیدا جێی پرسیاری جیدی بوو، چونکە کارەکتەرەکانی ئەو گرووپە لە ڕەحمی ناسیونالیزمی کوردییەوە سەریان هەڵدابوو، لەبەرانبەردا نەیارەکانیان هەڵگری ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم بوون، بەهێزترین ئەو

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرانەی نەیاری گرووپی ڕوانگە بریتی بوون، لە فوادی مەجید میسریی و فازلی مەلا مەحمود و فوئاد قەرەداغیی، وەلێ بکەرە چالاکەکانی گرووپی ڕوانگە بریتی بوون لە، شێرکۆبێکەس، جەمال شارباژێڕی، جەلال میرزا کەریم، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی. ڕوانگە توانی سوود لەو دەیان و سەدان کتێبە ببین کە ئەو گرووپە عێراقیی و لوبنانییە وەریان گێڕابووە سەر زمانی عەرەبیی، هەر ئەوەش بوو تاڕادەیەک زمان و خەیاڵی شیعریی کوردییان بە ئاراستەی نوێبونەوە برد، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم گرووپە لەگەڵ نەوەی کۆن و بەشێک لە نەوەی خۆیان تووشی بەریەککەوتن دەبن، بەڵام ئەمان بەردەوام بوون لە کارەکەیان و توانیان سێ ژمارەی (گۆڤاری ڕوانگە) دەربکەن، ئیدی دۆخی سیاسیی و نالەبارەیی تەنگی بە گرووپی ڕوانگەش هەڵچنی و ئەوانیش نەیانتوانی درێژە بە پرۆژەکەیان بدەن، هەر ئەمەشبوو جارێکی دی خەیاڵ و زمانی ئەوانیشی گەڕانەوە نێو سەنگەری حەماسەت و مقاوەمەت.

لە کۆتاییدا ئەوەی من دەمەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە نووسین وەک چەمکێکی کاریگەر لە دونیای ئێمەدا پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵە بۆ دۆزینەوەی فیکر لەناو پرسیارە نەوتراوەکان، نووسین پێویستی بە زمان و بیرکردنەوەیە لە ناو گوومان و دڵەڕاوکێ، پێویستی بە دۆزینەوەی خەونی تازەبوونەوەیە، ئەم هەموو پرسیار و گەڕانە لەناو نووسین و زمان، پێویستی بە ڕاچڵەکانە لەم دۆخە نالەبارەی زمان و فیکری کوردیی، دەبێ لەوە تێبگەین کە زمان و تەکنیک لە ناو خەیاڵ و دیدی شیعری کوردییدا، پێویستی بە دونیایی بوونە، پێویستمان بە گەیشتنە بە یەقین کە ئەوەی دەنووسرێت بەشێکی زۆری ئیفرازاتی غەریزی و تووڕە بوونە، ئەوەی ئێمە لەو دۆخە ناجێگیرە سایکۆلۆجییە رزگار دەکات، پرسیارکردنە لە دیین و سێکس، پرسیارکردنە لە هەموو قەدەغەکراوێک.

**سەرچاوەکان ..**

١- فەلسەفە، رۆشنگەریی ، فیندەمینتالیزم. هاشم سالح .. وەرگێڕانی شوان ئەحمەد.

٢- هەرسێ ژمارەی گۆڤاری روانگە.



# پەروەردەکردنی خود



ڕووناک شوانیی

ڕەنگە زۆربەمان لە قۆناغی منداڵییدا دەرفەتی ئەوەمان بۆ نەڕەخسابێ لە خوێندنگەیەکی شیاودا بخوێنین، یان مامۆستایەکی زیرەک و پەروەردەکارێکی ژیر و دڵسۆز، جگە لە ئەلف و بێ زەینمانی بە وانەکانی ژیان ڕۆشن کردبێتەوە، چونکە ئەرکی مامۆستا تەنها فێرکردنی خوێندن و نووسین، ژماره و ماتماتیک، جوگرافیا و گێڕانەوەی ڕووداوە مێژوییەکان نییە، بەڵکو تەواوی پڕۆسەی فێرکردن بەبێ پەرەدان بە بەهرەکانی فێرخواز، پەروەردەکردنی تەندروست و فێربوونی وانە گرینگەکانی ژیان لەنگ دەبێت. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم لەنگییە زۆر بەڕوونی بەدی دەکرێت. لەبەرئەوەی لە زانکۆکاندا پڕۆسە و بەرنامەی پەروەردەکردنی مامۆستا کەموکوڕییەکی زۆریان تێدایە. لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە بچینە نێو وردەکاری ئەو کەموکوڕییانە، بەڵکو ئامانجمان ئەوەیە لەبەردەم ئاوێنەدا بوەستین و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری خۆمان هەڵبسەنگێنین، بەخەون و ئارەزووەکانی ڕابردوومان‌دا بچینەوە، ئەوەی لە ڕابردوودا نەمانتوانیوە بەدی بهێنین و لە دەستمان داوە ئەمڕۆ دەستوبرد بکەین و پلان بۆ قەرەبووکردنەوەی دابڕێژین.

بۆی هەیە لە ڕابردوودا ئارەزووی فێربوونی زمانێکی تر یان چەند زمانێکمان هەبووبێ، لەوانەیە خەونی نیگارکێشان و نیمچە بەهرەیەکیش دەستی لەدەستی یەکدی نابێ و تەماحی کێشانی تابلۆیەکی ڕەنگینی پێ دابین. ڕەنگە بزێوی پەنجەکانمان و کایەکردن لەسەر ژێی کەمانجەیەک خەیاڵی بوون بە مۆسیقاژەنی پێ بەخشیبین، بەڵام هەلی بەدی هێنانی ئەم خەونانەمان بۆ نەڕەخسابێ، دواجار گوێی خۆمان لێ خەواندبێ و لە گۆڕمان نابن، وەلێ گەر بڕوامان بەوە هەبێت، کە بەدیهێنانی هیچ خەونێک مەحاڵ نییە، کەواتە هیچ کاتێک بۆ فێربوون درەنگ نییە، بۆچی نا؟! مەگەر زمانزان و نیگارکێش و مۆسیقاژەنیش مرۆڤی ئاسایی نین و لەڕێگەی خۆفێرکردن و پەروەردەکردنی بەهرەکانییانەوە ئەو توانا و کارامەییەیان بەدەست نەهێناوە؟

لەبەرئەوەی فێربوون کۆدی کردنەوەی دەرگاداخراوەکانی ژیانە. کەواتە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەو کۆدە پێویستی بە بەدەستهێنانی زانیاری و کەڵکوەرگرتنە لە ئەزموونی کەسانی دیکە، ئەویش بەپشتبەستن بە خود، چونکە پەروەردەی خود واتا بەدەستهێنانی زانیاری، گەشەدانی کارامەیی و شارەزاییە لە دەرەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەکو، خوێندنگە و پەیمانگە و زانکۆکان. لە سۆنگەی ئەوەی ئەم پڕۆسەیە لە ویست و وشیاری خودی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ و پێویستە مرۆڤ بەو ئەنجامە ڕا بگات، کە دەبێت گەشە بە توانا و لێهاتوویی خۆی بدات، پاش ئەوەی ئامانج و میتۆدەکانی پەروەردەکردنی خود بەشێوازێک دیاری دەکات، کە لەگەڵ تواناکانی فێربوون و ئاستی زانستی خۆیدا بگونجێت.

لەم سەردەمەدا بەهۆی گەشەی بەرفراوانی بواری تەکنیکی و ئینتەرنێتەوە سەرچاوەکانی خۆپەروەردەکردن و فێربوون بەرادەیەک زۆر و خێران، کە مرۆڤ لە ماڵی خۆی و لە دەرەوە و شوێنی کارکردنییەوە دەتوانێت بە کرتەیەک دەستی بەوپەڕی جیهان ڕا بگات، لە ڕێگەی گووگڵەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەست بکەوێت، لە یوتوب فێری ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا ببێت، گوێ بۆ میتۆدە فەلسەفییە دێرین و نوێیەکان بگرێ، فێری هونەری چێشتلێنان، بەرگدوورین ببێ، شوێنەوارە دیرۆکی و توریستییەکانی جیهان ببینێ و هتد... جگە لە سەرچاوەکانی تری وەکو، کتێب، کتێبی ئەلەکترۆنی، بەرنامە زانستیی و مێژوویی و هونەرییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کتێبخانەکان، هەروەها ئامادەبوون لە سیمینار و کۆنفرانسەکان، بەشداریکردن لە چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

هەموو ئەمانەی ئاماژەمان پێ دان گەلێک بەبایەخن و گەشە بە ئاستی زانستی و وشیاری مرۆڤ دەدەن، یارمەتیمان دەدەن بۆئەوەی بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا و بەخێرایی زانیاری بەدەستبهێنین، سەرچاوە مەعریفییەکان بدۆزینەوە، شانبەشانی ڕەوتی پێشکەوتنی سەردەم و جیهانی نوێ خۆمان پێ بگەیەنین و پەرە بە بەهرەکانمان بدەین.

دیارە گەلێک هۆکار هەن کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی خۆپەروەردەکردن هەیە، وەکو، تەمەن، ئاستی زیرەکیی و هۆشمەندیی، توانست، بەربەستی جەستەیی، توانای ئابووری و ژینگە. بۆ نموونە، خێرایی فێربوون لە مرۆڤێکی بەتەمەندا بەبەراورد لەگەڵ گەنجدا لەسەرخۆترە، یان هەندێ کەس بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان ناچار دەبێ زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ کار بکا، لەبەرئەوە بواری ئەوەی نابێ لە سیمینار و کۆڕەکاندا بەشدار بێ، تەنانەت کاتی کارکردنی لەگەڵ کاتی کردنەوەی کتێبخانەکاندا ناگونجێت، بۆیە ئەو دەرفەتانە لە دەست دەدا. ئەمانە و دەیان نموونەی تر.

وەلێ لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ بەشێوەیەکە، کە بەدرێژایی ژیانی لە فێربوونی بەردەوامدایە و خودی ژیان فێرگەیەکی گەورەیە، گەر ویستی فێربوون، گەشەپێدانی بەهرە و خۆپەروەردەکردن هەبێ دەتوانێ بەسەر هەموو بەربەستەکاندا زاڵ بێ، چونکە ویست و ئیرادە بناغەی سەرکەوتنن. تاکی وشیار کاریگەری لەسەر دەوروبەر و دواتریش لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، بەو شێوەیە لەهەر قۆناغێکی تەمەندا دەست بە خۆپەروەردەکردن بکەین بۆئەوەی داهاتوو بگۆڕین درەنگ نییە، هەروەکو نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزیی کلیڤ ستاپلز لویس دەڵێت» تۆ ناتوانی بۆ ڕابردوو بگەڕێیتەوە و بیگۆڕی، بەڵام دەتوانی لە شوێنی خۆتەوە دەست پێ بکەیت و داهاتوو بگۆڕی» .




# کورد و دراوسێیەکانی



تاریق کارێزی





لە کتێبخانەی کارێزدا، ئەندازیاری کشتوکاڵ دانا عەبدولمەجید پەیوەست بە پرسی پەیوەندیی نێوان کورد و نەتەوەکانی دراوسێی، بیرۆکەیەکی جوانی خستە ڕوو: «ئێمە لە بری ململانێ، با گفتوگۆ بکەین بە دروشم و پەیڕەومان.»

ئەم گۆڤارەی ئەم وتارەی تێدا بڵاو بووەتەوە، ناوی دیالۆگە. دیالۆگ واتە گفتوگۆ، دانوستاندن، ڕاگۆڕینەوە، گەنگەشە. بە بڕوای من وشەی گفتوگۆ پڕ بە پێستی (الحوار)ی عەرەبییە. وشەی دیالۆگ لە ڕێی زمانی ئینگلیزییەوە پەڕیوەتە نێو زمانی کوردییەوە. دیالۆگ (dialogue) دۆخێکی شارستانی و گەشە کردووی پەیوەندیی نێوان ئەم و ئەوی مرۆڤە (چ تاک بێت یان جڤاک و گەل و نەتەوە).

## پەیوەندییەکی مۆلەق

لەم سەردەمەدا، پەیوەندیی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری لە دۆخێکی مۆلەق و ناجێگیردایە، بگرە لە ڕەوشێکی پڕ لە هەڕەشە و مەترسیداردایە. لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، کورد لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری خاکەکەی، لە دۆخی پێکدادان و ناکۆکی و بەریەک کەوتندایە.

ئەو پەیوەندییە مۆلەقەی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، لە پارچەیەکی کوردستانەوە بۆ پارچەیەکی دیکەی، جیاوازە، بە چەشنێک هەر پارچەیە، لە ڕووی تێکۆشانی نەتەوەییانە و کار کردن بۆ پاراستنی ناسنامەی کورد و کوردستانیانە، خاوەن تایبەتمەندی و دۆخی مێژووییانەی خۆیەتی.

کەس ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری لە پەیوەندییەکی دروست و تەندروستدایە. کورد لە دۆخی بەرەنگاری و یاخی بوون لە ستەمدایە، دەوڵەت نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستانیش بە چاوی گومانەوە لە کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دەڕوانن. ئەوان کورد بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن.

## گرفتەکە لە کوێدایە؟

ڕیشەی ململانێی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەر وابەستەی پەیوەندیی سەنگەلای نێوان کورد و ئەوانە.

هەر چوار دەوڵەتەکەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، دەوڵەت نەتەوەی ناکوردن. ئەمەش لەگەڵ ناسنامە و کولتوور و میراتی شارستانیی نەتەوەی کورددا ناتەبایە. چوار دەوڵەت بەردەوام لە هەوڵی پتەو کردنی پایەکانی دەوڵەت نەتەوەی فارس (ئێران)، تورک (تورکیا)، عەرەب (عیراق و سووریا)دان. کوردیش لە نێو هیچ کام لەو چوار دەوڵەتەدا ناسنامەی خۆی بەدی ناکات.

بەدی نەهاتی ناسنامەی خۆڕسک و دێرینی کورد وەک نەتەوەیەک کە مێژووی هەبوونی بە قووڵایی دیرۆکدا چووە، ناسنامە دەکاتە پرسیاری گەرم و هەنووکەیی، کە پێویستی بە وڵامی بە پەلە و گردەبڕە.

سیاسەتی هەر چوار وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان بەو جۆرەیە، بوار بە نواندن و نمایش کردن و بەرجەستە کردنی ناسنامەی کورد و کوردستان (وەک نەتەوە و نیشتیمان) نادەن. لێرەوە ئیدی خاڵی بەریەک کەوتنی نێوان کورد و دەسەڵاتی چوار دەوڵەتەکە دەست پێ دەکات، زەمینەی درێژە کێشانی ئەو بەریەک کەوتنەش، زۆر بە گوڕ و تەوژمەوە سازە، مەزندە دەکرێت تا بە ئامانجی گەیشتنی کورد نەبڕێتەوە و درێژە بکێشێت.

## کێ قازانج دەکات؟

سەرزەمینی ململانێی نێوان کورد و نەتەوەگەلی سەردەست هەر خاکی کوردستانە. نەتەوەکانی دەوروبەری وڵاتی ئێمە بە چەک و چەکداریانەوە پێیان ناوەتە خاکی کوردستانەوە، لە نێو ماڵی خۆماندا شەڕی دژ بە هەبوونی کورد دەکەن. کورد نە چاوی لە بستە خاکی هیچ نەتەوەیەکە، نە پڕکێشیی کردووەتە سەر خاک و نیشتیمانی گەلانی دراوسێ. دراوسێیەکانی کورد بە زەبری هێز خۆیان بەسەر کورد و جوگرافیاکەیدا سەپاندووە. ئەم هاوکێشە لاسەنگەی پەیوەندیی نێوان کورد و ئەوان، ململانێ و بەریەک کەوتنی لێ کەوتووەتەوە. دەرەنجامی ئەو ململانێیەش، باجێکی قورسە، زیان و باجی ململانێی نێوان کورد و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بە پلەی



ڕیشەی ململانێی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەر وابەستەی پەیوەندیی سەنگەلای نێوان کورد و ئەوانە. هەر چوار دەوڵەتەکەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، دەوڵەت نەتەوەی ناکوردن. ئەمەش لەگەڵ ناسنامە و کولتوور و میراتی شارستانیی نەتەوەی کورددا ناتەبایە.

کورد و دراوسێیەکانی



یەک هەر کورد دەیدات. هاوشانی ئەوە، ئەو زەرەرەی دەوڵەتانی داگیرکەریش لە پای ململانێیەکە دەیدەن، هیچ کات کەم نییە و کەم نابێت. ئەو شەڕەی نەتەوەکانی دراوسێ بەسەر کوردیان سەپاندووە، زیانی ئابووری و گیانیی بۆ ئەوانیش دەبێت، ئەوان لە زۆر دەفەرتی گەشە و پێشکەوتن بێبەش دەکات.

هیچ هۆشمەندێک ئەو قسەیە ناسەلمێنێت، کە لە ململانێی نێوان کورد و نەتەوەکانی دەوروبەر لایەنێک هەیە قازانج دەکات. زەرەری گەورە کورد دەیکات، هەر خۆشی (بە سەر و ماڵ) قوربانییە گەورەکەیە، ئەمەش مانای ئەوە نییە دەوڵەتانی داگیرکەریش لە دژایەتی کردنی خواست و داوای کورد و سەرکوت کردنی ئەم نەتەوەیە، بێ زیان دەبن.

## ئاسۆی لێڵ

ئێرانی ئێستا میراتگری دەوڵەتی شاهنشاهیی پەهلەوییە، تورکیاش میراتگری دەوڵەتی عوسمانییە. هەم ئێران و هەم تورکیا، ڕاستە ڕیشەی سەدان ساڵەی دەسەڵاتی فارس و تورکیان هەیە، بەڵام بە کردەنی دوو دەوڵەتی تازەن لە سەدەی بیستەمدا دروست بوون. بەر لە سەدەی بیستەمیش، واتە لە سەدەی نۆزدەم بەرەو خوار تا دەگاتە سەردەمی داگیر کردنی بەغدا لە لایەن هۆلاکۆی مەغۆلەوە، هیچ دەوڵەتێکی عەرەب لەم ناوچەیەدا دروست نەبووە. دوای کۆتایی هاتنی یەکەمین جیهانە جەنگ هێزەیلی کۆلۆنیال، بە تایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا، بەردی بناغە و نەخشەی ٢٠ دەوڵەتی عەرەبیان کێشا.

شتی گرنگ بە لای ئێمەوە، پرسی دابەش کردنی کوردستانە بەسەر چوار دەوڵەتی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو نەخشە سیاسییەی لە پاش یەکەمین جیهانە جەنگەوە دەست بە پیادە کردنی کرا، لە پاش دووەمین جیهانە جەنگیش بە تەواوی جێگیر کرا، لە چوار نەتەوە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کرا. ئەم نەخشە و دۆخە سیاسییەی لەسەر بنەمای ئەتنیک نەتەوە هاتە ئاراوە، نەیتوانی ئارامی و گەشەی بەردەوام بۆ ئەم ناوچە هەستیارەی جیهان بەدی بێنێت. یەکێک لە فاکتەرە هەرە کاراکانی ناجێگیریی سیاسی و شڵەژانی دۆخی ناوچەکە، بۆ ڕەچاو نەکردنی خواست و بەرژەوەندی و خەونی تێکڕای پێکهاتەکان دەگەڕێتەوە. کوردیش بەوەی لە تورکیا، عیراق و سووریا نەتەوەی دووەمە، لە ئێرانیش نەتەوەی سێیەمە، ڕووبەری هەر چوار وڵاتەکەش بە تێکڕا نزیکەی (٣) ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە، لە دەروازەی یۆنان و ئەوروپا و کەناری دەریای سپییەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە پاکستان و ئەفغانستان. یەک لەسەر شەشی ئەم جوگرافیایە (نیو ملیۆن) کیلۆمەتر دووجای خاکی کوردە، کەچی کورد لە نەخشەکەدا نەخوێندراوەتەوە، جوگرافیاکەی خراوەتە سەر جوگرافیای نەتەوەکانی دراوسێ.

ئەم دۆخە پەیوەندیی نێوان نەتەوەکانی بەرەو گومان و



لێڵایی بردووە، بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان کورد و دراوسێیەکانی کە لەسەر بنەمای سەردەستی و بندەستی نەخشەڕێژ کراوە.

## یەکتر خوێندنەوە

ڕەنگە توێژەر هێندە پێویستی بەوە نەبێت، بۆ پەی بردن بە کێبڕکێ و ململانێی نێوان تورک و فارس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵگە و گەواهی بێنێتەوە. سەدان ساڵە ئەم دوو نەتەوەیە شەڕی هەژموون و خاک لەگەڵ یەکدا دەکەن. یەکیان خۆی بە سەرداری سوننە، ئەوی دیکەشیان خۆی بە سەرداری شیعەی جیهان دەزانێت.

هەردوو نەتەوەی تورک و فارس ئەگەرچی موسڵمانن، زمانی عەرەبی زمانی ئایینی هەردوو لایانە، بەڵام هەردوو نەتەوە بە ڕێژەوە لە عارەب ناڕوانن. فارس قینی ئەوەی لە عارەبە کە ئیمپراتۆریەتی سەدان ساڵەی ئەوان بە دەستی عارەب ڕووخاوە، تورکیش خۆی لە بنەڕەتدا نەتەوەیەکی کۆچەر و بیابانشینە، دوای ئەوەی بە زەبری هێز زنجیرەیەک دەوڵەتی مەزن و شکۆمەندیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراند، بە تایبەتی دوای کۆنترۆڵ کردنی کوستەنتینە و گۆڕینی لە شارێکی ڕۆمی بیزانسەوە بۆ شارێکی تورکی موسڵمان، تورک بۆغرا دەبێت، بە چاوی ڕێزەوە لە عارەب ناڕوانێت، تا ئەوەی ئەتاتورک ڕێنووسی زمانی تورکیی لە ئەلف و بێی عەرەبییەوە گۆڕی بە لاتینی. کاریکاتێرێکی ئەو





سەردەمە لە ڕۆژنامەگەریی کۆماری تازە دامەزراوی تورکیا بڵاو کرایەوە، تێیدا پیتەکانی زمانی عەرەبی لە تێرکی حوشترێک بار کراون، لە ژێرەوەشی نووسراوە «گێت عەرەبستانە»، واتە «بڕۆوە بەرەو عەرەبستان.» ئەمە هەستی بێزاری و بێ منەتیی تورک بەرانبەر بە عەرەب پیشان دەدات.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، بۆغرایی عارەبیش لە دوو نەتەوەکەی دی کەمتر نییە. عارەب خۆی بە خاوەنی قورئان و پێغەمبەر و ئایینی ئیسلام دەزانێت، لەوەش زیاتر تەنانەت زمانی خۆی بە زمانی ئەهلی بەهەشت وەسف دەکات. ئەم بۆچوون و ئایدیایە وای کردووە گەلێک نەتەوە لە باشووری ڕۆژاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا لە نێو نەتەوەی عەرەبدا بتوێنەوە. عارەب خۆی لە عەجەم (هەموو غەیرە عارەبێک لە ڕوانگەی کولتووری عەرەبەوە، عەجەمە) بە باڵاتر دەزانێت.

کورد کەوتووەتە نێوان سێ نەتەوەی بۆغرا، لە ڕۆژهەڵاتەوە فارس، لە ڕۆژاواوە تورک، لە باشوور و ڕۆژاواشەوە عارەب، هەر سێ نەتەوەکە یەکتر ناخوێننەوە، چ جای ئەوەی کورد کە نەتەوەی ژێردەستەی هەرسێ لایانە، بخوێندرێتەوە.

## دیالۆگی کورد و دەوروبەر

ئێمە وەک گریمانە، لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانین مەزندەی ئەم جۆرە دیالۆگە (دیالۆگی کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری) بکەین، هاوشانی ئەوە ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی کردەنییەوە بیری لێ بکەینەوە، واقیع و لۆژیکی سیاسی هێندە بابەتەکەمان لێ دوور دەخاتەوە، کە پێشبینی کردنی لە ڕووی واقیع و کردارەوە، بەرەو خەون و خەیاڵمان دەبات.

بە بیست دەوڵەتی عەرەب یەک جار دیالۆگی (عەرەب–کورد)یان لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەست. قاهیرە پایتەختی وڵاتێکە لە چاو وڵاتانی دیکەی عەرەب، زیاتر بە ڕووی ناوخۆ و دەرەوەدا کراوەیە. ئێوە سەرنج بفەرموون، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە دەرچووە. هەر ئەو شارە کاتێک ویستی کۆنگرەیەکی دیالۆگی عەرەب– کورد لە ئامێز بگرێت، لە شارێکی ١٥ ملیۆن کەسییەوە بوو بە کووچەیەک کە جێی گرێدانی مەجلیسێکی هاوبەشی عەرەب و کوردی تێدا نەبێتەوە. دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر، لە ترسی لۆمەی لۆمەکاران و لە شەرمی ڕوو، کۆنگرەکەیان بردە ژوورێکی بەرتەنگی هوتێلێکی شارەکە. ئەویش دوور لە چاوی میدیا و دەنگ و ڕەنگی ڕاگەیاندن.

من لۆمەی عارەب ناکەم کە ئامادە نەبێت کۆنگرەیەک بە ناوی گفتوگۆی عەرەب و کورد گرێ بدات. نەتەوەیەکی گەورەی وەک عەرەب کە خاوەنی پتر لە ١٢ ملیۆن کیلۆمەتر دووجای خاک و ژمارەشی نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن کەس بێت، کە بە نێو سەرووی ٢٠ دەوڵەتی جیهانی عەرەبدا دابەش

بوون، زمانەکەشیان یەکێکە لە زمانانی فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە چ پێوانەیەک خۆی بخاتە تەرازووی نەتەوەیەک کە تا ئێستا خاوەنی بچووکترین قەوارەی سیاسی نییە؟

سەبارەت بە فارسیش، ئـەوان خۆیان هێندە بە مەزن دەبینن، گەلێک نەتەوە بە پاشکۆی خۆیان یان بە بەشێک لە خۆیان دەزانـن. ئـەوان کوردستان وەک بەشێک لە سەرزەمینی ئێران دەبینن، لە سایەی برەودان بە چەمک و زاراوەی ئێران و ئێرانی، ئامانجیان وایە و کاریش بۆ ئەوە دەکەن، هەمووان لە بۆتەی فارسدا بتوێننەوە.

پەیوەست بە تورکیش، خوێندنەوەیەک بۆ مێژووی هەزارەی دووەمی زایین ئەوەمان پێ دەڵێت، هۆزەکانی تورک/ تورکمان (بە ڕێژەیەکی کەمتر تەتار و مەغۆل) وەک کۆمەڵێک هۆزی ڕەوەندی نەژاد هاوبەشی ئاسیای ناوەڕاست، لە لایەک بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات شەپۆلە هێرشیان بردووە، چین بە شوورەیەکی سەرووی (٦) هەزار کیلۆمەتر درێژ، وڵات و شارستانیەتی خۆی لەو شەپۆلانە پاراستووە. لە لایەکی دیکەوە ئەو هۆزە کۆچەرانەی ناوەڕاستی ئاسیا بەرەو ڕۆژاوا (ناوجەرگەی جیهانی ئیسلام) و باکووری ڕۆژاوای ئاسیا (وڵاتی ڕووس و سەقلەبی و ئەوروپا) شەپۆلە هێرشیان بردووە. یەکێک لەو ناوچانەی دووەمین جۆرە شەپۆلی هۆز و نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست گرتوونییەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنادۆڵ بووە. هەر لە سەدەی هەشتەمی زایینەوە هاتنی تورک و تورکمان بەردەوام بووە، تورک بە پرۆسەیەکی هەزار ساڵەی تورکاندن، لە ڕۆژاوای ئەنادۆڵ و ئاسیای بچووکدا، ڕیشەی داکوتا و ئەوانی دیکەی لە نێو خۆیدا تواندووەتەوە.

ئەو تورک و تورکمانەی ڕووی لەو سەرزەمینە (مەبەست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە) دەکرد، لەگەڵ ڕۆژگـاردا لە نێو ئەتنیکەکانی دیکە، بە تایبەتی لە نێو عەرەبدا دەتوانەوە. عوسمانی دوایین هۆزی تورک بوو کە لە سەدەی دوازدەمی زاییندا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو ڕۆژاوای ئاسیا هاتن. ئەو هۆزە تورکە لە سایەی تورکی سەلجووقی (بەر لەوان هات بوونە ناوچەکە و دەوڵەتیان دامەزراند بوو) میرنشینێکیان لە نزیک ئەنقەرە دامەزراند. لە سایەی بەیداخی ئیسلام و بە کۆمەک و پشتیوانیی موسڵمانانی دیکە (بە تایبەتی کورد و عەرەب)، هۆزی تورکی عوسمانی بەردەوام شەڕی ڕۆمیان کرد تا لە ساڵی ١٤٥٣ز دەستیان بەسەر شاری کوستەنتینەی پایتەختدا گرت. لەو ڕووداوە بە دواوە کوستەنتینە لە شارێکی زۆرینە ڕۆمەوە وردە وردە دەگۆڕێت بۆ شارێکی زۆرینە تورک، پرۆسەیەکی تورکاندن دەست پێ دەکات، کەمتر بە دیوی ئەوروپا و چڕتر بە دیوی ئاسیا و ئەنادۆڵ برەوی سەند. بەم جۆرە نەتەوەی مەڵتی ئەتنیکی تورک دروست بوو، کە توێژینەوەی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژی) دەیسەلمێنێت، تەنیا ٦٪ی ئەو نەتەوەیە



ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ڕووی ئابووری، ئاوەدانی، کولتوور، سیاسی و ناسنامەوە، کورد وەك پاشکۆ و پەراوێزی خۆیان دەبینن. هەوڵی تەواو دەدەن کوردستان و دانیشتووانی لە گەشە و پێشکەوتن کەمترین بەشیان هەبێت.

بە ڕەسەن تورکن، (٩٤٪)ـەکەشی هەمەمجۆر ڕەچەڵەک و ئەتنیکی دیکەن و لە نێو ناسنامەی تورکایەتیدا تواونەتەوە.

دوای ئەم مێژووە پڕ لە گۆڕانکارییە، فەلسەفەی تورکایەتی لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئەوانی دیکەدا بنیات نرا. بۆیە دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، کۆمارێک بە ناوی کۆماری تورکیا دامەزرا، کورد لەو کۆمارەدا بە «تورکی چیا» پێناسە کرا.

باشە دەبێ چ جۆرە دیالۆگێک لە نێوان کورد و تورکدا پێشبینی بکرێت، کە کورد لە دەوڵەتی تورک (تورکیا)دا لە ڕووی سیاسی و دەستوورەوە وەک «تورکی چیا» پێناسە کراوە؟ بە بڕوای من لە نێوان کوردی ژێردەست و هەر سێ نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەری خاکی کوردستاندا، هیچ جۆرە دیالۆگێک چاوەڕوان ناکرێت. نەتەوەگەلی باڵادەستی عەرەب، فارس و تورک تا ئێستا هەبوونی کوردیان وەک بوون و ناسنامەیەکی لە خۆیان جودا نەسەلماندووە، بەم پێودانگە، زەمینەی دیالۆگی نێوان کورد و ئەو نەتەوە سەردەستانە، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە.

## ستراتیژی دراوسێیەکانی کورد

ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ڕووی ئابووری، ئاوەدانی، کولتوور، سیاسی و ناسنامەوە، کورد وەک پاشکۆ و پەراوێزی خۆیان دەبینن. هەوڵی تەواو دەدەن کوردستان و دانیشتووانی لە گەشە و پێشکەوتن کەمترین بەشیان هەبێت. دەرامەتی کوردستان لە قازانجی خۆیان بەکار دەبەن. کوردستان لە هەموو جۆرە پرۆژەیەکی ستراتیژی بێ بەش دەکەن، هاوکات تا دوایین ئەندازە دەرامەت و سامانی کوردستان قۆرخ دەکەن، لە پرۆژەی نەتەوەیی خۆیاندا خەرجی دەکەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند نموونەیەک بخەینە ڕوو. دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ١٩٢٧ـەوە بە هەناردە کردنی نەوتی کەرکووک پایەکانی دەوڵەتی دامەزراندووە. داهات و دەرامەتی نەوتی کەرکووک ٩٤ ساڵە چاوگێکی گرنگی

هەواڵنامەی کتێب

بودجەی گشتیی دەوڵەتی عیراقە. هەم کەرکووک و هەم کوردستان کەمترین سوودیان لە سامانی نەوتی شارەکە وەرگرتووە. نەک هەر ئەوەندە، بە داهاتی نەوتی کەرکووک سوپای عیراق پڕچەک کراوە و کورد و شۆڕشەکانی پێ سەرکوت کراوە. حوکمەتی عیراق بە بەرنامە کاری بۆ هەژار کردنی کەرکووک کردووە. ئەو شارەی ناوەند و پایتەختی خۆرسکی باشووری کوردستانە، لە پای سیاسەتی عەرەباندن کراوەتە شارێکی بێ ناز و لە شارستانیەتی سەردەم دابڕاو. حوکمەتی عیراق نەوتی کەرکووکی بۆ بێجی گواستووەتەوە، لەوێ نەک لە کەرکووک پاڵاوگەی دروست کردووە. ئامانج لەم هەنگاوەی حوکمەتی عیراق، بێ بەش کردنی کوردستان بووە لە ژێرخانی پیشەسازیی



بارش جاکان

ئەو گەنجە کوردەی لەسەر گوێ گرتن لە گۆرانییەکی کوردی لە ئەنقەرە کوژرا





نەوت. دەی خۆی لە دەسەڵاتدارانی عیراق شاراوە نییە، کە کەرکووک سەرزەمینی کوردستانە، ئیدی چۆن پرۆژەی ستراتیژیی تێدا دادەمەزرێنن؟

تورکیا سامانی ئاوی باکووری کوردستانی کردووەتە چەکێکی ئابووری و شەڕی عیراق و سووریای پێ دەکات. جووتە ڕووباری دیجلە و فرات لە قووڵایی خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، تورکیا وەک سامانێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆی سوودی لێ بینیون. ئێرانیش سەبارەت بە کورد و نەتەوەکانی دیکە، هەمان ستراتیژی پەیڕەو کردووە. هەر بۆ نموونە، تەواوی کوورەگەلی ئەتۆمی دەوڵەتی ئێران لە ناوەڕاستی وڵاتەکەدان، ئێران بە پلان کوورەکانی ئەتۆمی لە ناوچەکانی فارسنشینی وڵاتەکەدا دامەزراندوون، چونکە نەتەوەکانی نافارس لە ئێران وەک بازنە بە چواردەوری خاکی ئێراندا نیشتەجێن. وەک ستراتیژێکی دوور مەودا، دەوڵەتی ئێران بیری لەوە کردووەتەوە، ئەگەر بێتوو نەتەوەکانی نافارس لە دەوڵەتی ئێران جوداش ببنەوە، دەوڵەتی لاواز و بێ ژێرخان بن، لە ڕووی وزەی ئەتۆم و گەلێک لایەنی دیکەوە، چاویان لە نەتەوەی (برا گەورە) فارس بێت.

## دوایین قسە

لە دنیای مرۆڤایەتیدا، دواجار هیچ کارێک ناچێتە خانەی ئەستەم و مەحاڵەوە. ئێوە سەرنج بدەن دیواری بەرلین ڕووخا، ئیمپرتۆریەتی مەزنی یەکێتیی سۆڤیەت ڕووخا. ئیدی بەدی هاتنی وەرچەرخانێک کە کوردیش بکاتە هاوشانی نەتەوەکانی دراوسێی، باوەکوو لە ڕوانگەی ئێمەوە فرە زەحمەتیش بێت، بەڵام ناچێتە خانەی ئەستەم و مەحاڵەوە.

لۆژیکی گوتاری هەردوو لا جودایە. هیچ کات زمان و کرداری سەردەست چەشنی زمان و کرداری ژێردەست نییە. ڕاستە مرۆڤێکی ویژدان زیندووی وەک پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی لە نێو تورکدا پەیدا بووە، دوور نییە لە نێو عەرەب و فارسیشدا کەسانی ویژدان زیندووی چەشنی بێشکچی پەیدا ببن، وێڕای ئەوە، بۆ ڕاست کردنەوەی هاوکێشە چەوت و قورسەکەی پەیوەندیی نێوان کورد و دراوسێیەکانی، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەستۆی کورددایە. بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە کورد دەستەودامانی هەموو ئامراز و هۆکارێک بێت، لە هەموو دەرگایەک بدات، تا گەیشتن بە سەروەری، لە هەوڵ و بەرخودان ماندوو نەبێت.

هەواڵنامەی کتێب




# ئەردۆگان

## لە «زیرۆ دوژمنەوە» بۆ «زیرۆ دۆست»!



نەوزاد مەلا عومەر



ئەردۆگان

کاتێك حیزبی دادوگەشەپێدان لەساڵی ٢٠٠٢ گەیشتە لوتکەی دەسەڵات، (داود ئۆغلو) وەك مونەزیری حیزبی داد و گەشەپێدان و خاوەن پرۆژەی (Zero Tensions) ، ئامانجی پرۆژەکەیان ئەوە بوو تورکیا ببێت بەخاوەنی زۆرترین دۆست و سفرکردنەوەی دوژمنی ناوخۆ و دەرەکی.

(پارتی داد و گەشەپێدان / حزب العدالة والتنمية) وەک پارتێکی سیاسی لە تورکیا وا خۆی پێناسە ئەکات کە رێچکەیەکی میانڕەو و دژ و ئەنتی ڕۆژئاوا نییە و خۆی بە بەشێک لە سیستەمی بازاڕی ئازادی نیولیبرالیزمی سەرمایەداریی ئەژمار ئەکات و هەوڵ و تێکۆشانی زۆریشی کردووە بۆ ئەوەی ببێت بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. گەرچی ڕەگوڕیشەیەکی ئیسلامیی ئیخوانی هەیە، بەڵام ئەم پارتە وا خۆی پیشان دەدات کە پارتێکی موحافزیکار و میانڕەوی ئیسلامییەو خۆی لە هەموو دروشم و گوتارێکی ئایینی توندڕەوانە بەدوور دەگرێت. ئەم پارتە لە ساڵی ٢٠٠٢ وە گەیشتۆتە دەسەڵات لە تورکیا . لە ٢١ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ وە ( رەجەب تەیب ئەردوغان ) بوو بە سەرۆکی حیزبەکەو لە ساڵی ٢٠١٤ وە بوو بە دوانزەهەمیین سەرۆکی کۆماریی تورکیا. ئەردۆگان لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبوڵ بووەو لە ٢٠٠٣ وە تا ٢٠١٤ سەرۆکی وەزیرانی تورکیا بووە.

ئامانجی من لەنوسین و پێشچاوخستنی ئەم بابەتە شرۆڤەکردنی شکستی حکومڕانی ڕەوتێکی فیکردی و ئایدیۆلۆژی ئیسلامیی ئیخوانییە کە لەساڵی ٢٠٠٢ وە – کە پاش نزیکەی سەد ساڵی حکومڕانی ناسیونالیزمی فاشیزمی تورکی– ئەم رەوتە گەیشتە دەسەڵات و بوو بەهەڵگری تێڕوانین و خاوەنی بیرێکی نوێ نەک هەر لە تورکیا تەنانەت پەلی هاویشت بۆ جیهانی عەرەبیی و دەسەڵاتی لە ناسیونالیزمی عەرەبیی لە هەریەک لە تونس و میسر و لیبیا سەندەوەو گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات. بەڵام ئەم ڕەوتە فیکرییە ئیسلامییە لە هەریەک لەو وڵاتە عەرەبییانە توشی نارەزایی خەڵک بووە و هاوکاتیش دوچاری قەیرانی سیاسیی گەورە بووەوە تا دواجار متمانەو باوەڕی جەماوەرییان لەدەست دا، دوا وڵاتیش تونس بوو کەتێیدا ئیخوانییەکان بەرکەنار کران.

بەڵام ئەوەی من زیاتر لێرەدا مەبەستمە قسەکردنە لەسەر ئەو کۆمەڵە قەیرانە سیاسیی و ئابورییانەی کەتورکیا لەئێستادا بەدەستییەوە گیرۆدە بووە لەسەر دەست و لەژێر دەسەڵاتی پارتی دادوگەشە پێدان

بەسەرۆکایەتی ئەردۆگان. بێگومان ئەو قەیرانانە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئێمەی کورد گرنگی خۆی هەیە چونکە – تورکیا وەک وڵاتێکی گرنگی ناوچەکە و وەک میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی – زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی کوردی کوردستانیی باکوری لێ نیشتەجێیە، ئەمە جگە لەوەی بەشێکیشە لە کیشوەری ئەوروپا. ئەوەی گرنگەو شایانی باسە ئەوەیە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەردۆگان و حیزبەکەی وەک ساڵی ٢٠٠٨ نەماون بەو پێیەی گۆڕانکاری زۆر بەسەر تێڕوانین و ڕەفتاری ئەردۆگان خۆی و بەسەر ستراتیژو سیاسەتیی حیزبەکەیدا هاتووە.

کاتێک حیزبی دادوگەشەپێدان لەساڵی ٢٠٠٢ گەیشتە لوتکەی دەسەڵات، (داود ئۆغلو) وەک مونەزیری حیزبی داد و گەشەپێدان و خاوەن پڕۆژەی ( Zero Tensions )، ئامانجی پڕۆژەکەیان ئەوە بوو تورکیا ببێت بەخاوەنی زۆرترین دۆست و سفرکردنەوەی دوژمنی ناوخۆ و دەرەکی. دوور لە کێشەی دەرەکیی و ناوخۆیی، کاری بنچینەییان ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی تورکیایەکی پێشکەوتوو و دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز و دیموکراتیی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بوو. بەو ئامانجەی ئەو گۆڕانکاریی و هەنگاوە ئەرێنییانە ببێتە جێگەی قبوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە یەکێتیی ئەوروپا. بۆ ئەم مەبەستەش چەند هەنگاوێک لە کێشەی کورد و پەکەکە نزیک بونەوە و ژمارەیەکی باش پڕۆژەی ئاوەدانی لە تورکیا و کوردستانەکەشی خرانە بواری جێبەجێکردنەوە. تەنانەت پارتەکەی ئەردۆگان تا ساڵی ٢٠١٢ زۆرترین سەرۆک شارەوانی شارە کوردییەکان بەدەست حیزبی داد و گەشەپێدانەوە بوون. ئەردۆگان و پڕۆژەکەی لە ساڵی ٢٠١٦ وە پاش کودەتا سەربازییەکەی ١٥ تەموز، بەرەو لێژبونەوە دەڕوات، هاوکات ژمارەی هەوادار و لایەنگرانی حیزبی دادوگەشەپێدان لە تورکیاو لە کوردستانەکەشی بەتایبەتیی و لە وڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامیی بەگشتیی بەرەو کەمبونەوە دەچێت. ئەمریکا و ئەوروپاش متمانەیەکی ئەوتۆیان بەئەردۆگان و بەپڕۆژەکەی نەماوە کە ببێتە جێگەی قبوڵکردنی لە یەکێتی ئەوروپا. چەندین هەڵەی سیاسیی و ئابووریی زەق هەن کە تورکیا لە ئێستادا بەدەستییەوە دەناڵێنێت، هەر یەکێک لەو هەڵانەش ئەردۆگانی خستۆتە سەنگەریی زۆرترین دوژمن و کەمترین دۆستەوە.

ئەو هەڵانەی کە هۆکاری قەیرانی سیاسدی و ئابووریی تورکیان چین ؟ قەیرانەکانیش بەردەوام لە زیادبوندان و رەنگە ببنە هۆکاری شکست و کەوتنی ئەردۆگان و پارتی دادو گەشەپێدان لەئاییندەیەکی نزیکدا.

**قەیرانە ئابورییەکان:**

دژایەتیکردن و ئاڵنگاریکردنی سیستەمی ئابووریی و سیاسیی نیولیبرالیزم: دژایەتیکردنی بەردەوامی ئەو سیستمە لەلایەن ئەردۆگانەوە کە لەکاتێکدا تورکیا



ئەردۆگان

خۆی بەشێکە لەسیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی و بەشێکیشە لە بازاری ئازادی ئابووریی نیولیبرالیزم، ئابووریی تورکیاش پشتی بەستووە بەو سیستەمە. تورکیا ئەندامی ناتۆیە و سودمەندیش بووە لەو سیستەمە جیهانییە. هەوڵ و تێکۆشانیشی بەردەوامە بۆ بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا و وەک وڵاتیش لە ناوجەرگەی کیشوەری ئەوروپایە. ئەردۆگان بە بەردەوامی سوکایەتی و بێڕێزی بە سیستەمی بانکی ناوەندیی تورکیا دەکات، لە کاتێکدا پایە بنچینەکانی بانکیی لە سیستەمی نیولیبرالیزم دەبێت بانکی مەرکەزیی هەموو وڵاتێک خاوەنی روبەرێکی سەربەخۆیی لە بڕیاردان بێت و نابێت بکەونە ژێر بڕیاری سیاسیی وڵاتەکانیانەوە. ئەمە خاڵی بنچینەیی و هێزی هەموو بانکە ناوەندییەکانی هەموو جیهانە، چونکە وەبەرهێنەری جیهانیی بۆ داتا و حیساباتی سود و زیان پشت بەستوون بە داتای ئابووریی بانکەکان. هەر بڕیارێکی سیاسیی لە سیاسەتی ئابووریی بانکیی، وەربەرهێنەر ئەخاتە کێشەوە چونکە هاوکێشە بانکییەکان لە زیادکردن و کەمکردنی نرخی سود و قازانج ئەکەونە کێشەوە. لەکاتێکدا زیادکردن یان کەمکردنی سود ( فایدە ) ی بانکی لە یاسایی بانکی چووە دەرەوە و بڕیارە سیاسییەکان دیاری بکات وەک ئەوەی ئەردۆگان ئەیکات کە ڕۆژێک زاواکەی و ڕۆژێکیتر کەسە نزیکەکانی خۆی ئەکات بەسەرۆکیی بانکیی ناوەندیی تورکیا و ئەیەوێت بەویستی خۆی بەهای سو- فایدە کەمبکات و تێکەڵکردنی بە ئابووریی ئیسلامییەوە، لەکاتێکدا بۆ وەبەرهێنەری بیانیی روون نییە ئایا ئەردۆگان کێشەی لەگەڵ سو- فایدەیە وەک ئەوەی بە شەرعی ئیسلام حەرامە یان لەگەڵ قیمەتی ڕێژەی فایدەیە. ئەم تێکەڵکردنە لە ئایین و یاسای بانکەکان جێگای قبوڵکردنی ئەو سیستەمە بانکییە جیهانییە نییە و هۆکاری ترسێکی گەورەشە بۆ وەبەرهێنەری بێگانەو بووەتە هۆی ئەوەی کە بازاڕەکانی تورکیا جێبهێڵن و بچنە دەرەوە. هەروەها هێرشی بەردەوامی ئەردۆگان و رەخنەگرتنی لە کۆمەڵێک دامەزراوەی پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی بۆ بانکەکان (وکالات التصنیف الائتماني ) وەک ( فیتش و مودیز و ستاندرد ئاند بورز و داغونغ ). پاش ئەوەی ئەوان بانکەکانی تورکیایان بەخراپ پۆلێن کرد و ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ترسی سیاسیی زۆرە لە پاش کودەتا سەربازیەکە و تورکیایان بەوڵاتێکی ناجێگری سیاسیی پۆلێن کرد. ڕێژەی قەرزیی دەرەوە لەسەر تورکیا زۆر زۆرە و ترسی فەوتانیشی لەسەرە، قەرزەکانی تورکیایان بە ( junk ) پێناسە کردووە، واتا پیسایی و پاشماوە، ئەمەش بووە هۆی داخستنی ئۆفیسی فیتش لە تورکیا. بێگومان هەمو ئەمانە دەرەنجامی خراپی لێکەوتەوە بۆ ئابووریی و وەبەرهێنان لە تورکیا و بونە هۆی بێ متمانەیی و ترس بۆ وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان و ناوخۆیەکانیش. کاری ئەم دامەزراوە فەرمییانە پۆڵێنکردنی بانکە ناوەندییەکانی هەموو وڵاتانی جیهانە بەپشت بەستن بەکۆمەڵێک یاسای

هەواڵنامەی کتێب

بنەڕەتی بانکیی و چالاکیی بانکی و ئازادیی لە قەراراتی بانکیی و سەقامگیری سیاسیی لە وڵاتەکە. ڕاپۆرتی ئەم دامەزراوانە بۆ وەبەرهێنەر گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەم ڕاپۆرتانە ئەبنە بنچینە بۆ کاری وەبەرهێنەر و هەمو بڕیارێک کە بیدات بۆ ئەوەی زەمانەتی سەرمایەکەی بکات و بەرنامەی کارەکەی دابڕێژێت. هەروەها خۆهەڵقورتاندنی بەردەوامی ئەردوگان لە بابەتی ئابووریی وڵات، وتارە بەردەوامە بێبەهاکانی لەڕووی ئابورییەوە و سوکایەتی و بێنرخکردنی بەردەوامی بەسندوقی نەقدیی نێودەوڵەتیی لەبەر هاوکاری نەکردنی تورکیا بۆ بوژانەوەی ئابووریی تورکیا تابتوانێت ناتجی قەومی لە (٤٪) بۆ (٧ و ٨ ٪) زیاد بکات، ئەم برە زیادکردنە بۆ وەزعی تورکیا کارێکی مەحاڵە، هیچ ئابوریناسێک ئەم داوایەی ئەردۆگان بە لۆژیک نازانێت و قابیلی جێبەجێکردن نییە. بەڕاستی لەگەڵ ئەو هەمو ڕەخنانەی لەسەر ئەو سندوقە هەیە بەڵام سوکایەتیکردن بەو شێوەیە و لە لایەن سەرۆکی وڵاتێک کە خۆی بەشێکە لەو سیستەمە جیهانییە و ئەو سندوقەش وەک سندوقێکی ڕاوێژکاریی بۆ ئەو سیستمە جیهانییە گرنگی خۆی هەیەو جێگەی قبوڵ نییە چونکە ئەردۆگان سەرۆکە نەک ڕۆژنامەوان. سەرۆکی وڵاتێکیش کە ئەندامە لە ناتۆ، لە ڕاستیدا نیشانەی سەرلێشێواوی ئەردۆگانەو درک نەکردنیەتی بەمەترسی لەو هەمو وتارە نابەرپرسانە و ناپرۆفیشناڵانە لە سیاسەتدا چونکە باجەکەی زۆر گران ئەکەوێت لەسەر ئابووریی وڵاتەکەی. دەرەنجام بینیمان لیرەی تورکی توشی چ دارمانێکی گەورە هاتووە. یەکێتی ئەورووپا ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردنی تورکیا





ئەردۆگان

پیشان داوە نەک لەبەر چاوی تورکیا بەڵکو لەبەر ئەوەی هەر قەیرانێکی ئابووریی تورکیا کاردانەوەی خراپی بۆ یەکێتی ئەورووپا ئەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش داوایان لە تورکیا کردوە لە رێگەی سندوقی نەقدی نێودەوڵەتییەوە ئیستشارەو و داتاکانیان پێبدرێت، ئەردۆگان ئەمەشی قبوڵ نییە و ئەیەوێت لەسەر وەهەم ناتجی قەومی تورکیا زیاد بکات. خاڵێکی تر کە ئەبێتە هۆی سوتانی ئەوراقی ئەردۆگان کاتی ئاڵنگاری ( التحدي) کردنەکەیە بەرامبەر سیستمی ئابووریی و سیاسیی جیهانی لەبەر هەر هۆکارێکی ناوخۆیی یان عەقائدی یان بڕوایەکی زۆر بەتوانای خۆی و وڵاتەکەی گونجاو و دروست نەبوو لەبەر ئەوەی ئەردۆگان فاکتەری تەحەداکردنی تەواوی نییە. کەمن ئەو وڵاتانەی کە بەبێ فاکتەری تەواو توانیبێتیان سەرکەوتوو بن لە دژایەتی کردنی سیستەمی سیاسیی و ئابووریی جیهانیی، هەندێکیان هەر تیاچون وەک ئەڵمانیا و ئیتاليا و یابان. هەروەها تەجروبەی تەحەدی (موحەمەد عەلی پاشا) لە میسر نزیکترین نمونەی شکست خواردووە کاتێک ویستی قەرزەکانی سەر میسر نەداتەوە، گەرچی توانی بنکەیەکی ئابووریی باشیش بۆ میسر بنیات بنێت. تەنها وڵاتێک کە فاکتەر و هێزی تەحەدی سیستەمی سیاسیی و ئابووریی جیهانیی هەبێت چین-ە، بەڵام نایەوێت توشی هەمان چارەنوسی یابان ببێت. بۆ وڵاتێکی وەک تورکیای تازە پێگەیشتوو نەک زۆر زوو بوو بگرە خۆکوشتنێکی سیاسیشە. زیادەڕۆیی ئەردۆگان لە تێکەڵکردنی ئەوراقەکان و کێشەکان، تەوزیفکردنی هەستی نەتەوەیی تورکیی و ئایینی و یاریکردن لەسەر ئەو دوو سێکتەرە ترسناکەو تێکەڵکردنی، بۆ نمونە : دارمانی لیرەی تورکیی هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نییە کێشەیەکی ئابوورییە بەتەنیا، بەڵام ئەردۆگان لە وتارەکانی لەسەر دابەزینی لیرە بەرامبەر دۆلار دەڵێت: هێرشکردن بۆ سەر لیرە وەک هێرشکردنە بۆ سەر قورئانەکەمان ! ئەوان دۆلاریان هەیە ئێمە خودامان هەیە ( ئۆنلارن دۆلاری ڤارسا بزم اللهمز ڤار) . کاتێک تورکیا بووە ئەندامی ناتۆ هەر خاوەنی قورئان بوون و موسڵمان بوون تاکو ساڵەکانی ٢٠١٧ زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار، ئەورووپی و ئەمریکییەکان وەبەرهێنانیان لە تورکیا کرد ئەو کاتەش تورکیا هەر خاوەنی قورئان بوو وە وڵاتێکی موسڵمانیش بوو، خێرە ئێستا ئەردۆگان بیریان ئەهێنێتەوە ئەوان خاوەن قورئان و ئیسلامن.

کێشەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەهەستی نەتەوەیی و بە ئایینەوە نییە، تەنیا ئەردۆگان ئەیەوێت سەرکەوتنەکان بکات بەموڵکی خۆی و حیزبەکەی و شکستەکانیش بخاتە ئەستۆی ئیمپریالیزم و ئیسرائیل و ماسۆنییەتی جیهانیی. پرۆژە وەبەرهێنانەکانی تورکیا ئینتاجی و ئابووریی ڕاستەقینە نین بەڵکو لە بواری بیناسازیی لە شێوەی پرد و خانوبەرەو و مۆڵ و ئۆتێلی گەشت و گوزارین، زۆرتر لە پرۆژەی نمایشکردنەوە نزیکن، هەروەها توانای پاشەکەوتکردنی تاکی تورکیش زۆر کەمە، ناتوانێت ناتجی قەومیی زیاد


بکات لە کاتێکیشدا ئەردۆگان ئەیەوێت ئەمەش بە پارەی قەرز بکات لە رێگەی سندوقی نەقدی نێودەوڵەتییەوە بۆ هیچ وەبەرهێنەرێکی دونیا جێگەی قبوڵکردن نییە. نەزانی و نەشارەزایی ئەردۆگانە لە سەرەتاییترین یاساکانی ئابووریی و وەبەرهێنان ئەمانەش ئەردۆگانی گەیاندۆتە ئاستێک ئێستا تاک و تەنها ماوەتەوە تەناتەت مونەزیرو عەقڵی حیزبەکەشی لێی جیابووەتەو. درک نەکردنی ئەردۆگان بەگۆڕانی کات لە بەر زۆر مانەوەی لە دەسەڵات کە پێی وایە ئەو توانی لە زەمەنێکی دیاریکراودا سەرکەوتنی ئابووریی بەدەست بهێنێت، واتا بۆ هەموو زەمەنێک ئەتوانێت بەهەمان شێوە سەرکەوتو بێت. ئەگەر سیاسەتی ئابووریی ئەردۆگان و حیزبەکەی سەرکەوتنی لە ساڵەکانی ( ٢٠٠٥ تاکو ٢٠٠٩) بەدەستهێنا مانای ئەوە نییە لە ٢٠٢١ یش هەمان سیاسەتی ئابووریی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. سەرکەوتنی ئەردۆگان لەساڵی ٢٠٠٥ وە شانسێکی باش بوو، چونکە وەبەرهێنەرە ئەورووپیی و ئەمەریکییەکان گرنگییەکی تایبەتییان بەبازارە ناشیئەکان دا و سەرمایەکانیان گواستەوە لە وڵاتە زلهێزەکانی وەک بەریتانیا و ئەمریکا و فەرەنسا بۆ وڵاتە ناشیئەکانی وەک تورکیا و هەندێ وڵاتی ئاسیای ناوراست، چونکە رێژەی سود لەو شوێنانە زیاتر بوو لەبەر کۆمەڵێک هۆی وەک هەرزانیی لە هێزی کارو شوێنە جوگرافیەکانیان و هەرزانی وزە و ویستی زۆری بازارەکان بە کاڵا. بەڵام خۆ ئەم هاوکێشەیە نەگۆر نییە، ئەکرێت ئێستا بە شێوەیەکی تر وا بخوازێت سەرمایەکانیان بگوازنەوە بۆ بازارێکی تازەی تر کە سودی زیاتر بەدەست دەهێنێت. لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سیاسیی و بە تایبەتیی لە ئێستادا تورکیا وڵاتێکە پڕ کێشەی سیاسییەو لە ناوخۆدا دەیان کێشەی سیاسیی هەیە، وە ترسی تێرۆری داعش لە ناوچەکە لە زیادبوندایە ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان بگوازنەوە بۆ بازارێکی پر لەئاسایش .

**دەرهێنانی گازی سروشتیی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست:**

کێشەی تورکیا لەگەڵ یاسای دەریاوانی لە نەتەوەیەکگرتوەکان پاش دۆزینەوەی گازی سروشتی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، چونکە بەپشت بەستن بەو یاسایە بێت تورکیا کەمتر لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە لەسەر دەریای سپین سودمەند ئەبێت لەگازی سروشتی لەبەر ئەوەی نزیکەی ٦٠٠ دورگەی سەربە یۆنان کەوتونەتە ناو دەریای ئیجە و دەریای سپییەوە. بەپشت بەستن بەو یاسایە بەر یۆنان ئەکەوێت و زیاتر سودمەند ئەبێت لەو گازە. کە ئەمەش تورکیایەکی هەژار لە نەوت و گازی توشی شۆک کردووە و ئەو هیوایەی کە ئەردۆگان پشت بەستوو بەو گازە سروشتییە کە تورکیا ببێتە وڵاتێکی خاوەن وزە و ئابوریەکی بەهێز بتوانێت خەونی ئیمپراتۆرە عوسمانییەکەی جێبەجێبکات بەتاڵ ئەکات.

لە سەرەتادا کۆمەڵێک مانۆڕی سەربازیی و ناردنی هێز بۆ لیبیا و بەستنی پەیمانی چەند ساڵەی ئابووریی لەگەڵ لیبیای بزوتنەوی ویفاق و تونسی نەهزەی راشد

غەنوشی ئیخوانی دا بەست، تا بتوانێت نا سەقامگیرییەک بکاتە دەریای ناوەڕاستەوە تا لەڕێگەی ئەم هەوڵانەوە بتوانێت داواکارییەکانی لە زیادکردنی ڕووبەری سنورە وشکانییەکانی بۆ دەرهێنانی گازی سروشتی زیاد بکات، تەنانەت سنورێکی دوولایەنەی ئاویشی لە نێوان تورکیاو لیبیا کێشا بوو جیاوازتر لەوەی کە لە یاسای نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ دابەشکردنی سنوری دەریاوانی وڵاتانی کەسنوری وشکاییان لەسەر هەمان دەریا هەیە. دەرەنجام هەموو ئەم کارانەی ئەردۆگان بووە هۆی بەستنی هاوپەیمانییەک لە نێوان هەموو ئەو وڵاتانەی




کە سودمەندن لە گازی سروشتیی دەریای ناوەڕاست هەریەک لەمیسر و ئیسرائیل و لوبنان و یۆنان و ئیتالیا و قوبرسیش، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی میسر هێزی سەربازی بجوڵێنێت بۆ سنوری لیبیا بۆ پاڵپشتی خەلیفە حەفتەر و فەرەنساش ئستولی شارل دیغۆڵ بهێنێتە دەریای ناوەراست. لەکۆتایدا ئەمانە بونە هۆی پاشەکشەی ئەردۆگان و خەونەکەی لە گازی سروشتیی دەریای ناوەڕاست . (تەماشای وێنەی ژمارە ١ بکە).

پەتای کۆرۆنا وەک پەتایەکی جیهانیی کە ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە بووەتە هۆی پاشەکشەی ئابوری جیهان، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا کە گەشتوگوزار یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئابووریی ئەو وڵاتە، ڕێگەیەکی باش بوو بۆ هاتنە ژورەوەی دۆلار بۆ ناو وڵات. لەهەمان کاتدا خەرجی کۆرۆناش بۆ خۆی بارێکی گرانە لەسەر ئابووریی وڵات، دەرەنجام کۆرۆناش خاڵێکی بەرچاوە لە دارمانی ئابووریی تورکیای بندەستی ئیخوانەکان.

**قەیرانەکان لەگەڵ هاوپەیمانیەتی ناتۆ:**

تورکیا بۆ ماوەی ٦٧ساڵە یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) کە زۆرترین هاوکاری مادیی و مەعنەویی و لۆجیستیکی بەچالاکییە سەربازییەکانی ئەو هاوپەیمانییە کردووە کە هەر لە سەرەتای ئەندام بونییەوە لە ساڵی ١٩٥٢ وە

که لەسەرەتادا تەنها ١٢ ولات بوون، ئەندامێکی چالاکی ناتۆیەو تاکو ئێستا بەشداری کردووه لە زۆرترین کارو مەهامەکانی ناتۆ لە جیهاندا. تورکیای هەشتەمین ئەندامی ناتۆییە لە ڕووی هاوکاری مادیی لە میزانییەی ساڵانەی ناتۆ، کە ئەگاتە نزیکەی ٩٠ملیۆن یۆرۆ، هەروەها لە ڕێزبەندی پێنجەمی ئەندامانی ناتۆیە کە ئێستا ٢٩ وڵاتن، تورکیا بەشداربووە لە هەموو چالاکییە سەربازیەکانی ناتۆ هەر لە ئەفگانستان تاکو کۆسۆڤۆ و عێراق کە زیاتر لە هەزار سەربازی تورکیا ئێستا لە ناتۆدان. هەروەها خاکی تورکیاش جێگەی بنکەی سەربازییە وشکانییەکانی ناتۆیە لە ویلایەتی ئەزمیری ڕۆژاوا، هەروەها سیستەمی ڕاداراتی ناتۆ ئەکەوێتە ناوچەی مالاتاوە. فڕۆکە چاودێریەکانی ناتۆ بنکەکەیان لە ناوەڕاستی تورکیایە.

پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفگانستان پاراستنی فڕۆکەخانەی حامد کارزای بەسەربازە تورکەکان سپێردراوە کە نزیکەی ٥٧٠ سەربازن . سەرەڕای ئەو





ئەردۆگان

مـێـژووەی تورکیاو ناتو، بـەڵام ئێستا لە کێشەی گـەورەدان، پاش ئەوەی تورکیا فڕۆکەیەکی سەربازی روسیای لە سوریا خستە خوارەوە و بووە هۆی مردنی فڕۆکەوانە ڕوسەکە، ئەردۆگان پێی وابـوو بەم کارە ناتۆ ئەخاتە شەڕێکەوە کە دواجـار بە قازانجی ئەو کۆتایی دێت و لەجەنگی سوریا زۆرترین دەسکەوتی ئەبێت. خوێندنەوەی هەڵەی سیاسییانەو یاساییانەی ئەردۆگان بۆ خاڵی پێنج لە پەیاننامەی ناتۆ، کە لەو بەندە هاتووە: «هەر یەکێک لە ئەندامەکانی ناتۆ کەوتە شەڕەوە وەک ئەوەیە هەموو ئەو وڵاتە کەوتبێتە ئەو شـەڕەوەو ئەوکات ئەبێتە شەڕی هەموو ئەندامەکانی ناتۆ». بـەڵام دواجـار ئەو کـارەی ئەردۆگان لەلایەن ناتۆوە بەو شێوەیەی ئەردۆگان لێکنەدرایەوەو خستنی فڕۆکەکە بەدەستپێشخەری تورکیا لەقەڵەم دراو بەهێرش و بەداگیرکاری روسیا بۆ تورکیا پێناسە نەکرا تاکو بچێتە خانەی بەندی پێنجەم لە پەیماننامەی ناتۆ. وەک ئەردۆگان چاوەڕێیی ئەکرد هاوشێوەی ١١ سێبتەمبەری تاوەرەکانی ئەمریکا لەقەڵەم بـدرێ و هەمـوو ناتۆ هاوپشتی بکەن. ئەم کارەی ناتۆ بووە هۆی پەرچەکرداری ئەردۆگان و نزیکبونەوەی لە ڕووسەکان تەنانەت زۆرترین تەنازولی کرد بۆ ڕووسەکان تا کار گەیشتە سوکایەتی کردنی پۆتین بەخودی ئەردۆگان و پێشوازیکردنی دوور لە هەموو عورف و پرۆتوکۆلێکی نێودەوڵەتیی. ئەگەرچی تورکیا داوای لێبوردنی بەشێوەیەکی فەرمی پێشکەش بەڕووسەکان کردو هەموو قەرەبویەکی مادتی و مەعنەویی فڕۆکەوانەکەو فڕۆکەکەشی کرد، بەمەشەوە نەوەستا، گرێبەستی سیستەمی ( ئێس ٤٠٠) لەگەڵ ڕووسەکان ئیمزا کرد، کە بۆ ناتۆ زۆر جێگەی نیگەرانییە کە( ئێس ٤٠٠) لە نزیک بنکەی سیستمی ناتۆ و لە وڵاتێکی ئەندامی ناتۆش جێگیر بکرێت. لە ڕاستیدا تورکیا بۆ ناتۆ گرنگییەکەی بۆ ئاسانیی و نزیکییە لە دژایەتی ڕووسەکان، مومکینیش نییە بتوانن واز لە ئەندامێتی تورکیا بهێنن چونکە هەم تورکیا بۆ ناتۆ گرنگە هەم هیچ خاڵێک نییە لە بەیاننامەی ناتۆ پشتی پێببەستن بۆ دورخستنەوی لە ناتۆ، تەنیا شت ئەوەیە لە ئێستادا سڕکردنی دەوری تورکیایە لە ناتۆ کە پێشتر لەگەڵ پورتوگال کرا پاش هاتنە دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان لە پورتوگال. وە گەڕاندنەوەی چالاکی پورتوگال بۆ ناو ناتۆ پاش نەمانی کۆمەنیستەکان لە دەسەڵات. لە ئێستادا دوو ئەگەر هەیە یان هەمان کاری پورتوگالی لەگەڵ دەکەن، یان بەمانەوەی ئەو سەربازە تورکانەی کە پاراستنی فڕۆخانەی حەمید کـارزای ئەفگانستانیان پێسپێردراوە تورکیا ئەخەنە خانەی دوژمنایەتی تاڵیبان، کە لەبنەڕەتیشدا دوو قوتابخانەی ئیسلامیی دژ بەیەکن، وەک پەندە عەرەبییەکە ئەڵێت هەمیشە (ضربة المعلم ) زۆر ئازاربەخشە بەئاسانی ساڕێژ نابێت. لەڕاستیشدا ئەمەی دووەم زیاتر نزیکترە، چونکە ئێستا تاڵیبان لەجیاتی ئەمریکا لە ئەفگانستانەوە شەڕی بەرەی چینەکان و ڕوسەکان ئەکات.

**قەیرانی پەیمانی لۆزان:**

ماوەی چەند ساڵێکە هەواداران و ئەندامانی پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر هەموو شوێنە گشتییەکان پۆستەر و ڕێکلام و بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە پەیمانی لۆزان – کە بووە هۆی لەدەستدانی دوو لەسەر سێی خاکی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ٢٠٢٣ – کۆتایی دێت. هەمیشە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە بەندێکی نهێنی لە پەیمانی لۆزان هەیە کە تەمەنی لۆزانی تێدا دیاری کراوە بە سەد ساڵ واتا لە ساڵی٢٠٢٣ ئەم پەیمانە کۆتایی دێت ئیتر وەک پەیمانێکی نێودەوڵەتی بەندەکانی کاری پێ ناکرێت . لەڕاستیدا ئەمە بەس قسەیەو دوورە لە ڕاستییەوە چونکە لەبەرئەوەی هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەبێت سەرەتا لە پەرلەمانی وڵاتە دیموکراتییەکان واژوو بکرێت و ڕەزامەندی زۆرینە بەدەستبهێنێت، پاشان ناتوانرێت دەعوە لە هیچ دادگایەک لەسەر بەندێکی نهێنی تۆمار بکرێت، لەبەر ئەوەی وێنەی پەیماننامەی لۆزان لە هەموو پەرلەمانەکانی تورکیا و بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا و یۆنان هەیە و پارێزراوە لەبەرئەوەی بەشێکە لە بەڵگەنامەکانی عوسبەتی ئومەم کە دواتر نەتەوەیە یەکگرتووەکان بووە میراتگریی ئەو بەڵگەنامانە . لەڕاستیدا بەهیچ شێوەیەک پەیماننامە نێودەولەتییەکان تەمەن بۆ کارپێکردنی بەندەکانی دیاری ناکرێت کە لەڕێگەیانەوە سنوورە وشکایی و ئاویی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتە تازەکانی پاش شەڕی جیهانی کێشرا، تەنها شتێک ئەتوانێت پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ لەکار بخات پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی تازەیە کە جێگرەوەی لۆزان بێت، ئەمەش ئێستا کارێکی ئاسان نییە. ئێستا تەنها سێ بەندی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ کراوەیە و بوەتە جێگەی ئەوەی تورکیا هیوای لەسەر بونیاد بنێت بەو هیوایەی بتوانێت لەڕووی یاساییەوە شتێک لە میراتی عوسمانیی دابەشکراو بگێڕێتەوە بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا کە



تورکیا بۆ ماوەی ٦٧ساڵە یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) کە زۆرترین هاوکاری مادیی و مەعنەویی و لۆجیستیکی بەچالاکییە سەربازییەکانی ئەو هاوپەیمانییە کردووە کە هەر لە سەرەتای ئەندام بونییەوە لە ساڵی ١٩٥٢ وە کە لەسەرەتادا تەنها ١٢ وڵات بوون

ئەردۆگان





میراتگری دەوڵەتی عوسمانییە .

١. بارودۆخی حەلەب و موسڵ

٢. بارودۆخی ئەسکەندەرۆنە

٣. بارودۆخی هەردوو نۆکەندی (مضیق ) پسفۆر و دەردەنیل.

بۆ بەندی یەکەمییان تورکیا لە کاتی خۆیدا بەرامبەر بە دەستهەڵگرتنی لە ویلایەتی موسڵ و حەلەب بڕێک پارەی وەرگرتوە و تەنازولی لێکردووەو لە پەیمانی ئەنقرە لە ساڵی ١٩٢٦ ئەم کارە ئەنجام دراوەو لە عوسبەتی ئومەم جێگیرکراوە. لەڕووی یاساییەوە ئەم بەندە داخراوە و کۆتایی پێهاتووە . بەندی دووەمیشیان بەهەمان شێوە داخراوە چونکە لەساڵی ١٩٣٦ ڕاپرسیەکی ناوخۆیی بۆ ئایندەی ئەسکەندەرۆنە ئەنجامدرا و دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە ئەسکەندەرۆنەش چوە سەر تورکیا و لە لایەن عوسبەتی ئومەمەوە ڕاپرسییەکە سەلمێندارو پەسەند کرا. بۆ بەندی سێیەمیش تورکیا پابەندە بە پەیماننامەی مونترۆوە. پەیماننامەی مونترۆ بریتیە لە پەیماننامەیەک کەتێدا ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی هەردوو نۆکەندی پسفۆر و دەردەنیل لە لایەن پاپۆرە بازرگانییەکان و جەنگییەکان لە کاتی شەر و ئاشتیدا دیاریکرا، پاش بەستنی کۆبونەویەک لە تەموزی ساڵی ١٩٣٦ لە سویسرا پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی دیبلۆماسی زۆری کەمال ئەتاتورک و پاش ١٣ ساڵ بەسەر پەیماننامەی لۆزان چونکە لە ناوەڕۆکی پەیماننامەی لۆزاندا هاتووە ئەبێت هەردوو نۆکەندی ئاوی پسفۆرو دەردەنیل خاڵی بکرێت لە چەک و بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی عوسبەتی ئومەم و بەهیچ شێوەیەک ڕۆڵ و مافی تورکیا لە چاودێریکردن و ئیدارەدانیدا نییە. مونترۆ توانی گۆڕانکاری لە بەندەکانی لۆزان بکات کە تایبەتن بەو دوو نۆکەندەوە. لەڕاستیدا ئەم پەیماننامەیە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بوو بەڵام تا ئێستاش بەردەوامە چونکە ئەبێت دولایەنە هەڵبوەشێنرێتەوە ئەگەر نا هەر بەردەوام دەبێت. بەم شێوەیە ئەم بەندەش بە داخراو حسێب ئەکرێت لەڕووی یاساییەوە.

بۆچی لەم کاتەدا ئەم بابەتە بووەتە باسێکی هەستیاری ناو تورکیا؟ تا لەم دواییە کۆمەڵێک ئەفسەری خانەنشینی تورکیا ئاگاداریان داوە کە دەستکردن بە ڕێڕەوی ئاوی ئەستەمبوڵ ( قناة اسطمبول ) ئەبێتە کێشە چونکە ناکۆکە لەگەڵ بەندەکانی پەیماننامەی مونترۆ و ئەچێتە خانەی دژایەتی سیستمی جیهانی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، تا دواجار ئەردۆگان هاتە وەڵام و ئەوەی ڕاستکردوە کە ئەوان نایانەوێت لەو پەیماننامەیە بکشێنەوە. ڕێڕەوی ئەستەمبول بریتییە لە جۆگەیەکی دەستکرد هاوشێوەی چەناڵی سوێس کە دەریای ڕەش ئەبەستێت بەدەریای ئیجەوە، وە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنەرە کەوڵاتی قەتەر بەنیازە کاری جێبەجێکردنی بگرێتە ئەستۆی خۆی بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لەسەر ئەو دوو نۆکەندە بۆ ئەوەی هەندێک لە پاپۆڕەکان لەو چەناڵە

دەستکردە هاتووچۆ بکەن لە نێوان دەریای ڕەش و سپی. بەڵام ئەمەیان سودو کۆنترۆڵی ئەکەوێتە دەست تورکیا خۆی نەک نەتەوەیەکگرتووەکان. پاساوی ئەم کارە بەلای ئەردۆگانەوە بەتەواوبوونی سەد ساڵ بەسەر لۆزان ئەوە مۆنترۆش لەکار ئەکەوێت و تورکیا دەتوانێت ئازادیی تەواوی هەبێت بەسەر ڕێڕەوە ئاویەکانییەوە، لەراستیدا نۆکەندە ئاوییەکانی دونیا خاڵی هێـزی سەربازی ئەمریکان بەسەر جیهاندا ئـاوا کارێک ئەنجامدانی کاردانەوەی گەورەی لێئەکەوێتەوە. (تەماشای وێنەی ژمارە ٢ بکە).




**قەیرانە سیاسەکان:**

پاش کودەتا سەربازییەکەی تورکیا هەنگاوەکانی پارتی دادوگەشەپێدان وەک پەرچەکردار بووە هۆی ئەوەی کە دادگاکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن و زیاتر بکەونە ژێر فەرمانی حیزبی دەسەڵاتدارەوە و زۆرترین دادوەر خانەنشین کران یان کرانە زیندانەوە. سوپاو نەتەوە پەرستەکان ماوەی سەد ساڵە حکومڕانی تورکیا دەکەن، کەچی ڕۆژنامەوانی ئازادیەکی تەواوی هەبووە، بەڵام پاش ئەو کودەتایە کاری ڕۆژنامەوانی تووشی چارەنوسێکی زۆر ترسناک بووتەوە. سنورەکانی ئازادی ڕۆژنامەوانی زۆر تەسکراوەتەوە، دەیان ڕۆژنامەوان یان تورکیایان جێهێشتووە یان خراونەتە ناو زیندانەوە. هەموو ئەو هەوڵە سیاسیانەی کە درا بۆ چارەسەری کێشەی کورد شکستی هێنا و ئێستا ئەردۆغان تەنها ڕێگەی سەربازی و جەنگی هێشتۆتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و دەیـان مانۆڕی سەربازی دژی پەکەکە ئەنجام داوەو بەردەوامیشە. لەناوخۆی تورکیاش سەدان ئەندامی هەدەپەی خستۆتە کونجی زیندانەوە، ئەیەوێت ئەو حیزبە سیاسیەش قەدەغە بکات بەپاساوی دۆستایەتیکردنی پەکەکە، لەگەڵ حیزبی جەهەپەش لە پەیوەندییەکی زۆر خراپدایە، بەتایبەتیی پاش دۆڕانی سەرۆکایەتی شارەوانیی ئەستەمبول و بردنەوەی لە لایەن جەهەپەوە. هاوپەیمانییەتی ئەردۆگان لەگەڵ مەهەپەی نەتەوە پەرست بووە هۆی لەدەستدانی نفوزی حیزبی

دادو گەشەپێدان لە ناوچە کوردییەکان و ناوچەکانی دەریـــای ڕەش کـە زۆریـنـەیـان لـە نـەتـەوەی لاسـن، تەنانەت لە باشوری تورکیاش ناوچە گەشتیارییەکان زۆرترین ڕێژەی کەسە سێکیولارەکان لەو ناوچەیەن کە ترسیان لە ئایندەی وڵاتەکەیانە کە ببێت بەوڵاتێکی دژە سیکولار و دژی ئازادییە مەدەنییەکان. ناکۆکی ئەردۆگان لەگەڵ گویلەنییەکان و دەست بەسەراگرتنی پرۆژە پەروەردەیەکانیان و دامودەزگاکانیان لەلایەن ئەردۆگانەوە و دەرکردن و زیندانیکردنی ئەندامەکانیان لە حکومەتدا پاش کودەتا سەربازیەکەی ١٥ ی تەموزی ٢٠١٦ و هاوکاریکردنی داعش بەمادیی و مەعنەویی و بەشداریکردنی لە سوریاو عێراق بەهێزی سەربازی کۆمەڵە کێشەیەکن تورکیای توشی کۆمەڵە کێشەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی کردووە. ئەمانەو کۆمەڵە خاڵێکی تر کەهۆکاری شکستی پرۆژەی No Tension پرۆژەی سیاسی پارتی داد و گەشەپێدانن لە ناوخۆی وڵات کە لە ڕاستیدا ئەو پرۆژەیە وەک شاخوێنبەری ئەو حیزبە بوو، خاڵی هێزی سەرکەوتنی بوو لە ساڵی ٢٠٠٢ وە.

ئـەم قەیرانانە هۆکـاری جـیـابـونـەوەی ئەندامە دامەزرێنەرەکانی و هاوەڵە کۆنەکانی ئەردۆگان بوون وەک داود ئۆغلۆ و عبداللە گول . ئەوەی هاوکاری ڕەوتـــی ئیسلامی ئیخوانی کـرد بۆ گەشتنە دەســەڵات



ئەوەش سیاسەتیی ئەمریکا بوو لەسەردەمی ئۆباما‌دا کە پێیان وابوو ئیخوان موسلمیین بە نوێنەرایەتی تورکیا نمونەی ئیسلامێکیی میانرەون، ئەبێتە پردێک لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژاوا و ئەبێتە فۆرمێک بۆ هاوسەنگی بەرامبەر بە ئیسلامیی سیاسیی توندڕەو تا بتوانن لە ڕێگای ئەم ڕەوتە تازەیەوە سیستمی ئابوری نیولیبرالیزم لەم ناوچەیە پەرەپێبدەن، چونکە حوکمی نەتەوەپەرستی فاشیزمی ناوچەکە بۆ ماوەی سەد ساڵێک نەیتوانی خزمەتی دیموکراتیی و ئازادییەکان بکات، میللەتانی ناوچەکەش لەم فۆرمە زۆر نارەزا بوون و ناوچەکەش ڕووەو تەقینەوە چوو. زۆر نەرمیان بەرامبەر بە تورکیا نواند، تەنانەت زۆر جار چاوپۆشیشیان لە پێ درێژکردنی ئەردۆگانیش ئەکرد. سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیی و بەگەشتنی ئیخوان موسلمیین بەدەسەڵات لە تونس و میسر و لیبیا بونە فاکتەری هێز بۆ ئەردۆگان، بەڵام ئەم هاوکێشەیە بەهاتنی «ترامپ»ێکی توندڕەو نەک دژایەتی عالەمی ئیسلامیی و تورکیا تەنانەت دژایەتی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆشی کرد، گۆڕا و گلۆڵەی ئیخوان لە میسرو تونس و لیبیاو سودانیش نەک کەوتە لێژی بگرە تەواو لە دەسەڵات دوور خرانەوەو ئێستا وەک حیزبێکی قەدەغەکراون . بەرەیەکی ئیسلامی دەوڵەمەندی ئابوریشی لێ پەیدا بووە لە سعودیە و ئیمارات و میسر و لیبیا.

**سەرەنجام:**

تورکیای سەردەمی ئیخوانەکان بەسەرۆکایەتی ئەردۆگان ئێستا دۆستەکانی بەرەو سفر ئەچێت و رۆژانە دوژمنی تازەی بۆ دێنە سەر لیستی دوژمنە مێژوییەکانی و قەیرانی سیاسیی و ئابووریی و یاسایی زۆری هەیە. پاش سڕکردنی پەرلەمانی تونس لە لایەن «قەیس سەعید» سەرۆکی تونس کە نەهزەی ئیخوان زۆرینە بوون تێیدا کە پێناچێت جارێکی تر بتوانن ئەستۆ پاکی خۆیان لە بەرامبەر یاسا بسەلمێنن تا بتوانن بگەڕێنەوە دەسەڵات و پەرلەمان، ئەمەش لە کۆتایدا ئەبێتە خەسارەتێکی گەورە بۆ ئەردۆگان و لە دەستدانی دۆستێکی تری و شکستێکی تری ڕەوتی ئیخوان لە جیهانیی ئیسلامیی و عەرەبییدا. ڕاپرسیەکان ئەڵێن دەنگەکانی پارتی دادوگەشەپێدان زۆر لە دابەزیندان پێی ناچێت جارێکی تر بتوانێت ببێتە خاوەن زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان، بەدۆڕاندنی داهاتووی پارتی دادوگەشەپێدان لە هەڵبژاردانی ئایندە ئیتر بۆ دواجار ڕەوتی ئیخوانیش وەک ڕەوتی ناسیونالیزم لە تورکیا توشی بنبەست ئەبێت و ئەستێرەی ئەم ڕەوتەش لە دونیای سیاسەت کز ئەبێت و ئەکوژێتەوە.



# کارلۆس ڕویز زافۆن دەدوێت

له ئینگلیزییەوە: گوڵان مەحمود

هەواڵنامەی کتێب


کارلۆس ڕویز زافۆن نووسەری شەش کتێبە بۆ نەوجەوان و پێگەیشتووان. یەکەم کتێبی «سێبەری با» کە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزی چیرۆکی شەڕی ناوخۆیی دوای شەڕی ئیسپانیایە، کە زیاتر لە یەک ملیۆن چاپی لە بەریتانیا لێفرۆشراوە. کتێبەکانی بۆ زیاتر لە چل زمان وەرگێڕدراون و چەندیین خەڵاتی نێودەوڵەتیی بردۆتەوە.

دوایین کتێبی، زیندانیکراوی بەهەشت، تەواوکەری «سێبەری با»یە، کە دووبارە ڕووداوەکانی لە بەرشەلۆنە ڕوودەدەن بەڵام لەگەڵ ڕووداوەکان لە ئێستاوە دەچین بۆ ساڵی ١٩٥٠کان. بەیانییەک، کەسێکی نادیار دەچێتە کتێبخانەکەی دانیاڵ، دەیەوێت بەرگێک لە کتێبە وێنەییە گرانبەهاکەی کۆنت مۆنتی کریستۆ بکرێت. کارەکە بە چیرۆکی خیانەت و بەندکردن و نهێنییەکانی «گۆڕستانی کتێبە ونبووەکان» دەستپێدەکات.

هەموو کتێبەکانت دەربارەی هێزی چیرۆکەکانە.

**پرسیار:سەرنجڕاکێشی نووسینی کتێبەکان دەربارەی چییە...کتێب؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** پێموانییە بەڕاستی دەربارەی کتێبەکان بنووسم، بەڵکو دەربارەی کەسەکان و چیرۆکەکان و زمان و بیرۆکەکانە...چوار کتێبەکەی چوارینەی گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان لەڕاستیدا بەڵگەی پەیوەندیدارییە بە جیهانی خوێنەران و کتێب و کتێبفرۆشییەکان و بڵاوکارەکان و هەموو ئەوانەی لە بواری ئەدەبدا کاردەکەن، بەڵام هەوڵدەدەن بابەتە کۆنەکانی ئەدەب چارەسەربکەن.







هیواخوازم دەربارەی ژیان بێت. کتێب و ئەدەب، یاخود چیرۆک گێڕانەوە، هیچ نییە جگە لە بەشێک لە ئەوە.

**پرسیار:ئایا گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان لە باڵەخانەیەکی ڕاستەقینەی بەرشەلۆنەوە وەرگیراوە؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ئەوە ڕاست نییە. بیرۆکەی گۆڕستانەکەم لەکاتێکدا وەرگرت کە لە لۆس ئەنجەلوس دەژیانم. سەرچاوەی ئیلهامە گەورەکە کتێبخانەیەکی گەورەی بەکارهاتوو بوو لە لۆنگ بیچ، لە کالیفۆڕنیا، بەناوی Acres of books. ڕای برادبی جارێک دەربارەی ئەو شوێنە نووسیبووی و منیش سەرانیکارێکی چەندبارە بووم بەدرێژایی چەندین ساڵ، تا ئەو کاتەی کە داخرا. گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان خواستنە، نەک تەنها بۆ کتێب، بەڵکو بۆبیرۆکەکان، جوانی، ژیری، خەڵک، وە جیهانەکانی مێشک، وە یادەوەری...هەموو ئەو شتانەی کە وامانلێدەکات مرۆڤ بین و مانامان پێدەبەخشێت. کتێبەکان، بەڕێگایەک لە ڕێگاکان، هێمای هەموو ئەوانەن کە لە چیرۆکەکەدا هەیە.

**پرسیار:چەند کاتت پێچوو بۆ نووسینی کتێبی «سێبەری با» لە یەکەم بیرۆکەوە تا دوایین «دەستنووس»ی کۆتایی؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** زۆرجار کارەکە ساڵێک یان دوو ساڵی پێدەچێت بۆ نووسینی کتێبێکی لەوجۆرە، وە سێبەرەکە هەڵاوێردن نەبوو.

**پرسیار:پەیوەندی نێوان کوڕ و باوک لەم چیرۆکەدا بەسۆزە، پەیوەندییەکی نزیکت هەیە لەگەڵ باوکتدا؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** پەیوندیم لەگەڵ باوکمدا وەک ئەوەی دانیاڵ نییە لە «سێبەری با»دا. هەندێک لایەنی لێکچووە، بەڵام باوکم بەتەواوی کەسێکی جیاوازە لە باوکی دانیاڵ. وە بەڕاستی، منیش جیاوازم لە دانیاڵ. ئەمە ژیانە.

**پرسیار:جیاوازی چییە لەنێوان نووسینی ڕۆمانی نەوجەوانان و ڕۆمانی پێگەیشتووواندا، یاخود لەڕاستیدا بەتەواوەتی جیاوازن؟ کامیانت پێباشترە وە بۆچی؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** بەڕاستی پێموانییە کە پڕۆسەی نووسین زۆر جیاوازیی هەبێت بۆ نووسینی ڕۆمانی نەوجەوانان یاخود پێگەیشتووان. تەنها هەوڵدەدەم بۆ ئەو کەسانە بنووسم کە حەزیان لە خوێندنەوەیە، وە زۆر دوودڵ نابم دەربارەی تەمەنییان. تەمەن، لە خوێنەردا، سیفەتێکی زۆر ڕێژەییە. پێمخۆشە کتێب بنووسم بۆ ئەو خوێنەرانەی کە حەزیان لە ئەدەب و زمان و گێڕانەوە و چیرۆکەکانە... داوای پێناسە لە خوێنەرەکانم ناکەم بۆ زانینی تەمەنیان. پێمخۆشە بەو شێوەیە بیرکەمەوە کە بەڕێگایەک لە ڕێگاکان، من بۆ خوێنەرانی هەموو تەمەنەکانم.

**پرسیار:ئاشکرایە کە گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان تێبینییەکی هەیە سەبارەت بە یادکردنەوەی ڕابردوو_لەکوێی ململانێی نێوان کتێبەکان و کتێبە ئەلیکترۆنییەکاندایت؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** هیچ ململانێیەک نابینم لەنێوان کتێبەکان و کتێبە ئەلیکترۆنییەکاندا. کتێبەکان کتێبن، نەک ئەو سەکۆیەی کە تیایدا بڵاودەکرێتەوە. سەمفۆنیای مۆزارت مۆسیقایە، نەک سی دی یان شریت یان mp۳. مۆسیقایە. ئەدەبیش بۆ من هەمانشتە. ئەوە دەربارەی کار و زمان و داهێنانە.،

**پرسیار:بۆچی بە ئیسپانیی دەنووسیت، وەک لە ئینگلیزیی؟ ئایا ئەو زمانە شتێکت پێدەدات کە ئینگلیزیی ناتوانێت پێتبدات، ئەگەر وایە، ئەو شتە چییە؟**


**کارلۆس ڕویز زافۆن:** بە ئیسپانیی دەنووسم چونکە ئیسپانییم. لە بەرشەلۆنە لەدایکبووم و زمانەکانی ئیسپانیی و کەتەلۆنیی زمانی دایکمن. پێموایە کە نووسەری ڕۆمان دەبێت هەوڵبدات بەو زمانە بنووسێت کە پێی فێری نووسین و خوێندنەوە بووە، چونکە شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی ئەو پەیوەندییە تۆ ناتەوێت تێکیبدەیت. هەموو زمانەکان شتێک دەبەخشن و دەبەن. پێموایە کە زمانە ڕۆمانییەکانی وەک ئیسپانیی و ئیتاڵیی و فەڕەنسیی و کەتەلۆنیی و پرتوگالیی ژمارەیەکی زۆر لە وردەکاری تێدایە. لەکاتێکدا ئینگلیزیی، بۆ نموونە، کورتیی و وردیی دەدات بەدەستەوە. تەنها هیوادارم هەموویان بزانم.

**پرسیار:وەک نووسەر، هەندێک ئیلهامی بەردەوامت چییە؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ئیلهام لە ژیان وەردەگرم، لە ئەزموونە تایبەتییەکانم، یادەوەرییەکانم، لە ئەوەی کە دەیبینم لە ناوەوەم و لەچواردەورم...هەروەها ئیلهام لە ئەدەب، مۆسیقا و جوانیی بەگشتیی وەردەگرم. من شێتی جوانییم. هەروەها کافاینیش کاری خۆی دەکات.

**پرسیار:کتێبخانە دڵخوازت کامەیە لە جیهاندا؟**

**هیچ سەرچاوەی ئیلهامێکی ژیانی ڕاستەقینە هەیە لەپشت کتێبی**



پێموانییە کە پرۆسەی نووسین زۆر جیاوازیی هەبێت بۆ نووسینی ڕۆمانی نەوجەوانان یاخود پێگەیشتووان. تەنها هەوڵدەدەم بۆ ئەو کەسانە بنووسم کە حەزیان لە خوێندنەوەیە، وە زۆر دوودڵ نابم دەربارەی تەمەنیان. تەمەن، لە خوێنەردا، سیفەتێکی زۆر ڕێژەییە.

کارلۆس ڕویز زافۆن



کارلۆس ڕویز زافۆن

**«گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان»، لەوانەیە کۆگایەکی وازلێهێنراو یان ژوورێکی بچووکی خوێندنەوەی نەناسراو؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ژمارەیەکی زۆر کتێبخانە هەیە کە حەزم لێیانە...یەکێک لەوانە کتێبخانەی atenueیە لە بەرشەلۆنە، کە یانەیەکی ئەدەبییە و تەمەنی سەدەیەکە لە شارێکی دێریندا. بەڵام کتێبخانەیەکم پێبدە و گۆڕینەوەکە وەربگرە...

**پرسیار: ئەگەر بتوانیت تەنها یەک کتێب ڕزگاربکەیت، کام کتێبە دەبێت؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ئەگەر بتوانم تەنها یەک کتێب ڕزگاربکەم... مممم. پێموایە کە وەڵامە ڕاستەکە سیاسییانە بۆ ئەوە کتێبێکی کلاسیکی یاخود کتێبێکی نایاب کە هەموومان خۆشماندەوێت دەبێت. بەڵام وەک ئەوەی ئەم جیهانە گەورە و خراپە و خواش دڕندەی خۆشدەوێت، ڕێگا دەدەم دووانە دڕندەکەم هەڵبژێرن. وە ئەویش هەڵدەبژێرێت تا یەکێک لە من ڕزگاربکات، چونکە شایەنی ئەوە نییە... کتێبێکی ئاوا. هاونیشتیمانییەکی بێزارکەر...

پرسیار:هیچ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ نووسەرە نوێیەکان؟

کارلۆس ڕویز زافۆن: بنووسە و بنووسە و بنووسە. دواتر دووبارە بنووسەوە. تا مردن. بەسەختی کاربکە. فێری پیشەکەت ببە. هەرگیز کۆڵمەدە. درێژەی پێبدە. خۆبەزلزان و ڕقلەدڵ و حەسود مەبە. بەسەختی کاربکە لەپێناو ئامانجەکانتدا. لە دڵتەوە بنووسە، بەڵام دڵنیابەرەوە لەوەی کە بەرلەوەی بگات بە پەنجەکانت بە مێشکتدا بڕوات. وە باسی ئەوەم کرد کە کۆڵنەدەیت؟

**پرسیار:گوێ لە مۆسیقا دەگریت کاتێک دەنووسیت؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** مۆسیقا ئەو شتەیە کە من لەهەموو شتێک زیاتر لە جیهاندا تیایدام، بۆیە دەبێت ئاگاداربم لەکاتێکدا بۆی دەنووسم چونکە مێشکم لە ئۆرکێسترادا دەگەڕێت، هەندێکجار وادەکەم بەڵام بەڕێگایەکی زۆر ڕێکخراو.




هەواڵنامەی کتێب

**پرسیار:هیچ بەهرەیەکت هەیە کە دانیپیادابنێیت؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ئەو بەهرانەی دانیان پێدابنێم؟ ئاوازم دادەنا و مۆسیقام دەژەند، وە سەیرکردنی جیهان کە تێدەپەڕێت، هەروەها ڕاوکردنی جوانیی و ژیریی و نەکردنی هیچ شتێک بەهیچ شێوەیەک.

**پرسیار:چ کتێبێک زۆرترین کاریگەری هەبووە لەسەرت لەکاتێکدا کە گەنج بوویت؟ هیچ نووسەرێکی دیاریکراو هەیە کە ئیلهامی پێبەخشیبێتی کە ببیت بە نووسەر؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ناتوانم بڵێم کە تەنها کتێبێک کاریگەری هەبووە لەسەرم. دەمەوێت بڵێم کە هەموو کتێبەکان و جیهانی خوێندنەوە بەشێوەیەکی گشتی. هەمانشت بۆ نووسەرەکانیش. ژمارەیەکی زۆر نووسەر هەن کە دەمەوێت ناویانبهێنم.

**پرسیار:پرۆژەی کتێبی داهاتووت چییە؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ئێستا کار لە کتێبی چوارەم و کۆتایی زنجیرە کتێبی گۆڕستانیی کتێبە لەبیرکراوەکان دەکەم... هیوای سەرکەوتنم بۆ بخوازە.

**پرسیار:هیچ ڕۆتینێکت هەیە بۆ نووسین؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** لە نووسینگە تایبەتەکەم کاردەکەم. بۆ چەند کاتژمێرێکی درێژ، پێنج ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، هەندێکجار شەش بۆ حەوت ڕۆژیش بەردەوام پێداچوونەوە دەکەم لەکاتی نووسیندا، بەژوورەکەمدا دێم و دەچم. لەگەڵ خۆمدا دەدوێم، دەچم بۆ سەر کورسیی ئەو پیانۆیەی کە لە نووسینگەکەمدا هەیە، نەفرەت لە کۆت و بەندەکانی وڵاتەکەم دەکەم. ڕێژەیەکی زۆر کافایین دەخۆمەوە. کارەکە لە خەیاڵتدا وەک وێنەیەکی کێشراوی سەر دیوارێک ببینە...دواتر دووبارە و دووبارە بینووسەوە و بینووسەوە. بۆ چەندین مانگ کاردەکەم تا ئەوەی هەمە نزیکتردەبێتەوە لەوەی پلانم بۆداناوە بیکەم.

**پرسیارچۆن کار لەگەڵ وەرگێڕی ڕۆمانەکانتدا دەکەیت؟ هیچ پاشخانێکی بڵاوکارت هەیە لەبڵاوکردنەوەی لەناوبەر لە کتێبەکانتدا؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** بەنزیکیی لەگەڵ هەندێک لە وەرگێڕەکانمدا و لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا ژمارەیەکی زۆر دەستکاریم هەیە بۆ وەرگێڕەکان، دووبارە نووسینەوەی بەشەکان و دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەوەی دەستت دەکەوێت نزیکترینە لە چاپە بنەڕەتییەکە. لە حاڵەتەکانی دیکەشدا لێیاندەگەڕێم خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن و ئاژەڵە کێوییەکان نەیانخۆن. ئەوە ئەو ڕێگایەیە کە من غلدەبمەوە.

**پرسیار:وەک نووسەرێکی گەنجیی بەرزیخواز، لەگەڵ فایلێکی پڕ لەنامەی ڕەتکردنەوەی ئەلیکترۆنی، دەمەوێت بزانم چەندجار ڕەتکراویتەتەوە، پێش کارکردن لەگەڵ دەزگا بڵاوکارە گرنگەکان و هەرگیز وا بیرتکردۆتەوە کە بتەوێت دەستنووسەکان بکەیتە تەنەکەی خۆڵەکەتەوە؟**


**کارلۆس ڕویز زافۆن:** یەکەم کتێبم پێش زیاتر لە بیست ساڵ بڵاوکردەوە، بەڵام پێش ئەوە بەڵێ، ڕەتکردنەوەم وەرگرتبوو. هەموو نووسەرێک ئەوە وەردەگرێت. مەهێڵە ساردتکەنەوە. بەردەوامبە لە کارکردن. بەردەوامبە لە فێربوون و هەرگیز کۆڵمەدە. نووسەرەکان دەنووسن. گرنگ نییە چی ڕوودەدات. وە بەڵێ تۆ ئەو هەستەت دەبێت کە بتەوێت دەستنووسەکانت بکەیتە تەنەکەی خۆڵەکەتەوە. بەڵام وامەکە. نا ئەگەر نووسەریت. چونکە نووسەرەکان دەنووسن. بڵاوکردنەوە، مەسەلەیەکی دیکەیە. بەهێزبە و ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆتدا و بەجدی کاربکە. لەکۆتاییدا، جیهان خۆی دواتدەکەوێت.

**پرسیار:ڕۆیشتنت بۆ لۆس ئەنجەلوس چۆن دەبینیت؟ ئایا ئەوە تێڕوانینێکی دیکەی پێبەخشیویت لە نووسینەکانتدا؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ساڵی ١٩٩٤ چووم بۆ لۆس ئەنجەلوس و بەنزیکەیی بۆماوەی دە ساڵ لەوێ ژیام. پێموایە کە

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ هەندێك لە وەرگێڕەكانمدا و لە هەندێك لە حاڵەتەكاندا ژمارەیەكی زۆر دەستكاریم هەیە بۆ وەرگێڕەكان، دووبارە نووسینەوەی بەشەكان و دڵنیابوونەوە لەوەی كە ئەوەی دەست دەكەوێت نزیكترینە لە چاپە بنەڕەتییەكە. لە حاڵەتەكانی دیكەشدا لێیاندەگەڕێم خۆیان بەرگری لە خۆیان بكەن و ئاژەڵە كێوییەكان نەیانخۆن. ئەوە ئەو ڕێگایەیە كە من غلدەبمەوە.



بەجێهێشتنی ماڵ و ڕۆیشتن بۆ وڵاتێکی دیکە زۆرشتت فێردەکات، کە هیچی کەمتر نییە لە خۆت. پێموایە کەشتێکی باش بوو بۆ من. لەئێستادا زۆربەی کاتەکانم لە کالیفۆڕنیا بەسەردەبەم وەک ئەوەی لە بەرشەلۆنە یاخود سەرجەم وڵاتانی ئەوروپادا دەمکرد. دڵنیانیم کە ڕۆیشتن بۆ لۆس ئەنجەلوس بەتایبەتی تێڕوانینێکی جیاوازیی بەخشیبێت بە نووسینەکانم. پێموایە کە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بە تێپەڕبوونی کات چی ڕوودەدات، بێ گوێدانە ئەوەی لەکوێیت. دەشێت ئەوە زیاتر بەشێوەیەکی کەسی گۆڕیبێتم، کە بە دڵنیاییەوە وەک نووسەرێکیش منی گۆڕیوە. ئێستا دەپرسم کە چۆن دەبووم ئەگەر هەر لە بەرشەلۆنە بمامایەتەوە یاخود بچوومایە بۆ تۆکیۆ، یان پاریس یانیش نیوکاسڵ...

**پرسیار: ئایا یەکەمجار بەو زمانە کتێب بڵاودەکەیتەوە کە زۆرترین خوێنەرت تیایدا هەیە بەپێی فرۆشی کتێبەکانت؟**

**کارلۆس ڕویز زافۆن:** ڕێکخستنی بڵاوکردنەوەی کتێبەکان لەلایەن منەوە دیاریناکرێت بەڵکو لەلایەن بڵاوکارەکانم لەهەر وڵاتێکدا دەکرێت و ئەوان ئەوکاتە هەڵدەبژێرن کە بۆیان گونجاوە. بەڕاستی فرۆشتن کاریگەری نابێت لەسەر داواکارییەکان. هەر بڵاوکارێک پرۆسەی تایبەتیی خۆی هەیە، پێویستی تایبەتیی خۆی هەیە...هەر ئەوەندە وەرگێڕەکە کارەکەی خۆی تەواوکرد، ئەوان دیاریدەکەن کەی بڵاوبێتەوە. زۆرجار کتێبەکان هەموویان لەو ساڵەدا بڵاودەبنەوە کە چاپە ئیسپانییەکەی تیادا بڵاودەبێتەوە، بەڵام هەندێکجار ڕەنگە بڵاوکارەکە کاتی زیاتری بوێت. دەکەوێتەوە سەر ئەوان.

**پرسیار:شوێنی دڵخوازت لە بەرشەلۆنە کوێیە؟**


**کارلۆس ڕویز زافۆن:** شوێنی دڵخوازم لە بەرشەلۆنە ماڵەکەی خۆمە. بەڵام ژمارەیەکی زۆر شوێنی سەمەرە لە شارەکەدا هەیە بۆ ئەوەی ببینیت...جووتێ پێڵاوی نوێ بکڕە و بگەڕێ.

**پرسیار:چۆن ئەدەبی نوێخوازیی ئیسپانیا وەسف دەکەیت؟ ئایا خوێنەران حەزیان لە ژانەرە جیاوازەکانە یاخود بەدوای پڕفرۆشترین و کتێبی چێشتلێنان و ژیاننامەی کەسە بەناوبانگەکانەوەن؟**


**کارلۆس ڕویز زافۆن:** بازاڕی ئەدەبیی ئیسپانیا لە ئێستادا زۆر هاوشێوەی وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپایە، وە بەهەمانشێوە تێکەڵەیەک لە کتێب و ژانەرەکانت دەستدەکەوێت. لەوانەیە ژمارەیەکی کەمتر کتێبی چێشتلێنان، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەمان ڕێچکەی وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپایی گرتووە.

**سەرچاوە: زە گاردیان**

# شێوەکارێکی کەرکووکیی بناسن



(حەمید دەروێش)



حەمید دەروێش لەساڵی ١٩٤٥ لە شاری کەرکووک، لە کوردستانی عێراق لە دایکبووە.
لەساڵی ١٩٧٥ دیبلۆمی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد وەرگرتووە.
لەساڵی ١٩٧٦ عێراق جێدەهێڵێت و دەچێتە وڵاتی ئیتاڵیا.
لەساڵی ١٩٨٠ دیبلۆمی لە هونەرە جوانەکان لە فلۆرەنسا وەرگرتووە.
لەوساڵەوە (١٩٨٠) لە فەڕەنسا نیشتەجێ بووە.
لەساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی مێتریز لەهونەرە شێوەرکاریی وەرگرتووە.

پێشەنگای هاوبەش:

١٩٧٢–١٩٧٥ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەغداد.
١٩٧٩ سیرکۆلۆ کولتورێل گیونیی، فلۆرەنسا، ئیتاڵیا.
٢٠٠٣،١٩٨٨،١٩٨٧ هونەرمەندانی کورد، گالێری پیپل و دیکسۆن گالیری، لەندەن.
١٩٨٨ ئەنستیتوتی کوردی پاریس، ڕادیۆی فرانس.
١٩٨٩ ئێسپاس ١٣، سترانبۆرگ.
١٩٩٠ هونەرمەندانی مۆمارت، پێشەنگای ئو ڤێ ئا، پاریس.
١٩٩١ فۆروم دێ هال، پاریس.
١٩٩٢ گالێری گینیاک، فەرەنسا، ئارت هاوس، گراز، نەمسا.
١٩٩٣ کتێبخانەی شارەوانی دارمشتاد، ئەڵمانیا_ شاتۆ دوفلێر، ڤیلنۆڤ،داسک، فەرەنسا.
١٩٩٥ کارل سترۆبل، ڤییەننا، نەمسا.

٢٠٠٠ ئۆكيناوا، پاريس.

٢٠١٠_٢٠١١ سالۆنی سوێدوا، پاريس.

٢٠١٠_٢٠١١ سالۆنی پاييز، خەڵاتی ڤيل دو سانوا.

پێشەنگای تايبەت:

١٩٨٩ سكۆكلوندز، پاريس.

١٩٩٤ پاريس، سێ ئێن سێ ئا، سان كەنتەن و پاريس.

١٩٩٥ ئێف ئێن سێ ئا، پاريس.

١٩٩٧ ليل .

٢٠٠٤ گالێری مۆمارت، لێ كاروز، پاريس.










# شانۆگەری مانگرتن

## دەقێك كە ناكرێت ئاوڕی لێنەدرێتەوە!



عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)

شانۆگەری مانگرتن لە نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە[١] و چاپي یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ لە بەغدا چاپ بووە. نووسەر لەم دەقەدا کۆشاوە لە تێڕوانینێکی مارکسییەوە گرنگترین ڕووداو، (مانگرتنی کرێکارانی گاورباغی لە ساڵی ١٩٤٦)[٢] مان بۆ وێنا بکات و بە دەرئەنجامێکی ڕەزایەتبەخشەوە خوێنەر بەرەو دەروازەی مێژوویەک ببات، کە کاریگەرییەکانی تا ئەم دووایيانەش لەسەر ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کەرکووکدا مابووە. میتۆدێک کە لە نووسینی ئەم دەقەدا بەکارهێنراوە، میتۆدی ڕیالیزمی سۆشیالیستییە و نووسەر لەو گۆشەنیگایەوە توانیویەتی بمانباتەوە سەردەمێک لە خەباتی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک. ئەو گەرچی ڕاستگۆیانە هەوڵیداوە تێڕوانینی مارکسیزم بکاتە سەکۆی لێوەهەستانی پرۆسەی نووسینی دەقەکە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە گەرد و تۆزی سۆشیالیزمی ستالینیی قورتار بکات یان ئەو گەرد و تۆزە لە خۆی داتەکێنێ. دیارە ئەمەش ناکرێت ببێتە هۆیەک بۆ فەرامۆش کردنی دەقێکی کرێکاریی و شۆڕشگێرانە کە زیاتر لە چل ساڵە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

## مانگرتن وەک ئاوێنەی باڵانوومای گاورباغی

نووسەر لەو بڕوایەوە دەستی بە نووسینی ئەم دەقە کردووە کە ئەدەب و هونەر دەبێت ئاوێنەی واقیع بێت، دەبێت ڕەنگدانەوەی ژیانی ئینسانەکانی نێو کۆمەڵگە بێت.(ئەدەب و هونەر ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتییە) [٣] و لەوێشەوە ئەدەب وهونەر دەتوانن ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان بگێڕن.محەمەد عەبدولڕەحمان زەنطەنة بابەتێکی هەڵبژاردووە کە ئیشکردن تیایدا قوورسە و پێویستی بە گەلێک زانیاریی و مەعریفەی لەوەوپێش هەیە تا بتوانی ساختمانی دەقەکەی لەسەر بنیاد بنێت. ئەو ڕەگەزانەی نووسەر لە نووسینی ئەم دەقە پشتی پێبەستوون بە بۆچوونی من دەتوانم بڵێم ئەمانەن:

**یەک:** نووسەر وەک لە سیاقی دەقەکەشەوە دیارە جوان باکگراوةندیي کرێکارەکانی ناسیوە و زانیویەتی ئەم کرێکارانە بەر لە کرێکاربوون و بەر لەوەی وەک چینێکی نوێ خۆیان نمایش بکەن، جووتیار بوونە و لە پەیوەندییەکی دەرەبەگایەتییەوە هاتوونەتە دەرەوە.

**فۆرمەن:** حەمە گیان بۆ نازانی ئەم کرێکارانە چین... ئەتەکێت نازانن. بەڵام بارام فێری هەزار شتیان ئەکا.[٤]

یان:

**ئاغا:** (دەمانچەکەی دەرئەکا) بەرم دەن با سەریان پان کەمەوە.[٥]

**یانیش:**

**ئاغا:** بیان کوژن..بیان کوژن.[٦]

باگگراوندی کرێکارەکان جوتیارن و خەڵکی لادێن. دروست وابوو کاتێک کۆمپانیای ئای پی سی، کرێکاری دەویست و پێویستی بە هێزی کار بوو، دەچووە گوندەکانی نزیک کێڵگە نەوتییەکان و پەیوەندی دەکرد بە دەم سپی گوند ئیتر چ کوێخا بێت یان ئاغا و داوای ژمارەیەک کرێکاری لێیان دەکرد. کوێخاش لە پیاوانی ئاوایی ئەو ژمارەیەی دیاری دەکرد و دایانی دەمەزراندن. ئەمەش لە ڕاستیدا سەفقەیەک بوو لە نێوان ئاغا و کۆمپانیا. کۆمپانیا لە ڕاستیدا پیاوەکانی بە هەقدەستێک دادەمەزراند و لە واقیعیشدا نیوەی ئەو هەقدەستەی دەدانێ و نیوەکەی تری دەدایە ئاغا یان کوێخا. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

**ئەلف:** لەبەر ئەوەی ئاغا یان کوێخا هێزی کاری بۆ پەیدا کردوون و سەرچاوەی دەستەبەرکردنی هێزی کاری هەرزان بوو.

**بێ:** ئاغا دەیتوانی کرێکارەکان کۆنترۆڵ بکات و ئاگای لێیان بێ و دژ بە بەرژەوەندی کۆمپانیا نەوەستنەوە.

لەمەش گرنگتر نووسەر سایکۆلۆژییەتی چینەکان و خەباتی چینایەتی ناسیوە. ئەم ناسینی سایکۆلۆژییەتەی خەباتی کرێکاران زۆر پێویستە بۆ نووسەری دەقێک کە سەر بە دونیابینی چینایەتی بێت. بارام ڕۆڵی ڕابەرێکی کرێکاری بەرچاو ڕوون دەبینێت. حەمەشین ڕۆڵی خۆفرۆش و فۆرمەن ڕۆڵی پارێزەری بەرژەوەندی کۆمپانیا و ئاغاش ڕۆڵی پاراستنی ئەمنیەتی کۆمپانیا. ئەم دابەشکردنە ئـارەزوومـەنـدانـە نییە، بەڵکو پۆلینبەندییەکی نێو جیهانی بەرژەوەندی جینایەتییە و ئەمەش وا دەکات دەق لەسەرکەوتن نزیک دەکاتەوە.

**دوو:** خوێندنەوەیەکی وردی خودی مانگرتنەکەی گاورباغی و بوونی لێکچوونێکی ورد لە نێوان دەقەکە و ڕووداوەکە.چ لە ڕووی داخوازییەکان و چ لە ڕووی نەخشەی ڕووداوەکان و چ لە ڕووی ڕۆڵی گرنگی ژنان لەو مانگرتنە، تا دەگات بە سەرکوتی چەکدارانە و قوربانییەکان و سەرنەکەوتنی مانگرتنەکە.[٧]

**سێ:** هۆشیاری نووسەر سەبارەت بە خەباتی ئابووری و سیاسی و تەنانەت مارکسیزم وەک دەربیجە و جیهانبینی ڕزگاری ئینسان لە ستەم و چەوسانەوە.

**شانۆگەری مانگرتن**

نووسەر وەك لە سیاقی دەقەكەشەوە دیارە جوان باكگراوەندیی كرێكارەكانی ناسیوە و زانیویەتی ئەم كرێكارانە بەر لە كرێكاربوون و بەر لەوەی وەك چینێكی نوێ خۆیان نمایش بكەن، جووتیار بوونە و لە پەیوەندییەكی دەرەبەگایەتییەوە هاتوونەتە دەرەوە.

**کاوە:** نرخی مرۆڤ (٢٠) دینارە. مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەیە لە ژیاندا.

**حەمەشین:** ئەمە دونیایە هەروا بووە و هەر وا ئەروا.

کاوە: دونیا هەر وا بووە بەڵام هەروا ناڕوا..ڕۆژێک ئەبێ کرێکار گەورەی خۆی ئەبێ.[٨]

**یان:**

**بارام:** خوێندن و زانیاری شۆڕشێکە بەسەر سەرمایەداریدا. برایان ئەمەوێ هەمووتان فێری خوێندن بن، چونکە بە خوێندەواری بەسەریانا زاڵ ئەبن هەروا داواتان لێ ئەکەم بە تەواوی دووژمنی خۆتان بناسن ئەوکات ئەتوانن بە تەواوی بەسەریانا زاڵ بن.[٩]

محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە ئینتمای سیاسییەکەی هەرچییەک بووبێت ( کە دیارە شیوعی بووە) گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئینتما چینایەتییەکەیەتی. خاوەن هۆشیارییەکی سیاسی – چینایەتی بەرز بووە. نووسەر هۆشیارانە گرنگی خەباتی ئابووری ناسیوە و لەوێشەوە بە خەباتی سیاسی کرێکارانەوەی گرێ داوە. ئەم گرێدانە توانیویەتی دەقەکە لە دەقێکی ئیکۆنۆمیستییەوە بکات بە دەقێکی سیاسیی. ئەمە گرەوی بردنەوە و سەرکەوتنی دەقی شۆڕشگێرانەیە لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە.

**بارام:** با بڕوخێ پاشایەتی و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان

**هەمووان:** بڕوخێ...بڕوخێ...بڕوخێ.

**بارام:** بۆ دووژمنی نالەبار نابینە داری بەردار

**هەموان:** بۆ دووژمنی نالەبار نابینە داری بەردار

**بارام:** با بڕوخێ حوکمی شایەتی بۆگەن

**هەموان:** بڕوخێ...بڕوخێ...بڕوخێ.

**دادگەر:** دەریان کەنە دەرەوە.[١٠]

ئەمە ئەو ڕەگەزەیە کە مارکسیزم لە ترۆدۆنیزم و ئیکۆنۆمیستەکان جیا دەکاتەوە و لێرەشەوە سیفەتە شۆڕشگێرانەکەی مارکسیزم بەدیار دەکەوێت.

**چوار:** هونەری تەکنیک و هەڵبژاردنی جووڵە و دەنگی گونجاو و سەرەنجام هێنانە دەرەوەی دەقێک یان باشتر بڵێم خولقاندنی واقیعێکی نوێ لەناو واقیعە دراوەکەدا لەئاستێکی بەرز دایە.تەواوی دەقەکە لەسەر جووڵە و دەنگ ئەڕوات بەڕێوە و بێ بەشداری ڕەگەزەکانی تری شانۆ وەک (مۆسیقا و ڕووناکی و زمانی جەستە و تاد). ئەمەش ئەگەر لەلایەکەوە سادەییەکی پێوە دیار بێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە دەرخەری توانایی نووسەرە.

## ژنان و ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی ژن

لە دەقی (مانگرتن)دا هەروەک لە واقیعی گاورباغیشدا وا بووە، بەشداری ژن ڕۆڵێکی گەلێ کاریگەری بینیوە لە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان و تەنانەت لە بەدەستهێنانی ئەنجامی جیاواز. نیزامی سەرمایەداری ستەمی ژنی وەک ستەمێکی ئەزەلی و ئەبەدی نیشان دەدا و هەوڵ دەدات ژنان وەک (ناقص العقل) و (عورة) و شتی تری بێمانا وەسف بکات. لە کاتێکدا ژنان نیوەی کۆمەڵن و ئازادی هیچ کۆمەڵگەیەک بێ ئازادی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە مەیسەر

نابێت.لەم دەقەشدا نووسەر لە ڕێگەی(گوڵزار)ەوە وەک کچە لادێیەک سەرەتا لەگەڵ مەریوانی دڵخوازیدا وەک عاشقێکی سادە وێنا دەکات و دوایی دەبینین گوڵزار لەو دۆخە سادەییەوە دەچێتە دەرەوە و دەگۆڕێ بە ژنێکی خاوەن هەڵوێست و شۆڕشگێڕ.

(دەنگی کچە لادێی یەک لە دەرەوە)

**گوڵزار**: مەریوان..مەریوان..مەریوان.

**مەریوان**: ئەمە دەنگی گوڵزاری ئامۆزامە.[11]

تا دەبینین لە کۆتاییدا گوڵزار دەڵێ:

**گوڵزار**: دەرم مەکەن، ئەمەوێ ئامۆزاکەم ببینم بزانم چۆن دژی ئێوەی بەکرێگیراو قسە ئەکا.( پۆلیس دەری ئەکاتە دەرەوە) لەناو هۆڵی دادگا ئەڵێ: مەریوان لە مردن ناترسێ و هەتا هەتایە نابەزێ.[12]

لێرەدا خوێنەر هەقی خۆیەتی بپرسێت: ئایا ئەم گۆڕانە لە گوڵزار چۆن ڕوویدا؟ چی وای لە گوڵزار کرد لە لادێیەکی سادەوە بگاتە ئەو ئاستەی بچێتە ناو دادگا و لە بەرەی کرێکارانەوە دژ بە دادگا قسە بکات و ڕۆڵ بگێڕێت؟ بەتایبەتیش کە گوڵزار کە لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەوە هێشتا کچ عازەبە و شووی بە مەریوان نەکردووە. ئایا خوێنەر بۆی نییە ڕووی دەمی لە نووسەر بکات و بڵێ: ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی نیمچە دەرەبەگایەتیدا دەژین و ئەم بازدانە لە دۆخی بیرکردنەوەی گوڵزار دوورە لە واقیع و ڕاستییەوە. ژن حیسابی مرۆڤی پلە دووی بۆ کراوە و پاشان خێزان هەیە و خێزانیش ڕۆڵی کۆت و بەند دەگێڕێت و پاشان سیستەم هەیە و ئاغا و دەست و پێوەندەکانی هەن. لەنێو ئەو تەلبەندە دڕکاوییانەی داب و نەریت و ئایین و کلتووری دوواکەوتوانەی سیستەمی دەرەبەگایەتی ئازادبوونی کچێک نزیکە لە مەحاڵییەوە.

## چەن ئاریشەیەکی دەقەکە

ئاریشەکانی ئەم دەقە زۆر بەکاڵی دەبینرێن و بەچڕی خۆیان نمایش ناکەن. بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنجی نەدەی ڕەنگە درک کردنیان ئاسان نەبێت. بەڵام گرنگە بزانین ئەو ئاریشانە چین و چ کاریگەرییەکیان هەیە بەسەر دەقەکەوە. بەلام منەوە ئاریشەکان ئاوا دەبینرێن.

**یەک**: خێرایی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە وای کردووە بۆشاییەک دروست بێت لای خوێنەر.لە کاتێکدا نووسەر دەیتوانی بە چەند حیوارێک یان بە زیادکردنی پەردەیەک بەشێکی بەرچاوی ئەم خێراییە کەم بکاتەوە و بەرچاوڕوونی زیاتریش بداتە خوێنەر تا لە پەیامی کۆمەڵایەتی دەقەکە زیاتر نزیک ببێتەوە.

**دوو**: لە دیدگای مارکسیزمی ئەرسەدۆکسەوە نەنووسراوە و سێبەری سۆشیالیزمی ستالینی بەسەرەوەیە. ئەمە گوناهی نووسەر نییە چونکە ئەو ڕێبازە وەک ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری لە دوای ساڵی ١٩٣٤ەوە لە ناوەڕۆکە شۆڕشگێرانەکەی خۆی بەتاڵ کرایەوە و لەبری بەهێزکردنی ئینتمای چینایەتی بۆ خەباتی چینایەتی، ئینتمای سیاسی بۆ یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بەهێز دەکرد.محەمەد



محەممەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە

شێوازی هێنانی ڕۆڵی ژن لە دەقەکە نا لۆژیکییە و چلۆن لە ناوەڕاستی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو کچێك دەتوانێت بەتەنیا بچێتە ناو کەمپی ئیشکردنی کرێکاران؟ با گوندەکەشیان نزیك بە کۆمپانیا بێت. هەرچەندە دەزانین کچانی لادێ جۆرێك سەربەستتر بوون لە کچانی شار

عەبدولڕەحمان زەنگنە بێ ویستی خۆی و دوور لە ویستی خۆی سەر بەو ڕێبازە بووە.

**سێ**: شێوازی هێنانی ڕۆڵی ژن لە دەقەکە نا لۆژیکییە و چلۆن لە ناوەڕاستی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو کچێک دەتوانێت بەتەنیا بچێتە ناو کەمپی ئیشکردنی کرێکاران؟ با گوندەکەشیان نزیک بە کۆمپانیا بێت. هەرچەندە دەزانین کچانی لادێ جۆرێک سەربەستتر بوون لە کچانی شار، بەڵام قەید و بەندی کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەو پەیوەندییە و تەنانەت گەشە و بەرەوپێشچوونی گوڵزار لە کچێکی سادەوە بۆ کچێکی شۆڕشگێر لەو ماوە کەمەدا جێگای بڕوا نییە.

**چوار**: حەمەشین(جاسووسەکەی کۆمپانیا) وەک چێشتلێنەرێک کە هەرچەند خۆی کرێکارە و سەر بە بەرەی کۆمپانیایە، بەڵام ئەو دووژمنایەتییە سەرسەختەی دژ بە کرێکاران نا واقیعییە و تەنانەت لەخاوەن کار و کۆمپانیاش خراپیتر و زیاتر ڕقی لە کرێکار دەبێتەوە و دژایەتییان دەکات.

**حەمەشین**: ئەوانە کێن بە پەنجەیەک هەموویان ڕاست ئەکەیتەوە و لەناویان ئەبەی.(١٣)

یان

**حەمەشین**: ڕاست ئەکەی بەخوا ڕاستە ئەگەر تۆ نەبی ئەمانە پیاو ئەخۆن. یاخوا داری تۆ هەر لەسەر پشتیان بێ.(١٤)

یان:

**حەمەشین**: من گیانێکم هەیە هەموویان ئەهێنێ..ئەوان کێن..وەکوو کرمن.(١٥)

**پێنج**: کەشوهەوای ناو دەقەکە بەتایبەتی پەردەی دووەم کە بەفرێکی زۆر باریوە.

**حەمەشین**: حەوت شەو حەوت ڕۆژە بەفر ئەبارێ تەنانەت زەویش دیار نییە باشە زەوییەکە چی لێ هات؟ ئەم ئەم دێ ئە ناوی چی یە؟ ئۆف ف ف ف.(١٦)

وەک دەزانین شوێن لە دەقەکە بریتییە لە شاری کەرکووک و دەوروبەری. هاوین کرێکارەکان کاریان کردووە و عەجەب حەمەشین بەم بەفر بارینە نازانێت ئەم دێیە ناوی چییە؟ پاشان کەی لە کەرکووک حەوت شە و حەوت ڕۆژ بەفر باریوە؟ ڕەنگە ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ بەفر بارببێت، بەڵام بەمجۆرە دوورە لە واقیعەوە و زیاتر پێوەنانە.

## ئەنجام

سەرەنجام دوای ئاوڕدانەوەیەکی درەنگ لەم دەقە کرێکارییە، دەگەینە ئەوەی کە (مانگرتن)[18] دەقێکی شانۆیی کە گوزارشت لە ژیان و واقیعی ڕووداوێکی مێژووی گرنگ (مانگرتنی گاورباغی ساڵی ١٩٤٦) دەکات و هەوڵدانێکی سەرکەوتووانەشە لەوێناکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگە. دەقەکە چەند ئاریشەیەکی لەخۆ هەڵگرتووە و نووسەر چل ساڵ لەمەوبەر لەگۆشەنیگای ڕێبازی ئەدەبی سۆشیالیستیی باوەوە دەقەکەی داڕشتووە و سەرباری هەندێ کەموکوڕی هونەری و میتۆدۆلۆژی، لایەنگیرییەکی بەهێزی بۆ خەباتی چینایەتی کرێکاران تێدا بەرجەستە بۆتەوە و دەتوانرێت بە دەقێکی هونەری مێژوویی نـاوزەد بکرێت  کە وێنەی لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردزماندا کەمە و هەر ئەم هۆیەشە وا دەکات ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستیی نەتوانێت لا لەم دەقە ئەدەبییە نەکاتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کەرکووک لە دایکبووە. لەساڵی ١٩٧١ەوە نووسین بڵاو دەکاتەوە. چەندین بەرنامەی ڕۆشنبیری لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی عێراقدا ئامادە و پێشکەش کردووە. زیاتر لە ١٥ کتێبی لە بوارەکانی نووسین و وەرگێران ئامادە و بڵاو کردۆتەوە.

(٢)مانگرتنی گاورباغی (کرێکارانی نەوتی کەرکووک) لە ٤ی تەممووزی ١٩٤٦ زیاتر لە ٥٠٠٠ کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک لە باخچەی گاورباغی دەستیان دایە مانگرتن لەپێناو زیادکردنی کرێ و دەرنەکردنی بە کۆمەڵ و بەزۆری کرێکاران و بەدەستهێنانی مافی ڕێکخراوبوون و دانانی سندوقی بیمە بۆ نەخۆش و پەککەوتە و بەساڵاچووانی کۆمپانیا. ڕۆژی ١٢ی تەمموز هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی پاشایەتی تەقە لە مانگرتووان دەکەن و ١٦ کرێکار دەکوژن و ٣٦ کرێکاری تریش بریندار دەکەن.( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مجزرة كاورباغي موقع عراقيپيديا)

(٣)الفن و التصور المادي للتاريخ  جورج بليخانوف  ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة للطباعة والنشر بيروت لبنان الطبعة الاولى ١٩٧٧ ص ٧.

(٤)(٥)(٦)شـانـۆگـەری مانگرتن   نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی ١٠ و ٤٦ و ٤٨.

(٧)العراق و الصناعة النفط و الغاز في القرن العشرين تآليف غانم العناز الصادر بالغة الانجليزية عن دار نشر جامعة نوتنكهام البريطانية في ايار ٢٠١٠. اضراب عمال نفط كركوك او مجزرة كاورباغي غانم العناز  صحيفة المثقف عدد ٥٠٣٢ في ١٥ حزيران ٢٠٢٠.

(٨)(٩)(١٠)شـانـۆگـەری مانگرتن   نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی ٢٩ و ٣٢ و ٦٠.

(١١)(١٢)شانۆگەری مانگرتن  نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی ٢٣ و ٥٩.

(١٣)(١٤)(١٥)(١٦)شانۆگەری مانگرتن  نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی٧و ٨ و ١٠ و ١٣ و ٢٨.

(١٧)جێی ئاماژەیە کە دەبێت سوپاسی زۆری هاوڕێی شاعیر و شانۆکار (حەمەی شانۆ) بکەم کە تـەواوی کتێبی شانۆگەری مانگرتنی بۆ وێنەگرتم و بۆی ناردم.



# خانـەقای سەید ئەحمەد
# مەڵبەندی زانست و مەعریفە

سیروان سەرگەڵوویی

خانەقای (سەید ئەحمەدی خانەقا)، یەکێکە لە خانەقا دێرینەکانی شاری کەرکووک، کە دەکەوێتە بەری قشڵەوە لەپاڵ کتێبخانەی گشتی کەرکووکە، خانەقای سەید ئەحمەد بە درێژایی مێژوو مەڵبەندیی پیاوەتی و بەخشندەیی و جوامێریی و پەروانەی پیاوماقوڵان و خاوەن و کۆڕگەی زانایان بوو، هەروەها قیبلەگای هونەرمەندان و رۆشنبیران و شاعیران بووە، لەگشت لایەکی کوردستانەوە خەڵک ڕوویان تێ دەکرد.

**دامەزراندنی خانەقا:**

ئەم خانەقایە: لەسەر دەستی شێخ قادری سوور باپیری سەید ئەحمەدی خانەقا لە ساڵی (١٢٥٠ک – ١٨٣٤ ز) دامەزراوە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە (بنەماڵەی شێخ ئەحمەدی سەردار) بەناوبانگ بوون، دواتر بە بنەماڵەی خانەقا ناسران. ڕووبەری خانەقاکە زۆر گەورە و فراوان بووە، تەنانەت چوار هەزار مەتر بۆ ژوور و حەوشەو و مزگەوت و مەدرەسەیەکی لە خۆگرتبوو، هەروەها پتر لە (٣٠) ژوور و لەگەڵ دیوەخانی هاوینە و زستانەی تێدا هەبوو، ژووری تایبەتیی هەبوو بۆ زاناکانی ئەو سەردەمەو لەگەڵ ژووری تایبەت بۆ فەقێ و سۆفیی و نابیناو هەژار، هەروەها ژووری تایبەتیی هەبوو بۆ کەسانی سیاسیی و گەورە پیاوانیی کورد، هەزاران مەتریش بۆ خانووبەرەی شێخ و سۆفیی و دەروێش و دەستوپێ.

**قوتابخانەی خانەقا لە سەردەمی عوسمانیی:**

بەڕێوەبەری قوتابخانەی خانەقا لە سەردەمی عوسمانیی، زانای بە ناوبانگ (مامۆستا مەلا عەلی حیکمەت سیامەنسووریی) بووە، هەروەها مامۆستاکانیی ئەو مەدرەسەیە بریتی بوون لەم بەڕێزانە: (مەلا سولێمانی توورک و مەلا مستەفای ژێ و مەلا ناسیح مەلا محەمەدی گەڕاویی مودەڕیس و مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم و مەلا تاهیر مودەڕیس و شێخ حوسێن ئەفەندی باوکی سەید ئەحمەد) و دەیانی تر لە زانایانیی٠بە ناوبانگی ئەو

سەردەمە لە مەدرەسەی (خانەقا) خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئامۆژگاریی موسڵمانانییان کردووە، هەروەها بە سەدان کەس لە فەقێ و سۆفیی و مامۆستاو شاعیر لە (خانەقا) لە خزمەت مامۆستای گەورە (مەلا عەلی حیکمەت) ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە.

لەوانە: مەلا ئەحمەدی فەرقان لە ساڵی (١٩٠٢ز) لە خانەقا لای مامۆستا (مەلا عەلی حیکمەت) ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتبوو (سەید ئەحمەدی خانەقا جبەو مێزەرێکی بۆ ئامادە کردبوو) مەلا مەحمودی مەزناوا، شێخ عەلی تاڵەبانیی، شێخ ڕەزا، موفتی دەروێش ئەفەندیی، سەعید ئەفەندی نائیب، قازی، هەموو ئامادەی ئاهەنگی ئیجازەکەی بوونە، قازی جبەکەی کردبوو بە بەریا، شێخ ڕەزا قەسیدەیەکی زۆر جوانی خوێندبووە مەلا عەلی حیکمەت ئیجازەی نامەکەی خوێندبووە و هەموو ئامادەبووان مۆریان کردبوو، هەر لە مەدرەسەی خانەقا چەندین مامۆستا و زانای ئایینی و شێخی تەریقەتیی پێگەیاند تا بتوانن خەڵکی شاری کەرکوک و کوردستان خزمەت بکەن، لەوانە: مەلا عەبدولسەمەدی سەلانیی و حوسێن ئاغای ئاوچیی و عەبدولمەجید یەعقوبیی و حوسێن ئاغا نەفتچیی و شێخ فەیزوڵڵا تاڵەبانیی و دارا بەگ داودیی و شێخ عاسی عەلی و شێخ عاسی حوسێن عوبێدیی و شێخ مستەفای نەقشبەندیی لە هەولێر و مەلا عومەر گومبەتیی و مەلا ناسیح مودەڕیس و مەلا عەبدولعەزیز موفتی سلێمانیی و شێخ حسامەدین عەواڵان و شێخ بابا عەلی تەکیەیی و مەلا حوسێن پیسکەندیی و مەلا عەبدولرەحیم چروستانیی و شێخ حەسەن قەرەچێوار و مەلا سدیق نازەنینیی و مەلا عەبدولمەجید محەمەد بەگ گلیی و لوتفی شاعیر و شێخ عەبدولەتیفی بێدەری بەرزنجیی و.........هتد، هەروەک باسمکرد ئەم کەسایەتییانە لە مەدرەسەی خانەقا خوێندوویانەو پێگەیشتوون.

**کورتەیەک لە ژیاننامەی شێخانی ئیرشاد لە بنەماڵەی خانەقا»**

١- ژیاننامەی حاجی شێخ ئەحمەدی سەردار:

ئەم زاتە لەساڵی (١٧٧١ز) لە دایکبووە، مرۆڤێکی زاناو داناو شاعیرو فەلەکناس و مورشیدیی تەریقەتیی (قادریی و نەقشبەندیی) بووە، لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدێ تەریقەتی (قادری) وەرگرتووە، لەساڵی (١٨١١ز) لەسەر دەستی مەولانا خالیدی شارەزووری تەریقەتی (نەقشبەندی) وەرگرتووە و یەکەم خەلیفەی مەولانا بووە لە کوردستان، پاشان بە مەبەستی ئیرشاد و ئامۆژگاری موسڵمانان هاتووەتە کەرکوک و لە گەڕەکی بڵاغ نیشتەجێ بووە، ئەم زاتە یەکەم کەسی ئەم خانەوادەیە کە هاتووەتە شاری کەرکوک کە ئەو کاتە سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە، شێخ ئەحمەدی سەردار بە یەکەم کەس ئەژمار دەکرێت لەو سەردەمە کە تەریقەتی نەقشبەندی لە کەرکوک بڵاوکردووەتەوە و بە دەیان خەلیفەی بووە لەوانە: ( شێخ قادری سووری کوڕی و شێخ مەحمودی کوڕەزای و

سەید ئەحمەدی ڕەوشەنی جەباری، مەلا سەید محەمەدی بێدەری، شێخ عەلی کەرکوکی باوکی شێخ سەعید) و............هتد. شێخ ئەحمەدی سەردار کەسێک بەهێزو دەسەڵاتدار و خاوەن پێگەو مەقامی خۆی بوو لە ناوچەی سوورداش و کوردستان و کەرکوک، پەیوەندی بەهێزی هەبوو لەگەڵ زانایانی ئەو سەو سەردەمە: لەوانە: مەولانا خالید، بە جۆرێک کاتێ مەولانا نامەی بۆ ناردووە بە (اخونا أحمد) ناوی هێناوە، هەروەها لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێ و کاک ئەحمەدی شێخ و سەید تەهای نەهری و شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس و شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری و.......هتد.

لە ساڵی (١٨٥١ز) بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی سەرگەڵو بەخاک سپێردراوە، لە دوای خۆی پێنج کوڕی بووە بەم ناوانە: (شێخ قادری سوور، شێخ محەمەد، شێخ ئیبراهیم، شێخ عەبدولڕەحمان، شێخ سەلیم).


٢- ژیاننامەی شێخ قادری سوور:

ناوی تەواوی: (شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار کوڕی شێخ یوسف کوڕی شێخ عەلی حاجی کوڕی شێخ یوسف کوڕی شێخ شەمسەدین کوڕی شێخ عەبدولسەمەدی سەرگەڵو کوڕی شێخ بابارەسوڵی گەورە) یە، کە دەگەڕێتەوە سەر زانای پایەبەرز (شێخ عیسای بەرزنجە).

ناوبراو لە ساڵی (١٧٩٧ ز) لە خانەوادەیەکی ئایین پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، دایکی ناوی:(خاتوو خانزاد کچی شێخ تەهای گەورە) یە. شێخ قادر لە تەمەنی لاوێتییەوە لە خزمەتی باوکی قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە و زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، هەروەها لای گەورە زانایانی ئەوسەردەمە خوێندوویەتی، پاشان ئیجازەی تەریقەتی (نەقشبەندی) لە خزمەت باوکی وەرگرتووە، دواتر بە مەبەستی ئیرشاد و ئامۆژگاری موسڵمانان، رودەکاتە شاری مەدینەی منەوەرە لەوێ بۆ

خانەقای سەید ئەحمەد

مەلا ئەحمەدی فەرقان لە ساڵی (١٩٠٢ز) لە خانەقا لای مامۆستا (مەلا عەلی حیکمەت) ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتبوو (سەید ئەحمەدی خانەقا جبەو مێزەرێکی بۆ ئامادە کردبوو) مەلا مەحمودی مەزناوا، شێخ عەلی تاڵەبانیی، شێخ ڕەزا، موفتی دەروێش ئەفەندیی



ماوەیەک نیشتەجێ بووە، لەلایەن خەڵکی شاری مەدینەی پیرۆز زۆر ڕێزیان لێناوە و بە شێخ و مورشیدی خۆیان زانیوە، ئیرشاد و ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە و هەروەها ئەرکی حەجی بەجێهێناوە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی سەرگەڵو، پاش ماوەیەک رودەکاتە شاری کەرکوک و لەوێ نیشتەجێ دەبێ، لە ماڵەکەی خۆی دەست دەکات بە ئیرشاد و ئامۆژگاری موسڵمانان، لەسەر ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندی، خۆشەویستی موسڵمانان بووە و مەجلیسی هەمیشە جمەی هاتووە لە فەقێ و سۆفی و مامۆستای ئایینی و شاعیرو کەسایەتی ناوداری کەرکوک ڕوویان تێکردووە، هەروەها هەژار و لێقەوماو کەمدەرامەت سەردانیان کردووە، چونکە شێخێکی خوداناس و زانایەکی پایەبەرزی شاری کەرکوک و کوردستان بووە، ئەم زاتە ناوی لە دیوانی سوڵتانی عوسمانیدا هاتووە کە پیاوێکی زۆر سەخی تەبیعەت و خزمەتی هەژار و لێقەوماوی کردووە، پاشان بانگێشت کراوە بۆ ئەستەنبووڵ بۆ ئەوەی سوڵتان بە دیداری ئەو زاتە شاد ببێت و بەر دوعای خێری ئەو بکەوێ، هەر وەکو زانراوە سوڵتانەکانی عوسمانی یاسایان وەهابوو لە هەموو گۆشەیێکی کوردستانا هەر شێخ و مەلایێ بە ناوباگ بوایە بانگێشت دەکرا بچێت بۆ دەبار، ئەگەر نەچووبایە، کوڕی، یاخود برای دەنارد، سوڵتان لەوێ لە دەبار گلی ئەدایەوە و کارێکی پێ دەسپێرا، سوڵتان ئەمانەی بە (بارمتە) دادەنا نەوەک کەسوکاریان بیر لە شۆڕش بکەنەوە، بەڵام وای دەبردە مێشکی شێخ ومەلای کوردەوە کە لەبەر دینداری و لەخواترسی حەز دەکات دەورووپشتی خۆی بە مەلا و شێخ بتەنێ، سوڵتان کە داوای کردووە شێخ قادر بچێت بۆ ئەستەنبووڵ، بەڵام لە باتی خۆی شێخ محەمەد جەوادی کوڕە گەورەی ناردووە.

شێخ قادری سوور هەموو تەمەنی لە خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئیرشادو ئامۆژگاری موسڵمانان بەسەر بردووە، بە دەیان فەقێ و مامۆستای ئایینی و سۆفی ئیجازەی مەلایەتی و تەریقەتی (نەقشبەندی) لەسەر دەستی ئەم زاتە وەرگرتووە، لەوانە: (حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر، شێخ حوسێن ئەفەندی، مەلا محەمەدی حافیز، مەلا وەیسی زەنگنە) و..........هتد.

شێخ قادری سوور لە ساڵی (١٨٦٠ز) لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو تەرمی پیرۆزی لە (خانەقا) بە خاک سپێردراوە، ئەم زاتە لە دوای خۆی شەش کوڕی لێ بەجێماوە بە ناوەکانی: (شێخ محەمەد جەواد، شێخ عەلی، شێخ حوسێن، شێخ مەحموود، شێخ مارف، شێخ تەیفور).

٣- ژیاننامەی شێخ حوسێن ئەفەندی:

کوڕی شێخ قادری سوور لە ساڵی (١٨٤٠ز) لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ئەهلی تەریقەت لە شاری کەرکوک چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە خزمەتی باوکی قورئانی پیرۆز و زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، زانایەکی پایەبەرز و خێرخوازی شاری کەرکوک

و کوردستان بووە، ئیرشاد و ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە، مەجلیس و دیوەخانی جمەی هاتووە لە کەسانی ڕۆشنبیرو پیاوماقوڵ و مامۆستا و فەقێ و ئەدیب و شاعیر و هەژار و کەمدەرامەت ڕوویان تێکردووە، شێخێکی خواناس و سەخی تەبیعەت و ئایین پەروەر بووە، لە ساڵی (١٨٨٩) لە تەمەنی (٤٩) ساڵیدا بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کردووەو لە خانەقا بە خاک سپێردراوە، لە دوای وەفاتی شێخ حوسێن، سەید ئەحمەدی کوڕی بوو بەجێ نشینی باوکی، کە لەمەولا بە کورتی باس لە ژیاننامەی دەکەین.

٤- سەید ئەحمەدی خانەقا:

ناوی تەواوی: سەید ئەحمەد کوڕی شێخ حوسێن کوڕی شێخ قادری سوور کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار بەرزنجییە.

ناوبراو لە ساڵی « ١٨٦٨ز « لە خانەوادەیەکی ئایینی و نیشتمان پەروەر لە شاری کەرکوک چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، دایکی ناوی ( تووحلە خان ) بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە خزمەتی باوکی قورئانی پیرۆزو چەند کتێبێکی ئایینی خوێندووە، پاشان لای مامۆستای گەورە (مەلا عەلی حیکمەت سیامەنسووری) تا (جمع الجوامع) خوێندووە، پاشان لە خزمەت مەلا مستەفای ژێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. سەید ئەحمەد پیاوێکی زیرەک و بلیمەت بووە، بروانە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و هیندی زانیوە، بە نووسین و بە قسەکردن ئاخاوتنی پێکردووە، زۆر لە زانستە ئاینیەکان و عیلمیە تازە بابەتەکانی ئەو ڕۆژگارە ئاگادار بووە، سفرەی سەخاوەتی بۆ پیرو جوان، بۆ ئەهلی لادێ و شارستان ڕاخستبوو، فەخری کوردستان و شێری مەیدان بوو، زۆر ئەدیب و عاقڵ و ئیش زان بوو، توانایەکی بە هێزی لەبەر کردنی هەبوو، هەزارەها شیعری شاعیرانی کورد لەبەر بوو لەوانە: (نالی، مەحوی، سالم، وەفایی، میسباح، شێخ ڕەزا)، هەروەها شیعری فارسی:حافز، سەعدی، کەلیم، بێدڵ قائانیی، شاهنامەی، فیردەوسی، نیزامی، نابی، نفعی، نامق، کەمال، بوحتەری، ئەبو نەواس)، لەبەر بووە، جگە لە شیعری تورکی و عەرەبی خەتێکی زۆر جوان و ئینشایەکی ڕێکوپێکی هەبوو.

سەید ئەحمەد مرۆڤێکی خوداناس و زمان پاراو و قسەخۆش و نوکتەزان و ئەدەب دۆست و کۆمەڵایەتی بووە، ئەمەش بۆ سەید ئەحمەد شتێکی ئاسیی بووە، چونکە هەر کە خۆی ناسیووە لە خانەقا و دیوەخانی خۆیاندا هەردەم گۆچکەی بە قسەی نەستەق و شیعرو پەند و ئامۆژگاری وڵات و نیشتمان زرینگاوەتەوە، لەگەڵ ئەم خوداناسی و ڕۆشنبیری و سەروەت و سامانەدا، کەسێکی ژیروو کارامە و ئازاو دڵ قاییم و دەس پاک و بەخشندە و نان دەرێکی کەم وێنە بووە، بە جۆرێیک کە سەید ئەحمەدێکی کە لە وێنەی نەبووە ڕنگە نەشبێ.

پیرەمێردی شاعیر زۆر جار باسی خۆشەویستی گەرمی خۆی و سەید ئەحمەدی کردووە، ئەوەتا لە ڕۆژنامەکەیدا ژمارە (٧٠٦) ی ژین دا دەڵێ: تاهێزو لێزم بوو ساڵی

سێ ڕۆژ بەتایبەتی دەچومە کەرکوک و بە خزمەت سەید دەگەیشتم، هەر ئەم قسەخۆشی و نوکتەزانی و ئەدەب دوستییە بووە، کەساڵانە مەلاکانی سلێمانی و هەولێرو شارەکانی تری کوردستان پۆل پۆل وەجبە وەجبە ئاگری جگر هەڵی دەگرتن و بەرەوو دیوەخان و خانەقای سەید ئەحمەد دەکەوتنە ڕێ، چەند ڕۆژێک لای دەمانەوەو کۆڕی ئەدەب و وێژەو نوکتەو قسەی نەستەقیان گەرم دەکردو خەم و خەفەتی ڕۆژگاریان بە بائەداو ئەمجار دەگەڕانەوە، نەک ئەمە بەڵکو بەردەوام شاعیر و گۆرانی بێژو شمشاڵ ژەن و بلوێرلێدەرلەهەر چوار لای کوردستانەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ (خانەقای سەید ئەحمەد) بە هفتەو بەمانگ خۆیان تێدا حەشارداوە و کاتی خۆشیان بەسەر بردووە، چەند جارێش دیوەخانی سەید بۆتە شوێنی کۆبونەوەی پیاوماقوڵ و دەمراست و سەرۆکە هۆزەکانی کوردو لە چارەنووسی میللەتی کورد دوواون، فراوانتر کۆبونەوەو لێدوان لەم بارەوە لە دیوەخانی سەید ئەحمەد کرابێ، ئەو چاوپێکەوتنە بەربڵاوە بوو کە شێخ مەحموودی حەفید لە دوایی کوژرانی باوکی لە ڕووداوی مووسڵ لەگەڵ پیاوماقوڵانی کوردا سازی دابوو بەدورو درێژی لە بارەی چارەنووس و داهاتوی کوردەوە وتووێژی کردبوو، ئەمە بێجگەلەوە کە خانەقای سەید ئەحمەد ڕۆژانە پۆل پۆل خەڵکی هەژارو لێقەوماوو شەو و ڕۆژ ڕوویان تێکردووە. بە کورتی دەتوانین بڵێین (خانەقای سەید ئەحمەد) وەکو کەشتی (نوح) وابو هەموو جۆرە هەمەرەنگ و خەڵکی

هەواڵنامەی کتێب



تیاخزاوە ئارامی دڵ و گیانی خۆیان لە خودی سەید ئەحمەدا دۆزیوەتەوەو کاری تێدا مەیسەر بووە، مامۆستا مەسعوود محەمەد لەم بارەیەوە دەڵێ: خانەقای سەید ئەحمەد بۆ ماوەی (٦٠) ساڵ نەوای غەریب و تێشوی برسی و حەسانەوە بووە، چونکە هەموو کەسێک دەیتوانی سێ ژمە بێ منەت لە خانەقا نان بخوات و پێشی نەگوترێ ناوت چییە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە سەدان جار لەگەڵ میوانانی تایبەتی لە خانەقا نانی خواردووە بۆ ئەوەی سەربخاتە سەر سەید ئەحمەد، دەیوت: (سێ شت هەن بێ موسەمما هەر وەکو ئاوی بەقا، تەیری عەنقا، شاری جابولْقا، پڵاوی خانەقا).

هەروەها شاعیری گەورەی کورد مەلا عەبدوڵڵا (زێوەر) ئەم بەیتە شیعرەی وتووە:

جەنـــابی شێخ محێدین لـەهەولێر ئەکا ڕووت و فقیران بۆشتەو تێر لەکەرکوکا جەنابی سەید ئەحمەد لە بۆ خزمەت موهەیەئە وەکوو شێر.

لە بارەی ئازایەتی و مەردایەتی نەبەردی و راوەستانی پیاوانەی بەرامبەر بە داگیر کەران ئەگەر بنووسرێ دەبێتە داستانێکی پڕ لە شانازی گەلی کورد، چونکە سەید ئەحمەد بەڕاستی نموونەی شۆرشگێری راپەرین و مەزنایەتی و نیشتمان پـەروەری بووە، لە هەموو راپەرین و بەگژدا چونەوەو خۆشی و ناخۆشی عێراق بە تایبەتی گەلی کوردا دڵسۆزانە هاوبەشی کردووە، هەڵوێست و راپەرینی بەرامبەر خوێنمژو داگیر کەر زۆر سەر بەستانە ئازایانە بووە، تەنانەت لە ساڵی (١٩١٥) دا لە شەرەکانی باشووری عێراقیدا هاوشان لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید و هەموو ئەو سەرۆک هۆزانەی کە هاوبەشی ئەو بەگژدا چونەوەیان کردبوو سەید ئەحمەد لەڕیزی هەرە پێشەوە دوژمنی دەکوتا و دیفاعی لە خاک و نیشتمان دەکردو دەنەدەنەی کوڕە کوردانی دەدا بۆ تارومارکردنی داگیر کەر، تەنانەت لە شەری شوعەیبەدا بە جۆرێک قۆڵکی شکابوو، دوای داگیر کردنی شاری کەرکوک لەلایەن ئینگلیز ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٢٣ز) سەید ئەحمەدیان نەفی کرد بۆ بەسرا بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ مایەوە، دواتر هێنایانە بەغدا و ڕۆژی ( ٦ / مایسی / ١٩٢٥ز) هێنایانەوە بۆ شاری کەرکوک، حکومەتی ئینگلیز لە سەرەتادا ویستبووی سەید ئەحمەد بکات بە (متصرف) ی کەرکوک بەڵام سەید وەزیفەی قەبووڵ نەکردبوو لەسەر هەڵوێست و مەوقیفی خۆی سوور بوو، تا لە دونیا دەرچوو خۆی نەدا بە دەستەوە و بە مەردی ژیا، پیرەمێردی نەمر جارێکی کە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ سەید ئەحمەد کردووە لەسەرو وتاری ڕۆژنامەکەیدا ژمارە (٨٠١) ی ژین دا ئەمەی نووسیوە: ئەم سەید ئەحمەدە ئینکار ناکرێ کە هەڵکەوتووە، قییاسی لە هیچ پیاوێکی ناودار ناکرێ، ئەو سیفەتانەی کە بۆ ناودار دانراوە هەموویانی تیا هەیە، خانەقاو دارو بەردی بە زوبانی حاڵ شاهیدی

ئەدەن کە زۆر پەککەوتەو لێقەوماوی تیا بوژاوەتەوەو پارێزراوە، ئەمەش ئەوە نەبێ بە خساندنی هەژارو گەڕو تەشقەڵە بوبێ بەڵکو بەرەنجی شان و کشتوکاڵ و ماڵی حەلالی خۆی بووە.

بەڵێ سەید ئەحمەد بەم شێوەیە پیاوەتی و میرخاسی و مەزنیە ژیانی دونیای بەسەر بردووە و هەموو کاتێ باوکی هـەژارو کەم دەرامـەت و لێقەوماوان بووە، هەر کەسێ پەنای بۆ بردبێ پاراستویەتی و یارمەتی داوە، سەید ئەحمەد لە ساڵی (١٨٩٩ز) لە ڕێگەی موسڵ و بۆ شام و میسر پاشان بۆ مەککە و ئەرکی حەجی بەجێهێناوە، لەم سەفەرەدا پیرەمێرد و وەفایی و حاجی شێخ عارفی سەرگەلو و شێخ مستەفای شێخ عەبدلسەمەدی قازی لەگەڵیدا بووە، ئەم زاتە هەموو تەمەنی لە خزمەتی ئایین و هەژارو کەمدەرامەتان بەسەر بردووە، لە ڕۆژی (١٨ / ٧ / ١٩٥٢ز) لە تەمەنی (٨٤) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بە ئامادەبوونی دەیان زانای ئایینی و کەسایەتی و پیاوماقولانی شاری کەرکوک و کوردستان تەرمی پیرۆزی لە خانەقا بە خاک سپێردراوە، لە دوای خۆی سێ کوڕو یەک کچی لێ بەجێماوە بە ناوەکانی: (شێخ عەبدولقادر، کاکە حوسێن، کاکە حەمە، مریەم خان). بەڕاستی بە مردنی سەید ئەحمەد خەم و ماتەمی بەسەر کەرکوک و کوردستاندا هێناو هەموو کوردی خستە شین و واوەیلاە، زۆر لە شاعیر و زانایان بە شیعرو وتار لاواندویانەتەوە و فرمێسکیان بۆ هەڵ ڕشتووە.


**سەرچاوەکان:**

گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٢٥

ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ٧٠٦، ساڵی ١٩٤٣

ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ٨٠١، ساڵی ١٩٤٥

یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ساڵی ١٩٧٩

گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە ٢، ساڵی ٢٠٠٣

هویة کركوك الثقافية والادارة، محمد علی قرەداغی، جزء ٢، ساڵی ٢٠٠٧


هەولنامەی کتێب




# لەپەنایی خوێندنەوەی کتێبدا چیم دەسکەوت...
# کتێبی ( گۆڕانکاری و حەماسەت) بەنموونە



**شێرکۆ شەریف**

ئەوەی لەپەنایی خوێندنەوە چیم دەستکەوت رەنگە ئەو پرسیارە ئاڵۆزە بێت، کەدوای نائومیدبوون لەخوێندوەی کتێب ،بەراورد بەو واقعە سیاسیی وکۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەی تێیدادەژیم، بەراورد بەو هەموو ناشیرینی ونادادیی ونایەکسانییەی کە هەموو کونج وکەلەبەرێکی دنیایی ئێمەی گرتۆتەوە لەخۆمی بکەم. پرسیارێک کەئاسان وەڵامەکەیم لەدووتوێی کتێب وخوێندنە وەدا دەست ناکەوێت وزۆرجار دەمخاتە نێو گێژاوی بیرکردنەوە.لەگەڵ ئەوەشداخوێندوەوە بۆمن بەزیاد لەئاراستەیەکدا دەتوانێت کەم تازۆر لەبڕێک پرسی فیکریی ومەعریفیی وئەدەبیی وفەرهەنگیی ئاگاداربکاتەوە، لەزۆر وێستگەدا دەتوانێت ئاستی پرسیارو تێگەیشتن و خواست وچاوەڕوانێکانم بەرێتە سەرەوە، رەهەندێکی تایبەت بەبیرکردنەوەو دیدوتێڕوانیم ببەخشێت و وام لێبکات قولتر پاپەندبین بەپرسە ئینسانیی وئەخلاقیی ویژدانێکانەوە.

لەم سونگەیەوەخوێندنەوە گەلێک ماناو دەلالەتی نوێ لەسەر ژیان وپەیوەندییم بەدونیاي وجودیی ومادیی ورةمزێکەیەوە بەجێ دێڵێت. وادەکات ببم بەبونەوەرێکی خاوەن خەیال وئەندێشەی جوان وتوانای عەقلیی و هزریی بۆبینینی بەشێک لەو کێشە وناکۆکی ململانییانەی کەلێرەو لەوەی لەگەڵیاندا دەرگیرو بەرەوڕوین. بەکورتی خوێندنەوە دەتوانێ هۆکارو هاریکاری باش بێت لەدروستکردنی ژێرخانێکی فیکری ومەعریفی و دیدێکی سیاسیی وکۆمەڵایەتیي کراوەو پلۆراڵ کەتوانایی ئەوەی هەبێت جیاوازییە سیاسیي و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگێکانی دونیایی ئێمە قەبوول کات.

لەم دەستپێکەوە حەزدەکەم ئاوڕێکی خێرا و چەندسەرنجێکی کورت لەسەر کتێبی گۆڕانکاری و حةماستی نووسەرو کۆمەلناسی سیاسیی مەریوان وریا قانع بدەم.

تەوەر ولێکۆڵینەوەو بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە بۆمن سەرنج راکێش بوو،

جیا لەوەی هێزو جوانی وسیحری کتێبەکە رەنگە بگەڕێتەوە بۆپەیوەندی قوولی نووسەر بەتوانا تەعبیرێکان وئەگەرە ناوەکێکانی زمان و فیکرو مێژوو سیاسەت و پاشخانە زانستی وسۆسۆلۆژێکانەوە. نووسەر زۆر بەوردی و بەسەلیقەوە لەبەرهەمهێنانی دیدێکی رەخنەی و زانستی بۆکومەڵێک چەمک و دیاردە و پرسە سەرەکێکانی نێو دنیایی ئێمە کاری کردوە. وەپەیوەندیەکی دروستیشی لەگەڵ فیکری و جیهانی و زانستە ئینسان و مێژوویی و سۆسۆلوژێکاندا پێکهێناوە، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم بەرجەستەکردنی ئەو دیدگاو تێگیشتنە هەمەلایەنەی نووسەرە لەسەر پەیوەندی فیکر بەگۆران وئەزموون وپراکتیکە رۆژانەیەکانی ئینسانەوە. لێرەوەیە دەبینین کۆی بابەت وتەوەرو بەشەکانی ئەم کتێبە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندیان هەیە و بەدەرن لە هەر ئیشکالاتێکی فیکری و هەرخوتودانێکی عاتفی و سیاسی وئایدلوجی کەنەیەڵێت مەعریفە بچێتە ئەودیو بەربەست ورێگرەکانەوە. وە لەزۆر ئاستدا بەپلەیەکی بەرزی عەقلی ولوژیکی گەیشتوون.

لەراستیدا من لەم کورتە نووسینەدا رەنگە هەر ئەوەندەم پێبکرێت لەسەریەک باس ولێکۆڵینەوەی نێو ئەم کتێبە هەڵەوستە بکەم نەتوانم وەک پێویست بەش وتەوەرو بابە تەکانی کتێبەکە بەسەرکەمەوە. مایەی خۆشحالیە بومن یەکێک لەتەوەرە گرنگەکانی کتێبەکە بابەتێکە دەربارەی شورشی ئۆکتۆبر لەخەوەنەوە بۆکابووس.


گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە جارێکی تر بەخوێندنەوەیەکی نوێوە لەشۆڕش و کردەیی شۆڕش و ئایدیاو میکانزمەکانی پشت شۆڕش دەڕوانێت، وەخودی شۆڕش دەباتەوە ناو فیکرو ئەو ژینکە تیۆری و مەعریفی و میژوویەی تێیدا لەدایک دەبێت، وەدەیبەستێتەوە بەخەون و وێناکردنی مرۆڤ بۆ گۆڕان وگۆڕانکاری و ئەو فورمە لەهۆشیاری کە دەیەوێت برێک لەخەیاڵ وحەقیقەت ویوتۆبیا دابەزێنیتە نێو واقیع و کردەیی رۆژانەوە. لێرەوە پرسیاری نووسەر لەشۆرش و ماهیەتی شۆڕش پرسیارێکی جەوهەریە، پرسیارە لەئەگەرەکانی واقع وفورم وشیوازەکانی دەسەڵات لەدۆخی قەیران جەنگ و تەقینەوە کۆمەڵایەتێکان دا، پرسیارە لەوبکەرە سیاسی وکۆمەڵایەتی ومیژوویی و ئایدلۆجیەیی کەشۆڕش لەخەوەنەوە دەگۆڕن بۆکابووس، لەکردەیەکی شۆڕشگێڕانەوە ویاخیگەرانەوە دەیگۆڕن بۆئامرازیکی سەرکوت کەرانە و ستەمکارانە ، بۆپیادەکردنی سەپاندی یەک سیستەمی حەقیقەتیک و ئەزموون و ئایدلوجیایەک بەسەر تاک و کۆمەڵگادا.

خاڵێکی گرنگ لەئیستادا بمەوێت ئامەژەیەکی خێرای پێ بکەم ئەوەیە بیری چەپ و ئایدیای چەپ لە سیاقی ئەم خوێندوەیە بەر رەخنەی توند دەکەوێ، وە لە ئەنجامی پشکنینی ژێرخانە تیۆریی و سیاسی و ئایدلۆجێکەیدا دەمامکی سەرروو ڕوخساری ئایدیایی لینینزم وبەشێکی زۆر دیدو دنیابینی چەپگەرایی بەتەواوی دەکەوێت. وەلینینزم خۆشی لەهەموو ماناو جەوهەرێکی شۆڕشگێڕانەو رادیکاڵانە رووت دەبێتەوە و وێنە راستەقینەکەی لەئاستی تیۆرە وپراکتیکدا روون و ئاشکرا دەبێت.

**گۆڕانكاری و حەماسەت**

خوێندنەوە گەلێك ماناو دەلالەتی نوێ لەسەر ژیان وپەیوەندییم بەدونیای وجودیی ومادیی ورەمزێکەیەوە بەجێ دێڵێت. وادەکات ببم بەبونەوەرێکی خاوەن خەیاڵ وئەندێشەی جوان وتوانای عەقلی و هزریی بۆبینینی بەشێك لەو کێشە وناکۆکی ململانییانەی کەلێرەو لەوەی لەگەڵیاندا دەرگیرو بەرەوڕووین





بەمانایەکی تر هەموو ئەو حیکایەتانەی لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر و رۆڵی لینین و بەلشەڤیکەکان لەوشۆڕشەدا کە بەحیکایەتی ئەفسانەیی و بڵندو باڵا پێشڕەو رادیکاڵ دەزانێ، دەبێت بەحیکایەتێکی پێچەوانەی ترسناک پڕ لەمانایی ئازارو چەوسانەوەو مەینەتی بۆمرۆڤ و هەموو مێژوویی مرۆڤایەتی.


نووسەر دەڵێت( زۆربەی ئەوانەی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان نووسوەتەوە باس لەوە دەکەن چۆن خەوەنەکانی ئەم شۆڕشە لەساڵەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشدا بەتایبەتی لەسەردەمی ستالین وهاتنەکایەی ستالینزمدا، گۆڕان بۆ کابوسی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئابووری هێجگار گەورەو تۆقێنەر.) دواتر نووسەر لەکۆتایی پەرەگراڤەکەیدا دەنووسێت( ئایا تاوانەکان هەموویان تاوانی ستالین بوون بەتەنیا، یان زۆرێک لەرەگوڕیشەکانی ستالینزم لەناخودی لینینزم ئامادەبوون.) بۆزانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆسەرچاوەی کتێبەکە لاپەڕە ٣٥ بۆ لاپەڕە ٣٦.

ئەوەی مەبەستمە بیڵێم لەکۆتا ئەم کورتە نووسینەدا ئەوەیە، بەخوێندوەی ئەم بابەتەو ئەو سەرکەوتنە زانستی ومیتوەدی ورەخنەی نووسەر بەسەرێک دڵخۆشبووم، بەسەرێک غەمگین. دلخۆشبووم بەوەی لەکایەی رۆشنبیری وفەرهەنگی ئێمەدا بەر ئەم ئاستە بەرزە لەدیدوو روانین و تیگەشتن و ناسین دەکەوم، بەتواناو لێهاتووی نووسەر لەپاراستنی سەربەخۆی فیکرو رەخنە لەهەرجۆرە کورت بینیەکی سیاسی و هەردۆگمایەکی ئایدلوجی و هەر ختوکەدانێکی سایکلوجی وهەژاریەکی مەعریفی. وەبینین وشیکارکردنی پەیوەندی نێوان هێزو روداوو دیاردەکان لەناو ئاڵۆزیی و دینامیکی مێژووی خۆیاندا.

غەمگینم بەوەی جاریکتر فلیمی رابردوو ژیانی خۆم دەکەوێتە پێش چاو کەچۆن لەسێبەری ئەدەبیاتێکدا کە بەئەدبیاتی مارکسیزم ولینینزم ناسراوبوو روڵی کەسێکی نەزان و گەمژە و توندڕەو لەخشتەبردو دەگێرم، چۆن لەکەسێتی راستقینەی خۆم هەڵدەگەڕێمەوەو دەبم بەکەستیەکی نمایشکاری دووفاق ودۆڕاو لەناو رووبەری سیاسەت وسیاسەتکردنێکی چەواشەکرانەو ناعەقلانیانە، بەڵی کەسایەتێک کەشتێک دەکات وئەرکێک ئەنجام دەدات کەلەتواناو هێزو ئازایەتی حەقیقی ئەو بەدەرە. لەقودرەتی خێزانێکی ساویلکەی سەرکزو شکەت وماندووی دەستی ئەو رۆژگارە بەدەرە. نازانم چون تەڵەی ئایدلۆجی و سیاسی دیدگای چەپ گرتمی و نابینای کردم و تەواوی دەوروبەرو سەردەمی گەنجێتیمی کرد بەتاریکستان، وای لێکردم نەتوانم دنیا لەوێنە گەورەو فراوانەکەی ببینم و لەزیاد لەشوێنێکەوە دیاردە و مل ملانێکانی ناوی لێکدەمەوە. نازانم چۆن سیحرو جادوی ئەم ئەدەبیاتە منی بەلای خۆیدا پەلکێش کردو خۆی کرد بەماڵی هزور عەقل وبیرکردنەوەو زمانمدا. چۆن وای کرد خەونی گەیشتن بەدنیایەکی جوانترو ئینسانی و دادپەروەری تر ببێتە بە خەونێکی مەحال ودورە دەست.

لەم سونگەیەوە ئێمە نەوەیەک بووین بەشێکی زۆرمان کراین بەقوربانی سیستمیک لەکاری سیاسی و رێکخراویی کەئەرک بەرنامەو دیسپلین و هێڵە گشتیکانی دەبەستەوە بەبنەما فەلسەفی و فیکری و ئایدلۆجیەکانی ئەدەبیاتی مارکسیزم ولینینزم. نەوەیەک بووین لەوەهمی دروستکردنی بەهەشتیک لەسەر زەوی و رزگارکردنی بەشەریت و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەژیاین. دواجار نەوەیەک لەدەرەوەی هەر جۆرە ڤۆرم وهوشیاریەکی چینایەتی ومل ملانی چینایەتی هیچ جۆرە ڤۆرم هوشیاریەکی تری قەبوڵ نەبوو. وە لەنێو تەقدیسکردنی سیاسەت و بکەرەکانی ئەو شیوازە لەسیاسەتکردنی چەپگەرانە لەدەرەوەی تێگەیشتن لەپێدراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژویەکان تادەهات بەخۆی و وکۆمەڵگاکەی نامۆ دەبوو. لەکۆتایدا هەر ئەوەندە دەڵێم هیوای بەردەوامی و بەچاپگەیاندی کتێبی زیاتر و دانسقەو پرمەعریفە تر بۆ نووسەرو کۆمەڵناسی سیاسی مەریوان وریا قانع دەخوازم.

# هەجووکردنی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانیی بۆ خزمە نزیکەکانی



هەڤاڵ دارا

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتا بۆباس کردن لە خزمانی شێخ ڕەزا پێویستە دەکات ئاماژە بەو شیعرە بدەین کە باس لە چۆنییەتی هاتنی تەریقەت بۆ مەلا مەحموودی زەنگەنە لەلایەن شێخ ئەحمەدی هیندییەوە دەکات، پاشان باسکردن لەوەرگرتنی تەریقەت لەمەلا مەحموودەوە بۆ شێخ ئەحمەد و چواندنیی ئەم جێنشینەی شێخ ئەحمەد بە حەزرەتی سولێمان هەروەها دواترشێخ ڕەزا بەشیعر بەردەوامی دەدات بە درەختی تەریقەت کە تایبەتن بە خێزانی خۆی، کەلە دوای کۆچکردنی ئەم دوو زاتە سەرەوە بۆلای خودای خوداکان و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی (الله)، شێح ڕەزا بە شیعر دێتە باس کردن لە دوای مەلا مەحموود و شێخ ئەحمەدەوە کە دەفەرموێت:


بە ڕەحمەت چوون ئەوان بابێنەسەر باسی ئەوڕەحمان[١]
کە شێخ عەبدولڕەحمانی خالس کە دەکاتە باوکی شێخ ڕەزا و خاوەنداریی تەکییەی تاڵەبانیی لە کەرکووک دەکات کە ئەمیش بەردەوامیی دانبوو بە تەریقەتی قادریی لەسەر ڕێبازی باوک و باپیریی، پاشان لە دوای نەمانی باوکی شێخ ڕەزا و گەیشتن بەکاروانی سەربەرزی و بەم شێوەیە بەردەوامیی بە باسکردن بەم درەختە خێزانییە دەدات و دەفەرموێت:

**ئەمێستا شێخ عەلی نەجلی کەبیری ساحب ئیرشاد**
**ئەمیش وەک باوک و باپیری لەزومرەی ئەولیا مەعدود[٢]**

بۆیە بە پێویستی دەزانم بەدرێژی و بەگشتیی ئاماژە بەو شیعرەی شێخ ڕەزا بدەم کە دەفەرموێت:
خوداوەند حەزبکا وەقتێ بەندەیەکی خۆی بکا خۆشنوود
لەڕێگەی دورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی قاصیدی مەقصوود
لەهیندوستانەوە شەش مانگە ڕێ تاخاکی کوردستان
خوا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلات مەحموود
مەلامەحموودی زەنگەنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد
لەدەوری مەرقەدی هەردەنگی یاهو دێت و یامەعبود
لەپاش ئەو ئەرشدی ئەولادی شێخ ئەحمەدلەجێی دانیشت

**بەعەینی وەک سلێمانی جێ نشینی حەزرەتی داوود**
**بەڵێ بابی وەها ئەلبەت دەبێ فرزەندی وابێنی**
**ئیلاهی صەد هەزار ڕەحمەت لەقەبری والید و مولود**
**بەرەحمەت چوون ئەوان بابێینە باسی ئەوڕەحمان**
**فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودمانی شەرتی تەحصیلە**
**ئەوانەی بۆیە ئیجارکرد خودا تائەم بێ مەوجود**
**ئەمێستا(شێخ عەلی) نەجلی کەبیری صاحیب ئیرشاد**
**ئەمیش وەک باوک و باپیری لەزومرەی ئەولیا مەعدوود**
**(ڕەزا)یش لەو نەسلەیە ببیەخشە یاڕەب چونکە قەدنابێ[٣]**

# شێخ ڕەزای تاڵەبانیی



ئەو فۆڕمە لە داشۆرینانەیە کە ئاراستەی خزم و کەسوکاری خۆی کردووە کەلە ئەنجامی بەریەککەوتن یاخود دژایەتی کردنی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بووە بۆ شێخ ڕەزا، بۆیە منیش حەزم وایە لەو شیعرەوە دەست پێبکەم کە ئاراستەی مامە غەفووری کردووە

ئەگەر بەوردی لە ژیانی خێزانیی بنەماڵەی شێخ ڕەزا بڕوانین هەست دەکەین کە دەستی نوسینی شیعریان هەبووەو بەدڵنیایی چەندین کەس لە خزمانیی کە بریتین لە باوک و کوڕ و مام و برازاکانی بە پلەی شاعیریێتی گەیشتوون بەڵام جیاوازی یا شێخ لەوانی تر نووسینی شیعر بووە لەسەر شێوەی داشۆرین(هەجوو)، وەک دەزانین لەو سەردەمەدا بەتایبەتی کوڕی یەکێک لەبنەماڵەی تەکیەی تاڵەبانی ناسراون تەریقەتی قادریی و کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی خالص بەم شێوەیە کەباسی خزمان و دۆستانی تەکییەبکات یاخود ناوزڕاندنیان بە وشەی هەڵمادراو کەئەمەش بەدڵنیایی وای لەهەموویان کرد، تاڕادەیەکی باش کاریگەری لەسەر هەریەکەیان هەبووە و هەرکەسە بەشێوەی خۆی ناڕەزایی دەربڕێت.

ئەوەی کەمن دەمەوێت باسی لێوەبکەم ئەو فۆڕمە لە داشۆرینانەیە کە ئاراستەی خزم و کەسوکاری خۆی کردووە کەلە ئەنجامی بەریەککەوتن یاخود دژایەتی کردنی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بووە بۆ شێخ ڕەزا ، بۆیە منیش حەزم وایە لەو شیعرەوە دەست پێبکەم کە ئاراستەی مامە غەفووری کردووە کەتاڕادەیەکی زۆرتر لە هەموویان زیاتر و بەشێوەیەکی داشۆرینی توند(هەجووی قورس) خۆیی و ژن و ماڵ و مناڵی پێکەوە بەوشەکانی داشۆریوە، کەمن پێموایە کاریگەری شاعیریێتی ئەم بنەماڵەیە وای کردووە کەوەک بابەتێکی ئەدەبیی لێی بڕوانن و بەشێوەیەکی ئەوها کاریگەری کۆمەڵایەتیی واخراپ نەکاتە خزمایەتی نێوانیان و پەیوەندی بپچڕن و دروست کردنی دابڕانێک لە نێوان مام و برازا(مەبەست شێخ ڕەزا و مامەکەیەتی) کە دەزانین پەیوەندی بنەماڵەیەکی وەک تاڵەبانیی کەخاوەنداریەتی تەکییە ناسراوبن، بەدڵنیایی پەیوەندییان لەخەڵکی بەهێز و زیاتر چاویان لەسەر بووە، چونکە شێخ ڕەزا لە هەربابەتێک بێ دڵی کرابێت بە وشە تیژەکانی دڵی خۆی لێ خاڵی کردۆتەوە.

لەم شیعرە بەڕوونی باس لە مامە غەفووری دەکات و دەفەرموێت:

**مامەکەم قەحپە ژنە دەوڵەتی شەدادی هەیە**
**تالعی ڕاهبەر و بەختی خودا دادی هەیە**
**یەک، دوو دێی داوەتێ سوڵتان بە ئیتعامی تەعام**

هەریەکێکی بەقەدەر خەزنەیێ ئیرادی هەیە
چ فرۆش و چ زروف و چ زیاع و چ عەتار
لەهەموو جنسە مەتاعی سەرو هەشتاری هەیە
ئەم هەموو گەنج و خەزێنەی هەیە هێشتاکو تەرەسی
نەهەوای جود و نەمەیلی کەرەم و دادی هەیە
رەسمی ئایاتی کیرامی بووە ئاساری سەخا
تەلە ئابائی حەیاو تەلەلە ئەجدادی هەیە
گەر سەروریشی پیاوانەیە، زاهیری زوهادی هەیە
خۆی بەهەر سورەت ئومێدی کەرەمم پێ یە وەلێ
ڕقی زۆرم لە رەشیدی کوڕی گەوادی هەیە
ڕەنگی کەر، دەنگە بەقەر، هەیئەتی دەڵ، خووی چەقەڵ
چاوی کوێر، مەخزەنی کێر،مەقعەدی پڕ باری هەیە
زیکرو ئەورادی لەسەر کێر و زەکەر، موغەسیرە
سەیری ئەو کیزەقورمساخە، چ ئەورادی هەیە
تف لەکوز داکی لەکن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە
ئەمەگشت باوکی کەسەرمەشقی لەبۆ داداوە
سەربەخۆسالیکی دەهر و نیە ئوستادی هەیە
لەگروهی حەرەم، کارەکەر، دایک و خوشک
فاتم وعاسم وئامان و پەریزادی هەیە
شەو ڕۆژ چەیڵەبە کوز لێدەدەن و هەڵدەپەڕن
فەرجیان تاب و تەبی کورەیی حەدادی هەیە
بێ حەیان جوملە خسوسەن ژنە سوزانیەکەی
ڕەوشی دێڵەسەگ و قەحپەی بەغدادی هەیە
من لەکەرکوکەوە دێنێتە کن ئەم قەحپەژنە
لەگەڵم خەسمە فەلەک نیەتی بێدادی هەیە
کونی و حیزی یەماندنی ڕەشیدی تەبعی ڕەزا
هێند لەبەرجەوری فەلەک خاتری ناشادی هەیە(٤)

لە ڕوداوەکانی دواتر باسی لێوە دەکەم کەلەسەر بابەتی ماڵ و سامان وای لە شێح ڕەزا کردووە کەچەمکێک یان وشەی زبر بەکاربهێنێت بۆگەیاندنی پەیامەکانی چونکە شێخ ڕەزا لەدوای مردنیی باوکییەوە کەتەمەنی لاو دەبێت، هەست دەکات کە تووشی فەرامۆشکردن هاتووە ولەڕووی دابەشکردنی سەروەت وسامانی تەکییە و ئەو داهاتەی کەبنەماڵەی تاڵەبانیی خۆیانییان پێ بەڕێوەدەبرد بەشێوەیەک بوو بەدڵ و مەبەستی شێخ ڕەزا نابێت.

وەک دەزانین لەدوای مردنی باوکی شێخ ڕەزاوە براگەورەکەی کەدەکاتە(شێخ عەلی) لەشوێنی عەبدولڕەحمانی خالص سەرپەرشتی تەکییە و بنەماڵەکەیانی دەکرد( شێخ ڕەزا وەک شێخ قادر نەبوو، بەژداری لە سامانی برا و مامەکانی بەمافێکی ڕەوای خۆی و کەم و کورتی لەچاوی ئەوانی تردەزانی)(٥).

بۆیە شێخ ڕەزا لە شیعرێک دەفەرموێت:
بێگانە هەموو صاحبی جاە و جەبەروتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و روتن(٦).

لەبەریەککەوتنی شێخ ڕەزا و شێخ عەلی بەڕوونی دیارە

ئەم ناکۆکییەیان چونکە شێخ ڕەزا خۆی بەزوڵملێکراو داناوە، لەباس کردنی ژوورەکەی لە تەکییەی تاڵەبانیی دەردەکەوێت کە هەست بەمەزڵومییەت دەکات و دەڵێت:

**حوجرەیێکم هەیە بەقەدەر لەپێ**
**ڕۆژعیلاجی دەکەم بەشەو ئەتەپێ**
**مەنفەز و درزو ئاودزی هەرچەند**
**دەیگرم، دەیکوتم بەدەست و بەپێ**
**شەم کەدێم دەم دەکاتەوە وەکو هار**
**وائەزانم سەگە و بەمن ئەحەپێ**
**سەرو ڕیشم لە تۆز وقسڵ و گەچا**
**وەک پەلاسێکە پڕلەڕشک و سپێ(٧).**

ئەم دەربڕینەی و خۆنیشاندانەی بەشێوەی زوڵملێکراوبێت وای لێدەکات کەبە ئاشکرا بڵێت کەلە دووری و غەریبی بژیم نەک کە نزیک بیم لە خزموکەسوکارەکەم چونکە شێخ ڕەزا موفلیس بوونی لەلا باشتربووە لەوە کە هەست بەم زوڵم و فەرامۆشکردنەی کە خۆی ئاماژەی پێدەدات لە شیعرەکانیدا، واتە دێت وێنەی ژیانی خۆی هێندە ناخۆش نیشان دەدات هەتاوەکو وابکات خەڵکی هان بدات بۆبەراوردکردنی بە ژیانی خزمانی بەتایبەتی براکەی بەرچاوترە لەم ( واتە من کە دۆخم خراپە، ئەها ئەوان زۆرباشن) بۆیە لەم شیعرەدا وا باس لەو هەستە دەکات و دەڵێت:

**پێم خۆشە لەبەرجەوری برا و لۆمەی ئەقوام**
**سەدجار لەغەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک**
**شەش مانگە زیاتر کەلە پاش مەرگی پدەری من**
**مەغدورم و مەزلوم و جەفا دیدە و مەهتووک(٨).**

بۆیە لەدوای ئەم هەموو ناڕەزایەتییە کەلە بە وشە لە شیعرەکان شێخ ڕەزا بۆمان باس دەکات و ڕووی دەمی لەبراکەی شێخ عەلی دەکات و دەڵێت:

**شێخ عەلی خۆتۆ منت ئاوارەکرد و دەربەدەر**
**چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر(٩).**

بۆیە شێخ ڕەزا ناوەستێت و ڕووی دەمی دەکاتە کەسانی دەوروبەری براکەی کە خزمەتی تەکییە و تەریقەت دەکەن کەدەزانین لەوکاتە برا گەورەکەی سەرپەرشتی تەکییە دەکات لەوسەردە، ئەمەش ڕێگەیەکی ترە بۆئەوەی لەسەر مەبەستدار بدات دێت لە دەوروبەری دەکات(تاکە مەبەستی هەر براکەیەتی لەم هەجووانەش).

شێخ ڕەزا بەدەوروبەری شێخ عەلی دەڵێت:

**بۆحەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارەکرد**
**ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بە کێری نێرەکەر(١٠).**

هەولێنامەی کتێب

وەستا فەتاح سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی پارە و پوولی تەکییەی دەکرد لە ژێر ئەمرو فەرمانیی شێخ عەلی براگەورەکەی بووە، ئەم لێدانە بەئاشکرا هەم دۆخی خۆیی و هەم ئەوەش دەڵێت کە کێشەی هاوسەنگی دابەشکردنی ماڵ و سامانی باوکی بەدڵ نەبووە، ئەمەش هۆکار بووە دیسان باس لە مەزلومییەتی خۆی بکات و بڵێت:

**جومعانە براوە بەخودا موفلیسە لامع**
**نەپوولی حەمامی هەیە نەپارەی توتن(١١).**

دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی دەڵێت گرفتەکانی شێخ ڕەزا و شێخ عەلی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ ڕەزا نایەوێت برا بچووکی شێخ عەلی بکات و هەروەها شێخ عەلی برای داوای ژیانێکی دەروێشانەی لێدەکات، پاشان کێشەی سەروەت و سامان و نایەکسانیی هی خێزانیان کە دابەشییان کردووە، ئەمەش لەسەرەکترین کێشەکانی نێوانییان بووە چونکە کێشەکەیان شێخ ڕەزا وەک ئەنجان لێی دەڕوانێت و هۆکارەکەی بە شێخ عەلی برای دەزانێت، هەروەها ڕازی نەبوونی یاخود قبوڵ نەکردنی ژیانێکی دەروێشانەیە لەلایەن شێخ ڕەزاوە هۆکاربووە بۆئەوەی کە شێخ عەلی هاوکاری نەکات وەکو پێویست، کەئەمەش بۆئەو کاتەی شێخ ڕەزا مەحاڵ بووە ببێتە دەروێش(لەشیعرەکانی ڕەخنەی لەدەروێشەکانیان گرتووە).

کەلەم شیعرەدا بەئاشکرا ڕەخنە لەشێخ عەلی و دەوروبەرەکەی دەگرێت بۆیە شێخ ڕەزا دەیەوێت ئاماژە بەهەردوو لایەنی پارە و سامان لەگەڵ ژیانی دەروێشانە بکات کە لە دەوروبەری برا گەورەکەی کە زۆربوون، واتە ئەم هاوکێشەیە هۆکار و دەرەنجام کەهەریەکە لەشێخ ڕەزا و شێخ عەلی بەرامبەر یەکتری بەکاری دەهێنن لەوە کەلایەنی یەکەم کە دووەمی پێ تاوانبار دەکات یاخود لایەنی دووەمیش کە یەکەمی پێ تاوانبار دەکات.

وەک لە پێشدا ئاماژەمان بەم دێڕە داوە کە شێخ ڕەزا باس لە موفلیسی خۆی دەکات و شێخ عەلی براگەورەی بەبەرپرسی یەکەم دەزانێت و دواتر کەداوای شێخ عەلی بووە کە برا بچووکی بکات و دەورویشانە بژێت کەئەمەش(شێخ ڕەزا) قبوڵی نەکردووە، بۆیە جارێکی تر شێخ ڕەزا خۆی بە قوربانیی دەزانێت و دەڵێت:

**بێگانە هەموو صاحبی جاە و جەبەرووتن**
**بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و رووتن(١٢).**

هەروەها شێخ ڕەزا هاتووە کەسانی دەروبەری شێخ عەلی کەوەک دەروێش دەژیان ڕەخنەی توندی ئاراستە کردوون کە خۆشی بەم شێوە ژیانەش ڕازی نەبووە و بە دڵی کاکی نەکردووە، بۆیە لەسەر ئەم بابەتە بەم شیعرە ئاگری نێوانییانی گرتر دەدات و دەفەرموێت:

**ئەی شێخ عەلی چاکە وسووقت بەبرا بێ**
**باوەڕمەکە بەم خەڵقە کەوەک توولە لە دووتن**

**قەومێ کەلە عەهدی پدەرت حەلقە بەگۆش بوون**
**تەحقیقی بزانە بەخودا جوملە عەدووتن(١٣).**

پاشان بەوەش ناوەستێت ڕەخنەی توند لە دەروێش و هەندێک لە ڕەفتارەکانییان دەگرێت و دەڵێت:

**دوگز عمامە،سەگزگلیلسان یەک ریش**
**دوصەد مرید رواندردکابش ازپس وپیش**
**زبس فریفتە صورتند اهل جهان همە**
**کەادعای نبوت کند دود از پیش(١٤)**

واتە:

دووگەز مێز، سێ گەز عەباو یەک گەز ڕیش
دوو سەدمرید لەبەرو دوای ئەو یەسواری و ئەوان بەپێ
خەڵقی ئەم جیهانە ئەوەندە هەڵخەڵەتاوی دیمەنن
ئەگەرئەو شێخە ئیدیعای پێغەمبەریش بکات بۆی ئەچێتەسەر.

لەگەڵ ئەمەشدا کێشەی ئەم دوو شێخەش لەوەبووە کە شێخ ڕەزا دۆست و نزیکەکانی تەکییە و تەریقەتی بە ڕەخنەکانی داشۆریوەو و بێ دڵی خۆی بە شیعر لەگەڵیان نەکردووە، ئەو کەسانەی کە ناویان لە شیعری شاعیرمان هاتووە بە داشۆرین مەرج نییە خاوەنی ئەو سیفەتە بن و ئەم ناوهێنانەیان وەک نارەزایەتییەک بە شێخ عەلی گەیاندووە و لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر تەکییە هەبووە و ئەو کەسانەی کەبە لاوازچواندووە و کەهۆکارەکەی شێخ ڕەزای دەگێڕنەوە بۆ کێشەی لەگەڵ براگەورەکەی کە مەبەستمان شێخ عەلییە وەک چواندنی کابرایەکی جوولەکە بە دۆستێکی نزیکی تەکییە و تەریقەت، وشەکانی شێخ ڕەزا لە دوای مردنی باوک هاتۆتە سەر کۆر( واتە کوڕەکەی شێخ عەلی) کە ئەویش شێخ محەمەدی شێخ عەلییە و بەم شێوەیە باس لە برازاکەی خۆی دەکات و دەڵێت:

**سابێ زگی خۆت هەڵمەدڕە و مەمرە لەداغا**
**ئەم قەمە هەموو مردن و تومای لە وەجاغا**
**لەولاوە پەلێکت لەزەهاو پەل دەوەشێنی**
**لەم لاوە ڕەگێکت لەکنی ساوجە بولاغا(١٤).**

(شەوانی زستان پیاوانی بەرتەکییە لە دیوەخانی شێخ محەمەدشێخ عەلی کۆدەبنەوە بە نوکتە و (خلەبازی) و یاریی سینی و زەرف شەویان دەبردەسەر)(١٦)، بۆیە شێخ ڕەزا حەزی لەم شێوە بەزمانە دەبێت کەخۆشیی بە کوڕە مامەکەشی نەدەهات و دەشیویست ڕوو لەو دانیشتنانە بکات و لەم شیعرە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**ڕووم کردە بەزمی خاصی برازا ئەزیزەکەم**
**ئەم شەو بەصەد تەوازع و ئیخلاص و سەرکزی**
**ڕوانیم لەدرزی ڤاییەوە خۆی و تابیعان**
**دانیشتوون دوور ڕیزە لەدەوری خلەی کزی**
**دەتووت تەمێ کرابوو بەمەخصووصی قاپییەوان**
**خۆی کرد بە نێرە تورک وتی( کیم بلیر سنری)**
**پێم وت منم کەسەکەم مامە شێخ ڕەزا**

هەواڵنامەی کتێب

(تانمزمسین،خومەییس ئەفەندی،مەگەر بزی )
ئەم سەددی بابە بۆمنە ئیزهای کەتا بڕۆم
یان مەرحەمەت کە حیزە لەسەرما گونم تەزی
ئەمجا بەکوردی هاتە تەکەللم وتی بەڵێ
ئەو شێخە حیلەبازو قوماربازو کەر دزی
وەختێک کەلەم موعامەلەزانیم غەرەز چیە
وەرحاڵ گەڕامەوە پاشەوە ئەمما بەعاجزی(١٧)

کە ئەم ڕووداوەش ڕوویدا کێشەی نێوان مام و برازا بەرەو خراپتردەچوو چونکە هەرکاتێک شێخ ڕەزا بە پێچەوانەی هەست و کردارەکانی هەستی بەچی بکردایە بە وشە توندەکانی دڵی خۆی خاڵی دەکردەوە، لەم شیعرەش بەم شێوەیە باس لە برازاکەی خۆی دەکات و دەڵێت:

نەت و دەرپیشی مریدان چوشکر شیرینی
بەخدا ای پسرشیخ تو هرجا شکری(١٨)

واتە:

تۆتەنها لەبەردەمی مریدەکاندا وەک شەکر شیرین نیت
بەخوا قەسەم ئەی کوڕی شێخ تۆلە
شوێنێکا شەکری یاتۆ هەرجاشەکەری..
(شێخ محەمەد عەلی دەیگرێت و قۆڵی
بادەدات و هەڕەشەی لێ دەکات)(١٩).

شێخ ڕەزا تۆبە دەکات و دەڵێت تۆ(شێخ محەمەد) تۆ بەپێچەوانەوە لەمن تێگەیشتوویت من وتوومە(تو هەر جا شەکری، نەک هەر جاشکەکەریت)(٢٠).

شێخ ڕەزا لە شیعرەکانی و بەتایبەتی لەگەڵ خزمانی نزیکی بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت لە هەجوو کردنیان کە بێ بەرییان کردووە بەتایبەتی کەسوکارە نزیکەکانی خۆی لە موڵک و سامانی خێزانییان یاخود بەشێکی کەمیان پێی بەخشیوە و خۆی بە غەدرلێکراو و فەرامۆش کراو بینیووە، ئەمەش لە شیعرەکانی هەست بە بوونی ئەمە گلەیی و ناڕەزایەتییە دەکەین، ( شاکیر ئەفەندی کە ماوەیەک لەگەڵی دابووە، دەڵێت دیمەنێکی زۆر سەنگین و بەسامی بووە، کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە)(٢١).

ئەم یاریکردنە لەجیاوازی وێنەی شێخ ڕەزا لە شیعرە داشۆرینەکانی و لەگەڵ وێنەی ئەم شاعیرە لە ژیانی ئاسایی وامان لێ دەکات کە ڕوانینەکانمان بۆ کەسایەتی شێخ ڕەزا دابەشی دوو بەرە بکات، لێرەدا بە درێژی باسی لێوە ناکەین لەکۆتایدا لە نێوان ئەم تێگەیشتنانە هەریەکەی بە ڕێژەی خۆی و تێگەیشتنی خۆم و نزیکایەتی و پاڵپشتی بۆ ئەو بیروباوەڕە جیاوازانە دەردەبڕم.

بۆیە لەبەشی داشۆرینەکانی خزم و کەسوکاریی گرتۆتەوە و بەدڵنیایی شمشێری خۆی بەکارهێناوە کە هەردەم چەمکی (کێر) لەبەرامبەر ئەوکەسانەی لە هەربابەتێک بەدڵی شێخ ڕەزا نەبووە یاخود بە تێگەیشتنی ئەویان نەکردووە، لەلایەکی ترەوە ئەم داشۆرینانەی تاکە

کەسی و کەسایەتیی گرتۆتەوە چونکە شێخ ڕەزا بەرامبەر گشت خزمانیی بەبێ ڕوانین بۆجیاوازی تەمەن کردوویەتی و ئیلهامی بۆشیعرە داشۆرینەکانی دروستکردووە بەرامبەریان.

(ئەوە جێی سەرنجە، شێخ ڕەزا لەهەجوودا خوو ڕەوشتێک نانێتە یەکێکەوە ئەوەی تێدابێت، بە پیاوی ناپەسەند نالێت، ناپەسەند، ئەگەر وابێت سەرنجی خەڵکی ڕاناکێشێت و هەجووکراوەکەشی پێ تووڕە ناکات) (٢٢).


لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەو کەس و کەسایەتییانەی کە هەجووی کردوون بە وشەکانی لەشیعری تردا مەدحی کردون و ئەگەر نموونەی شێخ عەلی و شێخ محەمەدی برازای و کەس و کاریان بەگشتی بهێنینەوە، پاشان لەم شیعرەدا باس لە مامە غەفووری دەکات و دەڵێت:

**گەرچی فەقیر و موفلیسە شێخ مامە ساڵحم**
**نەمدی کەسێ وەک ئەو صاحێبی کەرەم**
**میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم**
**ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنونی ئەو کەرەم(٢٣).**

ئەم شیعرە دوولایەنییە لەوەی باس لە پیاوەتی و خاوەندریی کەرەم بووە ئەم مامەی یاخود بەوەی کە مامەی هەژاربووە پێی دەڵێت مەمنونی ئەو کەرەیەم کە دەرخواردت داوم، لە کۆتایی ئەم تەوەرە بە هەجوو کردنی محەمەدی کوڕی خۆی ماڵاوایی دەکەین کەبە وشەکانی ئەویشی داشۆریی و کردۆتییەتی بەر تیری وشەکانی و

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**

ساڵی (١٩٩١)، فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆردومانی تەلەفزیۆنیان کرد، ئەوکات بەشی کوردیش لە موسڵ بوو، بۆردومانەکە بینایەی تەلەفزیونی تەفروتونا کرد، کاک هاشم لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی دەڵێ: ڕۆژێک پێش بۆردومانەکە، هەموو کەلوپەلەکانی تەلەفزیۆنەکەمان گواستبووە بۆ مۆزەخانەی موسڵ، دوای بۆردومانەکەی تەلەفزیۆن، جاریکی تر گەڕاینەوە بۆ کەرکوك، سەر لە نوێ لە کەرکوکەوە دەستمان بە پەخش کردەوە .



دەڵێت:

تـــرِی ئـــــەولادی ئـــەم عـــەصـــرە بـــە کـــێـرم
کـەمــن مـــردم مــەگــەر گـــوو بـکــەن بـەخـێـرم
بــەم جـووتـە گـوونـەوە کـەدەڵـێـی عـەنـتـەری نـێـرم
خـۆت لادە نـــەوەک بـتـخـەمە بـەرحـەمـلـەی کـێـرم(٢٤).

ئەم شیعرە لەکاتی توڕەبوونی شاعیرمان وتوویەتی بە منداڵەکەی خۆی، کەواتە ئەم شێخ ڕەزایە وشەی شیعرەکانی وەک چەک و ئامرازێکی توند بەکارهێناوە، ئەم تەوەرەش بەم دەقانە کۆتایی دێت و کە دەڵێت:

شیعری یەکەم:

تـــعـــدایـــی کـــەبـــامـــن اقـــــرا کـــرد
نـــریـــدم شـــمـــر بـــــاال عـــبـــا کـــرد
مـگـــر از حـــال مـــن رمـــزی ادا کـــــرد(٢٥)

واتە:

ئەو تەعەدایەی کە خزم لەمنی کرد، شەمەر بەئالی عەلی نەکرد،تەنها توانی ئەوەهەیە نیشانەیەکی حالی من، بەدەست درێژی خزمانەوە باس بکرێت

هەوەها لە دەقێکی تری بە زمانی فارسیی کەباس لە دۆخی ژیانی خی دەکات و دەڵێت:

مـــن از بـــیـــگـــانـــگـــان هـــرگـــز تـــنـــالـــم
کــە بـــا مـــن چـــەکـــرد ان اشـــنـــاکـــرد(٢٦)
واتـــە: مـن هـەرگـیـز لـەدەسـت بـێـگـانـە ناناڵـێـنم
چـونـکـە هــەرچـی لـەمـن کـــرا ئـاشـنـاکـردی.

**سەرچاوەکان.**


١-:دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساخکردنەوە و شەرحی:شوکر مستەفا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥١ .

٢-: هەمان سەرچاوە، ل٥١ .

٣-: هەمان سەرچاوە، ل٥١ .

٤-دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئومێدکاکەحەمە(حەبۆر)، چاپی دووەم، لەبلاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر(٢٠٠)، سلێمانی، ٢٠٠٥،ل١٥٢.

٥-دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، د.موکرم تاڵەبانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٠ .

٦-هەمان سەرچاوە، ل٤٧ .

٧- هەمان سەرچاوە، ل٤٥ .

٨- هەمان سەرچاوە، ل٤٦ .

٩- هەمان سەرچاوە، ل٤٩ .

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٤٩ .

١١- هەمان سەرچاوە، ل٤٨ .

١٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٧ .

١٣- هەمان سەرچاوە، ل٤٧ .

١٤- هەمان سەرچاوە، ل١٩٩ .

١٥- هەمان سەرچاوە ژمارە(٤)، ل٦٢ .

١٦- هەمان سەرچاوە لاپەڕە(٥)، ل٥٠ .

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٥٠ .

١٨- هەمان سەرچاوە، ل٥١ .

١٩- هەمان سەرچاوە، ل٥١ .

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٥٣ .

٢١- هەمان سەرچاوە، ل٣٤ .

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٥ .

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل٦٤ .

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل٦٥ .


٢٥- هەمان سەرچاوە، ل١٠٠ .

٢٦- هەمان سەرچاوە، ل١٠١ .

# کەرکوک لە ڕوانگەی هاوچەرخانەوە

## هاشم جەباریی

بەشی یەکەم





ئامادەکردنی: زاهیر شکور

هاشم جەباریی ناوێکی دیارو کەسایەتییەکی بەناوبانگی بـواری ڕاگـەیـانـدنـە، هاشم جەباریی وتەلەفزیونی کەرکوک، ڕۆژگارێک دوانەی بواری ڕاگەیاندنی کەرکوک بوون،کاک هاشم شارەزا ولیهاتوو وسەر قافڵەی کاروانی وێستگە جیاجیکانی تەلەفزیونی کەرکوک بوو، شایتحاڵی دامەزراندن وڕووداوەکانی تەلەفزیۆن وشاری کەرکووکە لە قۆناغە هەستیارەکانی کەرکوک، رووداوە سیاسیی وەرزشیی رووناکبیرییەکانی کەرکوک لە ماوەی (٤٥)ساڵی ڕابردوودا، لە ژێر چاو و دەستی هاشم جەبارییەوە گوزەری دەکرد، کەشکۆڵەکەی هاشم جەباریی پڕە لە حیکایەتی تاڵ وشیرینی تەلەفزیونی کەرکوک،هاشم جەباریی لە گیڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بە سەبارەت دامەزراندنی تەلەفزیونی کەرکوک دەڵی:

لە ساڵیادی شۆڕشی(١٤)ی تەموز ڕۆژی (١٩٦١/٧/١٥)، بەردی بناغەی تەلەفزیونی کەرکوک دانرا ودوای نزیکەی شەش ساڵ لە (١٩٦٧/١١/١٨)، لە لایەن سەرۆکوەزیرانی عیراقی ئەو سەردەمە(تاهیر یەحیا)کرایەوە، هۆکاری دواخستنی کردنەوەی تەلەفزیونی لە ساڵی (١٩٦١)وە تا(١٩٦٧)، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی عێراق و کوردستان وهەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول،لە سەرەتاوە بەرنامەکان لە بەغداوە تۆمار دەکران، ڕۆژی دواتر بە ئۆتۆمبێل دەهاتە تەلەفزیونی کەرکوک وپەخش دەکرا، چونکە لە کەرکوک کادیری هونەریی پێویست وستۆدیۆ و ئامیرەکان لە ئاست توانا وشارەزایی وئامێرەکانی بەغدا نەبوو، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر بەرنامەکان، لە بەغداوە دەهات، هەواڵەکانیش لە ڕێگەی ئامێرێکەوە دەهات پێیان دەوت (بەرق تابع)، بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکان، سەرەتا ڕۆژەکانی هەفتە دابەشدەکرا بە سەر (رشدی عەبدولساحیب ونیهاد نەجیب وسوعاد هورمزی)، ئەمانە بە نۆرە لە بەغداوە دەهاتن بۆ کەرکوک، بۆخوێندنەوەی هەواڵەکان

کاک هاشم درێژە بە قسەکانی دەدات دەڵێت: یەکەم بەرێوەبەر عەرەب بوو، ناوی(یحیا جەمیل حومادی) بـوو، خەڵکی بـەغدا بـوو، لـە بـنـەرەتدا کەسێکی ڕاگەیاندکار نەبوو، بەڵکو مامۆستای زمانی عەرەبی بـوو، لە هەڵسوکەوت وئـیـدارەدانـی تەلەفزیونەکە پیاوێکی هێمن ورێزدار بوو، شارەزای هەبوو لە ئەدەبی کوردیی بە تایبەتی زۆر حەزی بە شیعرەکانی مامۆستا گۆران بوو،لاپەڕەکانی دەفتەری بیرەوەرییەکانی کاک

هاشم جەباریی یەکەم ستافی هونەریی تۆمار کردووە کە بریتیی بوون لە کورد(محەمەد ئەحمەد رەحیم) ئەندازیاریی تەلەفزیۆن بوو، چاککردن و سیانەکردنی ئامێرەکانی لە ئەستۆ بوو، ئەندازیارێکی لێهاتوو بوو، (سدیق شێخ محەمەد)پسپۆرو شارەزا بوو لە ئیشوکاری فیدیۆ، هونەریەکانی دیکەش بریتی بوون لە ئیسماعیل عەزیز، سالم ئەحمەد، مەناف ،شەوکەت مەعروف، لە تورکمانیش،سەفوەت سەفائەدین، قاسم مەندان، عەلائەدین بەهادین، ئەمانەش هەموو ئەندازیاری هونەری بوون، لە مەسیحیەکان(بەهنام رۆفایل، لویس گۆرگیس، تومابۆیا)هەرسێکیان شارەزای بواری سینەما بوون، دوو شارەزای هونەریی عەرەبیشمان هەبوو لە بەغداوە هاتبوون(باسل جاسم، عەبدوڵا جارەڵا)ژنێکی عەرەبیش وەک بێژەر بە گریبەست کاری دەکرد، ناوی هەدیل بوو، دواتر تەحسین هورمزی، کە تورکمان بوو، بووە بێژەری سەرەکیی زمانی عەرەبیی.

کاک هاشم دەڵی: پێش ئەوەی من بچمە تەلەفزیۆن، کاک نامیق محەمەد لە سەر بڕیاری حیزب(باڵی مەکتەبیی سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بێژەر،جەبار جەباریی وەک وەرگێرو بێژەر دانرابوون، کە کاک نامیق گەڕایەوە بۆ ئیشوکاری حیزبیی، لە سەر پێشنیازیی شەهید جەبار جەباریی، حیزب پشتیوانی لە هاشم جەباریی کرد و لە تەلەفزیونی کەرکوک دەستبەکار بوو، دوا بە دوای کاک هاشم جەباریی، محەمەد هەمەوەندیش بووە بێژەری کوردیی.

کاک هاشم جەباریی لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانییدا، دێتە سەر قۆناغێکی دیکەی تەلەفزیونی کەرکوک ودەرکەوتنی چەند بێژەرێکی بە توانای ژن ودەڵێت:

لە سەرەتاکانی سالی (١٩٧٣)وەچەند ژنێک داواکارییان پێشکەش بە تەلەفزیۆن کرد بۆ بێژەریی، ئێمەش پێویستیمان بە یەک بێژەری کوردیی ژن هەبوو، سوهەیلە ئیبراهیم ونەسرین مەحمود داواکاریان پێشکەش کرد، سوهەیلە ئیبراهیم بە تاقیکردنەوە و نەسرین مەحمود بە پشتیوانی خالید دلێر وەرگیران، ساڵی (١٩٧٥)، پەروین مەحمود خوشکی نەسرین مەحمود بە بێژەر وەرگیرا، پەروین خان جگە لەوەی بە تەمەن لە بێژەرەکانی دیکەمناڵتر بوو، بەشێوەش لەوانی تر جوانتر بوو، شێوەی پەروین خان زۆر گونجاو بوو بۆ شاشەی تەلەفزیۆن ودواتریش بێژەرێکی شارەزاو لێهاتووی لێدەرچوو، بۆ بێژەری تورکمانیش مەولود تەها قایەچیی وعەبدوڵا جەعفەر داقوقلیی وەرگیرا، مەولود تەها مامۆستای زمانی عەرەبیی بوو، بەگرێبەست وەرگیرا، هەم بێژەر بوو، هەمیش وەرگێر، بۆ بەشی تەنسیقیش کچێکی تورکمان بە ناوی فەیحا زەین ئەلعابدین وەرگیرا، دواتریش بووە بێژەری هەواڵی تورکمانیی، تەلەفزیون جۆرێک فراوانی بەخۆیەوە بینی، لەیلا محەمەد نەورۆز ژنێکی کورد بوو، بووە بێژەری زمانی عەرەبی، ژنێکی دیکەش هەواڵی عەرەبی دەخوێندەوە ناوی کەرەوان سەعید بوو،(رەبقە خامس قەندۆ)یش هەواڵی سریانیی دەخوێندەوە.

هەواڵنامەی کێرن

تا ئەم قۆناغەش، پەخشی تەلەفزیون رەش وسپیی بوو، زۆربەی دراماکان درامای میسریی بوو، ناو بەناویش درامای عیراقیی وشانۆگەریی پەخش دەکرا، دراما عیراقییەکان، لە جۆری شانۆگەریی(دەبە خانە وایدک بالدهن والنخله والجیران) وتەمسیلی تحت موسی الحلاق بوو، درامای کوردیی لە دوای بەیاننامەی (١١)ی ئازار دەستی پێکرد، تەلەفزیونی کەرکوک بووە مایەی گەشە کردنی هونەر و ئەدەب وروناکبیریی کوردیی لە کوردستان بەگشتیی وکەرکوک بەتایبەتیی.

یەکێک لەو بێژەرە ژنانەی کە ماوەیەکی کورت لە تەلەفزیۆنی کەرکوک وەرگیرا، ژنە بێژەری بە توانا (سامیە ئەترەش) بوو، چۆنییەتی وەرگرتنی بەم شێوەیە بوو: ساڵی (١٩٧٣)، بارەگای تەلەفزیۆن لە سەنتەری شارەوە دوور بوو، لە رۆژێکی گەرمی هاویندا، کاک هاشم دەڵی بە ئۆتۆمبێل دەچووم بۆ تەلەفزیۆن، لە رێگە بەو گەرمایە ژنێکمان بینی، چونکە داوای بێژەرمان کرد بوو، زانیم ئەو ژنە بۆ تەلەفزیۆن دەچێت، وەستاین و پرسیارمان لێکرد، لە وەڵامدا وتی دەچم داواکاری بێژەری پێشکەش بە تەلەفزیۆن دەکەم، ئیتر لە گەڵ خۆمان هەڵمان گرت، دوای چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە وەرگیرا. سامیە ئەترەش، ژنێکی بە سەلیقە و بە توانا بوو، دوای وەرگرتنی زۆر لە کەرکووک نەمایەوە، چوو بۆ بەغدا، ماوەیەکیش لە بەغدا بوو، دواتر سەفەری هەندەرانی کرد و لە لەندەن خۆی گرتەوە، ماوەیەکی زۆر لە رادێوی (بی.بی.سی) بێژەر بوو، هەواڵەکانی پێشکەش دەکرد و لە هەمان کاتیشدا بەشداری لە بەرنامە سەرکەوتووەکەی (ندوه ئەلمستەمعین) دەکرد.

کاک هاشم جەباریی باسی خولێکی سێ مانگی دەکات کە لە بەغدا بێژەرە سەرەکییەکانی کەرکوک بەشداریان تێدا کرد و دەڵی: محەمەد سەعید سەحاف بەڕێوەبەری گشتیی ئێزگە و تەلەفزیونی عیراق بوو، لە سەر بڕیاری ئەو خولێکی سێ مانگی کرایەوە، لە تەلەفزیونی کەرکوک (نەسرین و سوهەیلە و کەرەوان و لەیلا و رەبقە) بەشداریان تێداکرد، کاک هاشم دەڵی:

کەرکوک



یەکەم بەڕێوەبەر عەرەب بوو، ناوی(یحیا جەمیل حومادی)بوو، خەڵکی بەغدا بوو، لە بنەڕەتدا کەسێکی ڕاگەیاندکار نەبوو، بەڵکو مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، لە هەڵسوکەوت وئیدارەدانی تەلەفزیونەکە پیاوێکی هێمن ورێزدار بوو

خۆم چووم بۆ بەغدا بۆ دابینکردنی جێگای حەوانەوە و نوستن بۆیان، ئەوە بوو دواتر توانیم لە بەشی ناوخویێ زانکۆ، شوێن و جێگایان بۆ دابین بکەم.

کاک هاشم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی پەخشی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکوک و دەڵێ:

لە سەرەتاوە رۆژانە (١٥) دەقیقە بۆ پەخشی کوردیی تەرخان کرابوو کە بریتی بوو لە هەواڵەکان و گۆرانییەکی کوردیی، بۆ تورکمانیش لە سەرەتاوە (١٠)دەقیقە تەرخان کرا، ساڵی(١٩٧٠)پەخشی کوردیی بووە (٢٠)دەقیقە تاوەکو ساڵی(١٩٧٢)، هیچ بەرنامەیەک یان درامایەک لە کەرکوک تۆمار نەکرابوو، لە ساڵی(١٩٧٢)دا، بۆ یەکەم جار لە تەلەفزیۆنی کەرکوک، درامای (بەهاری دزراو)و درامای (مەرەزە) لە کەرکوک تۆمار کرا، دواتریش درامای (ژاڵە) بە کامێرای تەلەفزیۆنی کەرکوک لە سلێمانی تۆمار کرا.

ساڵی(١٩٧٣)، ئەندامێکی لقی حیزبی بەعس لە کەرکوک، بە ناوی (رافع کوبەیسی) کرایە بەڕێوەبەری تەلەفزیونی کەرکوک و، ماوەی پەخشی کوردی بۆ (٤٠) دەقیقە لە رۆژێکدا زیاد کرد.

١٩٧٤/٦/١، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی گەورە لە پەخشی کوردیی تەلەفزیۆنی کوردیی ڕوویدا، لەم مێژووەدا، بەشی کوردیی جیابووەوەو، بووە کەناڵێکی سەربەخۆ و بەرنامەکانی بە شێوەیەکی فراوان زیادی کرد، رۆژانە پەخشی کوردی لە کاتژمێر(٦)ی ئیوارەوە دەستی پێدەکرد بە وەشاندن تاوەکو کاتژمێر(١٢)ی شەو، لە تەلەفزیۆنی گشتی کەرکوکیش پەخشی تورکمانی کرایە (٣٠)دەقیقە و سریانیش(١٥)دەقیقە.

پێش جیابوونەوەی بەشی کوردیی، واتا پێش(١٩٧٤/٦/١)، ئەم بەرنامانە هەبوون: (یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کەرکوک، پێشکەشکردنی مستەفا ساڵح کەریم، کە کاک مستەفا وازی هێنا، ماوەیەکیش جیهان عومەر پێشکەشی دەکرد) بەرنامەکە چاوپێکەوتن بوو لە گەڵ ئەدیب و نووسەران لەو ماوەیەدا چاوپێکەوتنی لە گەڵ ئەحمەد هەردی و (ع.ع. شەونم) و هەوری و بەشێکی تری ئەدیب و نووسەران ئەنجامدا، بەشێکی دیکەی بەرنامەکە قسە کردن بوو لە سەر روناکبیرانی کۆچکردووە بەرنامەکانی دیکە لەو سەردەمەدا سیاسی بوون وەک: (عیراق لە هەفتەیەکدا، جیهان لە هەفتەیەکدا، لە بیرەوەری شۆڕشەوە، بەرنامەی(١٠)دە دەقیقە.

لە (١٩٧٤/٦/١)وە بەرنامەکان بەم شێوەیە گەشەی کرد و، ئەم بەرنامانە زیادی کرد: (ئاوێنەی هونەر، پێشکەشکردنی نەسرین مەحمود، گۆرانی داواکراو(هەمە ڕەنگ) پێشکەشکردنی پەروین مەحمود، بەرنامەی بەهرەوەران پێشکەشکردنی شەوکەت ڕەشید. لە بەرنامەی بەهرەوەران یەکێکیان لێ پەیدا دەبێت، دەنگی زۆر ناخۆش دەبێت، خوالێخۆشبو شەوکەت ڕەشید بێزار دەکات، شەوکەت ڕەشید داوای لێدەکات ستافی بەرنامەکە لە قەرەهەنجیر دەعوەت دەکات و، لەوێ دەنگی تاقی دەکەنەوە، ئەمیش دوو هەفتە لە سەر یەک دەعوەتیان

دەکات، بەڵام شەوکەت ڕەشید هەر دوو جارەکە لە سەر گردێکی قەرەهەنجیر دای ئەنێت و پێی دەڵێ: وەک کەر بزەڕڕە! دوای دوو جار دەعوات کابرا تێدەگات کە وەرناگیرێ وازدێنێت لێیان، بەرنامەکانی دیکە بریتی بوو لە بەرنامەی پەیامی هونەر پێشکەشکردنی کەمال رەئوف، هەر سێ بەرنامە سیاسیەکەی پێشتر باسمان کرد، لە یادی نەورۆزدا کاک هاشم ساڵانە بە جلوبەرگی کوردییەوە بەرنامەیەکی یەک سەعاتی پێشکەش دەکرد، بەرنامەی هونەرمەندی هەفتە خاتوو دڵپاک تاهیر پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی هونەرو ژیان ئامادەکردنی ناسڕ حەسەن، بەرنامەی وەرزش و لاوان پێشکەشکردی شێخ ستار عەبدوڵا، بەرنامەیەکی دیکەی هونەری هەبوو هاشم عەلی مەندی پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی تەندروستی و ژیان پێشکەشکردنی د. نافع ئاکرێی، بەرنامەی رەنگاوڕەنگ ئامادەکردنی کاک هاشم و پێشکەشکردنی پەروین مەحمود بوو، بەرنامەی کەلەپوور پێشکەشکردنی ئەسعەد عەدۆ،



بەرنامەی رۆژنامەگەری کوردیی پێشکەشکردنی شێرزاد عەبدولڕەحمان، عەبدولوەهاب تاڵەبانیش بەرنامەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد، محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە بەرنامەی دیداری ئەدەبی پێشکەش دەکرد، عومەر ئیبراهیم عەزیز بەرنامەیەکی زمانەوانیی پێشکەش دەکرد، محەمەد بەکر بەرنامەی شیعرستانی پێشکەش دەکرد، سابیر ڕەفیق بەرنامەیەکی زانستی و مەلا شەوکەت بەرنامەی ئایینی پێشکەش دەکرد، شیرین عەباس بەرنامەی ئافرەتانی پێشکەش دەکرد، ئەم بەرنامەیە لە بەغداوە تۆمار دەکرا، مەحمود عەلی بەرنامەیەکی زانستی و زانیاری پێشکەش دەکرد، کەریم بە دەڵ بەرنامەیەکی ئەدەبی بە زمانی کرمانجیی ژوروو پێشکەش دەکرد، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک بەرنامەی یەکێتی ئەدیب و نوسەران وەستا بە ماوەیەک سەرلەنۆی بەرنامەکە لە لایەن دڵشاد مەریوانییەوە پێشکەش دەکرا، بەرنامەی ئافرەتانیش شیرین عەباس بوو دواتر وازی لە پێشکەشکردنی هێناو پەخشان مەحمود و لە بەغداوە تۆمار دەکرا، عومەر ئیسماعیل بەرنامەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد، بەرنامەیەکی رۆشنبیریش لە لایەن محەمەد هەمەوەندییەوە پێشکەش دەکرا،مامۆستا ناسر حەسەنیش بەرنامەی لادێی نوێی پێشکەش دەکرد.

بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، زۆربەی بەرنامەی ڕووناکبیری گشتی و ئەدەبیی بوو، ئەم بەرنامانە رۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەبوو لە گەشەکردنی ڕووناکبیری کوردیی و گرێدانی ڕووناکبیرانیی شارەکانی کوردستان بە یەکتریەوە، تەلەفزیونی کەرکوک بووە وێستگەی بە یەک گەیشتنی نووسەران و رووناکبیران و هونەرمەندانیی کوردستان ، کەرکوک بووە ناوەندێکی گەورەی پەرەپێدان و گەشەکردنی کاروانیی رووناکبیریی لە کوردستان، لە پاڵ ئەمانەشدا بیری نەتەوەیی زیاتر پەرەی دەسەند، ناساندنی رووناکبیران و نووسەران و هونەرمەندان بەشێک لە ئەرک و کارەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوک، تەنانەت تەلەفزیۆن رۆڵی هەبوو لە ناو لێنانی مناڵان بە ناوی کوردییەوە، ئەم گەشەکردنانە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک، لێرەوە بوونی تەلەفزیونی کوردی لە کەرکوک بووە مایەی ترس لەلای سەرانی بەعس لەم سۆنگەیەوە سەعد بەزاز بەڕێوەبەری گشتیی ئێزگەو تەلەفزیۆن ساڵی(١٩٨٩)، سەردانی تەلەفزیۆنی کەرکوکی کرد، لە سەردانەکەی بێ سێ و دوو وتی: کەرکوک شارێکی عەرەبییە چۆن دەبێت تەلەفزیونی کوردیی لە کەرکوک هەبێت، لە گەڕانەوەیدا سەعد بەزاز بۆ بەغدا بریاری گواستنەوەی تەلەفزیونی کوردی کەرکوکی دەرکرد بۆ موسڵ.

مانگی(١٠)ی (١٩٨٩)، بەشی کوردیی بەرنامەکانی لە موسڵەوە دەستی بەوە شاندن کرد، زۆربەی کارمەندانی کەرکوکییان بە ئیفاد برد بۆ موسڵ، ئەوانەی لە کەرکوکەوە رۆیشتین بۆ موسڵ کاک هاشم جەباریی، حەبیب یوسف بەکتاش، ئەحمەد فاتیح، لە بێژەرەکان جگە لە کاک هاشم، شەفیق ڕەفیق، سەباح موسا، سوهام محەمەد، بێژەری تورکمانی سەوسەن بەکر، ئەمیرە زەینەڵ،

عەبدلعزیز سەمین بەیاتی، رەجا قەمبەر، سائرە فەرەج بێژەری سریانی بوو.

لە موسڵ (بەدەل رەفۆ) وەک بێژەری بادینیی لە تەلەفزیون وەرگیرا.

ئەو بەرنامانەی لە موسڵەوە پێشکەش دەکران، رۆژنامەی ئۆتۆنۆمی کاک هاشم ئەم بەرنامەیەی پێشکەش دەکرد، بەرنامەیەکی هەفتانە بوو، چالاکییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەخستە ڕوو، بەدەڵ رەفۆ بەرنامەیەکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی بە زاراوەی بادینی پێشکەش دەکرد، بەرنامەی ڕۆشنبیری کوردی بە زاراوەی بادینی، ڕەشید فەندی پێشکەشی دەکرد، دکتۆر یاسین بەرنامەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد، بەرنامە تورکمانییەکان جگە لە هەواڵەکان کە سوسەن بێژەری تورکمانی، بەرنامەی گۆرانی داوا کراویشی بە زمانی تورکمانی پێشکەش دەکرد.

ساڵی (١٩٩١)، فرۆکەکانی ئەمریکا بۆردومانی تەلەفزیۆنیان کرد، ئەوکات بەشی کوردیش لە موسڵ بوو، بۆردومانەکە بینایەی تەلەفزیونی تەفروتونا کرد، کاک هاشم لە درێژەی گێرانەوەی بیرەوەرییەکانی دەڵێ: رۆژێک پێش بۆردومانەکە، هەموو کەلوپەلەکانی تەلەفزیۆنەکەمان گواستبووە بۆ مۆزەخانەی موسڵ، دوای بۆردومانەکەی تەلەفزیۆن، جاریکی تر گەڕاینەوە بۆ کەرکوک، سەر لە نوێ لە کەرکوکەوە دەستمان بە پەخش کردەوە.

لە کەرکوک کاک هاشم هەفتانە بەرنامەیەکی بەناوی (ئەرشیفی تەلەفزیۆنی) ئامادە دەکرد و سەمیرە مەحمود پێشکەشی دەکرد، ئەم بەرنامەیە شەوانی هەینی لە جیاتی فلیمی شەو پێشکەش دەکرا، بەرنامەیەکی تر کە پێشکەش دەکرا بەرنامەی ڕوانگەی ئەدەب بوو، ئەم بەرنامەیە هۆشیار ئەحمەد ئەسوەد پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی هونەرمەندی هەفتە ئەم بەرنامەیە ماوەکەی ساعاتێک بوو هەڵۆی کاک هاشم پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی کەلەپوری کوردەوارییە کە هەردەویڵ کاکەیی پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی ڕووناکی قورئان (شێخ محەمەد فاتیح) پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی هونەری مۆسیقا، زیاد عەلی بەرزنجیی پێشکەشی دەکرد.

بەرنامەی مناڵان، چەندین بەرنامەی جۆراوجۆری مناڵان هەبوو، لەوانە (بەرنامەی چیرۆکی هەفتە، پێشکەشکردنی هەڵو هاشم جەباری، بەرنامەی تاقیمانەی زانستی بۆ مناڵان پێشکەش کردنی هەڵو هاشم جەباریی، بەرنامەی جیهانی مناڵان ئامادەکردنی ڕەزا شوان پێشکەشکردنی نویلە و هەڵو و کچەکەی ڕەزا شوان ، بەرنامەی جگەرگۆشەکان، محەمەد ڕەحیم ڕەمەزان پێشکەشی دەکرد، ئەم بەرنامەیە لە سلێمانی ودەوروبەری تۆمار دەکرا، بەرنامەی کۆڵکە زێڕینە، ئەم بەرنامەیە نەجات کاک ڕەسول پیشکەشی دەکرد، ئەم بەرنامەیەش لە هەولێر تۆمار دەکرا، دوای نەوەدەکان هەمان بەرنامە فەرید زەنگنە پێشکەشی دەکرد. ئەم بەرنامانە جگە لە لایەنە ڕووناکبیرییەکەی ڕۆڵێکی ئیجگار گرنگیشی هەبوو لە گەشەکردنی زمانی کوردیی.

بەرنامە تورکمانییەکان بە درێژای ساڵانی تەلەفزیۆنی کەرکوک بریتی بوو لە (چاوپێکەوتنی هونەرمەندان، پێشکەشکردنی ڕەزا قەمبەر، بەرنامەی گۆڤاری ئەدەب، پێشکەشکردنی عەبدولعزیز بەیاتی، بەرنامەی وەرزش، پێشکەشکردنی شەمسەدین گۆزەچیی، بەرنامەیەکی ئەدەبی لە لایەن فەوزی ئەکرەمەوە پێشکەش دەکرا، بەرنامەیەکی تایبەت بە مەقام، ئەم بەرنامەیە هاشم زەینەڵ پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی ئافرەتان، فریاڵ عیزەت پێشکەشی دەکرد، فاروق فایق بەرنامەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد بە ناوی ئەدەبیات، بەرنامەی ڕووداوی سەیر، پێشکەشکردنی عەبدولعەزیز سەلیم، عێراق لانکەی شارستانییەتە عەبدولعزیز سەلیم پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی کشتوکاڵ، ئەم بەرنامەیە عەبدولواحێد ئەحمەد پێشکەشی دەکرد، شێخ بورهان حوسامەدین بەرنامەیەکی ئاینی پێشکەش دەکرد، گۆرانی داوا کراو، سەوسەن بەکر پێشکەشی دەکرد، ئەحمەد کەرکوکلیی

هەواڵنامەی کتێب



بەرنامەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد، بەرنامەی چیرۆکی هەفتە، ئەم بەرنامەیە گوڵزار عەبدولعەزیز پێشکەشی دەکرد، بەرنامەی (چوجق باخچەسی) ئەم بەرنامەیە تایبەت بوو بە منالآن، ئەم بەرنامەیە حوسێن عەلی غالب و ماوەیەکیش شەنگوڵ حەسیب وسەوسەن بەکر پێشکەشی دەکرد.

لە تەلەفزیونی کوردیی رۆژانە (١٥)دەقیقە پەخشی عەرەبی هەبوو، بەرنامەیەکی هاتوچۆیان هەبوو، نەقیب سەباح قەرەئاڵتون پێشکەشی دەکرد، خالیدە عەبدولاش کورتەیەک لە چالاکیەکانی کەرکوکی پێشکەش دەکرد ،هەفتانە یەک بەرنامەی سریانیش هەبوو، پیشکەشکارەکەی ناوی (خنینیا) بوو.

ساڵی (١٩٩٩)، بە ساڵی کۆتایی و ماڵاوایی تەلەفزیۆنی کەرکوک حیساب دەکرێ، چونکە لەم ساڵەدا، بە یەکجاری تەلەفزیۆن لە کەرکوک داخراو و، رۆژانە ماوەی سەعاتێک لە بەغداوە پەخشی کوردی پێشکەش دەکرا.

تەلەفزیونی کەرکوک ماوەی(٣٠)ساڵ زیاتر قوتابخانەیەک بوو بۆ پێگەیاندنی دەیان هونەرمەندو ڕاگەیاندکار و کادیری هونەریی لە کەرکوک و کوردستان.

تەلەفزیۆنی کەرکوک ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەشەکردن وبڵاوکردنەوەی گۆرانی کوردیی، چونکە لە شاشەی تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە، هەموو شارو لادێیەکانی کوردستان ئاشنای هونەرمەندان و گۆرانی بێژان بوون، کاک هاشم جەباریی لە بەشێکی بیرەوەرییەکانی سەبارەت بە تۆمارکردنی گۆرانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک دەڵێ:

لەو رۆژەوەی تەلەفزیۆنی کەرکوک کرایەوە و دەستی بە پەخشکردن کرد تا رۆژی داخستنی تەلەفزیۆنەکە ژمارەی ئەو گۆرانی بێژانەی لە تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە گۆرانییان تۆمارکرد گەیشتە (٥٣٦) گۆرانی بێژیی کوردی، لەو ژمارەیە (٦٨) گۆرانی بێژی بادینی بوون، ئەوانیتر سۆرانی بوون، لەو ماوەیدا (٧٥٤) گۆرانی بە رەشوسپی تۆمار دەکرا (٩٤٤) گۆرانیش رەنگاورەنگ بوو، بێ گومان ئەمە دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ زیندوکردنەوەی دەیان گۆرانی فۆلکلۆری و پاراستنی دەیان گۆرانی لە فەوتان و سەرلەنۆی تۆمارکردنەوەیان.

دەسپێکی گۆرانی بێژەکان کە لە بەغداوە بۆمان دەهات و لە سەر کاسێتەکە ژمارە (١) دانراوە، گۆرانی بێژان سەلاح داودە و فایق داودەیە، ئەم دوو هونەرمەندە لە بەغدا یەکەم گۆرانی کوردیان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو سەلاح داودە، یەکەم هونەرمەندی کوردە گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک بە رەشوسپی بۆ تۆمارکرد، دوا بە دوای سەلاح داودەش هونەرمەندی گەورەی کورد عەلی مەردان زۆربەی گۆرانییەکانی بە وێنەی رەشوسپی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد، تێکرای مەقام و گۆرانییەکانی مامۆستا عەلی مەردان (١٨) مەقام و گۆرانی بە رەشوسپی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرد، بۆ سەرەتای دەستپێکردنی پەخشی

کەرکوک



یەکەم تیپی هەڵپەڕکێ کە یەك هەڵپەڕکێیان بە ڕەش و سپی تۆمارکرد تیپی هەڵپەڕکێی( خەبات ) بوو، ئەم تیپە کۆمەڵێك گەنج بوون، هەڵپەڕکێیان لە بەغدا تۆمار دەکرد، تیپی هەڵپەڕکێی زانکۆی سلێمانی دوو هەڵپەڕکیان تۆمار کرد

تەلەفزیۆن پشتمان بە گۆرانی بێژانی ئێزگەی رادیۆی بەغدا دەبەست لە وانە: (قادر ئەحمەد، جەلال کۆچەر، ئەحمەد شێخاڵی، محەمەد قەدری، نەسرین شێروان (٧) گۆرانی، گوڵبەهار(١٦)گۆرانی، عایشە شان (٥) گۆرانی، تەحسین تەها(٣٤) گۆرانی، ئیبراهیم خەیات (٨) گۆرانی، عیسا بەرواری (١٥) گۆرانی، عومەر دزەیی (٩) گۆرانی، لە باخچەی زەوڕا لە بەغدا بۆی تۆمارکرا، ئەو عەیامە عومەر دزەیی لە سەفارەتی عیراق لە نەمسا کارمەند بوو، لە رێگەی سەفارەتەوە محەمەد سەعید سەحاف ئاشنایەتی لە گەڵدا پەیدا کرد، دەعوەتی کرد بۆ بەغدا، کە هات بۆ بەغدا لە باخچەی زەوڕا گۆرانی بە رەشوسپی پێش بەیاننامەی (١١)ی ئازار تۆمارکرد، دوای بەیاننامەی (١١) ی ئازار یەکەم گۆرانی لە سەر شانۆ تۆمارکرد، گۆرانی باخچەی پاشا بوو، هونەرمەند شەماڵ سائیب (١١) گۆرانی رەشوسپی و دوو گۆرانی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرد، شەماڵ سائیب برادەری سەردەمی مامۆستای محەمەد سەعید سەحاف بوو لە خوارووی عێراق، کاتێک سەحاف کرایە بەرێوەبەری گشتی رادیۆ و تەلەفزیۆن، شەماڵ سائیب لە ئەمریکا بوو، سەحاف دەعوەتی کرد و بە کامێرای سینەمایی گۆرانییەکانیان بۆ شەماڵ سائیب تۆمارکرد.

مامۆستا تایر تۆفیق (١١) گۆرانی رەشوسپی لە بەغدا بۆ تۆمارکرا بوو، لە کەرکوکیش (٥) گۆرانی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ تۆمارکرا، محەمەد قەدری (٣٤) گۆرانی، دوانییان ڕەنگاوڕەنگ بوو، هەر هەمووی لە بەغدا تۆمار کرا، محەمەد عارف جەزراوی (١٥) گۆرانی و مەقامی هەبوو، جەمال جەلال (١٤) گۆرانی هەبوو، جەمال جەلال لە گەڵ (د. بەلقیس) بەرنامەیەکی گۆرانی وتنی هەبوو بە ناوی (نەغمات من الشمال) ئەحمەد خەلیل جگە لەوەی ئاوازدانەر بوو دوو گۆرانیشی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد، یەکێک لە گۆرانیەکان گۆرانی (هەر بژی کورد و عەرەب رەمز لنزاڵ) عیسا بەرورایی (١٥) گۆرانی هەبوو، فوئاد ئەحمەد (٣٤) گۆرانی هەبوو لە بەغدا و کەرکوک تۆمارکرا بوو، سابیر عەبدولڕەحمان (١٤) مەنەلۆجی هەبوو یەکێکیان کاکی شۆفێر بوو، بۆ ئەم مەنەلۆگە ئۆتۆمبێلی (ڤۆڵکس واگن)یان هێنایە ناو ستودیۆ و مۆنۆلۆگەکەیان کرد.

شەوکەت ڕەشید، بە تەنیا بۆ خۆی تیپێکی موسیقای هەبوو، (٨) گۆرانی لە ئـاوازی خـۆی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرد، عەلی عەزیز (١٣) گۆرانی، مستەفا رەئووف (٣٤)گۆرانی، کەریم کابان (٧) گۆرانی ڕەنگاوڕەنگ، عەلی زەنگەنە (١٩) گۆرانی، قادر مەردان (٩) گۆرانی، حەمە جەزا (٧) گۆرانی، حەسەن گەرمیان (٧) گۆرانی، عەباس محەمەد (٧) گۆرانی حەمە رەئوف کەرکووکیی (٢) گۆرانی، سابیر کوردستانیی (٨) گۆرانی، جگە لەم هونەرمەندانە دەیـان هونەرمەندی دیکە گۆرانییان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد، کە بووە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بۆ هونەروگۆرانی کوردیی. لە ماوەی پەخشی تەلەفزیۆنی کەرکوکدا بە درێـژایـی هەموو ساڵەکان لە بەغداوە بڕیاری قەدەغەکردنی (٣) گۆرانی هات، یەکەم گۆرانی کە قەدەغەکرا گۆرانی (شیرین بەهارەی) تایەر توفیق بوو، کە شیعرەکەی شیعری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، هەروەها بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکانی هەردوو هونەرمەند( محەمەد شێخۆ)و (محەمەد تەیب تاهیر)، کە هەردووکیان دوو هونەرمەندی کوردیی سوریا بوون.

جگە لە ئەو هونەرمەندانەی باسمان کرد، (٣٥) تیپی مۆسیقا و ژەنیار لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بەرهەمەکانیان تۆمارکرد، بێجگە لە ئاوازی گۆرانییەکان، (٨٤) پارچە مۆسیقای رەشوسپیان تۆمارکرد لە گەڵ (٣٩) پارچە مۆسیقای ڕەنگاو ڕەنگ، تیپەکان ئەمانە بوون (تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی هونەر و وێـژەی کوردیی سلێمانی، تیپی رۆشنبیریی کۆمەڵانی سلێمانی، تیپی مۆسیقای مـەولـەوی، تیپی مۆسیقای دهـۆک، تیپی مۆسیقای هونەریی هەولێر، تیپی مۆسیقای باواجی کوێە، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە (رەوانـدوز) تیپی هونەرو وێژەی هەولێر، تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی کەرکوک، تیپی ناوخۆیێ هەبوو لە کەرکوک زیاتر بە ناوی کەسەکانەوە ناسرا بوو لە وانە (تیپی شەوکەت رەشید، عەلی زەنگنە، حەسەن غەریب و خالێد جوانڕۆ و مستەفا رەئووف، لە ژەنیارەکان کە پارچە مۆسیقایان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی (٩) پارچە مۆسیقای بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد، یوسف باکووری بە گیتار پارچەیەک مۆسیقای تۆمارکرد، تیپی مۆسیقای سلێمانی جگە لە گۆرانییەکان (١٠)پارچە مۆسیقای تۆمارکرد، باواجی (٢) پارچە، تیپی کەرکوک (٢) پارچە، جەمال شادان بە باڵەبان پارچەیەک مۆسیقای تۆمارکرد، دڵشاد تیپی دهۆک بە تەنها یەک پارچە مۆسیقای تۆمارکرد وەکو تیپی دهۆکیش (٤) پارچە، تیپی هونەریی هەولێر(٥)پارچە، تیپی مۆسیقای ڕادیۆی کوردی بەغدا (٥) پارچە، تیپی هونەریی هەولێر (٣) پارچە، سەعید گاباری (یەک پارچە) مۆسیقای بە ئامێری ساز بە یەک دەست عەزفی دەکرد، یەکێک بوو لە پارچە مۆسیقا دەگمەنەکان.

**کاک هاشم جەباری لە درێژەی باسکردنی بیرەوەرییەکانی لە تەلەفزیونی کەرکوک دێتە سەر تیپەکانی هەڵپەڕکێ و، هونەرمەندانی تورکمان و دەڵێ:**



یەکەم تیپی هەڵپەڕکێ کە یەک هەڵپەڕکییان بە ڕەش و سپی تۆمارکرد تیپی هەڵپەڕکێی( خەبات ) بوو، ئەم تیپە کۆمەڵێک گەنج بوون، هەڵپەڕکێیان لە بەغدا تۆمار دەکرد، تیپی هەڵپەڕکێی زانکۆی سلێمانی دوو هەڵپەرکیان تۆمار کرد، تیپی هەڵپەڕکێی ڕەشید ئەم تیپە تیپێکی هەڵپەرکێی تایبەتی بەغدا بوون. لە ناو تیپەکە جەمال جەلال و ژیان ئەحمەد توانیان دە هەلپەڕکێی کوردیی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار بکەن، تیپی هەڵپەرکێی سینەما و شانۆ، یەک هەڵپەڕکێیان هەبوو، شەوکەت ڕەشید ئۆپەرەیتێکی تۆمارکرد زۆربەی دیمەنەکانی هەڵپەڕکێ بوو، تیپەکە زۆربەیان کەسوکاری شەوکەت ڕەشید بوو، لەوانە: دوو کچی خۆی و سێ خوشکی، تیپی لاوانی کوردستان چوار هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی لاوانی کورد، دوو هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی لاوان، دوو هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی قوتابیانی کوردستان چوار هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی لاوان، دوو هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی قوتابیانی کوردستان چوار هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی هەڵپەڕکێی میدیا یەک هەڵپەرکێیان هەبوو، تیپی نەزار بەرهەمێکیان هەبوو، تیپێکی ئەرمەنی بوو بە جلوبەرگی کوردییەوە، سێ هەڵپەڕکێیان نەتەوەیی هەولێر نۆ هەڵپەرکیان هەبوو، ڕاهێنەرەکەیان رووسی بوو، زۆربەی هەڵپەرکێکانیان

شێوازی ئیستعرازی بوو، شێوازی ئازەری پێوە بوو، ئامادەیی کچانی سلێمانی، یەک هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی هونەر و وێژەی سلێمانی، دوو هەڵپەرکێیان هەبوو، تیپی سلێمانی دوو هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی سلێمانی دوو هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپی مەتینایەک هەڵپەرکێیەکیان هەبوو، جلوبەرگی فەیلیان لە بەر دەکرد، تیپی مامۆستایانی کوڕان و کچانی سلێمانیی یەک هەڵپەڕکێیان هەبوو، تیپەکانی ئافرەتان و بەعشیقە و بەرتەلە و ئاکرێ و ئافرەتانی هەولێر، بە هەموویان چواردە هەڵپەڕکێیان لە پاڵ هونەمەندانی کورد و تیپە کوردییەکان چەندین هونەرمەندو گۆرانی بێژی تورکمانی هەبوو، کە لە ماوەی پەخشی تەلەفزیۆنی کەرکوک بەرهەم و گۆرانیەکانیان پێشکەشکرد، لەوانە: (تەحسین جۆمەرد، یەکەم گۆرانی بێژی تورکمانی بوو، کە گۆرانی بۆ تەلەفزیونی کەرکوک تۆمار کرد، عەبدولواحێد ئەحمەد کوزەچی، ئەکرەم دووزلی، مەمەد قەڵایی، عەلی قەلعەلی، محەمەد رەئوف، محەمەد عەزەدین نعمەت، فەتحوڵا ئەحمەد، یاسین یەحیا، ئەیوب مەیاز، محەمەد عەبدولواحید، فایەق شەفیق، فواد عوسمان، وەهاب فەخرەدین، ئەمیر عەلی، مەردان یەڵماز ئاروڵ، قەیسەر مستەفا، کەنعان گویزالساز، سەباح قەرە ئاڵتۆن، یەشار عەزەدین نیعمەت، شهاب ئەحمەد، ئەو گۆرانی بێژانەی لە هەولیەوە هاتن، محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، جەبار ئەحمەد، مشکۆ، یونس خەنات، یوسف مەحمود، نورەدین عەساقلی، سالم فەتاح، نەجات ئاڵتونچی.

کاک هاشم جەباریی کاتێک دەچێتە سەر گێڕانەوەی دراما کوردییەکان، دابەشیان دەکات بۆ سەر بەرهەمە رەش و سپییەکان کە بریتی بوو لە: (تیپی نواندنی سلێمانیی، نۆزدە دراما و کورتە تەمسیلییان هەبوو، یەکەمیان مشتەی ناو هەمانەکە کوشتومی، خوا لە سوڵتان مەحمود گەورە ترە، نرخی ئازادی، مەکری ژنان، فیلەکەی خاوەن شکۆ، من کێم، دزی زۆرزان، پیری ئاخر شەڕ، تیپی هاوڕێیان گەزیزە یانزە بابەتییان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرد، بەرهەمەکانیان بریتی بوو لە گەزی چی.. چاوی چی، خەوەکەی مامەلی، چەم بێ چەقەڵ نابێ، زیندانێکی قوول، ئاژاوە، بووکە بە بارانی تیپی هونەر وێژەی کوردیی مەڵبەندی گشتیی سلێمانیش (١٦)بابەتیان هەبوو لەوانە: جەنابی موفەتیش، کێچ، تاوانێک لە ئاسمان، بلیت و زاوا، پیسکەی تەڕپیر، پژمین، ژیان، گریان، تیپی هونەر وێژەی کوردی کەرکوک دوو درامایان پێشکەشکرد، مەرەزە، بەهاری دزراو، ئەم دوو بەرهەمەیان تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماری کردو وێنەی دەرەوەی تێدا بوو، بەشدارانی دراماکە چیهاد دڵپاک، عەلی کەریم، جەلیل زەنگنە، مامۆستا محێدین، دەرهێنەری هەردوو دراماکە سەلمان فایەق بوو، تیپی هونەرو وێژەی کوردی هەولێر چوار بابەتیان هەبوو، کۆتی کۆمەڵ، گوێزان، بۆرە پیاو، هونەرو ژیان، تیپی هونەرو وێژەی بەغدا، یەک بابەتیان هەبوو بە ناوی کڵاوی بابردوو، تیپی شانۆی پێشرەوی کوردیی سلێمانی، پێنج بەرهەمیان هەبوو، لە وانە

لانەوازان، چەخماخە، پاڵتۆ، مۆڵەت، تیپی نیقابەکانی کرێکارانی سلێمانیی، (١٣)بەرهەمی کاریکاتێری و(١٥) تەمسلیان هەبوو، ئەکتەرە ناسراوەکانی ئەم تیپە حاجی مەکی (عەلیێ فەنی)، شێخ ئیسماعیل بەرزنجی، کەریم ڕەزا، عومەر چاوشین، بەشێک لە بەرهەمەکانیان ئەمانە بوو، ساڵی دوو درۆ دەکەم، بۆیاخچی، جنوکە لە ناو قەفەسی تاونیاریدا، ئاگرم تێبەر بوو تەمسیلەکان، ژن بە ژن، پێی بە قەد بەرەکەت ڕاکێشە، باوە ژن خوا بناسە، مامە خەمە وێنەکەم، مامە خەمە ماوتە کاولی کەیت، چیشتخانە، تیپی رۆشنبیری سلێمانی، نامەیەک لە خنکاوەوە، نەسرین، تیپی هونەری کارگەی جگەرەی سلێمانی،چوار بابەتیان هەبوو، بریاری وئەنجام، گریی، زێرین، شوفێر، لە بەغداش ئوپرێتی مەمۆ لە لایەن رادێوی بەغداوە تۆمار کرا بوو، تیپی نواندنی باواجی کۆیەش ئوپرێتی بیری ئازادیی تۆمارکرد، تیپی هونەری نوێی کوردی هەولێر، یەک زنجیرەیان تۆمار کرد بە ناوی فەقێ ئەحمەد، تیپی رادێوی کوردی بەغدا، تەمسیلیەکیان پێشکەشکرد بە ناوی نەورۆز، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کەرکوک، چیرۆکی هونەرییان پێشکەشکرد، تیپی زانکۆی سلێمانی لالۆ کەریمیان پێشکەشکرد، تیپی پەروەردەی سلێمانی ئۆپەرێتی بەیتی رێزان کێ-ی پێشکەشکرد.

بەرهەمە ڕەش و سپیەکانی تورکمانی بریتی بوو لە: (ئۆز ئیتماغی، ئوپەرێتی فاتمە خان، ئۆپەرێتی دای کەوسەر بەرهەمە رەنگاو رەنگەکان بریتی بوون لە تیپی نواندنی سولێمانی زنجیرە درامای ژاڵەیان پێشکەشکرد، تیپی هەولێر شانۆگەری هەبوو نەبوو، تاپۆ حەقی چیە، میوانی ناوەخت، مالەی سەر گردەکە، بۆ تێمناگەن، قەلای دمدم، شانۆ گەڕی خانەدان خاتو کلاو زەرد سێ ئەڵقە، قاسپەی کەو پێنج ئەڵقە، محەمەد سێوێ، جەنابی جانەوەر، مەرانە، لاس و خەزاڵ، شانۆ گەری بە زۆر کراوە بە دکتور زنجیرەی مۆرانە چوار ئەڵقە پێشکەشکرد، زانکۆی سەلاحەدین تەمسیلی ئیتر تورە نابم، تیپی سلێمانی، زنجیرەی خانزاد، باڵندە کۆچەرەکان، شانۆ گەری شالیار، شانۆ گەری کوشتن زنجیرەی بەرد لە شوێنی خۆی سەنگینە، داستانی بووکی سلێمانی پێنج ئەڵقە، پێشکەشکرد، تیپی سەندیکای کریکارانی سلێمانی، بووکی ژێر دەواری رەش، زنجیرەی پاداشت چوار ئەڵقە پێشکەشکرد، تیپی سالار، تەمسیلی تەنەکە، دڵنیایی، پێشکەشکرد.

لە دراما تورکمانییەکان حەوت ئەلقەی پینە دۆز عوسمان و تەمسیلی یالانجی فەتاح و شانۆگەری ایکد پێشکەشکرا.

